## ئاريَز عەبدولَلاَ

# لەو ديو دەرگا داخراوەكانەوە

چاپى دووەم
هەولێر ٢٠٠٤





لەبلاَوكراوەكانى سەنتەرى ليَكۆلَينەوەى فيكريىو ئەدەبى نما
زنجيرەى( ٣٧)

سەرپەرشتيكردنى پرۆژەى(١٥) كتيَب
ئيسماعيل كوردە_ ريَبين رەسولَ _ جەمال پيرە

ناوى كتيَب: لەوديو دەرگا داخراوەكانەوە
بابەت: داستان
نووسينى: ئاريَز عەبدولَلاَ
ديزاينو بەرگ: ئيسماعيل كوردە
پيت چنين: عيماد رەسولَ
*بەشى يەكەم+ بەشى دووەم
چاپ: چاپخانەى ڕەنج
تيراژ: ١٠٠٠ دانە
نرخ ( ٢٠٠٠ )دينارە

مافى لە چاپدانەوەى بۆ نما پاريَزاروە

## چەند سەرنجێك لە :
## لەو ديو دەرگا داخراوەكانەوە

نووسينەوەی بيرەوەريەكان بە شێوەيەكی گشتیدوو شێواز بە خۆوە دەگرن:

يەكەميان: نووسينەوەی مێژووو هەڵسەنگاندنيەتی لە ديدی ئەو كەسانەی بيرەوەريەكانيان دەنووسنەوەو ئەم شێوازە دەچێتە خانەی نووسينی مێژووييەوە.

دووەميان: نووسينەوەی بيرەوەريە بە شێوازی گێڕانەوەی ڕووداوێك، چ سەروەری بێ، چ كارەسات كە بەشێوەيەك ڕووداوەكە دەگێڕێتەوە ناچێتە خانەی مێژووەوەو دەكرێ بەرهەمەكە بە ئەدەبی بيرەوەری ناوبنێينو تياشيدا نووسەر كەڵك لە شێوازەكانی چيرۆك نووسين دەبينێ كەمو زۆريش هونەرەكانی جوانكاری ئەدەبی بەكاردێنێ، كە بەو پێيە دەتوانين وەكو دەقێكی ئەدەبی مامەڵەی لە تەكدا بكەين.

هەموو كەسێك خۆی لە قەرەی نووسينەوەی بيرەوەريەكانی نادا، نەك لەبەر ئەوەی لە توانايدا نيە، بەڵكو لەبەر ئەوەی خەڵكی زۆرتر بە بيرەوەری كەسانی هەڵكەوتووەوە خۆشحاڵ دەبنو وای بۆ دەچن كە دەبێ كەسانێك بيرەوەری خۆيان بگێڕنەوە كە هەڵكەوتوو بن، دەنا بۆچی خوێنەر بيرەوەری هەركەسێك بخوێنێتەوە؟ بە تايبەت بۆ كەسانێك كە هێشتان زۆريان بە بەرەوە مابێ ئەوا نووسينەوەی بيرەوەری لەسەر چڵی ( مغامرە )يەك زياتر





نيە، بەڵام مامەڵە لەگەڵ ڕووداوێك بە تەنيا و بەشێوەيەكی ئەدەبی كارو مەسەلەيەكی ترە. ئەم نووسينەی كاك ئارێز وەك نووسەرێكی پێشمەرگە يان پێشمەرگەيەكی نووسەر كە تيايدا كارەساتێك دەگێڕێتەوە، زمانێكی ئەدەبی پێداوەو كەڵكی لە ڕەگەزو تەكنيكەكانی چيرۆكو ڕێكەوتەكانی خۆشی وەرگرتووە، لە لايەكەوە گێڕانەوەی واقيعيانەی ڕووداوەكەو تێكبڕدنەوە (تداعيات) و پاشخانەكانی ڕووداوەكەيەو لەلايەكی ديكەشەوە داڕشتنی چيرۆكێكە كە ڕەگەزەكانی تەشويقیو سەرنج ڕاكێشانی تيايە، ئەمەش بە ئاگايی نووسەرە لە بوغرنجی نووسينەوەی بيرەوەریو، ڕەتكردنەوەی شێوازی مێژوويی نووسينەوەی بيرەوەريەوپرۆسەی داهێنانی (خوڵقاندن) ی دەقێكی ئەدەبیيە. هەر بۆيەشە ئەم نووسينەی كاك ئارێز بە بيرەوەری نا، بەڵكو بە داستان ناوی دەبەم.

ئەم داستانە كارەساتی پۆلە پێشمەرگەيەك دەگێڕێتەوە كە دەيانەوێ لە تەلبەندی سێ داگيركەری كوردستان بپڕنەوەو كەڵك لەو گەمە سياسيەش وەربگرن كە لەلايەكەوە هەرسێ حكومەتەكەی عيراق، ئێران، توركيا لەگەڵ مەسەلەی كوردی دەكەنو لەلايەكی ديكەشەوە هێزە سياسيەكانی كوردستانيش گەمەيەكی تر دەكەنو سەرئەنجام ژمارەيەكيان لێ بەديل دەگيرێنو دوای ماوەيەكی زۆر لە زيندانو دادگايی كردن بە هەر شێوەيەك بێ ئازاد دەبن. كاك ئارێز يەكێك دەبێ لەو چەند پێشمەرگەيەو دوای زۆرتر لە (١٠) دە ساڵ دەكەوێتە كەڵكەڵەی ئەم كارەساتە لە دوو توێی داستانێكی واقيعيدا بنووسێتەوە، لێرەشەوە چيرۆكەكە دەچێتە خانەی ژانرێكی ئەدەبیيەوەو ئيتر دەبێ بە چاوی ڕەخنەی ئەدەبیيەوە مامەڵەی لەتەكدا بكرێو ئەمەش كاری پسپۆڕانی ئەو بوارەيە.

**ئازاد جنديانی**

# بەشی يەكەم





## - ١ -

......**دەڕۆيشتين** ولەبەر شەكەتی ڕێگا لە دڵی خۆمدا دەمگووت:بە ئارەزووی خۆمان ئەو ڕێگا دژوارەمان گرتۆتە بەرو،ئەو بوارەمان هەڵبژاردووە...ڕێگای هات ونەهات ،بواری خەبات و قوربانیدان ...ئەرێ تۆ بڵێی ڕاست بێ ئەو ڕێگایە ئارەزوومەندانە گیرابێتە بەر ...؟ ڕێگایەكی سەخت، پڕ لە كەندو كۆسپ، بە ئەرك....ڕێگای ماندوێتی، برسییێتی، تێنوێتی ولەدوا هەواریشدا مردن...ئەو ڕێگایە چ ڕێگایەكە...؟

من لێرە لە دايك بووم ولێرە زانيم ڕەگم لە ناخی ئەم خاكە دايەو بۆ هەر لايەك وبەهەر جۆرێك بڕۆم لە ناويدام وپێی پەيوەستم، چونكە كوردم ولە وڵاتی كوردان بووم و دەبم و دەمرم...بەڵام كوێراييان دايێ گەر چاوان ببڕمە خاكی گەلێكی دی...پێم بشكێن گەر پێشێلی خاكێكی دی بكەم..پەنجەم بڕزن،گەر بەر درەختێكی وڵاتێكی دی بكەون.. خۆ من بێ نيشتيمان نە بووم تا بێن وا دەربەدەرم بكەن..!، من بۆ برسێتی لە دايك نە بووم تا بێن برسيم بكەن..!، من بۆ شەڕ لە دايك نە بووم تا مەيدانی شەڕم لێ بخوازن..، من بۆ غاردان لە دايك نە بووم تا لە پێش يان لە پاش ئەوان هەردەم لە ڕاكردندا بم..!..نا..من بە ئازادی لە دايك بووم ودەبێ بە ئازاديش بژيم يان بۆ ئازادی بمرم..

ئارەزووی چی..؟حەزی چی..؟..

هاتن، بێگانە هاتن: چاويان بڕيە وڵاتی من..چاويان بڕيە چاوی كاڵ و... پۆستاڵيان خستە سەر ڕابردووی نەتەوەكەم ويستيان دەرگای داهاتووشمان

لێدابخەن ..لێرەدا گوتيان :نا...باوو باپيران گوتيان:نا...ئێمەش گوتمان نا...، چوينە سەنگەرو وەك باوو باپير گوتمان: يان ئێمە يان ئەوان... گەر ئەوان نەهێن ئێمە بۆ چی دژيانين...؟ گەر ئەوان نەهێن بۆچی بەر نەفرەتی ئێمە دەكەون...؟، گەر نەمان كوژن بۆچی دەكوژرێن...؟، بۆچیوبۆچی...؟

ئێمە دەمرين، بەڵام لەژێر سايەی كەسدا ناژين... ئێمە لەژێر پێدا بشناڵێين دەست درێژ ناكەين.. ئێمەو ئەوان هەركەس لەسەر خاكی خۆمان دووبراين.. ئێمەوئەوان بە دراوسێتی لە كاتی لێقەومان پشت وپەناين...بەڵام، دەمرين وناچينە ژێر سێبەريان... ناچاركراين بكوژين وبكوژرێين چونكە ئەوان هاتن:

- ترسيان هێنايە ولاتی دڵنەوايی...
- ركيان هێنايە ولاتی خۆشەويستی...
- شەڕيان هێنايە ولاتی ئاشتی...
- دوژمنايەتيان هێنايە ولاتی برايەتی...
- ......
- چی خراپيان نەهێنا...؟
- چ تاوانێكيان نەكرد...؟
- چی بە نرخيان نەبرد...؟

بۆيە ئێمەش ئارەزوومەندانە يان، بە ناچاری ملی ئەو ڕێگەيەمان گرتەبەرو هەر لەو ڕێگايەشدا خۆمو چوار هاوڕێم تووشی دەردەسەرييەك بوينو لە سەرەتاوە ئەوەی خامە لە يادەوەريدا هەڵێدێنجێ دەيخەمە سەر لاپەڕە رايزەكانی زيندان...

مانگی جۆزەردان لە ماڵئاوايی ساتەكانی خۆيدابوو، تيشكی هەتاو ڕۆژ دوای ڕۆژ گەرم تر دەبوو، دەنگی شنەی هەوای بەهاريی لە هيچ لايەكەوە نەدەبيسترا، واتاكانی سەفەريش ڕۆژ بە ڕۆژ بەرۆكی ئەنديشەمانی دەتەنیو





ئێمەش لەو دەڤەرەدا مامەڵە لەگەڵ قەدەرێك دەكەين (كوردو خەونەكانی لە مێژينەی) لەو لاشەوە جۆزەردان سيمايەكی پايزيی دەنواند..كۆتايی بەهار بوو، بەڵام خەزانی ئومێدو حەزی ئێمەی پێشمەرگە بوو..جۆزەردان پێويستی بە ئارەق ڕشتنەو ئێمەش نەكەم خوێنو نەكەم ئارەقمان لەو مانگەدا لە پێناوی خاكو گەلێكی ستەم ديدە ڕشتووەو خوێنو ئارەقەی تريش بەرێوە بوو.. جۆزەردان بەرەو كۆتايی هەنگاوی دەنا، ئێمەش لە گوندی (زێتێ)ی ناوچەی مزوری لەگەڵ بەهمەن بۆ سۆراخی كۆنە هاوڕێيەكەم چووينە ماڵێكو دوای هەواڵ پرسين خانەخوێكەمان گوتی:

+ ئەو برادەرە ئێستا لە ئۆردوگای زێوەی نزيكی شاری ورمێ دەژی....

من لەگەڵ ئەو برادەرە بەسەرهاتێكی دوورو درێژو هاوبەشم هەبوو.

كاتێ گەڕاينەوە لای برادەران كە لە دامەنی گوند لەژێر دارگوێزێكو لەنزيك كانييەك بارگەمان دانابوو، بۆ درێژە دان بە سەفەرەكەمان چاوەڕوانی كاتێكی گونجاومان دەكرد بەسەرهاتەكەم لەنوكەوە تا سەر بۆ گێڕانەوە.

گوندی زێتێ گوندێكی جوانو بەئاوە، ڕەزو باخی زۆرە، لە تەلانێك هەڵكەوتووە چەند كانياوێكی لێ هەڵدەقوڵێنو ڕووەو باكور شۆڕدەبنەوە..ئەو گوندەش وەك سەرجەم گوندە سنوورييەكانی تر پاش ئاشتبەتاڵ خەڵكەكەی ڕاگوێزرا بوون، بەڵام پاش هەستانەوەو بوژانەوەی بزوتنەوەی شۆڕشگێڕیو هەلايسانی شەڕی ئيراق-ئيران جارێكی تر بەدەستو بازووی خەڵكە ولات پەروەرو زەحمەتكێشەكە ئاوەدان كرابووەوە.

دزێویو بێ مانايی سنووری دابەشكردنی كوردستان لەم گوندەدا بە جوانی دەردەكەوێ، ماوەی نێوان هەردوو گوندی (ڕەزێ)و(زێتێ) چەند هەنگاوێكەو دانيشتوانی هەردوو گوندەكەش كەسو كاری يەكترينو، هيچ جۆرە بەربەستێكی سروشتی لەبەر دەم هاتوچۆكردنيان نييە، جگە لەو هێڵە وەهمييە دەستكردەی داگيركەران نەبێ. ڕەزێ لە ناو نەخشەی جوگرافيای

تورکیاو زێتێش لەناو نەخشەی جوگرافیای ئێراقدایە. هێڵە وەهمییەکە دەیان بەردو دەوەن‌و تەڕاشی کردۆتە دوو بەش، تەنانەت چەندین بنە دار بەڕووی گەورەی دوو لك‌و چەند لك هەن لکێکیان یان دووانیان لەناو (خاکی تورکیا)و لکێك‌و چەندلکێکیشیان کەوتۆتە ناو (خاکی ئێراق)، خێزانی واش هەیە نیوەی لەم گوندو نیوەی دی لەو گوندە.

دیمەنێکی هەرە جوانی سروشتی دەڤەرەکە چیای (گۆڤەند)ە..گۆڤەند کەوتۆتە بەرامبەرو لای باکوری زێتێ.. گۆڤەند بەرازی بادینی واتا شایی یان داوەت..هەرکە لەدوورەوە چیای گۆڤەند دەبینی یەکسەر دەزانی لەخۆڕا ئەو ناوە لەو چیا بەرزە بازنەییە سەرپانە نەنراوە...

ناوی چیاکانی کوردستان هەمیشە مێژوویی‌و خۆشن‌و کورد ناوی چیاو شوێنە ئاوەدانی‌و جوگرافیەکانی وڵاتەکەی خۆی هەمیشە بەپێی ڕووداوێکی مێژوویی یان کەسێك یان، چۆنیەتی هەڵکەوتەی شوێنەکە ناوزەد کردووە...

تابلۆیەکی سروشتی لەسەر شێوەی شاییەکی رەشبەڵەك لاتە شاخە سەختەکانی گۆڤەندی ڕازاندۆتەوە، ئەگەر گەورەیی تابلۆکە نەبێ هەر وا دەزانرێ دەستێکی رەنگینی مرۆڤـ ئەو پەیکەرە جوانەی بۆ خۆشی‌و زەماوەندی کوردان دروست کردووە...تابلۆکە وێنەی رەشبەڵەکێکی کوردەوارییەو سروشت هەر لە ئەزەلەوە ئەو نەخشە جوانەی بەباڵای ئەوچیا سەرکەشە بەخشیوەو کوردیش ناوی گۆڤەندی بەباڵا بڕیوە.

دەمەو نیوەڕۆ بوو، رەوە وڵاغێکی بەرزە بە غارو حیلە حیل بەرەو سەر کانییەکەی بەردەم بنکە هەواریەکەی ئێمە دەهاتن، ئەسپ‌و ماینەکان زۆر خورت‌و بەهێزو هەندێك لە ماینەکان لە با بوون...پێشەنگی رەوەکە ئەسپێکی بۆرەی بەهێز بوو..رێگەی نەدەدا هیچ ئەسپێکی دی بەپێش بکەوێ‌و هیچ ئەسپێکیش بۆی نەبوو لەگەڵ ماینەکاندا جووت ببێ..ئەسپی بۆرە ناوە ناوە دەمی لە دەمی ماینێك هەڵدەسوو، یەك بەخۆی دەیحیلاندو





دەیپڕماندو سەری بەرز دەکردەوەو پێکۆڵی دەکرد..ناوە ناوەش ماینێك لێی نزیك دەبووەوەو پشتاوپشت بۆی دەچووەوە پێش، بەلام ئەسپە بۆرە تەنیا بۆنێکی دەکردو ئەویشی پشت گوێ دەخست..ئەسپە بۆرە دیار بوو، حەزی لە ماینێکی قەرە بەش‌و بزۆز بوو..چەند جارێك هەوڵی لەگەڵ دەدا، بەلام ماینەکە خۆی بەدەستەوە نەدەداو ئەسپەش تا دەهات تامەزرۆترو هارتر دەبوو. لەم سەر بۆ ئەو سەر دەبەزی‌و هەر لەسەر کانیەکە ڕەوەکەی خڕ دەکردەوەو خۆشی بە شێوەیەکی بازنەیی بە چوار دەوریاندا دەسوڕایەوەو هەموو جارێکیش هەوڵێکی تری لەگەڵ ماینەکە دەدایەوەو هەرکەبۆی دەستەمۆ نەدەبوو...ئەسپەکە دەیحیلاند، سمکۆڵی دەکرد، دەیپڕماند، گازی لە ئەسپ‌و ماینەکانی تر دەگرتن.. دیکتاتۆرێکی مل هوڕ بوو، بەو هەموو هێزو توانایەشیەوە هەرچەندە دەیکردو خۆی دەنواند نەیدەتوانی هەستی ماینەکە بۆ خۆی بجولێنێ...ئێمە کۆمەڵێك پێشمەرگە بووین بە دیار ئەو دیمەنەوە دانیشتبووین‌و برادەری وا هەبوو تێکەڵی حاڵەتەکەش ببوو..لەناو ئێمەدا ئەبو زەکی پیرە کۆمەنیست‌و تێکۆشەری بزوتنەوەی کرێکارانی بەسرە لەهەمووان زیاتر تامەزرۆی دیتنی ئەو ڕووداوو دیمەنە بوو..دوای ماندوو بوونێکی زۆر...دوای هانکە هانك‌و هەوڵێکی زۆر ئەسپە بۆرە توانی ماینەکە قایل یان بە واتایەکی دی ناچار بەتەسلیم بوون بکات.. نازانم بە زمانێکی تایبەت لە یەکتری گەیشتن، یان هەر بەهێمای ڕاوەستان ئەسپە بۆرە تێگەیشت‌و لە خۆشیان بەرز حیلاندی...حیلاندنێکی وەها لە چیاو دۆڵەکان دەنگی دایەوە..ئەسپە بۆرە هەردوو قاچەکانی پێشەوەی بەرز کردنەوەو بە هەموو هێزی خۆی بە زەوی دادانەوە، جارێکی تر خۆی خستەوە سەر قاچەکانی پێشەوەو ئەوانەی دواوەی بەرز کردنەوەو بەتووندی هێزی خۆی بە زەوی دادانەوە..ئەمجارە نیوەی پێشەوەی بەرز کردەوەو خۆی خستەوە سەر قاچەکانی دواوەی‌و تۆزێك لەسەر پشتی ماینەکە خۆی هێناو بردو بە

تەواوی لەگەڵیدا جووت بوو..جووت بوونێک دەتگوت بە کەتیرە بەیەکەوە نووساون...ئەسپە بۆرە سەروملی خۆی بەتەواوی ڕاکێشاو خۆی بە گیانی ماینەکەوە نووساند..ماینەکە ناوە ناوە قاچەکانی دواوەی دەجوڵاندنەوەو دەگوازتنەوەو دەلەوچیوچەقە چەقی دەمو دانی ڕۆژە ڕێیەک دەڕۆیشت!. کە سەرنجم دا ئەبوزەکی موو بە موو جوڵەکانی ئەسپەکە دەکاتەوە، ناوە ناوەش شەویلاگەکانی دەمی لەیەکتری دەدا، ئەبو نادیەش هەستی بەو حاڵەتەی ئەبوزەکی کرد. سەرەتا هەردووکمان بە پەنهانی پێکەنینو هەرکە ئەبوزەکی هەستی بە خۆیو سەرنجەکانی ئێمەش کرد ئەویش کردیە گاڵتەو پێکەنینو گوتی:

+ فیلمێکی زۆر ڕووت بوو.....

+ بەڵێ...ڕووت بوو!

ئەسپەکە لەسەر پشتی ماینەکە هاتە خوارەوە، ئاوێکی ساردی خواردەوەو دەستی بە سمکۆڵ کردەوەو چەند جارێک دەورو خولی ڕەوەکەی دایەوەو ئەمجارەش پەلامارێکی شێت عاشقانەی ماینەکەی دایەوەو تا دەڵێی یەک دوو خۆی گەیاندەوە سەر پشتی ماینی گۆڕینو بەزمی خۆی دووبارە کردەوە!.

ئەسپە بۆرە، توانای، هێزی، جوانی، جووڵانەوەکانی بوون بە بابەتی گفتوگۆی ئەو ڕۆژە...من بەش بە حاڵی خۆم ئەسپی واو نواندنی لەو جۆرەم لەفیلمە سینەماییەکانیشدا نەدیبوو..

دەمی وەڕێکەوتن هات، هەرکە خۆمان سازو ئامادە کردو خودا حافیزیمان کرد...کاک قادر عەزیز بە منی گوت:

+ ئاگاداربە، بەدەردی برادەرەکەت نەچن!.

+ خوا بکا بەو دەردە بچین..





ئەوێ ڕۆژێ هەندێک نیگەران بووم، بۆیە بەم شێوە ڕەقە وەڵامم دایەوە، دەنا هەرگیز حەزم نەدەکرد بەو دەردە بچین، چونکە دەردی (برادەرەکەم) دەردێکی گران بوو...

ملی ڕێگەمان گرت...شەش کەس بووین دوو کۆمۆنیست، دوو ئاڵای شۆڕش، دوو زەحمەتکێش، دوو عارەب، چوار کورد، ئەوە پێکهاتەی مەفرەزەکەمان بوو، بەڵام ئەوەی ئێمەی لەو شوێنە کۆکردبووەوە (تێکۆشان) بوو، ئەوەیش کە ئێمەی یەکخستبوو (هاوڕێیەتی) بوو... هاوڕێیەتی ڕووخاندنی دیکتاتۆریەتو ستەم..هاوڕێیەتی دامەزراندنی سۆسیالیستی..هاوڕێیەتی بەدی هێنانی ئۆتۆنۆمی، فیدرالی..شتێک لەوانە زیاتر یا کەمتر بۆ گەلی کوردو گەلانی ئێراق..ئەگەر لەوەش زیاتر باسی هاوڕێیەتی بکەین ئەوا هەموومان هاوڕێ بووینو لە بادینانەوە بەرەو خواکوڕک دەچووینو ئێمە هەر شەش کەسەکە پێش قەرەول بووینو بۆ ڕێ ڕوونی ڕۆژێک پێش هاوڕێیان بەڕێ کەوتبووین...

ڕێگەی نێوان بادینانو خواکوڕک بەو ناوچانەدا ڕەت دەبوو، باکورو ڕۆژهەڵاتی گوندی زێتێ خاکی داگیرکراوی ژێر دەستەڵاتی تورکو باشورو ڕۆژهەڵاتی باشوریش خاکی ژێر دەستەڵاتی عارەب بوون. لە هەندێ شوێنی دەشتی بەرازگر مۆڵگەو ڕەبایەکانی داگیرکەرانی باکورو باشور هێندە لەیەکتری نزیک دەبوونەوە ڕەت بوون بەناویاندا کارێکی ئاسان نەبوو...سەرەڕای ئەوەش ڕووباری (گەردیان)یان (حاجی بەگ) لە زستانانو بەهاراندا شەپۆڵەکانی شێتو هار دەبوونو ڕێگای لە ڕێبواران دەبەست، هەڵدەستاو دەبووە بەربەستی گەورەی بەردەم ڕەت بوونو پەڕینەوە.

هێزو بنکەو بارەگاکانی پارتی بەزۆری لە ناوچەکانی بادینانو سەرکردایەتیەکەشی لەناو خاکی ئێران بوو، بۆیە پێویستی زۆری بەم ڕێگەیە هەبوو. پێشمەرگەکانی هەمیشە لەهاتووچۆدا بوون، بەڵام وەکو ئێمە نەبوون

(ئەوان) بە ئازادی بەناو گوندەکانی کوردستانی باکوردا هاتوچۆیان دەکردو، لەگەڵ تورکیا ڕێکەتبوو کە (ئەوان) شەڕو دژایەتی (p.k.k) بکەن‌و شۆڕشگێڕەکانی کوردستانی باکوریان تەسلیم بکەنەوەو تورکیاش لە بەرامبەردا هاوکاریان بکات‌و ڕێگەی هاتوچۆیان بەناو هەندێ لە ناوچەکانی تورکیا بدات، ئەو ڕێگایەش یەکێك بوو لەو ڕێگایانە. لەوان ڕۆژان بە هۆی هاتنی وەفدێکی (مخابرات)ی ئێراق (بۆ سەوداو سازشی نوێ لەگەڵ میت بۆ قەرەقۆڵ)ی ڕوبارۆك ڕێگەکە بۆ پارتیەکانیش زەحمەت ببوو، زیاد لە دە ڕۆژ بوو ئێمە لە زێتێ چاوەڕوانی ئەوەمان دەکرد بە ناوی پارتی‌و لە (ڕێگای) پارتییەوە بپەڕینەوە..بەڵام، هیچ سودێکی نەبوو، ناچار بیرمان لە ڕێگەیەکی دی کردەوەو ڕێگا نوێکەش ئەوە بوو کە ئێمە بۆی چووین‌و تیایدا چووین...

ڕێگای پشگر (پشت گرد)مان گرتە بەرو بەرەو باشوری ڕۆژهەڵات دەچووین، هەرچەندە باش شارەزا نەبووین، بەڵام نەدەبوو ئیدی (کات) لە چاوەڕوانی بێ هودەدا بەفیڕۆ بدەین..لە ڕێگا چەندین جار ئەم بەرو ئەوبەری سنووری نێوان (تورکیاو ئێراق)مان دەکرد.. ڕۆژئاوا گەیشتینە سەر ڕووباری حاجی بەگ..سەیرمان کرد هێندە زۆرە ناتوانین لێی بپەڕینەوە...بڕیارماندا ئەو شەوە بارگەمان لەوهەوارە هەڵدەین‌و بەیانی زووش هەستینەوە..بارگە چ بارگە؟!.. یەك ئێستر ناونرابوو پووخە، کە یەك داس، یەك بیور، نزیکەی ١٠٠ مەتر کندری نایلون، تێشووی دوو ڕۆژی مەفرەزەیەکی لێ بارکرابوو هیچی تر..

ئەو ناوە هەمووی گەڕاین‌و دەوروبەری خۆمان پشکنی هەستمان بە هیچ شتێکی نائاسایی نەکرد.. لەکەناری ڕووبارەکە لەسەر لمێکی نەرم‌و فێنك گوێمان بە خوڕەی ڕووبارو دەنگی چیڕ چیڕۆك‌و باڵندەی جۆراو جۆر نەداو لێی ڕاکشاین. هێندە هیلاك بووین هەر زوو خەو بردینیەوە. درەنگی شەو





(ئەبو مەحمود) بە ئاگای هێنامەوەو تروسکایی ئاگرێکی کزی نیشاندام‌و گوتی:

- وابزانم ئەوە ئاگری جگەرەیەو دوو کەسیشن..

سەرنجمدا، تروسکایی ئاگرەکە بەڕاستی ئاگری مژی دوو جگەرەیە، تروسکاییەکان ناوە ناوە کزوگەش دەبوونەوە..بێ دەنگ خۆمان لە بۆسە ناو لە بن ئەم بەرد بۆ بن ئەو بەرد بێ خشپە لە ئاگرەکان چوینە پێش، لەپڕ تروسکاییەکی دی لەبەر دەممان پەیدابوو، لێی وورد بووینەوە دەبینین (گوڵە ئەستێرە)یە!... بەو گوڵە ئەستێرەیە بۆمان دەرکەوت تروسکاییەکانی دیش نە ئاگری مژی جگەرەی دۆست‌و نەهی دوژمنن، بەڵکو گوڵە ئەستێرەی ترن. بەیانی تاریك‌و روون هەستاینەوە، نان‌و حەڵوایەکی بەتام‌و شیرینمان خوارد..باسی نەخشەی کاری ئەو ڕۆژەمان کردو پلانمان داڕشت..بووین بە دوو بەش بەشێك پێی وابوو تا ئێوارە خۆمان بشارینەوەو ئینجا ئێوارە دەست بەکاربین. بەشی دووەمیش دەیگوت: هەر بەو بەیانییە ناوی خودای لێ بێنین، دیارە ڕای بەشی یەکەم ڕاست بوو، چونکە ئێمە لەناو خاکی دەوڵەتی تورکیا بووین‌و مەترسی ئاشکرابوونمان‌و هاتنی سوپای (تورك)مان لەسەربوو، هەرچی بەشی دووەمە دەیانگوت:

- ترسی ناوێ، هەر ئێستا دەست بەکاردەبین‌و هەرچی دەبێ با ببێ!.

دەماری غیرەتی کوردانە لە جەستەی بەشی دووەم گرژ بووەوەو بڕیار درا:

- مادام وایە هەر ئێستا دەست بەکار دەبین‌و هەرچی دەبێ با ببێ!.

ناوی خوامان لێ هێنا..مەفرەزەیەکی ناڕێك‌و پێکی پێك هاتوو لە سێ حزب‌و ڕێکخراوی جیاواز لەو چۆڵەوانی‌و شوێنە دژوارو پڕ لە ئەرك‌و مەشەقەتییە بێگومان هەر هێندەی لێ چاوەڕوان دەکرێ.

بە دەم ڕووبارەوە هێواش هێواش بەرەو سەرەوە هەڵکشاین، دوای گەڕانێکی زۆر لە جێگاییێکی شاخاوی سەختدا تووله ڕێگەیەکمان دۆزیەوە لەسەر

هەڵدێرێكی تەنگ دەچووەوە سەر ڕووباركەو لەو بەریش شوێنەواری هەمان توولە ڕێ بەدی دەكرا..توولە ڕێكە كۆنە ڕێگەیەك بوو، بەڵام بەهۆی نەمانی پردەكەی هاتووچۆی لێوە نەدەكراو بەرەو كوێربوونەوە چووبوو. بەردێكی چوار گۆشەیی گەورە لە چەقی ڕووبارەكە بوو، كاتی خۆی ئەو بەردە چەقی بەیەك گەیشتنی دوو جەمسەری پردەكە بووە. شوێنەكە بۆ پەڕینەوە لەهەموو شوێنەكانی دی لە بارتر بوو..لەنزیك ئەویش لەسەر بەرزاییەكانی ڕۆژئاوای ڕووبارەكە چەند كوخێكی چۆڵو هۆڵی زستانەی مەڕدارانی لێ بوون، كە چووین سەیرمان كرد سەری كوخەكان بەدار رایەڵی درێژو تانۆكو قامیش گیراوەو بڕیارماندا: دار رایەڵەكان دەربێنینو بیانگوازینەوە سەر ڕووبارەكەو لەوێ بە هۆی بەردەكە، پردۆكەیەك...، بەردەبازێك یان شتێكی لەو بابەتانەی پێ دروست بكەین..كەخەریكی دەرهێنانی دارەكان بووین ڕۆژیش تا دەهات گەرمتری دەكرد، بۆیە زۆر ماندووو هیلاك بووین.. لەلای كوخەكانەوە هەركە بەرەو ڕۆژهەڵات رادەمای هیچ هەستت نەدەكرد لەنێوان كوخەكانو بەرزاییەكانی بەرامبەر هەڵدێرێكی سەختو قووڵو ڕووبارێك هەیەو بەرزاییەكانی ئەم بەرو ئەوبەری لەیەكتری جیاكردۆتەوە. دارەكانمان گەیاندنە سەر لێواری هەڵدێرەكەو لە نزیك دەرگای توولە ڕێكەمان دانان..هەرچەندە هەوڵماندا نەمان توانی دارەكان بە توولە ڕێكەدا بگەیەنینە شوێنی كارەكەمان..بیرمان كردەوە بەهۆی كندرەكەوە لە جێگەیەكی گونجاو دارەكان یەكە یەكە شۆڕ بكەینەوە سەر ئاوەكە.....

تا سەعات دوانزەی نیوەڕۆ بەری ڕۆژئاوای پردەكەمان تەواو كردو، بۆ پشوودانو نانی نیوەڕۆش دەستمان لە كار هەڵگرت. ئێمە پێنج هاوڕێ لە خوارەوە لەسەر ڕووبار دانیشتین، تەنیا هاوڕێ (رەوەند)* نەبێت بۆ پاسەوانی هەر لەسەر بەرزاییەكە مایەوە. هەرچەندە بڵێی هیلاك بووین، بەڵام تا زوو كارەكانمان تەواو كردبا مەترسی سوپای (تورك)مان لەسەر





كەمتر دەبووەوەو زووتریش دەسواینەوە، بۆیە دەستمان بە كاركردەوەو خەریكی تەواو كردنی بەری ڕۆژهەڵاتی پردەكە بووین..لە گەرمەی كاردا دەنگی تەقەی گوللەیەكی نزیك موچڕكی بە گیانی هەمووماندا هێنا..كلاشینكۆفەكەم دە مەتر لێمەوە دوور بوو بەرەو لای رام كردو تاوم دایەو لەو كاتەدا ئەبو مەحمود هاواری كرد:

- شوف جاندرمە كاكە ئاراس!.

سەرم بەرز كردەوەو چاوم هەڵبڕی بینیم لە شوێنی رەوەند دەیان جاندرمەی تورك راوەستاونو یەكسەر دەستڕێژیان لێ كردینو كەوتنە ئاگرباران كردنی ئێمەو دەوروبەرمان..بێ ئاگا دوژمن گەیشتبووە سەر سەرمانو تەنها نزیكەی ٨٠-١٠٠ مەترێك لێمانەوە دوور بوو، هەموو بەرزاییو سەر تولە(ڕێ)كەشیان تەنیبوو.. پێشەوەشمان ڕووبارێكی لێژوو بەهاژەی گەورە بوو، بەم شێوەیە گەمارۆ دراینو بەهەموو جۆرە چەكێكیش ئاگر باران دەكراین..هێزەكانی دوژمن چەندە لێمان نزیكو زاڵیش بوون، هێندەش ئاگربانەكەیان یەكبینەو خەست بوو، بۆیە نەمان دەتوانی هیچ جوڵەیەك بكەینو هەموومان لەژێر تاوێرە بەردەكانی نێوانی شاخو ڕووباكە خۆمان مەڵاس دابوو..هەندێ تەقەمان لێ كردنەوە، بەڵام تەقەكەش دادی نەدادین..سەرەتا دەمانگوت:

- هەرچۆنێ بێ تا ئێوارە خۆمان ڕادەگرینو ئومێدی ئەوەمان هەبوو ئێوارەش هەڤاڵانمان نزیك بكەونەوەو بەهانامانەوە بێن. بەڵام، كار لەكار ترازاو هەرچەندە ئێمە لەو تەنگژەو لەو هەلومەرجە نالەبارەدا بە بیری ئاڵۆزو جەنجاڵەوە پلانمان دادەنانو دەمانگۆڕین، كەچی هەر سوودی نەبوو..كار لە كار ترازاو یەك لەوەی دیكەی دەپرسی:

- چی بكەین؟.

ئەبو نادیەو ئەبو مەحمود گوتیان:

- هەرکە ئێمە لە بادینانەوە بەڕێ کەوتین برادەرانی لقی (١)ی پارتی بەئێمەیان گوت لە چونتان یان، گەڕانەوەتان ئەگەر تووشی سوپای تورکیا بوون بڵێن ئێمە پارتین ئەگەر دەستگیریشتان بکەن ئازاد دەکرێن.

راستیان دەکرد، تورکیاو پارتی ڕێکەوتنیان هەبوو، زووتر خۆشمان بەناوی پارتیەوە هاتوچۆمان بەوناوەدا کردبوو، هەروەها چەند جارێکیش پێشمەرگەمان دی بوو گیرابوون‌و ئازاد کرابوون..دیارە کێشە سەرەکیەکەی ئێمەش ئیراق‌و خەباتەکەمان دژی دەستەلأکەی بوو، بۆیە خۆ بەدەستەوەدانیش لەکات‌و ساتێکی وەهادا وەك کارێکی زۆر گەورە خۆی نەدەنواندو ڕاستەوخۆش بە ئەرکێکی قورسمان نەدەزانی‌و، بڕیارماندا خۆمان تەسلیم بکەین..بڕیارێکی لەو جۆرەو لە کات‌و لەکەشێکی ئاوادا کە هەموو دەرگاکانی ڕزگاربوونمان لەڕوو داخرابوون، واتە بە ناچاری، چونکە هیچ تروسکایەکی ئومێدمان بەدی نەدەکرد.. ئەو ساتانە هێندە تاریك‌و ڕەش‌و دڵتوندکەرو موچڕك ئاژەن بوون، وەسف کردنیان سوك‌و ئاسان نییە..هاژەی ڕووباری بەخوڕ، تەقینەوەی نارنجۆك، گیزەی گوللە، رمبژنی ئاربیجی‌و هات‌و هاواری دەیان سەربازو رەشە جاش لە گوێدا ئاوازێکی بێزراوو نەبیستراویان دەزرنگاندەوە. لێرە لەنێو ساتەکانی مەرگ‌و زیندوو بوونەوەدا.. لەسەر ڕێگای هەڵدێرو هەڵەت.. لەو دیویش تروسکەی ئومێدێکی بچووك..بچووك..بەقەد ڕووناکی چرایەکی کزی شەوێکی تۆفی لادێ..ڕووەو کامەیان هەنگاوەکان چڕ دەکەینەوە؟.. هەڵبەتە ڕووەو ئەو چرایەی..کەواتای تینی کزی ژیانیشە..لەم ئان‌و ساتەی نێوان مەرگی حەتمی‌و تەسلیم بوون بەقەدەری ژیان، برادەرێك جەمەدانەیەکەی بە سەر لولەی تفەنگەکەیەوە هەڵتەکاندو هەژاندەوەو هێمای (تەسلیم) بوونی بۆ لەشکری تورك کرد..دوای چەند خولەکێك لە هەژاندنەوەی جەمەدانەیەکە تەقەوەستاو وەك دەڵێن ئاویش لەئاش بڕا، لەو کاتەدا فیلمی ژیانی ڕابردووم بە خێرایی بەبەرچاوادا گوزەری کردو لە بن





لولەی تفەنگی تورك‌و لەسەر ڕووباری حاجی بەگ کۆتاییەکی تراژیدی تۆمار کرد..ئەو کات لەوێ کۆتای ئومێدو ژیان‌و سەرەتای چەرمەسەری‌و مردن بوو..ئاه، خۆبەدەستەوەدان لەپێناوی خەبات‌و ژیانیش چ مردنێك بوو!.

ئاگاداربە، بە دەردی برادەرەکەت نەچن..هاتەوە بیرم‌و هەرچەندە ئەم ڕستەیە بۆ ئایندە زۆرمانای پڕ لەئازارو دەردەسەری‌و گیروگرفتی دەبەخشی، لەگەڵ ئەوەشدا دەبوو خۆمان ڕابێنین، چونکە یەکێك لە سیفەتە گرنگەکانی مرۆڤـ بەرگە گرتن‌و خۆڕاهێنانیەتی لەگەڵ هەلومەرجی جیاوازو دەوروبەری جۆراو جۆر..بە هەناسەیەکی پڕ لەخەفەتەوە یەك لە دوای یەك بە توولە ڕێکەدا سەرکەوتینەوە..سەرکەوتنەوەیەك بەرەو غلۆر بوونەوەی ڕەوڕەوەی ژیان، بەرەو ژووری ئازارو مەینەتیەکانی دیلی، بەرەو زیندانی تورکان هەنگاوی سست‌و خاومان دەنان، تا دەشهات بازنەی گەمارۆی جاندرمەو جاش لە دەورمان تەسکترو لولەو نێزەی تفەنگەکانیان لە جەستەکانمان نزیکتر دەبوونەوە. تاقمەکەم هەر بەکەمەرمەوەو نارجۆکێکیشی پێوە بوو، کاتێ دواهەنگاوم لە (توولە ڕێ)کەدا دەنا ئەفسەرێکی گەورەم دی بۆ (پێشوازی) لەسەر ڕێگەکەمان وەستابوو!..بەمێشکمدا هات لە کاتێ بەتەواوی نزیك بوونەوە لێی نارجۆکەکەم ڕاکێشم‌و هەوڵدەم بە (بارمتە) بیگرم، یا ئاشوبێ بنێمەوە..بەو بیرۆکەیە تەپەی دڵم زیادی کرد، هەناسەم سواربوو، تادەهات ڕاڕای‌و هەڵپە هەڵپی بیرۆکەکەم هەناسەی سوارتر دەکردم.. سەربازێك هاواری کردو لولەی ژێسێکەکەی ئاراستەی سنگم کردو جاشێکیش لە دوورەوە قسەی سەربازەکەی بۆ دەکردمە کوردی‌و دەیگوت:

- دەبێژێ بسەکنە...

بەلأم، خۆم لەگێلیدا گوایە تێناگەم‌و هەرچوومە پێش..بیکەم، نەیکەم....؟ لە دڵەراوکێیەکی توند دابووم چی دەبێ، چی نابێ..لەو کەین‌و بەینەدا

سەربازێكی دیكەش هاتەپێش‌و بە تەواوی ڕێگەیان لێ گرتم‌و ئەو برە ئومێدەشم نەماو هەناسەم ساردو پلانەكەم پوچ بووەوە. هەناسەم تایمی باری سروشتی خۆی وەرگرتەوەو نیگەرانیشم نەما..داوایان كرد تاقمەكەم دانێم، بەدەستی لەرزۆك‌و غەمێكی قووڵەوە تاقمەكەم فڕێ دایە سەر زەوی‌و گەیشتینە بەردەمی ئەفسەرەكە سەرنجی چاوانم بەرەڵا كرد ڕەوەند نەبە گیراوی‌و نەبە كوژراوی دیار نییە..ئەفسەرەكە سەیرێكی هەمووانی كردوو گوتی:

- كوا ئەو پاسەوانەی لەسەر گردەكە بوو؟

دڵم تۆزێك خۆش بوو، گوتم دیارە ڕەوەند دەرباز بووە...یەكسەر بە عارەبی بە برادەراكانم گوت:

- ئێمە هەر پێنج كەس بووین.

بەخێراییش پەنجەم بۆ هێور درێژ كردو گوتم:

- ئەوە پاسەوانەكە بوو، كە ئێوەی دی دابەزیە لای ئێمەو ئاگاداری كردینەوە كە ئێوە لەشكری توركن‌و تەقەتان لێ نەكەین..

نازانم قسەكانم كاری تێ كردن یان، هەر خۆی پێی باش بوو زووتر لەشكرەكە بەرەو گەڕانەوە دەنگ بدات، بەو شێوەیە ڕەوەند لەو داوە دەربازی بوو.

ئەفسەرەكە پیاوێكی قەڵەوی سوورو سپی بوو، بەڵام بە پێچەوانەوەی قەڵەوی‌و ناسكیەكەی دەم‌و چاوی، تا بڵێی پیاوێكی بەهێزو چوارشانە بوو، پلەی ئەفسەریەكەی (بین باشی) بوو..بەزمانی توركی (بین) واتە هەزارو باش واتە سەر.. (بین باشی) واتە سەری هەزارو لەناو سوپاشدا مانای سەركردەی هەزار سەربازو پلەیەكی سەرباز دەگەیەنێ.

لەڕێگەی جاشێكەوە لەیەكتری حاڵی دەبووین‌و ئەو پرسیاری دەكردو ئێمە وەڵاممان دەدانەوە، گوتمان:





- ئێمە پێشمەرگەی پارتین‌و ئاگادار كرابووینەوە كە بە هیچ جۆرێك شەڕی ئێوە نەكەین، چونكە ئێمەو دەوڵەتی توركیا ڕێكەوتنمان هەیە دەنا لە فەرهەنگی پێشمەرگەدا بەدیل گیران نییە..

- زۆر بڕوای بە ئەبو مەحمود نەكرد یان، هەر لە بیانوو گرتن بوو، دایە بەر زللەو شەق‌و قیژاندی بەسەریاو پێی گوت:

+ قوولەی قوون ڕەش، تۆ چیت لەو شاخانەداوایە؟...

ئەبو مەحمود تێكۆشەرێكی عارەبی خەڵكی شاری (ناصریە) بوو، ئەسمەریەكەی هێندە تۆخ بوو بەلای ڕەشیدا دەیشكاندەوە، بۆیەش لەبەر چاوی ئەفسەرو جاندرمە توركەكان‌و تەنانەت لەبەر چاوی جاشەكانیش روخسارێكی ناحەزو ناشیرینی هەبوو..ئەو هەر زوو باجی ڕەنگی خۆی داو جیاوازی ڕەنگ‌و پێست بۆ (ئەویش) بووە مایەی ئازارو مەینەتی.. لە ڕێگەشدا چەند جارێكی تر بەهانەی پێ گیراو لێدانی خوارد.

هێزەكانی جاندرمەو جاش خڕ بوونەوە..بینباشی فەرمانی گەڕانەوەیدا..هێزەكە بەڕێگەیەكی شاخاویدا بەرەو گوندی ڕووبارۆك ڕێچكەی بەست..لەو حاڵەتەدا سەربازی وامان دەدی بۆ ئێمە پەرێشان بوون‌و زۆربەی هەرە زۆریشیان خۆشحاڵی لەدەم‌و چاویاندا دەباری، ئەفسەرەكانیش هەموویان كەیفیان سازو دەم بە خەندە بوون‌و، وایان دەزانی بەو سەركەوتنەیان تازە شاری قوستەنتینیەیان فەتح كردووە!.

یەك لە دوای یەك..دەڕۆیشتین ئەفسەرو سەربازو جاش‌و دیل.. لەڕێگەدا ئێمە بۆمان هەبوو شوێنەكەی خۆمان بگۆڕین‌و پێش سەربازێك بكەوینەوە یان، بچینە دواتری لە نیوەی ڕێگەدا گەیشتینە كۆمەڵێ خەڵكی ناوچەكە بەرەو پیری لەشكرەكە دەهاتن‌و هەموویان پەقرەج‌و دۆلكە ئاویان هێنا بوو.زیەكێك لەوانە حاجییەكی ماستاوچی بوو، پەقرەجێكی ئاوی ساردی هەڵگرتبوو، یەكسەر بەرەو لای بینباشی خشی، لەسیمای دەم‌و چاوی‌و

جولاَنەوەیدا مەرایی‌و ماستاو دەچۆڕایەوەو هەرگیز ئەو دیمەنە ناشیرینەیم لەیاد ناچێتەوە. تا عەسکەرو جاشەکان ئاویان خواردەوە منیش لەسەر خرە بەردێکی ژێر دار بەلاَلوکێکی جوان قاچێکم خستە سەر قاچەکەی دیم‌و تاوێك بیرم لەرابردوو دەکردەوەو تاوێکیش بۆ داهاتووم رادەمام...

- ئاه....ئاه...ئێرە هەمان ئەو شوێنەیە کە برادەرەکەم لێی بەدەردی ئێمە چووبوو یان، ئێمەی لێ بەدەردی ئەو دەچین..!

ئاگاداربە، بەدەردی برادەرەکەت نەچن!..

(لەنێوان کەتینەو زێتێ لەخوار گوندی رووبارۆك کەوتینە ناو بۆسەیەکی تورکان...دوای شەڕێکی کەم خایەن‌و نا بەرامبەر من‌و کازم بەدیل گیراین‌و یەکسەر ئێمەیان بەدیلی بردە قەرە قۆلی رووبارۆك‌و لەوێش کەوتنە وێزەمان‌و ئازارێك ئازار دراین لەهەموو دنیا وێنەی نەبێ‌و...)

بەم شێوەیە بەسەرهاتی برادەرەکەم دەهاتەوە یادو لەو ساتەدا ئاگری ئازاری زللەی بینباشی بیرەوەرییەکانی برادەرەکەی لێ پچڕاندم‌و بەسەریدا نەڕاندم، بەلاَم هەتا جاشەکە نەهاتە دوان، تێنەگەیشتم دەلێ:

- ڕابە، پێی خۆ لسەر پێی خۆ ڕاکە خۆ تە نەپاشای!.

لەڕێگەدا بەدوای هەلێکدا دەگەڕام ڕابکەم‌و خۆم دەرباز بکەم، بەلاَم، دەرفەتێکی وا نەڕەخسا. هەرکە گەیشتینە بەر مالاَن، دەبینم تەنیا دوو سێ سەربازم لە پێشدا ماون‌و ئەوانەی دیم یەك بەداوی یەکا باز داون!..لەوێ پێکەنینم بەخۆمدا دەهاتەوە..نازانم بۆچی وەکو خووی خۆم لەوێش ویستوومە لەپێشەوە بە پەلەپەل بڕۆم؟.. زۆربەی پیرو ژن‌و پیاوو مندالاَنی روبارۆك هاتبوونە سەر ڕێگاو ژنەکان بەکۆڵ دەگریان‌و هەندێك لە پیاوەکانیش رۆندك لەچاوەکانیان دەبارین‌و مندالاَنیش بە سۆزێکی سەرسوڕماوی‌و حەپەساوییەوە چاوەڕوانی هەوالَی نوێیان دەکرد..هەستم کرد ئەو گریانە سۆزێکی کوردانەیەو بۆ ئێمەی دەردەبڕن، بۆیە منیش لەناخەوە





هەژام‌و گوڕێکی زۆرم بەبەردا هاتەوەو هەر خۆشم لە خۆمم دەپرسیەوە: تۆ بلێی ئەم هەموو سۆزو گریانە بۆ ئێمە بێ....؟ ئەو ساتانە لەناخەوە شانازیەکی زیاترم بە خۆم دەکردو بەختەوەریی دڵ‌و دەروونی گەشاندمەوە..لەناو گوند راوەستاین‌و ئەفسەرو جاندرمەکان کۆبونەوەو جاشەکانیش هەریەکەو بۆلای کەس‌و کاری خۆی خشی..کاتێ بینرا هەموو جاشەکان سەلامەتن‌و کەسیان نەکوژراوەو بریندار نین، زۆربەی خەڵکی گوندەکە کردیانە خۆشی‌و لەتریقەی پێکەنینیانداو جارێکی دی ئاهێکی سارد بەدڵما کوزەری کردو تێگەیشتم شین‌و گریانی زۆربەی خەڵکەکە بۆ جاشەکانەو ڕەنگە هی هەندێکیشیان بۆ ئێمەی پێشمەرگە بووبێ...

قەرەقۆڵکە لە دەرەوەی گوند لە جێگایەکی بەرزو زاڵ دروست کراوە، ئێمەیان بردە ئەوێ‌و هەر زوو لێکۆڵینەوە دەستی پێکرد، لێکۆڵینەوەیەکی ئاسایی..تا ئەو کات ئەبو مەحمود ڕادیۆ (سۆنی)یەکەی خۆی هەر لا مابوو. هەر کەنۆرەی گەیشتێ ڕادیۆکەی فڕێ دایە پشتی حەمیدو خۆی چوو. ئەفسەرێك ڕادیۆکەی بینی‌و داوای لەحەمید کرد، بیداتێ بەلاَم، حەمید ڕەفزی کرد، ئەفسەرەکە توڕە بوو، دەستی بەرز کردەوە، ویستی لە حەمید بداو حەمیدیش بەهەمان شێوە دەستی لێ بەرز کردەوە. ئەفسەرەکە توڕەتر بوو، گوێم لێ بوو چەند جارێك وشەی (قاراتە، قاراتە)ی بەکاردەهێنا، بەلاَم لەمانای ئەو وشەیە تێدەگەیشتین، پاشان زانیمان بەتەوسەوە بەحەمید دەلێ تۆ کاراتێی!.. ئەفسەرەکە بۆ شکایەت چووە ژوورەوەو بینباشی ئاگادار کردەوە: کە کاراتێیەك ویستوویەتی لێی بدا..بینباشی خۆی هاتە دەرەوەو ئەویش داوای ڕادیۆکەی لەحەمید کردو دیسان هەر نەیدا..بینباشی هاربوو، لەبیانوش دەگەڕا، بۆیە حەمیدی دایە بەر زللەو شەق‌و نزیکەی دە مەتری هەر بەشەق‌و تێ هەڵدان بردو هەتا نەبوورایەوە وازی لێ نەهێنا..دوایی حەمید دەیگوت:

- نەبوورامەوە، بەڵكو بەئەنقەست خۆم وا نیشاندا تاوازم لێ بێنێ..

خۆشی لەوەدا بوو خۆمان گیرابوین، چەكەكانمان تەسلیم كرد بوو، كەچی حەمید ڕادیۆی تەسلیم نەدەكرد..! ئەو خوویەكی لەم جۆرەی هەبوو، جارێكی دیش لە شەڕێكی دژی پارتیدا بەدیل دەگیرێ‌و چەكەكەی تسلیم دەكات، بەڵام تاقمەكەی دانانێت‌و زۆری لەگەڵ دەكەن گەڵكی نابێ، تا دواجار بەزەبری لولەو قۆنداغە تفەنگ تاقمەكەی لە كەلەكە دەكەنەوەو ئەو جارەش دەیگوت: گرنگ گیران نییە گرنگ ئەوەیە بە گیراویش دوژمن سەغڵەت بكەیت!.

بۆ لێكۆڵینەوە وەرگێڕێكیان هێنا ناوی خەسرەو بوو، سۆرانی بە باشی‌و كەمێكیش عارەبی دەزانی. ئەو پیاوە كوڕی كۆنە لێپرسراوێكی شۆڕشی ئەیلوول بوو (حاجی محمد بێ رۆخی) بۆ دەوڵەتی تورك كاری دەكرد. هەركە چاوی بە ئێمە كەوت هێمای بۆ ئەبو نادیەو ئەبو مەحمود كردو گوتی:

- ئەمانە عارەبن‌و پارتی نین..

هەرچەندە هەردوو ئەبوەكە ناوی خۆیان كردبووە محەمەد تاهیرو محەمەد عەبدوڵڵا، بەڵام ڕەنگ‌و روخسارو شێوازی قسەكردنیان لە لای خەڵكی شارەزا ئاشكرابوو، بەئاسانی جیا دەكرانەوە، بەتایبەت ئەبو مەحمود كە هەم ڕەش‌و هەم كوردی زان نەبوو...

لەبەر دەرگای قەرەقۆڵەكە لە چاوەڕوانی بڕیارێكی توركان دانیشتبووین..چەند ئەفسەرو پلەدارێك بە دەورمانەوە بوون. ئەفسەرەكان پرسیاری جۆراوجۆریان دەكرد..سەربازێكی كورد (خەڵكی شاری قارس) پرسیارو وەڵامەكانی وەردەگێڕان، بەڵام هەموو شتێكی بە شێواوی وەردەگێڕا، چونكە زمانی تێكەڵ‌و پێكەڵی دەكردو كوردی باش نەدەزانی..ئەفسەرەكان ناوە ناوە دەیانگوت:

- ئەمشەو یان بەیانی تەسلیم ئە ئێراقتان دەكەینەوە.





ئەوان دەیانزانی تەسلیم كردنەوە بە ئێراق چ چارەنووسێكی ڕەشی بە دواوەیە، بۆیە ئێمەیان بەو چارەنووسە دەترساند...

ئێوارێ درەنگ تەقەی تفەنگێك هات، بوو بەدوو، بەسێ، بە چوار، دەنگی ئەو تەقانە لەهەمان ئەو شوێنەی ئێمەی لێ گیرابووین دەهات..ئەو هەواڵەیان گەیاندە بینباشی، ئەویش خۆی هاتە دەرەوەو بە توڕەییەوە پرسیاری كرد:

- ئێوە چەند كەسی ترتان لەگەڵدا بوو؟.

- ئێمە هەر پێنج كەس بووین!.

- ئەدی ئەو تەقانەچین لەوێ دەكرێن؟.

- نازانین!.

- چۆن نازانن لەوێش ئێوە درۆتان لەگەڵدا كردم؟.

- نەخێر ئێمە ڕاستمان گوت‌و خۆشتان ئەو ناوە گەڕان...

- باشە، چارەنووسی خۆتان دەبیننەوە، شەرت بێ تا تەسلیم بە ئێراقتان دەكەینەوە، دەبێ كەڵكی هیچتان پێوە نەمێنێ، ئێوەی شاخاوی هەم تیرۆریست‌و هەم ڕێگرو هەم درۆزنن...

بینباشی زۆری ئیهانە كردین‌و لەیەك خاڵدا ڕاستی دەكرد ئێمە ڕاستیمان پێ نەگوتبووكە، ڕەوەند هەر لەوێ بوو تا ئێوارە لە كونی بەردێك خۆی حەشار دابوو، نەهاتبووە دەرەوەو ئێوارەش ئەو تەقانەی بۆ ئەوە كرد تا بزانێ ئایا كەسی تر لە ئێمە یان هەر كەسێكی دی لەو ناوە هەیە یان، نا......؟

ڕۆژ ئاوابوو، تادەهات تاریكی ڕەشماڵی خۆی نزمتر دەكردەوە..لەو كاتەدا بینباشی فەرمانی دەركرد كە ئێمە ببەنە ژوورێكی تایبەت. بەرەو ژوورەكە دەچووین، ئەگەر بەرەو خوار ئاوڕم دایەوە (پوخە) واتە ئێسترەكەمانم دی لە خوارەوەی ئێمە بەستراوەتەوە..پوخەش ئێمەی ناسیەوەو بە حەپەساوی سەیری دەكردین..نازانم پوخە دەیزانی ئێمە دیلین یان نا، بەڵام دڵنیام هەستی دەكرد شتێكی نا ئاسایی رووی داوە!. حەمید بەبینینی پوخە

هێندەی تر نیگەران بوو، چونكە پوخەی زۆر خۆش دەویستو ماوەیەكی زۆریشیان بەیەكەوە بەسەر بردبوو. پوخە هێندە خزمەتی شۆڕشو پێشمەرگەی كردبوو هەموومان بەدڵ خۆشمان دەویست، جگە لەوەش، خۆی وەك پێشمەرگەیەك بۆ هەلومەرجی پارتیزانیو بەرگە گرتنی ژیانی سەخت ڕاهێنابوو.. هێندە هەلومەرجی نالەباری دی بوو، لەهەڵسوكەوتی پێشمەرگەدا هەستی بە هەلومەرجە نالەبارەكان دەكردو زوو حاڵی دەبوو..پوخە پاڵەوانی چیرۆكێكی ئەفسانەیی-راستەقینەی سەرسووڕهێنەر بوو!.

زستانی هەمان ساڵ لە (دەڤەرا) بەری گاریٚ سەربەستو سەرهەنگ بەهاوڕێیەتی پوخە دەچنە هاوینە هەواری سەردەحلا (دەشتا نیێ) لە ڕێگای گەڕانەوەیاندا لەنزیك گوندی (كانی گوڵێ) دەكەونە ناو بۆسەیەكی بەكریٚ گیراوانی بەعسیانو لە ئاكامدا (سەرهەنگ) لەسەر پشتی پوخەو (سەربەست)یش لە پێش چاویدا شەهید دەكرێنو خۆشی چەند گوللەیەكی بەردەكەوێ.. هەرچەندەش برینەكانی سەخت دەبن بەڵام كاتێك دەبینێ لەسەر ئەو چۆمە چۆڵو هۆڵەدا (تەنیا) ماوەتەوەو سەرهەنگو سەربەستیش شەهیدبوون، دەچێتە سەر تەرمەكانیانو تێر تێر بۆنیان دەكات..دوای ئەوەی لە مردنیان دڵنیا دەبێ بیر لە گەیاندنی هەواڵی ئەو كارەساتە دەكاتەوە!.. هەرچەندە پوخە ڕوی لە بارەگاكانی پێشمەرگە بوو، بەرەو ئەوێش دەگەڕایەوە، بەڵام بە پێچەوانەی ئاراستەی چوونەكەی بەرەو دواوە دەگەڕێتەوەو بەناو بەفرێكی زۆردا ڕوو لەماڵی هەڤاڵ زرار دەكاتەوە..چونكە ماڵی ئەو لەشوێنی ڕووداوەكە لە بارەگا نزیكتر بوو..!

كەس ئاگاداری ئەو ڕووداوە نییە تەنیا بكوژەكانو پوخە نەبێت، هەركە پوخە دەگاتە بەردەم ماڵی هەڤاڵ زرار دەبینێ كەس بایەخی پیٚ نادات، بۆیە هەڵدەكوتێتە ژوورەوەو هەر ئەوە نییە بە قسە ڕووداوەكە بۆ مریەم خان ناگێڕێتەوە!... مریەم خان چەند جارێك پوخە دەر دەكاتە دەرەوە، كەچی





ئەو هەر سووڕ دەبیٚ لەسەر گەیاندنی هەواڵەكەو كاتێكیش مریەم خان خوێنی داچۆڕاوی جەستەی پوخە دەبینیٚو دەزانیٚ بریندارە..تێدەگا كارەساتیٚ ڕوویدا، بۆیە هاوار بۆ دەرودراوسیٚ دەباتو ئەوانیش دێنو دەبینن پوخە بریندارەو پێشمەرگەكان دیار نین، یەكسەر شوێن پێی پوخەو پەڵە خوێنەكانی سەر بەفرەكە هەڵدەگرنو دەڕۆن تا لەناكاوێك بەسەر تەرمی هەردووشەهیدەكە هەڵدەبنو ئەوانیش دەبینن شەهیدەكان لە خوێنی خۆیاندا گەوزیوونو جێی سمكوڵی پوخەو چەند قەوانێكی فیشەكی كلاشینكۆفو جیٚ پێی بكوژە هەڵاتوەكان لەسەر بەفرەكە بەدی دەكەنو هیچی تر....

ئێستاش، پوخە وەك ئێمە دیلی دەستی توركانەو چاكیش دەمانزانی هەر دەرفەتێكی بۆ بڕەخسیٚ خۆی ڕزگار دەكاتو، بەرەو زێدەكەی خۆی دەگەڕێتەوەو جارێكی تریش بە دڵسۆزی خۆی پێشمەرگەكان سەرسامو وەفای خۆی دووبارە دەكاتەوە...

پشتمان كردە پوخەو ئێمەیان بردە ژوورێكی بچووك..دوو دوو دەستیان لێك بەستینو لەسەر ئەرزێكی ڕەقو تەق دایان نان..ژوورەكە ئاردێكی زۆری لیٚ ڕژابوو، تومەز زووتر كۆگای ئازوقەی قەرەقۆڵەكە بوو..دیار بوو لەبەر ئێمە ئازوقەیان لەو ژوورە لابرد بوو، چونكە ئەو ژوورەیان بە شایستەی حەوانەوەی ئەو شەوەی ئێمە دەزانی..

شەوی یەكەم، یەكەم شەوی دیلی، هێندە تاریك بوو، هێندە بیٚ ئومێد بوو، دڵی دەگوشیو مێشكی مرۆی تێك دەدا..هەر چۆنیٚ بوو، بەدەم خەیاڵی ئاڵۆزو ناخۆشەوە پاڵمان دایەوە. لەنیوەی شەوێدا چەند جارێك هەستم دەكرد شتێك گاز لە گوێچكەم یان، لوتم یان، پەنجەكانم دەگریٚ، سەرەتا نەمزانی ئەو گازانە هی چین، دواتر ئەبو نادیەش هەمان هەستی كردو هەردووكمان هەستاینەوە سەیرمان كرد ئەو گازانە هی ئەو مشكانە بوون كە ئێمە

(نيشتمان)ەكەيانمان داگیر كردووە. بەپەلامارو هێرشی یەك لەدوای یەكیان هەوڵیان دەدا ئێمە وەدەرنێن‌و ماڵەكەیان ئازاد بكەنەوە!.. سەیركەن تەنانەت مشك‌و مارو مێروش نیشتمانی خۆیان خۆش دەوێ، وەك ئێمەمانانیش لەپێناویدا خەبات دەكەن.. لەبەدبەختی ئێمە مشكەكان هێندەدڕو بەجووڵە بوون، دەتگوت بەتایبەت بۆ ئازاردانی ئێمە فێركراون‌و راهێنراون‌و تێگەیێندراون..هەڤاڵ هێور دەیگوت:

- بەئەنقەست ئەم شوێنەیان بۆ ئێمە چۆڵ كردووە، چونكە دەیانزانی مشكەكانیان دڕن‌و شەو ئازارمان دەدەن!.

لەگازگرتنی مشكەكان خۆمانم بەبیر دەهاتەوە..لەدڵی خۆمدا دەمگوت:

ئەگەر مشك بەم شێوەیە بەرگری لەوڵاتی خۆی بكات، بێگومان دەبێ ئێمەی مرۆڤیش بەرگەی چەكە مۆدرێن‌و كیمیاییەكانی داگیركەران بگرین..بەڵام تۆ بڵێی گورزو زەبرەكانی ئێمەش لە دوژمنان هەر هێندەی گازی ئەو مشكانە كاریگەربن؟

بێگومان نا، نا، چونكە ئێمە وەڵامی گەلێكی ستەمدیدەین‌و ئیرادەو ویستی ئەو گەلەمان لەپشتە، بۆیە هەر زەبرێكی ئێمە لە دوژمن ئەگەر بچووكیش بێ تاساندن‌و تەزاندنێكە..ئەوەتا داگیركەران هەر بەتەنها بەتانك‌و تۆپ رۆكێت دڵیان ئاو ناخواتەوە، بەڵكو بە ئاشكراو لەبەر چاوی ویژدانی نوستووی رۆژهەڵات‌و رۆژئاوای مرۆڤایەتی بەگازی خەردەل‌و سیانید قڕمان دەكەن..

بەم شێوەیە بیرم دەكردەوەو تابەیانی كەروێشكە خەومان كرد، بەیانی ئێمەیان بردەوە دەرێ‌و لەتەختایی بەردەم قەرەقۆڵەكەیان دانایەنەوە، هێشتا پێش نیوەڕۆ بوو ئەگەر ئەفسەرێك هات‌و گوتی:

- ئێستا هەلیكۆپتەرێكی ئێراق دێت‌و تەسلیمتان دەكەینەوە.





تەسلیم كردنەوەش لەداب‌و نەریتی رژێمە داگیركەرەكانی كوردستان‌و رێكەوتن نامەكانی نێوانیاندا هەمیشە كارێكی رۆتینی رۆژانەبوو، بۆیە هەواڵەكەی جێگەی بڕوا بوو..

سەیر لەوەدا بوو سەربازە كوردە موتەرجیمەكە لەجیاتی وشەی فڕۆكە وشەی شەمەندەفەری بەكار دەهێناو دەیگوت:

شەمەندەفەر دێت‌و بەرەو ئاسمانیش رادەما..!

لەبەرئەوەی ناوچەكە هیچ هێڵی شەمەندەفەری تێدا رەت نەدەبوو زانیمان بە هەلیكۆپتەر دەڵێ شەمەندەفەر، تومەز هەر لەرادیۆ كوردیەكان ئەو ناوەی بیستووەو بەو شێوەیەی تێگەیشتبوو.

دوای سەعات دوانزەی نیوەڕۆ هەلیكۆپتەرێك دەنگی هات، هەركە گەیشتە سەر سەرمان سەیرمان كرد ئاڵاكەی ژێر سكی توركییەو كە نیشتەوەش دابەزیوەكانمان دی تورك بوون‌و ئەفسەرەكەش هەر بەردەوام بوو،ناوە ناوە هێمای بۆلای باشوور دەكرد و دەیگوت:-تەسلیم دەكرێنەوە......

(دوای ئەوەی لە قەرەقۆلی رووبارۆك تەحقیقیان لەگەڵدا كردین، بە هەلیكۆپتەر بۆ شەمزینانیان گواستینەوە...) بەم شێوەیە قسەكانی برادەرەكەم دەهاتنەوە یادو ئاگاداربە، بە دەردی برادەرەكەت نەچن..رایچڵەكاندمەوە...!

دەبێ چیمان لێبكەن ؟.. ئەوپرسیارەمان لە خۆمان دەكردەوە ..لێرە بەدواوە من بومە چاوساغ‌و لەگەڵ بیرەوەریەكانی برادەرەكەم قۆناغەكان‌و چارەنووسی خۆمانم دەهاتەوە پێشچاو...برادەرەكەم چۆنی بۆگێرابومەوە، بەهەمان شێوە بەسەرهاتەكەی ئەومان دەهاتەوە پێش‌و پێش چاو..

دەستەكانیان كەلەبچە كردین‌و چاوەكانیان بەپەڕۆیەكی سپی تەنك بەستینەوەو سواری هەلیكۆپتەرەكەیان كردین‌و گوتیان:

- بای بای بەرەو ئێراق!.

بە دەردی برادەرەکەم دەچووین..کۆپتەرەکە هەڵفڕیو یەکسەر بەرەو باشور، واتە بەرەو ئاراستەی ئیراق چوو، کۆپتەرەکە رووی لەچیای پیرانی نزیک مێرگە سۆربوو، بڕوامان کرد تازە تەواو هەر تەسلیممان دەکەنەوە. کۆپتەرەکە گەیشتە سەر ڕووباری حاجی بەگو دەشتی بەرازگر هیچ گومانمان نەماو بەڕاستی گەیشتینەوە ناو (خاکی ئیراق!). بەڵام لە پڕ کۆپتەرەکە رووی وەرگێڕایەوەو بەرەو چیای گۆڤەند کێل بووەو کاتێ گەیشتینە سەر چیا بەرزەکانی ئەو ناوچەیەو لەژێر پەڕۆ سپیەکەی سەرچاومان کەویە بەفری گەورە گەورەمان دەدیتن، زانیمان بەرەو باکورو بۆ ناو (خاکی دایکی تورک!)مان دەبەنو ئۆخەیەکمان هاتەوەبەر...نازانم چەندی خایاند تا گەیشتینە شارۆچکەی دێرینی شەمزینان، دایانبەزاندین، ئەفسەرو سەرباز چواردەوریان داینو یەکێک دەیگوت:

- ئەوانە پەکەکە (p.k.k)ن.
- ئەوی دی دەیگوت: ئەوانە تیرۆرستن..
- ئەوانە جەماعەتی تاڵەبانین..

لەبەر ئەوەیش ئێمە سێ کەسمان خەڵکی سۆران بوینو هەر لە سەرەتاوە ئەو گومانەیان خستبووە سەرمان کە رەنگە ئێمە یەکێتی بینو یەکێتیش بۆ تورکیا جیاوازییەکی ئەوتۆی لەگەڵ پەکەکەدا نەبوو.. لەوێ زۆریان تێهەڵدایـنو لەو کەینەو بەینەدا لەپڕ پۆلیسێک سەری هێنایە بن گوێمو گوتی:

- تە برچی؟

نەم زانی برچی چییەو وەڵامم دایەوە:

- نە..ئەم پارتین.

پرسیارەکەی دووبارە کردەوەو هەر تێنەگەیشتم. پارچە نانێکی خستەناو دەممو گوتی:





- دبێژم تە نان دڤێت؟
- بەڵێ، ئەز برچیم..

تازە تێگەیشتم مەبەستی برسێتییە، پۆلیس ئێمەی وەرگرتو بردیانین بۆ مەڵبەندی پۆلیسو لەوێ چاویان کردینەوە، سەرەتا هیچ رووناکایی دنیامان نەدەدی، بەڵام وردە وردە بیناییان بۆ دەگەڕایەوە..پۆلیسەکان هەموویان کەتەو سوورو سپیو باڵا بەرز بوون، جلو بەرگیان بە قایشو قرۆشی رەنگاورەنگ رازابووەوەو، هێند خاوێنو پۆشتە بوون وامان زانی هەموویان ئەفسەری گەورە گەورەن، کەچی دوایی بۆمان دەرکەوت گەورەکەیان تەنیا سێ خەتی سەرشانی هەیە!..

لێکۆڵینەوە دەستی پێکرد، سەرەتا بەهەندێ پرسیاری رۆتینی، ئینجا چوونە ناوباسی مەبەست...

پۆلیسەکان بەچاوێکی جیا سەیری منیان کردو دەیانگوت:

- تۆ تیرۆرستی (p.k.k)ەی.

ئەو گومانەیان خستە سەر دۆسیەکەمو ئیدی لێرە بەدواوە بۆ هەر جێگایەک دەچووین تووشی سەر ئێشەیەکی زیاتر دەبووم و لە لێکۆڵینەوەدا ماندوویان دەکردم..ناسنامەیەکی زانکۆم لا گیرابوو، لایان سەیر بوو خوێندکارێکی زانکۆ بەقسەی ئەوان تیرۆریست بێو لەو شاخانە بسورێتەوە. دوای تەواوبوونی پرسیارو وەڵام بە قادرمەیەکی درێژو تەسکدا بردیانین بۆ ژێر زەمینێکی تاریکو شێدارو لەوێ چاوەڕوانی دەست پێکردنی ئەشکەنجە بەناوبانگەکەی تورکمان دەکردو دەمان گوت: ئەم سەعاتە یان سەعاتێکی تر بۆ ژووری ئازارو ئەشکەنجەمان دەبەن..ئەو ئازارو ئەشکەنجەیەی دوای کودێتا سەربازیەکەی ١٢ ی ئەیلولی (١٩٨٠) لەهەموو دنیادا دەنگی دابۆوەوەو برادەرەکەی خۆشم دی بوو لەوێ بە چ دەردێکیان بردبوو. تاریکایی شەو ژوورە تاریکەکەی هێندەیتر ئەنگوستە چاو کرد، شەو داهات..بەڵام چ شەوێک؟ هەر ئەوەندە

چاومان چوونەخەو، لەسەرمانو لەسەر زەویە ساردو شێدارەکە هەڵدەلەرزینو لەسەرمان هەستاینەوەو هاوارمان کرد:

- پەتوویەك، شتێکمان بدەنێ..

پۆلیسێك هات، لەجیاتی پەتوو یان لێفە تێر جوێنی کردینو ڕۆیشت..هەرچەندە کات تازە گەیشتبووە ناوەڕاستی حوزەیران، بەڵام شەمزینان هێشتا ساردو ژوورەکەش سارتر بوو..بەیانی دوو سەرباز خواردنیان بۆ هێناین خواردنەکە زۆرباش بوو، چونکە خواردنی هێزی کۆماندۆ بوو.. نیوەڕۆ هەمان سەربازەکان خواردنیان هێنایەوە، ئیدی تا لەوێ ماین هەر ڕۆژێك دوو ژەم یان سێ ژەمیان دەهێناو یەکێك لە سەربازەکان بە خووو ڕەوشتێکی جوان هەڵسوکەوتی لەگەڵمان دەکردو بەسۆزێکی مرۆڤـ پەروەرانە سەیری دەکردینو هاوسۆزی خۆی بۆ ئێمە دەردەبڕی..

بەیانی ڕۆژی چوارەم بە ئۆتۆمبێلێکی پۆلیس بەڕێ کەوتین، پۆلیسەکان تەنیا تورکییان دەزانی، بۆیە لە یەکتری تێنەدەگەیشتین.. لەسەر پشتی نامە ڕەسمییەکەی دەستی پۆلیسەکان نووسرابوو (HAKKARI) لەوەڕا زانیمان بەرەو هەکاریمان دەبەن.

دیمەنە جوانو دڵڕفێنەکانی نێوان شەمزینانو هەکاری زۆر سەرنج ڕاکێشو زوو وێنەیان لەدڵو مێشکدا چاپ دەبوون. لە هەموو دیمەنەکان جوانتر شاری (گەڤەڕ) بوو، شارەکە لەسەر ناوچەیەکی جوگرافی زۆر بەرزو دەشتێکی کاکی بەکاکی هەڵکەوتووەو هەر چوار لای دەشتەکە بەچیای سەرکەشو سەرسپی دەور دراوەو مرۆ لەهەر لایەکەوە بەرەو گەڤەڕ بچێت دەبێ پیایدا هەڵگەڕێ. بەکورتی شارەکە لەناوەڕاستی دەشتێکدایەو دەشتەکەش لەبەرزاییو لەناو بەرزایی چیاکاندایەو دەڵێن کاتی خۆی ئەم دەشتە ناوی (دەشتا پوشو پەلاشێ) بووەو تورکیش بە مەبەستی سڕینەوەی سیمای جوگرافیای





کوردستانو مێژووی کورد ناوی گەڤەڕی کردووە بە شاری (یوکسەك ئۆڤا) واتە دەشتی بڵند.

پێش نیوەڕۆ گەیشتینە هەکاری..هەکاریش هەرچەندە پارێزگایە، بەڵام شارێکی بچووكو پشت گوێ خرابوو..لەشوێنێکی بەرزو سەخت لەقەدپاڵی چیای بەرز بەرز هەڵکەوتووە. ناوی شارەکە خۆی جوڵەمێرگو ناوچەکەش هەکاری پێدەگوترێ، بەڵام تورکەکان ناوی شارەکەیان کردۆتە هەکاری.

لەبەردەم (ئەمنیەت) واتە ئاسایش دایانبەزاندین. بەڕێوەبەری ئەمنیەتەکە ناوی فاروق بوو، هات چەند پرسیارێکی کردو ئینجا ئێمەیان بردە بەندیخانەی ناوەندی هەکاریو لەبەردەم دەرگای زیندان ریزیان کردینو شەش پێشمەرگەی تریشیان هێنانو لەگەڵ ئێمەیان ڕاگرتن. چەند ژەنەڕاڵو ئەفسەری گەورەش هاتنو ژەنەڕاڵێك ئاماژەی بۆ من کردو چوومە بەردەمیو گوتی:

- ئێوە سەر بە چ حزبێکن؟

- ئێمە پارتین.

- ئەی ئەگەر پارتین بۆچی جەمەدانی سوورتان لەسەر نییە؟

- مەرج نییە هەموو پارتییەك جامانەی سووربێ، بەڵکو تەنیا بارزانییەکان جامانەیان سوورە.

- ئەی ئەوقوڵەڕەشە کێیە؟ (مەبەستی ئەبو مەحمود) بوو.

- ئەوە کوردێکی فەیلی خەڵکی بەغدایە.

- ئەوە پێشمەرگەیە نەك کورد!

- بەڵێ..

- ئەی بۆچی ڕەنگی وەك ڕەنگی ئێوە نییە؟

- چونکە ئەو لەناوچەی باشوور ژیاوەو خۆشتان دەزانن ئاووهەوا ڕەنگو ڕووی هەموو کەس دیاری دەکات.

گەڕامەوە ناو ڕیزەکەو لەو شەش کەسەی دیم پرسی:

- ئێوە کێن؟

- ئێمەش پارتین، لای کەتینە گیراین.

کەچی، لەڕاستیدا ئەوانیش پارتی نەبوونو (لائق، مەحمود، فاتیح، ئیبراهیم، مزەفەر، مەجید)ی پێشمەرگەی یەکێتی بوونو ئەوانیش وەکو ئێمە بۆ سەلامەتی گیانی خۆیان ئەو تۆمەتەیان بە خۆیان کردبوو. کامیرای تەلەفزیۆن هات وێنەمان بگرێو برادەرێکی یەکێتی کردی بەهاتو هاوارو نەیدەهێشت وێنەمان بگیرێ، بەلأم هاتو هاوارەکە سوودی نەبوو. ئینجا هەوڵماندا دەمو چاومان دەرنەچێو بەکڵاوو جامانەو دەستەکانمان دەمو چاومان لەزوومی کامیرا دەشاردەوە، بۆ ئەوەی ئەگەر فلیمەکەش دەستی ڕژێمی بەغدا بکەوێتەوە نەتوانێ بمان ناسێتەوە. ئەو کاتیش ڕژێمی بەغدا لەهەموو دنیا بەدوای بەرهەڵستکارو نەیارەکانیدا دەگەڕاو بۆ ڕژێمێکی وەها درندەش مەفرەزەیەکی پێشمەرگە نێچیرێکی بەبایەخو چەور بوو، دوای وێنە گرتن شەش پێشمەرگەکەی (یەکێتی)یان لەئێمە جیا کردنەوە. ئێمەشیان بەرەو ژێر زەمینی (ئەمنیەت مودورلغو) واتە بەڕێوەبەرایەتی ئاسایش راپێچ کردەوە. پۆلیسێك خەریکی کردنەوەی دەرگای زیندانەکە بوو، لەژوورێکی دی (هاوڕێ سوورە)مان دی، بۆ ئەوەی ئێمە قسە نەکەینو نهێنییەکەی ئاشکرا نەبێ هەر یەکسەر هاوڕێ سوورە گوتی:

- ئێمە پاسدارینو نزیکەی پانزە ڕۆژێکە لێرە گیراوین!.

تێگەیشتم سوورەش خۆی بەپاسدار نووسیوەو لەگەڵ ژمارەیەکی پاسداران لەهەمان ڕێگەی زێتی-گەلی ڕەش گیراوە.! ئەو کاتیش لەناوچە ڕزگار کراوەکانی بادینانو سۆران پاسدار بەرچاودەکەوتن.........................

سوورە دەیویست بچێ بۆ ئێرانو لەڕێگە دەبێتە هاوڕێی کۆمەڵێك پاسدارو پاسدارەکانیش بەو دەردەچووبوون.. سوورە زوو کادیرێکی یەکێتی بوو، بەلأم





دوای سەرهەڵدانی (ئالأی شۆڕش) ئەویش هەڵوێستی وەرگرتبوو، هەرچەندە لەناو ئالأی شۆڕشدا باڵی جیاجیاو بیروباوەڕی چەپو چەپی توندڕەوو ناوەڕاستو سەرەڕۆو....هەبوون، بەلأم سوورە بەیەکێك لەو بیرو باوەڕانەش دڵی ئاوی نەدەخواردەوەو تۆمەتی جۆراو جۆری دەدایە پاڵ هەر باڵێكو هەموو کەسێكو خۆی بەتێکۆشەرێکی مارکسی عەیار بیستو چوار دەزانیو لەمارکسیزمی شۆڕشگێڕو کۆمۆنیستی کرێکاریو خەباتی شۆڕشگێڕانەی پرۆلیتاریا، کەمتر قسەی نەدەکردو دەیگوت:

- پیاو هیچ نەکات باشترە لەوەی خۆی بە مارکسیزمی-لینینزمی باوەوە خەریك بکات!...

سوورە خەونی بەرێکخراوێکی مارکسی شۆڕشگێڕی یۆتۆپیو دنیایەکی کۆمۆنیستی یۆتۆپیایی دەبینی. لەگەڵ ئەوانەشدا سوورە ڕیشێکی درێژی بەردابۆوە وتەسبیحێکی درێژی بە دەستەوە بوو، ناوە ناوە (سبحان الله)و (لا اله الا الله)و نوێژیشی دەکرد. ئەو دەیگوت:

- من بۆیە سبحان الله دەڵێمو نوێژ دەکەم تا ئاشکرا نەبم پێشمەرگەی کوردستانی ئێراقم.

من پێم وابوو عیبادەتەکەی لە قەناعەتەوە بوو، بەلأم ئاشکرای نەدەکرد، چونکە سەردەمەکە ئەوەی دەخواست....

سوورە کوڕە جوتیارێکی خەڵکی گوندی فەقیانی نزیك رواندز بوو، هێندە بەتوندی بەسەرەتا مارکسییەکانیەوە گرتبوو، سەری لە خۆی شێواندبوو..

سوورە ماوەیەك لەگوندی ئالانە بە کرێکاری ئەسپیندار دەبریو دەگوازیتەوە، دیارە زۆر شانازی بەوە دەکرد کە بەکرێی دەستی خۆی خۆی دەژینێو کرێکاری دەکاتو کرێکارییش ڕەوایی زیاتری پێدەدات تا بە نوێنەرایەتی کرێکاران خەبات بکاتو لەپێناوی ئامانجەکانیاندا تێبکۆشێو بەکردەوەش خۆی دەیبینی کرێکار چەند ماندوو دەبنو چۆن ڕەنج دەدەن تابژێوی

رۆژانەی خۆيان دابين دەكەن زێدەبايەكی زۆريش بۆ خاوەن كار كەڵەكە دەكەن...! رۆژێك سووره دارێكی لەسەر شان دەبێ‌و لەنيوەی رێگە لە سەر پردەكە سەيری سەعاتەكەی دەكات چواری ئێوارەی تەواوە، يەكسەر دارەكە فڕێ دەداتە ناو رووباری ئالانەو هەر بۆئەوەی ناڕەزايی خۆی بەرامبەر بە ستەمی سەرمايەداری نيشان بدات!. بەقسەی خۆی شۆڕشگێڕانە لەگەڵيانداا بجووڵێتەوە..!.

لەزيندان هەميشە بيرم لە سووره دەكردەوە: كوڕە جوتيارێكی گوندەيی خۆی بە پرۆليتارێكی كارخانە دادەناو دڵی بۆ دارو بەردی كوردستان لێدەداو كەچی دەيگوت:

- كرێكاران نيشتمانيان نييە...

گوايە ماركسييەتی ماترياليست بوو، كەچی سبحان اللهو نوێژی دەكرد...نازانم چۆن دەيتوانی ئەو هەموو خاڵە ناكۆكانە لەناخی خۆيدا كۆبكاتەوە؟. سووره ناسنامەيەكی ئالای شۆڕشی لە گيرفاندا گيرابوو، كۆميسێر لێی دەپرسێ:

- ئالای شۆڕش چييە؟

هەرچەندە بەهۆی تەرجومانيش هەوڵ دەدات ناتوانێ كۆميسێر حاڵی بكات..دەبينی ئالاكەی دەوڵەتی تورك لە قەد ديواری ژوورەكە نەخشاوەو يەكسەر بير لەوەدەكاتەوە بەهۆی هێماو ئەو ئالايە كۆميسێر تێبگەيەنێت‌و دەڵێ:

- ئالا...ئاماژە بۆ ئالا دەكات‌و شەپ..شەپ دەستی پێدا دەداو دەڵێ:

- شۆڕش..خۆی نەوی دەكات‌و تەتە تەتە تەت..بەدەنگ ڕووەو ئالا تەقە دەكات.

گوايە ئالای شۆڕشی تێدەگەيەنێ‌و لەو كردەوەيەوەيە كۆميسێر توڕە دەبێ‌و دەيداتە بەرشەق‌و پێلاقەو دەڵێ تۆ ئيهانەی (تورك بايرەقی) ئالای تورك دەكەيت...!





چەند ڕۆژێك لەگەڵ كاكە سوور لەنزيكی يەكتری بووين‌و ناوە ناوەش دەرفەتی ئەوەمان بۆ دەڕەخسا بەيەكەوە قسان بكەين.

ئەو ژوورەی سوورەی لێ بوو پڕ بوو لەخەڵك لەهەمان ژوور پۆليس پياوێكيان هێنايە ژوورەكەی ئێمەو لێمان پرسی:

- ناوت چييە؟

- يەحيا.

- خەڵكی كوێيت؟

- گوندی گارێی نزيكی شەمزينان.

- تۆيان بۆچی هێنايە لای ئێمە؟

- چونكە لەژوورەكەی خۆم شەڕێكم كرد لەسەر ئەوە گواستميانەوە.

- باشە، تۆ سۆرانی چۆن دەزانی؟

- من، ماوەيەكی زۆر لەهەولێر جاش بووم!.

هەركە چووينە سەر ئاو گيراوێكی ژوورەكەی دی پێی راگەياندين كە ئاگاداری خۆمان بين چونكە يەحيا جاسوسەو بۆ زانياری كۆكردنەوە ناردوويانەتە لای ئێمە.

يەحيا پياوێكی لەبلەبان‌و زيرەك بوو، زوو زوو بەبيانوی جيا جيا بانگ دەكرا، هەر جارێكی دەيان بردە دەرەوە لەژوورەكەی دی هاواريان دەكرد بڕوا بە يەحيا مەكەن. گيراوەكان دەيان گوت:

- يەحيا گيراو نييە، بەڵكو خەڵكی بە گرتنداوەو بۆئەوەيان هێناوە تا ئاشكرا نەبێ‌و گيانی سەلامەت بێ. ئێمەش هەوڵمان دەدا بە شێوەيەكی وا تێيبگەيەنين كە گێڕانەوەی قسەكانمان سوودی هەبێ نەك زيان.

رۆژی دووەم لە زيندانی (ئەمنيەت مودورلغوی) هەكاری يەكەم كەس منيان بانگ كردو بردميانە ژووری (كۆميسێر)و مەلايەكيان بۆ تەرجەمە هێنابوو..كۆميسێر ئيفادەی وەرگرتم‌و لەو كاتيشدا لە ژوورێكی تەنيشتمانەوە

تێکۆشەرێك ئازار دەدراو هاوارو ناڵینی دەگەیشتە بەری ئاسمان..ئەبو مەحمود لەدەرەوە لەجێگایەك راگیرابوو تا نۆرەی دێتو هەرکە ئیفادە وەرگرتنەکەی من تەواو بوو، چوومە دەرەوە، ئەبو مەحمود ئەگەر دیتمی گوتی:

- وەزعت چۆنە؟
- زۆر باشە..
- گرنگ نییە، دەبێ بەرگەی بگرین..
- دڵنیابە، هیچ نەبووە.

ئەو وایدەزانی لەبەر خاتری ئەو باسی لێدان ناکەمو هاوارو ناڵینی تێکۆشەرەکە بەهی من تێگەیشتبوو..ئیفادەی هەمووان وەرگیراو رۆژی دواتر جارێکی دی یەکەم کەس منیان بانگ کردەوە. لەبەر جامێکی ڕەش رایانگرتم، دیاربوو لەو دیو جامە ڕەشەکە جاسوسێك سەیری دەکردو دەست نیشانی دەکردمو دەیناساندم. لەدواییدا زانیمانەوە ئەو جاسوسە پیاوێکی بارزانی (سیسۆ) ناو بوو، هەر بۆ ئەو مەبەستەش بانگیان کردبوو. بردمیانە ژوورێکی دی کە پۆلیسێکی باڵا بەرزی قژ ڕەش چاوەڕوانی دەکردینو بە کرمانجی بە گەرمی بەخێرهاتنی کردمو گوتی:

- ئەز ب کرمانجی خەبەر دەدەمو ئەز کرمانجم.
- باشە سوپاس.
- سوپاس چییە؟
- سوپاس واتە مەمنون، پانکییو.
- دەمەکی ئەزیژی سوپاس.

پۆلیسەکە ناوی ئۆزدەمیرو خەڵکی ئەرزەڕووم بوو. زۆری خۆبەمیهرەبان نیشان دەداو هەستم دەکرد بەچاوی سۆزەوە تەماشام دەکات، بەڵام بڕواشم پێی نەدەکرد. سەرەڕای پرسو وەڵامی پێویست قسەی زۆریشمان





کرد..وەختێك لەپەنجەرەی ژوورەکە سەیری چیا بەیرزەکەی بەرامبەرم دەکردو کەوتمە ئەندێشەو بیرکردنەوە، ئاگادار نەبووم ئەویش سەرنجی منی داوەو بیر لەو رامانەی من دەکاتەوەو منیش لەدیمەنی چیاکە هێندە بەناخی بیرەوەرییەکانمدا رۆچووبووم هەر ئاگام لای خۆم نەمابوو!. لەپڕ ئۆزدەمێر هۆشیاری کردمەوەو گوتی:

- تە چما هزرا دکەی؟.
- بیرم لەوە دەکردەوە چەند خۆش بوو ئێستا لەو چیایە بە ئازادی سوڕابامەوە!
- ڤیا چیایێ (سومبلێ)یەو نها تیروریست لور هەنە...
- لێ ئەم تیروریستن
- ئەرێ ئەز ئاپۆچیا دبێژم.

هەرچەندە ئۆزدەمیر پۆلیس بوو، بەڵام هەڵسو کەوتی دیار بوو (کوردبوونی) خۆی لەمێشکدا نەسڕابۆوەو دڵخۆشی دەدامەوە کە ئازاد دەکرێینو ڕۆژانەش لەژوورە بچووکەکە سەردانی دەکردینو دڵنیای دەکردینەوە کە زوو ئازاد دەبین..

تا دەهات لەبرسان وەزعمان خراپتر دەبوو، ڕۆژی وا هەبوو یەك ژەمو ڕۆژی وا هەبوو دوو ژەمو ڕۆژی واش هەبوو هیچ خواردنیان نەدەداینێ. لەناو خۆماندا بڕیارماندا بەیەکجاری مان لە خواردن بگرین. یەکەم ژەم خواردنمان بۆ هات حەمید وەری گرت..هەرچەندە حەمید لەسەر مانگرتن لەهەمووومان گەرمترو سوورتربوو، ئێمەش گوتمان:

- نابێ خواردنەکە وەربگرین، چونکە بڕیاری مانگرتنمان داوە.
- وەری دەگرین، بەڵام نایخۆین!.

بەم شێوەیە حەمید وەڵامی دەداینەوە..حەمید خووی وابوو هەندێ جار بە كەللە رەقیو لاملی كارێكی دەكرد خۆشی دەیزانی هەڵەیە. بەڵام هەر سوور دەبوو لەسەری، كێشەیەكمان بۆ دروست بوو دەمانگوت:

- ئایا ئامانج لە مانگرتن چییە؟

- مردن بەبێدەنگی، یان چاك بوونی باری ژیان..؟..

حەمید ئەو مەسەلەیەی لێ تێكەڵ ببوو، لەئامانجو ئاكامی مانگرتن (بەشێوەیەكی گشتی) نەگەیشتبوو. پۆلیسمان ئاگادار كردەوە كە نان ناخۆینو مان دەگرین...ڕۆژی مانگرتن كۆمیسێر، بەقسەی خۆیان (قۆمیسێر) هات گفتیدا هەم خواردنمان چاك بكەنو هەم زووش ئازادمان بكەن، ڕۆژوەكەمان شكاندو خواردنەكەش هیچ گۆڕانێكی ئەوتۆی بەسەردا نەهات، بەڵام لەنزیك بوونەوەی كاتی ئازادكردنمان بەتەواوی دڵنیا كراینەوە.

بەیانی ڕۆژی ١/٧/ پەنجە مۆریان پێ كردینو ئۆزدەمیر گوتی:

- ئەمڕۆ بۆ شەمزینان بەڕێ دەكرێنەوە، لەوێش ئازاد دەكرێن...

ئای لەو خەبەرە خۆشە؟

لەقاتی دووەمی ئەمنیەت (مۆدورلغو)دا دەستەكانیان كەلەپچە كردینەوەو ئێمەش پێمان گوتن:

- ئەگەر ئازادمان دەكەن بۆچی دەستەكانمان كەلەپچە دەكەنەوە؟

- چونكە ئێرە دائیرەی ئەمنەو تا دەشگەنەوە شوێنی خۆتان دەبێ هەر بەزیندانی لە گەڵتان بجووڵێینەوە..

سواری پاسێكی بچووك بووین، پێنج پۆلیسمان لەگەڵدا سوار بوون، یەكێك لە پۆلیسەكان عارەب بوو، لەرێگا بە عارەبی دەیگوت:

- ئەمڕۆ تا ئێوارە دەگەنەوە لای هەڤاڵانتان..

لەسێ ڕیانی هەكاری-وان-گەڤەر ئۆتۆمبێلەكە ڕووی كردە لای گەڤەڕ..بەو ئاراستەیە لە ئازادبوونمان دڵنیاتر بووینەوە..لەڕێگا كەلەپچەی دەستیان





كردینەوە..بەرەو ئازادی دەگەڕاینەوە دەنا لەو ڕێگە دوورو درێژو سەختو پڕ لەدۆڵو چەمو شاخو لێڕەوارەدا بۆ چەند پێشمەرگەیەك كە بیانەوێ لەدەستی مردن هەڵێن شوێنی لەبارو گونجاو زۆربوو..بەچاوی پێشمەرگانیش سەیری دنیامان دەكرد..بەڵام، هەر كە بیرمان لەگەڕانەوە دەكردەوە نەخشەی لەو جۆرە لەمێشكماندا دەسڕایەوە....

كاتی نیوەڕۆ گەیشتینە شاری گەڤەڕ..پۆلیسەكان هەم برسیو هەم چاو برسیو چڵێس بوون، گوتیان:

- چۆنە نانی نیوەڕۆ لە یوكسەك ئۆڤا بخۆین؟.

- زۆر باشە، بەڵام ئێمە هیچ پارەمان پێ نییەو ئێوە نۆشی گیانتان بێ...

- با، بڕێك پارەی ئێوەمان لایە، ئەگەر پێتان باشبێ نانی نیوەڕۆی پێ دەكڕین...؟.

- زۆر باشە...

دیارە ئێمە نەك هەر قایل بووین، بگرە خۆشحاڵیش بووین، چونكە هەم لەناو شارەكە پشوویەكمان دەداو هەم دوای ئەو هەموو ئەركو برسێتییە نانێكی باشمان دەخواردو لەمێژیش بوو لەهیچ چێشتخانەیەكدا خواردنی گەرمو چەورمان نەخواردبوو...دیارە ئەوكاتەی گیراین هەموو چەكو كەلو پەلو پارەكانمان لە قەرەقول تەسلیم كرد..بین باشی بۆ نیشاندانی دەست پاكی خۆی كەمێك لەپارەكەی بە فایلەكەمانەوە ڕەوانكردبوو.. بەشە زۆرەكەشی بۆ خۆی گێڕابووەوە، تا ئەوكاتەی پۆلیسەكان باسیان نەكرد نەمان دەزانی پارەوشتەكانمان چیان بەسەر هاتووە.. لەناوەڕاستی گەڤەڕ ڕووومان كردە چێشتخانەیەكی خۆشو جوان..كە لەسەر مێزو كورسی دانیشتین بۆ ئێمە هەر لە خەون دەچوو، هێندەمان پێخۆش بوو دڵ بڕوای نەدەهات.. خەڵكەكە هەمووی بەچاوی سەیرو سەرسوڕمان سەیریان دەكردین..بەجلو بەرگمانەوە دیاربوو پێشمەرگەی كوردستانی باشورینو لەسەروسیماشمانەوە دیلیو

روخساری زیندان دەبینرا..تا خواردن هات چوومە سەر دەستشۆر.. لەگەڕانەوەمدا پۆلیسێکم بینی بەدوامەوەیە..یەکسەر تاسامو لەدڵی خۆمدا دەمگوت:

ئەگەر وایە بۆ ئازادکردن دەمانگێڕنەوە بۆچی بەو وردیە چاودێریمان دەکەن...! نەخێر راست نییە، ئازادبوون نییەو خوا دەزانێ بەرەو کوێ دەبردرێین...بە نیگەرانیەکی زۆرەوە بیرم لەو تراژیدیایە دەکردەوە... لەو کەینو بەینەدا کوڕە لاوێك لێم نزیك کەوتەوە گوتی:

- سەیدا هوین ئاپۆچین، ئان پێشمەرگەنە؟

- ئەم پێشمەرگەینە..

- تەلەفزیۆنێ تورکا هەوە نیشانداو گۆت: کو هوین (p.k.k)نو ب دەستێ هێزێن وان هاتن ئێخسیرکرنێ؟...

- نا، نەدرستە...

- ئاخ ئەڤ ترکانە چ ڤاس ڤڕا دکەن (چەند درۆ دەکەن)...!..

ئەم گفتوگۆیە زۆر سەرپێیی بوو، بەڵام بیرم دەکردەوە ئاخۆ بۆچی ئێمەیان بە (p.k.k) پیشانی خەڵك داوە..؟. تۆ بڵێی جیاوازیمان پێ نەکەن، یاخود ئەوهەواڵەشیان وەك بەشێك لە هەواڵە درۆکانیانو فیشالی راگەیاندنو دیماگۆگیەتی ڕژێمی تورکیایە...؟.

لەلایەك بۆسەر دەست شۆریش چاوەدێری دەکرێینو لەلایەکی دیکە زانیم لە تەلەفزیون بە (p.k.k)یان لەقەڵەم داوین، بۆیە سەرو دڵم گیرانو تادوای نانخواردن دەنگم نەکرد، بەڵام دواتر بە برادەرانم گوت:

- بڕوا ناکەم ئێمە ئازاد بکرێین چونکە یەکەم...دووەم..سێیەم...ئەبوو مەحمود گوتی:

- ئەرێ تۆ بۆ هێندە رەش بینی، ئێمە چیمان کردووە تا ئازادمان نەکەن؟



لەودیو دەرگا داخراوەکانەوە

- ئێمە هیچمان نەکردووە، بەڵام ئەوان شت ئەکەنو خۆت ئەو ڕژێمە ناناسی..؟...

دوای پشودانێکی چاك بەڕێکەوتینەوەو ئەمجارە هەر لەشار دەرچووین دەستیان کەلەپچە کردینەوە!. یەکسەر زانیمان کە بۆ دوو مەبەست بەو شێوە لەگەڵماندا جوولابوونەوە، مەبەستی یەکەم: بۆئەوەی بەسەلامەتی بمانگەیەننە شوێنی دیاری کراو.

مەبەستی دووەم: بۆئەوەی لەسەر حسابی ئێمە خواردنێکی باش بخۆن..

تا دەهات کێرفی ئومێد شۆڕتر دەبووەوە.. دیسان، ئومێدی ئازاد بوون رووی لە کزی کردو تاریکایی زیندانو چارەنووسی نادیار رێگەی ناخۆشترو پڕ تاسەو کەندو کۆسپتر دەکرد..

گەیشتینە بەردەرکی دادگای شەمزینانو لەو کاتەدا ئەبو مەحمود قسەیەکی کرد، یەکێك لەو پۆلیسانەی کە لەماوەی ئەو رێگەیەدا بە نەرمی دەجولایەوە شەقێکی خێواندە گیانیو گوتی:

- بێ دەنگ بە سەگەڕەش!...

لەدادگا چووینە بەردەمی داواکاری گشتیو ئەویش ناردینیە لای دادوەر..دادوەریش ئیفادەی وەرگرتینو گوتی:

- ئێوە بەوەتاوانبار کراون کە سنوورتان بەزاندووەو هاتوونەتە ناو خاکی تورکیا. (چوونە ناو خاکی تورکیاش بەبێ پەساپۆرت لەیاسای دەوڵەتی تورکدا هێندە قورس نەبوو، بۆیە حاکم بڕیاری نزیکەی مانگێك بەندکردنی داین).

دادوەرەکە کچێکی خرپنی رەشتاڵەی بەڕەچەڵەك کورد بوو..دوای بڕینەوەی سزا گوتی:

- هیچ ئیعتڕازێکتان هەیە؟

- بەڵێ، ئێمە هیچ تاوانێکمان نەکردووە تائێوە سزامان بدەن.. سەربازەکانی ئێوە هاتوونەتە ناو خاکی ئێمەو شەڕیان بەئێمە فرۆشتووەو بۆئەوەی

کێشەیەك دروست نەکەین ئێمە خۆمان بەدەستەوەدا، کەچی، هێشتا ئێوە سزامان دەدەن..!

- بەپێی یاسای بەزاندنی سنوور بڕیارتان دەرحەق دراوە، هەمووی چەند ڕۆژێکی دیکەتان ماوەو تەواو دەبێ...

جارێکی تر تەسلیمی پۆلیسی شەمزینان کراینەوە. پۆلیسیش دەزیندانێیان کردینەوە..زیندانەکە لەرۆژهەڵاتی شارەکە بوو، ئەوەندەی قەڵایەکی سەربازی گەورەبوو، هەر کە چووینە ناویەوە سەرنجماندا ئەو زیندانە لەچاو ژمارەی دانیشتوانی ناوچەکە زۆر گەورەیە، بەڵام لەهەموو شارۆچکەکانی تورك بەتایبەت لە کوردستان زیندانی لەو جۆرەو گەورەتر هەن‌و هەموو زیندانەکانیش هەر لەسەردەمی سوڵتانە عوسمانییەکانەوە تاوەکو کەنعان ئیڤرن بەری زوڵم‌و دەستکەوتی دەستەڵاتی تورکیان بۆ خەڵکەکە دەردەخست.

ئەم جارەش ڕاپێچی قاوشێکی گەورەو چۆڵیان کردین. لەدیوی پشتەوەی قاوشەکە حەوشەیەکی بچووك هەبوو کە تەنیا ئاسمان‌و لووتکەیەکی بەرزی چیایەکی گەورەی لێ دیاربوو.. حەوشەکە بۆ خۆدانە بەر تیشکی هەتاوو وەرزش‌و هەڵمژینی هەوای سازگار گونجاو بوو. قاوشەکان پڕ بوون لە زیندانی، بەڵام جگە لە ئاپۆ کەس بۆی نەبوو لەئێمە نزیك بێتەوە..

- ئاپۆ لەناو چوارچێوەی دیوارەکانی زینداندا ئازاد بوو..ئاپۆ واتە مام کە خۆی پیرە مێردێکی ڕووخۆش‌و دەم بە خەندەو دنیا دیتە بوو، یا باشتر وایە بڵێم زیندان دیتە بوو. ئاپۆ زانیاری تەواوی لەسەر زۆربەی زیندانەکانی تورکیا هەبوو، چونکە ماوەی هەرە زۆری ژیانی خۆی لە زیندانەکاندا بەسەر بردبوو.. هەرچەندەی لەسیماو هەڵس‌و کەوتی ئاپۆ ورد دەبوومەوە سەرنجەکانی، ڕووی نائارامی بوونی چەندین نیشانەی پرسیار لەمێشکمدا نائارامیان کردبووم‌و گێنگلیان پێدەدام‌و نەشم دەویست هێندە زوو ڕووی





پرسیاری لێ بکەم، بەڵکو دانم بەخۆمدا گرت.. لەلایەکی دیکەشەوە تەنیایی ژیان‌و بەرتەنگی ژووری زیندان‌و نەبوونی هیچ کایەیەکی تری خۆ خەریك کردن هانیان دەدام هەندێ لە نهێنییەکانی ئاپۆی دڵ پڕ لەکەسەرو دابڕاو ئاشکرا بکەم، تا شەوی سێیەم بڕیارمداو لەدڵی خۆمدا دەمگوت:

- بەیانی وا لەئاپۆ دەکەم هەرچی بەسەری هاتووە لەنوکەوە بۆم بگێڕێتەوە.

هەر ئەوشەوە ڕووداوەکان سەرلەنوێ لە ئەندێشەمدا ئارامیان لێ هەڵگیرابوو، خەوم بەتەواوی زڕابوو... (ئەوە چ ڕووداوو کارەساتێکە لە ساتەکانی خەبات‌و قوربانیدا ڕووبەڕووی ئەو چارەنووسە نادیارە ببینەوە...) لە دەنگە دەنگی زیندانییەکان جارێکی تریش هەستاینەوەو شەوێکی تری ناو زیندانمان بەڕێ کردو گزنگی بەیانێکی تازەشی دا، منیش پلانی دواندنی ئاپۆم کردە تاقە خشتەی گرنگی بەرنامەی کاری ئەو ڕۆژە...

- ئاپۆ تۆ لەسەر چی گیراوی؟...

- مێر کوشتن!.

- چەند ساڵە گیراوی؟..

- ئەو چاخێ کو من کەتم زیندانێ ئەز خورت بووم‌و نهاژی ئەزی پیرم.

ئەو پرسیارانەم کۆنە برینەکانی ئاپۆی کولاندنەوە..ئاپۆ سەرو سیمای گۆڕاو بەئاخەوە باسی بۆ کردم کە پیاوێکی کوشتووەو لەسەر ئەوەی دوای چەند ساڵێك گیراوەو ماوەی ٢٠ ساڵ حوکم دراوە، دوای یازدە ساڵ لە زیندان ڕادەکات‌و دوای ئەوە دەگیرێتەوەو ئەمجارەش حوکمەکەی بەهۆی هەڵاتنی لە نوژەن بۆ نوێ دەکەنەوەو ئەمجارەشی دوای دوو ساڵ ڕا دەکاتەوەو هەم دیسان دەگیرێتەوە!. لەگەڵ ئەوەشدا ئاپۆ دەیگوت:-

- ئەمجارەش دەرفەتم دەسکەوێ ڕادەکەمەوە...

- باشە ئاپۆ مادام دەتزانی دەرباز نابی‌و دەگیرێیەوە بۆچی وات لە خۆت کرد؟.

- دەبێ وابكەم چونكە تورك هيچ حەقی ئەوەيان نييە بێن لەسەر (ئاخامە) ئێمە ڕاپێچی زيندانەكانيان بكەن.!

- ڕاستە ئاپۆ بەڵام،تۆ لەسەر پياو كوشتن گيراوی؟.

- ئا...وايە، بەڵام ئەو جۆرە كێشانە لەناو كورد بەردەوام ڕوو دەدەن‌و دەبێ ئێمە بەخۆشمان چارەسەريان بكەين نەك دوژمن دادگايی ئێمە بكات!.

هەروەها دەيگوت: باشە، تۆ دەزانی تورك هەموو ڕۆژێ دەيان كەس لە كورد دەكوژن‌و دەگرن، ئەدی بۆچی خۆيان زيندانی ناكەن؟... تورك زاڵمن.. گوندێن مە دشەوتينن.. خورتێن مە دەگرن، دكوژن... ئەم كورمانجين‌و چ قاس ئەم هەڤدو بكوژين هێنا ئەم هەر برايێ هەڤدوين‌و ئەم نەوەك توركا دين‌و ميللەت دوژمنين..

ئاپۆ ئەم قسانەی لەناخەوە دەكردو هەموو جارێكيش پەشيمانی خۆی لەو قەتلە دووپات دەكردەوە ئاپۆ كوردێكی هەند ڕەسەن‌و كورد پەروەر بوو تەنانەت بە ديتنی ئێمەی پێشمەرگە دڵی زۆر خۆش دەبوو... دەيگوت:

- پێشمەرگە خۆشتەڤيێ خودێن‌و لازمە ئەمژی لگورا جان فيدايێ‌و مێرخاسياوان حورمەتی وان بگرين‌و هاريكاری ب وان را بكەين...

دوای چوار ڕۆژ لە زيندانی ناوەنديی شەمزينان بەرە بەيانی ڕۆژی پێنجەم بەزەبری لولەی تفەنگ‌و هات‌و هاواری جاندەرمەكان لە خەوێكی زڕاو بۆ خەونێكی تراژيدی ڕاست كراينەوە...

- زوو زوو خۆتان ئامادە بكەن بۆ ديار بەكر..

- ديار بەكر، ديار بەكر..

بەبيستنی ناوی ديار بەكر تاسايين‌و هەموو گيانمان دەرزی ئاژەن كرا...، كاتی خۆی بەبيستنی ناوی شاری ديار بەكر دڵخۆش دەبووين‌و دەيان يادەوەری مێژووی خەباتی نەتەوەكەمان لەو شارە دەهاتەوە ياد. بەڵام بيستنی ئەمجارە





جياواز بوو... ئەمجارە قەسری نيهايەو نوگرەسەلمان‌و ئەبوغرێب‌و خۆمانمان دەهاتەوە ياد...

تائەو كاتە ئێمە بە ئومێدی ئازادبوون‌و گەڕانەوە بۆناو هەڤاڵان‌و سەنگەری پێشمەرگايەتی سات بەساتی شەوو ڕۆژمان دەژمارد. كەچی، ئەمجارەش رايەڵی ئومێد كورتی هێناو لێرە بەهەواڵی سەفەر بۆ ديار بەكر هەموو شتێك ئاوەژوو بووەوە...دەستەكانيان كەلەپچە كردينەوە.. هەر لەدەرگای قاوشەكە تا ناو پاسە ئامادەكراوەكە جاندەرمە لەم بەرو ئەوبەری ڕێگەكە وەستابوون‌و دەتگوت ئێمە گەورەترين تاوانباری دەستگيركراوی سەردەمين‌و بەرەو دادگای تاوانە گەورەكانمان دەبەن!. جگە لە ئێمە نزيكەی سی كەسی تريان ئاخنيە ناو پاسەكە. لەناو پاسەكە هەموو گيراوەكانيان يەك بەيەك لەيەكتری بەستەوە، جگە لە من‌و گولەر.. كە ئێمە لەتەنيشت يەكتری بووين. بەڵام هەريەكەو بە جيا هەر دوو دەستيان كەلەپچە كردين‌و بەزنجيرێكی درێژيش لەم سەر بۆ ئەو سەری پاسەكە هەموومانيان لێك بەستينەوە. ئۆتۆمبێلێكی پڕ لەسەرباز كەوتە پێش‌و يەكێكی ديش كەوتە دوامانەوەو بەڕێ كەوتين.. ئەمجارەش بەرێگای شەمزينان- هەكاريدا كەوتينەڕێ. گيراوەكانيش لەوەزعێكی دەروونی نالەباردا بوون‌و زۆربەيان بەهاواری خواو دوعاو پاڕانەوە دڵی خۆيان دەدايەوەو هێندە بێ ئومێد بوون ناوە ناوە يەكێك دەيگوت: تازە تەواو... يەكێكی دی دەيگوت: ئەوەی بچێتە ديار بەكر ناگەڕێتەوە.. ديار بەكر چوونی هەيە گەڕانەوەی نييە...

گولەری تەنيشتم لێی پرسيم:

- ئێوە چين‌و لەسەر چی گيراون؟

- ئێمە پێشمەرگەی پارتين‌و لەسەر سنوور گيراوين!

- نەخێر ئێوە پارتی نين.

- بۆچی ئەم قسەيە دەكەی؟

- ئاخر من پێشمەرگەی (p.k.k) بووم‌و پێشمەرگەی حزبەکانی تر باش دەناسم...
- باشە، تۆ چۆن گیرای؟
- ئەگەر ئێوە پارتین ئێوە منتان دەستگیر کردو تەسلیمی تورکیاتان کردمەوە.
- ئێمە بۆ؟
- پارتی وەکو پیشەی خۆی لەنزیك گوندی زێتێی سەر سنوور دەسگیری کردم‌و تەحویلی تورکیای کردمەوە.
- بەداخەوە.

بەم شێوەیە لەگەڵ گولەر دەدوام‌و، بەڕاستیش قسەکانی گولەر لە ناخەوە دەیانهەژاندم‌و کاریان تێدەکردم.. چونکە ئێمە دەمانگوت پارتین‌و ئەویش بەدەستی پارتی تەسلیم کرابووەوە. هەردوکیشمان لەسەر یەك کورسی‌و بەدەستی کەلەپچە کراوەوە بەرەو چارەنووسێکی نادیار دەبراین. باری دەروونیم خراپ بوو. لەلایەك نەدەکرا ڕاستییەکانی بۆ ئاشکرا بکەم‌و لەلایەکی دیش نەدەکرا تا سەر هەر نیگەران بم‌و ئەویش بەهەڵەمان تێبگا.. هەر چۆنێ بوو دڵم دەدایەوەو بەشێوەیەك لە شێوەکان تێم گەیاند کە ئێمە پارتی نین. بەڵام بێ ئەوەی بەڵگەیەك لەم بارەوە بە دەستەوە بدەم. هەر چەندە لە شەمزینان دوورتر دەکەوتینەوە شتی زیاترمان لەسەر گیراوەکانی دی بۆ ڕوون دەبووەوەو زانیمان جگە لە لە گولەر ئەوانەی دی هەمووی جوتیاری هەژاری گوندەکانی دەوروبەری شەمزینانن‌و بەتۆمەتی هاوکاری کردنی پەکەکەو نان دانیان گیرابوون. گیراوەکان هەر لە تەمەنی بیست ساڵییەوە تا حەفتاساڵەشیان تێدابوو. لەرێگە ناوی چیاو دۆڵ‌و گوندەکانم لە گولەر دەپرسی‌و ئەویش ئەوەی دەیزانی پێی دەگوتم‌و ئەوەیشی نەیدەزانی لەجیاتی وەڵام بەشان‌و مل هێمای بۆ دەکردم.





گەیشتینە شارۆچکەی باشقەلاو ئۆتۆمۆبیلەکان وەستان..ئەفسەرێك هات بە سەربازەکانی گوت:
- کێ دەیەوێ بچێتە سەر ئاو یەك یەك بیان بەن.

چەند کەسێك چوون‌و بێ کێشە پێویستییەکانی خۆیان جێبەجێ کردو گەڕانەوە. نۆرەی ئەبو مەحمودو ئەبو نادیە هات کە هەردووکیان بەیەکەوە بەسترابوونەوەو بێ ئەوەی لەیەکتریان بکەنەوە بردیانن بۆ سەر پێشاو. لەبەد بەختیش ئەو ڕۆژە ئەبو مەحمود تووشی نەخۆشی سکچوون بوو بوو. تەوالێتەکەش زۆر بچووك بوو، جێگەی دانیشتنی هەردوو ئەبوەکە نەدەبووەوە لە یەکتریشیان نەدەکردنەوە. ئەگەر یەك بە پێوە دەبوو ئەوەی دیش دادەنیشتەوە نەدەگونجا، ناچار ئەبو مەحمود هەر تۆزێك خۆی کوڕ کردەوەو فیڕاندی.. سەرەڕای دیواری تەوالێتەکە جل‌و بەرگی خۆشی هەندێك پیس کردو ئیدی ئەبو مەحمود بۆنێکی پیسیشی هاتە سەر.

دوای نزیکەی نیو سەعات ئۆتۆمبێلەکان بەرەو شاری وان کەوتنەوە ڕێ.. لەو ڕێگەیەدا ئەوەی زۆر سەرنجی ڕاکێشام قەڵای دێرینی شارۆچکەی خۆشابا بوو. قەڵایەکی سەخت لەسەر بەرزاییەکی قیت مێژووی دەیان سەربردەو سەرکەوتن‌و ژێرکەوتنی کوردانی دەگێڕایەوەو ئەو دەمیش بەناچاری‌و خەفەتباری تا دەرفەتی مێژوویی‌و رەخسانەوەی هەڵکەوتێکی هەستانەوە ملی خۆی بۆ ئاڵایەکی تورکە داگیرکەرەکان دانواند بوو....

لەرێگەدا بینیم پیرە مێردێك بەناوی (حاجی بەنگین)ەوە لەپێشی من دانیشتووەو لەپەنجەرەی ترۆمبێل بەچاوە کزەکانی بۆ داهاتووی پڕ لەنەهامەتی رامابوو... هەرچەند تێی دەفکریم ئازارو نەهامەتی‌و گیانی بەرگریم لەسیمای پیری بەدی دەکرد. پیرەمێردێك لەو تەمەنەدا لەم زیندان بۆ ئەو زیندان بیهێنن‌و بیبەن هەڵبەتە بێ هۆ نییە..

دوایی زانیم حاجی بەنگین خەڵکی شەمزینانەو تەمەنی (٧٠-٧٣) ساڵەو زیندانەکانی تر ئاسا دەستێکی کەلەپچەو زنجیر کرابوو..دیمەنی ئەو پیرە مێردە سەرنجی هەموو کەسێکی ڕادەکێشا، ئەو تەمەنەو زیندانو دەستی کەلەپچە کراوو زنجیر کراو کوجا مەرحەبا!..

مام حاجی بە پەرۆشەوە لەگەڵ من کەوتە قسانو گفتوگۆمان گەرم کرد...

- مام حاجی تۆ بەم تەمەنە لەسەر چی گیراوی؟

- قوربان ڕاستە پیرم، بەڵام کاتی خۆی چوومە سەر جێگەی دایکی ئەتاتورکو لەو دەمییەوە تورك بە دوامەوەنو تا ئێستا نەکەوتوومەتە داویانو ئێستاش ئەوانە دەیانەوێ تۆڵەی خوێنو ناموسی دایکیان بکەنەوە... ئەو قسانەی لەناخەوەو بە حەماسەتەوە دەکردن.. پیاوێك لە تەنیشتی بوو پێی گوتم:

- سەرسام مەبە حاجی بەنگین لەبەردەم داواکاری گشتیش ئەو ئیفادەیەی داو داواکار پێی دەگوت:

- هەی چیایی، زۆر پیری دەنا لەسەر ئەو قسانەت گوللەبارانمان دەکردی. مام حاجی لەوەلامدا دەڵێت:

- ئەگەر ئەو چاکەیەم لەگەڵدا بکەن سوپاستان دەکەم، چونکە بەختەوەر دەبم لەدوا تەمەنمدا لەپێناوی گەلەکەمدا شەهید بکرێم.

مام بەنگین پیاوێکی سادەو نیشتمان پەروەرو دنیا دیتە بوو..لە کۆماری مەهاباد پێشمەرگە بوو.. هەر کە وتم ناوم ئاراسە چاوی پڕ لە فرمێسك بوونو گوتی:

دوای ڕووخانی کۆماری مەهاباد من لەگەڵ بارزانییەکان چووم لەسەر ڕووباری ئاراس بەتەتەری گەڕامەوەو ئێستاش کە دەبینم تۆ ناوت ئاراسە ئەو ڕۆژەو ڕووباری ئاراسم هاتەوە یاد........

نیوەڕۆ بوو، لە دوورەوە شاری وان بەدەرکەوت، لەدووڕیانێك شارەکەمان لەنێوانی دەریاو لوتکە چیایی بەرز بەرزو دڵڕفێن دەدیو دیمەنەکان هێندە





جوان بوون بەخەتێكو چەند خەتێکی نووسین وەسفیان تەواو نابێ. ڕێگایەك بەرەو ناو شاری وانو ڕێگایەکیش بەرەو دیار بەکر دەچوو... ئێمە بەڕێگەی دووەمدا دەچووینو تا دەشهات لەدەریا شینە زەنگوڵیەکەی وان نزیکتر دەبووینەوەو وانیش باشتر بەدەر دەکەوت..گەیشتینە شارۆچکەی تاتوان.. ئەوشارەش تا بڵێی جوانو پڕ باخو ڕەزی ئاوی زۆر بوو.. لەنێوانی بەرزایی سەوزو دەریای شین بەرامبەر بەوان دەڵێی یەك شار بوونو لەئاوێنەی دەریادا چاو بازیان لەگەڵ یەکتریدا دەکرد.

لەڕۆخی جادەو کەناری دەریا ئۆتۆمبێلەکان لایانداو وەستان.. فەرماندەی کاروانەکە هاتو گوتی:

- لێرە پشویەك دەدەینو نانی نیوەڕۆ دەخۆین ئینجا دەڕۆین.

ئەو کات بیرم لەو پشودانە دەکردەوە.. ئەو پشودانە بۆ ئێمەی ماندووی دەست بە زنجیرو دیلی دەستی تورکان لەو هاوینە هەوارە خۆشو دڵڕفێنە چ جۆرە پشودانێکە!...

دەستەکانمان نەکرانەوەو لەترومبێل دانەبەزێنرایینو ئەفسەرو سەربازەکان بەدوای بەزمو نەوسی خۆیاندا چوونو ئێمەش ئەبڵەقو بێ جووڵە سەیری دەورو بەرێکی پڕ لە جووڵەو ژاوەژاومان دەکردو.. هیچی دی...

ئای لەو ساتە کاریگەرانە...لەیەك کاتدا هەستم بەدوو تەوژمی پێچەوانە..بە دوو جەمسەری دژ.. بەدوو جیهانی جیاواز دەکردو دڵم لە نێوانی ژیانو مردندا ترپەی دەهاتو چاوەکانم لەدیتنی ئەو دیمەنە جوانانەو پێویستەکانی ژیانو کەلەبچەو زنجیرو ئەسیری خۆمان خەریك بوو کوێرابیان دابێ... هیلاكو برسی بووینو خواردنی خۆش خۆشیش بۆنیان ڕۆژە ڕێیەك دەڕۆیشت...بەڵام نان چۆن دەخورێت؟ هەتا ئەگەر بشخورێت چەندمان پارە هەیە تا نانی پێ بخۆین؟.. هەر چۆنێ بوو وەك دیلەکانی تر نانو بیبسیەکمان خوارد.

ئەو توركانەى بۆ گەشتو گوزار لەوێ بوون دەستە دەستە دەهاتنە سەيركردنمانو سەربازەكانيش دەيانگوت:

- ئەوانە هەمووى تيرۆريستنو ئێمە بەديلمان گرتوون.

ئەوانيش دڵخۆش دەبوونو پێدەكەنينو سەريان لە پاڵەوانێتى سوپاى ئەتاتورك سوڕدەما!...

شاگردێكى چێشتخانەكە هەركەزانى ئێمە پێشمەرگەين زۆر بە ميهرەبانى خۆى پيشانداو وێڕاى ئەوەى هيچى لەدەست نەدەهات، بەڵام بەو سۆزە كوردانەيەى دەرى دەبڕى گەورەترين هاوكارىو پشتيوانى لێ دەكردين.. زۆر نيگەران بوو، هەر جارەى بە فێڵێك دەهاتەوە ناو پاسەكەو تۆزێك لەگەڵمان دەدوا... سەربازەكان هەستيان پێ كردو ئاگاداريان كردەوە چيتر نەگەڕێتەوە ناو پاسەكە!. لەهەمان كاتدا پياوێكى رەقەڵەى رەشتاڵە لە نزيكى ئێمەو لەكەنارى ئاوەكە خەريكى گيا دروێنەبوو، ئەويش هەر كە (ئێمە واتە هەموو كوردە دەست بەزنجيرەى دى) دەستى لە كارەكەى هەڵگرتو زياتر لێمان نزيك كەوتەوە.. نيگەرانىو پەرۆشى لەدەمو چاويدا دەبارىو دياربوو نهێنييەكى هەبوو دەيويست بەئێمەى ڕابگەيەنێ ياخود نهێنى گيرانى ئێمە بزانێ... سەربازەكان ئاگاداريان كردەوە لێمان دوور كەوێتەوە.. بۆ ئێمە نيگەران بوو، بەڵام بێگومان يادێكى خۆشى هەستيان بريندار دەكردەوە. لەولاشەوە ئاسۆيەكى ساهى لەنێوان شينايى دەرياى وانو ديمەنى چيا بەرزەكان.. ئاسمانێكى بێ گەرد لەنێوانى تيشكە زێڕينەكانى خۆرو سەوزايى كەنارەكان يەك پارچە كەسكو سۆرى بەهارين دەنواند.

لەتاتوان ئاوا بووين، لەو پەڕى باكورى دەرياچەدا چيايەكى قوچەكى بەرز دياربوو. لە مام بەنگينم پرسى:

- ئەو چيا گەورەيەى باكورى دەرياچەى وان ناوى چييە؟

- ئەوە چيايێ سيپانێيە ئەز خۆلام.





يەكەم جار ناوى چياى سيپانم لەداستانى دڵدارى خەجو سيامەند بيستبوو، منداڵ بووم حەزم دەكرد گوێم لەلاوكى خەجو سيامەندى حەسەن سيساوەى ببێ كە هەموو جارێ دەيگوت:

با گوێى خۆم بەسەر چيايێ سيپانێدا بگرم
داخۆ سيامەندم مايە يانەنا؟
داخۆ دەنگى دێتن؟
ئينجا وەختى خەجێ گوێ خۆ دايێ.
هەر دەنگى سيامەندى وەكى كۆترۆكەكى بريندار دێ..
هەردەنارينى، هەرى عاسێيە بە پەلێ دارێ
هێهێ...هێ يێ.. هەرێ مارا بابێ من
هێ يێ...
وەى مارا بابێ من
خەجێ گازى دەكرد
وەى سيامەندێ من...

هەروەها دەيگوت:

بووكو زاوا وەتاتو شاخيدا چوونە خوارێ لەبنى كەوتنە بنى بەحرێ وانێ
دەكارو تەقديرو موقەدرێ خوداى بوو...
خەج مار وێران-بووە مێوەكى ترێى سپى لەناو لێوى بەحرێ وانێ، سيامەنديش بووە كاريتەكى ئەسپيندارێ
لەلێوێ بەحرێ وانێ
سيامەند بووە ئەسپيندارو سەرێ خۆى دەگەر
ناو قەدێ چيايێ سيپانێ بزركردن...
خەجێ لێ بووە ميوەكى ترێى سپى
خۆى لە ناو قەدا لێ گرێدا هەتا سەر كەدۆكەى لێ هێنانە زەفت كردنێ......

لەدۆڵێکی پڕ لەئاوو باخو دارستاندا گەیشتینە شاری بەتلیس.. ئەو شارە لەچاو مێژووی کۆنو پڕ شارستانییەتی خۆی زۆر لەدواوە بوو، هەرکەسە باسی شاری بەتلیسی لە سیاحەتنامەکەی ئەولیا چەلەبی خوێندبێتەوەو بینینێ دوای نزیکەی (٥٠٠) ساڵ ئەو شارە هێندەی لەپاشداوە، هەرگیز بڕوا ناکات کە ئەوە ئەو بەتلیسەیە کە ئەولیا بەیەکێك لەشارە گرنگو جوانەکانی ئەوروپای ئەو سەردەمەی چواندووە.. ئەو شارە لەسایەی (٥٠٠) ساڵەی دەستەڵاتی داگیرکەراندا لەپایتەختێکی گرنگی کوردستانەوە بۆتە شارۆچکەیەکی خاوەن مێژوویەکی دوورو درێژو بەردەوامو دواکەوتوو بەس.
لەرێگەدا هیلاكو ماندوو بووین، زۆرم خەو دەهاتو لە بۆرژانیش زیاتر نەدەنوستمو وەختێك لەهاتو هاواری خودایە...الله.. ئەی وەیسی قەرەنی شەریف..ی گیراوەکان راچڵەکیمو سەیرم کرد هەموویان رووەو گومبەزێك دەستیان راناوەو دوعای خێرو ئازادی دەکەن..پرسیم:

- ئەوە چییە؟...

گوتیان:

- ئەوە مەزاری وەیسی قەرەنییەو پیاوێکی هێندە پیرۆزە هەردەم بە هانای لێ قەوماوانەوە دێ.

گەیشتینە شارۆچکەی سلێڤاناو گوتیان:

- ئێرەش کۆنە شاری میافاریقنیە..

لەوێ لەو ئانو ساتەدا گۆرانی زەمبیل فرۆشم هاتەوەیاد..دەمێك بوو دەمویست باسێك لەسەر کاریگەری باوەڕ لە گۆرانیەکەدا بنووسم کە شوێنی بەسەرهاتی زەمبیل فرۆشو ڕوودانی گۆرانیەکە خودی ئەو شارە بوو..ورد بوونەوەشم لەناوەڕۆکی چیرۆکی گۆرانیەکەدا ورەی بەرز دەکردەوە، چونکە پەندی گرنگی گۆرانیەکە مەسەلەی باوەڕ بوو، ئێمەش وێڵو کوشتەی باوەڕێکی پیرۆز بووین.





لاوێکی خەڵکی ئەو شارە لەپێناوی بیروباوەڕەکەی لە بەرزاییەکدا خۆی هەڵدەدێرێو لەئاودا نوقم ئەبێ، بەڵام مل بۆ خۆشیەکی ژیان کەچ ناکات.
زەمبیل فرۆشێك تا بڵێی لاوێکی جوانو شۆخ ئەبێ لەو شارە لە پێناوی بژێوی ژیانی خۆیدا زەمبیلان دروست دەکاتو کۆڵان بەکۆڵان دەیانفرۆشێت...زەمبیل فرۆش هەر جارەی دەگاتە بەر دەرکی ماڵی میری شار، ژنی میر لە پەنجەرەی باڵەخانەکەیدا سەیری دەکاتو ئاگری عەشقێکی پڕ لەسووتان ناخی دەهەژێنێ، بۆیە هەر جارەی خاتونی شار گوێی لەدەنگی زەمبیل فرۆش دەبێ بانگی دەکاتو زەمبیلی لێ دەکڕێ. خاتوون هەوڵ دەدات پارەی زیاتری بداتێ بەڵام، زەمبیل فرۆش لەنرخی خۆی زیاتر وەرناگرێ.
ژنەی سووتاو هەوڵی زۆری لەدەڵ دەداو سوودی نابێتو نایەوێ بە خورتی بکەوێتە ناو بازنەی خۆشەویستیو سێکسی کەسێکی دی، سەرەڕای ئەوەی بەپارەو ماڵی دنیاو ئەو هەموو جوانیو دەستەڵاتی خۆی بۆی دەچێتە مەیدان..کەچی، ناتوانێت زەمبیل فرۆش دەستەمۆو دڵی رام بکات..رۆژێك خاتوون خۆی بۆ ناگیرێو ئەیەوێ بەزۆر ملی پێ بداتو بەو بەهەشتەی شاد بکات کە ئادەم بە هۆیەوە لێی دوورخرایەوە..پەلاماری لاوکێ زەمبیل فرۆش دەداتو ئەویش خۆی ڕادەپسکێنێو لەبەر دەستی رادەکاتو نایەوێ لەگەڵیدا رابوێرێ!.. بۆیە پێی دەڵێت:

- تۆ ژنیو من کوڕ، تۆ خاتوونی میافارقینێیو من گزیر..تۆ منت خۆش دەوێ، کەچی ناپاکی لەمێردەکەت دەکەی!...منو تۆ لەیەکدی دوورین..من پیاوێکی خاوەن باوەڕو خوا پەرستم: لێ لێ لێ خاتوونی بەژن دارا بەیبونێ...من کەسێکی تۆبەکارم لەترسی خوای گەورە نەکارم....

خاتوون دوای دەکەوێو لەم سەر بۆ ئەو سەری باڵەخانەکە بۆی دەستگیر ناکرێو ئینجا هاواری نۆکەران دەکاو ڕایان دەسپێرێ کە زەمبیل فرۆشی ناپاکی بۆ بگرن، چونکە هەوڵی داوە ناپاکی لەگەڵدا بکا!.. زەمبیل فرۆش لەم

کۆڵان بۆ ئەو کۆڵان هەڵدێو هەر کەلەسەر بەرزاییەك ئاوڕ دەداتەوەو دڵنیا دەبێت وازی لێ ناهێنن یەکسەر لە پێناوی باوەڕەکەیدا تەمەنی درێژ بۆ خاتوونی نازدار بەجێ دێڵێ...

بەم جۆرە زەمبیل فرۆش تاکو بۆ ئارەزووە خودەکانیشی نەیتوانی خۆی لە ڕاستی بیروباوەڕەکەی لابدات.

چیرۆکی ئەو گۆرانییە ڕاست یان ئەفسانەو هەڵبەستراو پەندێکی زۆر گرینگ نیشان دەدا:

ئەو لەپێناوی خۆشەویستییەکەی یەك لایەنە هەموو شتێکی دەکردو، ئەوەی دیکەش لەپێناوی هەستو نەستیو باوەڕیدا سەری نایەوە..پڕۆژەی نووسینەکە ئەرك‌و مەشەقەتی ڕێگەی لەبیربردمەوە، کاتێکیش گەیشتمە ئاکامی داستانە دڵدارییەکە چارەنووسی خۆم هێندە بەلاوە بێ بایەخ بوو، تەنانەت شانازی کردن بەو چارەنووسە تایمی دەروونمی گۆڕی. چونکە ئێمەش پێشمەرگەی بیروباوەڕ بووین‌و لەپێناوی کێشەیەکی زۆر گەورەو پیرۆز بەرەو ئەو سەرەنجامە دەچووین...

کاتێك گەیشتینە دیار بەکر تاریکایی شەو باڵی بەسەر ئاسۆی شاردا کێشابوو. لەپێش دەرگای زیندانی سیاسی دیار بەکر کە تێکۆشەرانی ئەوێ پێیان باشە پێی بگوترێ (زیندانی سەربازیی دیار بەکر) وەستاین‌و دوای ماوەیەك یەك بەیەکیان دابەزاندین‌و تەسلیمی بەڕێوەبەرایەتی زیندانەکە کراین.. لە پێشەوەی زیندانەکە چەندین ژووری بچووك بچووك هەبوون. ئەو ژوورانە وەك ژوورە تاکە کەسی (ئینفرادی) زیندانەکانی ڕژێمی بەغدا بوون، ژوورەکان دەرگایەکی ئاسنین، یەك کۆڵانگەی تەل بەندیان هەبوو. سەرەتا وامزانی هەر ژووری ئینفرادین، چونکە هەر یەکێکیان بردینە ژوورێك‌و دوای چارەگە سەعاتێك زیندانەوان هات‌و داوایان کرد هەموو جلەکانمان داکەنین‌و هەر شۆرتەکەمان لە پێ بهێڵینەوە ئەبو مەحمودی بەستەزمان ئەم جارەش





بەشێوەیەکی جیاواز هەڵس‌و کەوتیان لەگەڵدا کردو شۆرتەکەشیان پێ داکەند!.. ژوورەکانیش لە ڕاستیدا ژووری چاوپێکەوتنی زیندانیان‌و کەس‌و کارەکانیان بوون. دوای پشکنینی لەش‌و جلەکانمان بەڕێوەبەری زیندان بڕیاریدا ئێمە ببەنە قاوشی ژمارە (٢٥). لەو ماوەیەدا سەرنجمدا هەندێك لەو زیندانەوانانە بە کرمانجی قسە دەکەن. لەگەڵ یەکیان کەوتمە گفتوگۆو دوای ئەوەی هەندێ باسی زیندانی کرد لێم پرسی؟

- چەند لێرە دەبین؟

- زۆر کەم، چونکە ئێوە پێشمەرگەی ئێراقن‌و زوو دەچنەوە ناو کەس‌و کاری خۆتان...پێش ئێوەش زۆرجاری تر پێشمەرگە گیراون‌و پاش ماوەیەکی کەم تەسلیمی حکومەتی ئێراق کراونەتەوە!.

هەرچەندە ئەو قسانە بۆ ئێمە مایەی نیگەرانی بوو، بەلام ئەو لەنەشارەزایی بەو شێوەیە دڵی ئێمەی دەدایەوەو نەیدەزانی پێشمەرگە بدرێتەوە دەستی ڕژێمی سەدام چی بەسەردێ!....

دەرگایەکی ئاسنینی گەورە لەناوەڕاستی ساڵۆنی زیندانەکە کرایەوەو کۆمەڵێك قاردیان واتە زیندانەوان کەوتنە پێشمان‌و کۆمەڵێکیش کەوتنە دوامان‌و بەرەو قاوشی ژمارە (٢٥) ملی ڕێگەمان گرت..ساڵۆنی زیندانەکە هەمووی بە وێنەو دروشمی ئەتاتورك ڕازابۆوەو دەرو دیواری ساڵۆنەکە دەتگوت ساڵەی پێشانگای فیلمە سینەماییەکانە. دەیان جۆر وێنەی ئەتاتورکی پیا هەڵواسرابوو. قاردیانێك (گاردیان) پەنجەی بۆ وێنەیەکی ئەتاتورك درێژ کردو گوتی:

- ئەمە کێیە؟

- ئەمە ئەتاتورکە واتە مستەفا کەمال پاشا.

- دە مادام دەیناسی هەموو ئەوە ئەو هەموو دەردەی بەسەر گەلی ئێمەدا هێناوە.

ئێمە بڕوامان بەو قسانە نەکردو خۆمان لەگێلیداو پێمان وابوو دەیەوێ بنی زمانمان بزانێو قسەمان لێ دەربێنێ..چونکە ئێمە لە ڕوانگەی شارەزاییو ئەزموونی خۆمان لە زیندانەکانی ئێراق بیرمان لە بەد ناوی‌و ناوبانگ زڕاوی زیندانەکانی تورك دەکردەوە. لە دەرگای یەکەم، دووەم، سێیەم، چوارەم، پێنجەم، شەشەم، حەوتەمیش چووینە ژوورێو دەرگا ئاسنینە بەسامەکان یەك لەدوای یەکدا دەکرانەوەو دادەخرانەوە... زیندانی بوون لەدوای حەوت دەرگای پۆلاێین ئەو چیرۆك‌و داستانە ئەفسانەییانەیان دەهێنامەوە یاد کە دەڵێن: دێوەکانی پشتی چیای قافێ نێچیرەکانیان لەدوای حەوت دەرگای پۆلاێین بەند دەکردو حەوت شەوان‌و حەوت ڕۆژان تەنیا حەوت نان‌و حەوت پەرداخ ئاویان دەدانێو بەحەوت ساڵان حەوت سەعاتیان دەهێنانە دەرێو شەوو ڕۆژ حەوت جار دەژمێردرانەوەو بەسەر دەکرانەوە...! قاوشی ژمارە ( ٢٥) لە قاتی دووەمی زیندانەکە بوو.. کەچووین دیمان شەش زیندانی تر بەناوی (بەدرەدین ئاڵتون، نیزام، حەنەفی ئافگویك، سلێمان، دری، ئەحمەد) لەوێ بوون‌و هەرکە سەردەستەی گاردیانەکان گوتی: میوانی پێشمەرگەتان هاتن! خانە خۆییەکان بەو پەڕی گەرمییەوە پێشوازی‌و بەخێرهاتنیان کردین. دوای چەند خولەکێك قاردیانەکان قاشوی ژمارە (٢٥)یان بەجێهێشت‌و دەرگاکەیان گاڵەدایەوە.

قاوشی ژمارە (٢٥) ژوورێکی فراوان‌و پاك‌و بێ کەم‌و کوڕی بوو...ژوورەکە هەر لەخەون دەچوو، چونکە ئەوەی ئێمە لەمەڕ زیندانی دیاربەکرمان بیستبوو، ئەوەی ئێمە دامان نابوو ڕێك پێچەوانەی بوو... ژوورێکی روناك‌و سپی‌و پڕ لەئاوی ساردو، تەوالێتو، گەرماو، تەلەفزیونەکەی هی ئەوە نەبوون بڕوابکەین لەناو قەڵای زیندانی دیاربەکرداین!. خانەخوێکان بەچوونی ئێمە زۆر دڵخۆش بوون‌و هێندە بەخۆشحاڵی‌و گەرمییەوە لەپێشمان دەهاتن‌و دەچوون، شەرمەزار دەبووین. حەنەفی کەدەم ڕاستی هەڤاڵانی بوو، گوتی:





- بێگومان برسیتانەو ئێستا خواردنێکی سەر پێیتان دەدەینێ؟.

- بەڵێ برسیمان بوو، بەڵام بەدیداری ئێوە برسێتی‌و شتی تریشمان لەبیر چووەوە.

- دوای نانخواردنیش پاك پاك خۆتان بشۆن‌و لێی پاڵکەون‌و تا بەیانی بنوون.

هەرچەند زۆر زۆر هیلاك بووین بەڵام خەویشمان ڕەویەوەو پڕ بەدڵ ئارەزووی ئەوەمان دەکرد چەندی زووە لەجیهانی زیندانی دیاربەکر شارەزابین‌و تێی بگەین...

دوای هیلاکی بێئامانی ڕێگاو..سێ حەفتە دابڕان لە ژیانێکی ئاسایی‌و.. بەوەسوەسە بوونی پرسیارەکانمان، ئەم جارەش لێرە سەنگراینەوە..ئاخۆ دوا ڕێگای نادیاری چارەنوسمان بەرەو کام هەڵدێرو کام مەرگ هەنگاوی نەخوازراو دەنێت...؟ یەکێ بەگاڵتەوە تەسلیم کردنەوەمان پێ ڕاگەیاندین‌و یەکێکی تر بە نەشارەزایی‌و بۆ دڵنەوایی دڵنیامان دەکاتەوە زوو زوو بەرەو ئێراق بەڕێ دەکرێنەوە.. یەکێکی تر بۆ سوك کردنمان بەخۆ هەڵکێشانێکی دۆنکێشۆتانە بەتیرۆرستی لەقەڵەم دەداین...ئەمانە هەمووی تێشووی سەفەری ئەو زیندان‌و ئەم زیندان بوون.. مەرگ ساتێکی دیاریکراوی نەبوو، چونکە ئێمە ئەوەی بیرمان لێ نەدەکردەوە مەرگ‌و لەسێدارەدان بوو..چونکێ لە کانییێکی بیروباوەڕی هێند پۆلاێین ئاڵابووین، مەحاڵ بوو..هەڕەشە..زیندان بتوانێ تۆزقاڵێکی لێ وشك بکاتەوە..

تابڵێی یەك‌و دوو شوتییەکی خڕی دیاربەکرییان قاش قاش کردو لەگەڵ هەندێك پەنیری کوردیان دانایە سەر سفرەو گوتیان:

- کەرەم کەن.

چەندی بۆمان خورا خواردمان...بۆ ئەوان خزمەتکردنی چەند پێشمەرگەیەك جێی بەختەوەری بوو، لەلایەکی دیکەشەوە چوونمان، بۆ لای ئەوان ئاشکرابوونی چەندین نهێنی هزرو وەڵامی دەیان پرسیاری ئەوانمان

لادەست دەکەوت، چەند پێشمەرگەیەك لە كوردستانی باشوور لەو هەل‌و مەرجەو دوای چەندین ساڵ زیندانی بوونی ئەوان زەخیرەیەکی زۆرو دەسکەوتێکی چاوەڕوان نەکراویان بوو. بێگومان بەهۆی ئێمە لەهەموو هەواڵێکی کوردستانی باشوورو شۆڕش‌و کیمیابارانکردن‌و کارەساتی هەڵەبجە..شەڕی ئیراق-ئێران..ئەنفال..ئاگاداردەبوونەوە.. ناوی یەکتریمان زانی‌و دوای نان‌و پەنیرو شوتی خواردن حەنەفی گوتی:

- ئێوە ماندوون، پێمان باشە ئەمشەو پشوو بدەن‌و بەیانی‌و دوو بەیانی‌و دەبەیانی سەدبەیانی‌و هەزار بەیانی تر بەیەکەوە لەخەو هەڵدەستینەوەو یەکتری باش دەناسین‌و هەموو شتێکی ئێرەتان بۆ ڕوون دەکەینەوەو ئێوەش هەموو شتێکی لای خۆتانمان بۆ باس بکەن.. هەرچەندە ئومێد دەکەین بەزووترین کات لەیەکتری جیاببینەوەو ئێوە بگەڕێنەوە ناو کەس‌و کاری خۆتان‌و ناو هێزی پێشمەرگە....

- نەخێر، ئەوە سێ حەفتەیە گیراوین کەچی ئێستا وا دەزانین گەڕاوینەتەوە ناو هەڤالانی خۆمان...خۆشحاڵین کە بە دیداری ئێوە هەموو ئازارو نیگەرانیەکی زیندانمان لەبیرچۆتەوە...

- زۆر باشە هەرکەسە خەوی دێ بلا برازێ (با بنوێ)و شەڤا وی خۆش..

هەندێکیان چوونە ناو جێگاو نوستن‌و هەندێکیش تا شەودرەنگانێ دانیشتین..ئەوان زۆر تینووی دەنگ‌و باس بوون...زیندانیش خۆی پێویستی پرسیار کردن‌و بەدواداچوونی هەتا شتی بچووکیش دەسەپێنێ، نەخاسمە ئەوان دەمێك بوو لەو زیندانە چەندین هەلومەرجی ناخۆش‌و ناهەمواریان تێپەڕاندبوو.. هیچ ئومێدێکیشیان نەبوو، پرسیارێك لەمێشکی من‌و هەڤالانم زوو زوو دەووروژا، ئەویش ئەوەبوو کە ئەو زیندانە بەو جۆرە نەبوو کە ئێمە لەسەرمان خوێندبووەوە یان ناوبانگیمان، بیستبوو..بۆیە پێش هەر پرسیارێکی تر ئەو پرسیارەمان ڕووبەڕووی بەدرەدین‌و حەنەفی کردەوە...





- هەڤاڵێ ئاراس هێنە وە نها هاتنە ڤرا، ئەوێ وە بزانن کا حەپسا دیار بەکر ئەوەێیت کو هەوە ژسەر بهیستییە، ئان ژی یێ کو هەوە نها ب چاڤێ خۆ مێزەدکەن؟.

با بە سۆرانی درێژە بە وەڵامەکەیان بدەم‌و گوتیان:

- ئەو هەلومەرجەی ئێستا دەیبینن ئەوە نییە کە باسی کراوە، بەڵام هەل‌و مەرجی ناو زیندان بە زەبری خەبات‌و بەرخودانی خوێناوی گۆڕاوە، ئەگینا ئەم زیندانە دوای کودێتای ١٢ی ئیلولی ١٩٨٠ پیسترین‌و ناهەموارترین‌و بەدناوترین زیندانی دنیابوو.. ئەو ئازارو ئەشکەنجەیەی لەم زیندانەدا هەبوو بڕوا ناکەین لە زیندانێکی تری ئەم دنیایەدا هەبووبێ..کەچی ئێمەی زیندانی خۆمان ڕاگرت‌و بەرگەمان گرت‌و دژی هەموو ئازارو ستەمەکانیان وەستاینەوەو لە دەرەوەی زیندانیش فشاری خەڵك‌و دیموکراسی خوازان کاری خۆیان کرد تاهێواش هێواش هەل‌ومەرجەکە بەرەو باشی چوو تا ئەمڕۆ ــــ

ئەم قسانەو زیاتریش هی حەنەفی بوون‌و بەدرەدینیش هەڵیدایێ گوتی:

- بڕوا بکەن جاری واهەبوو دوو برا چەند ساڵێك لەدوو ژووری تەنیشت یەکتری دەبوون‌و کەسیان بەوەی تریان نەدەزانی‌و نموونەش فاروق‌و حوسنی ئاڵتونن کە ماوەی سێ ساڵ بە یەکتریان نەزانی... هەموو جۆرە ئازاردانێکی جەستەیی‌و دەروونی بۆ ماوەی چەند ساڵێك شەوو ڕۆژ بەردەوامبوو.. ئەفسەری زیندان سەگێکی هەبوو ناوی نابوو جۆنی هەر کاتێك ئەفسەرەکە جۆنی لەگەڵ خۆی دەبردە ژوورەکان دەبوو زیندانیان سڵاوی سەربازی بۆ جۆنی بکەن‌و بڵێن:

-گەورەم فەرماندە- هەرکەسێك ئەم فەرمانەی بەجێ نەهێنابایە، ئەوا دەبووە نێچیری جۆن‌و لەپێش چاوی ئەفسەر جۆنی هەموو گیانی زیندانیەکەی بریندار دەکرد!..

دەيان جار كەسانى نەفس نزميان دەهێنان دواى ئازاردانى زيندانيان ميزيان بەسەرو چاوى زيندانياندا دەكردو بەكورتى نازانين ئەو ژيانە چۆن دەگوزەرا.. بەلأم كاتێك برِيارماندا مان بگرين.. بەگژ جەلادەكاندا بچينەوە، دواى ئەوەى لەو پێناوەدا قوربانى زۆرماندا دوژمنمان ناچار كرد پاشەكشێ لەو هەموو رەفتارە نامرۆژانەيەى بكات..

هەر لەدرێژەى قسەكانياندا هەڤالأن بەم شێوەيە باسى زيندانى سياسىو ديارىەكريان بۆ ئەكردين: هەر لەسەردەمى سولتانە عوسمانيەكانەوە تاكو ئەمرۆ هەميشە ديارىەكر بێ زيندانى سياسى نەبووەو بەدرێژايى چەندين سەدە لە زيندانەكانى ديارىەكردا كورد بە تۆمەتى كوردبوونو نيشتيمان پەروەريان بەندكراونو لەسێدارە دراون. بەلأم ئەو زيندانەى ئێمە باسى دەكەين وەك بينا لەكۆتايى حەفتاكانەوە دەست بەدروسكردنى كراوەو لەسەرەتاى هەشتا تەواو كراوەو ناوى نراوە E.Tipi.Ceze evi واتە زيندانى شێوە پيتى E ئەگەر ناوەكەشى وشە بە وشە بكەينەوە كوردى دەبێتە( مالَى سزادانى شێوەE) لەزمان توركى بەهۆى كەم زاراوەو دەسەواژە جارى واهەيە يەك زاراوە بە پاشگرو پێشگرەوە بۆچەندين ماناو ناوى چەندين شت دەردەبرِێ بۆ نموونە مالَى كتێبان، يان مالَى سزا، مالَى......

زيندانى شێوە—E—درێژە پێدەرى زيندانى سەربازى سەيران تەپەى ناوبانگ زراوەو دواى كودێتاى ١٢ى ئەيلولى سالَى ١٩٨٠ دەسەلأتى سەربازى تورك هەزاران كەسيان راپێچى ئەو زيندانە كردو گيراوەكانيش بەشێوەيەكى هێندە هۆڤيانە ئازار دەدران تەنانەت ئەو ئازارو ئەشكەنجەيە مەگەر تەنيا لە سەربازگەكانى قەلأچۆكردنى جولەكە لە ئەلَمانياو (هيئە خاصە)ى كەركوكو ئەبوغرێب...دەرحەق بە مرۆڤايەتى كرابێ دەنا نەكراوەو نەديتراوەو نەبيستراوە...





ديار بەكر ناوەندى خەباتو بەرخۆدانى گەلى كوردستانو پايتەختى مەعنەوىو ناوەندى دەسەلأتى توركو دەسەلأتى بارى نائاسايىو برِيارە سەربازييەكانە. بەگوێرەى ئەو بايەخەش كە هەيەتى دەولَەتى داگيركەرى تورك زيندانێكى گەورەو دادگايەكى سەربازى بەناوى دادگاى ئاسايشى دەولَەت لێ دامەزراندووە..بۆيە ئەو زيندانە لە تۆمارەكانى مافى مرۆڤى جيهانىو رێكخراوى لێ بووردنى نێودەولَەتىو مێژووشدا بەيەكێك لە زيندانە رِەشەكانى دنيا ناوى دەمێنێتەوە. ئەو زيندانە بۆ ئەوە دروست كراوەو گرنگى پێدراوە تا بەپێى بەرنامەيەكى رِەگەز پەرستانەى توركە داگيركەرەكان وەك قەلأيەكى لەناو بردنى تێكۆشەرانو بزوتنەوەى رزگاريخوازى گەلى كوردستانو كوشتنى گيانى رزگاريخوازى بەكار بهێندرێ.

لەم زيندانەدا تێكۆشەران بەخۆرِاگرىو بەبيروباوەرِى پۆلأيينو مانگرتن لەخواردنو خواردنەوە هەميشە گيان بازانە بە گژ جەلادەكاندا چووينەتەوەو لەپێناوى مل كەچ نەكردن بۆستەمى داگيركەران رێگاى مردنمان گرتە بەرو لەسەريشى بەردەوام دەبين...لە سالَى (١٩٨٢)وە سەدان زيندانى تێكۆشەر مانيان لە خواردن گرتو سەرەرِاى زيادبوونى فشارى تورك بەلأم تێكۆشەران سوور بوونى خۆيان سەلماندو لەئاكامدا چەندين تێكۆشەرى وەك خەيرىو كەمال پيرو عاكفو عەلى چيچەكو نەجمەدين بيوكو فەرهادو دەيانى تر گيانىخۆيان كردە قوربانى هەلَوێستە شۆرِشگێرِو قارەمانەتيەكەيانو لە كۆتاييدا مليان بەدوژمنداو دوژمن بەناچارىو شەرمەزارى بە پير بەشێك لە داواكارييەكانمانەوە هات...شێوازى خەباتى مانگرتن لەناو زيندانەكانى توركياو بەتايبەت زيندانى ديار بەكر يەكێكە لەو شێوازانە كارى خۆى كردووەو لەوەتەى ئەو خەباتە سەرى هەلَداوە هەميشە پەرەى پێدراوە.. مانگرتنەكانيش هەميشە تەنيا لەپێناوى چاك كردنى بارى ژيانو رِەچاوكردنى مەرجەكانى مافى مرۆڤ بووە لەچوارچێوەى ديوارەكانى

زینداندا..مانگرتنەكان دوو جۆرن: مانگرتنی خۆبرسی كردن (رۆژیا یان، گرەوا برچی بونێ)و هەروەها، مانگرتنی مردن (رۆژیا یان، گرەوا مردنێ) واتە مانگرتن تا مردن. (ئەو مانگرتنە تا ئێستاش بەردەوامە) دەیان تێكۆشەر گفتی مردنی خۆیان گەیاندۆتە سەرو وەفاو گیانی فیداكاری خۆیان بۆ گەلو نیشتمانەكەیان سەلماندووە. بەم شێوەیە كاروانی خەبات لەپێناوی ژیاندا لەو زیندانەدا درێژەی پێدراوە....

دیارە لەدەرەوەی زیندانیش ڕۆڵەكانی گەلی كوردستانو هەتا دێموكراسی خوازەكانی غەیرە كوردیش بەپشتیوانیو پشتگیری خۆیان بۆ زیندانەكانیانو داوا رەواكانمان بایەخو گرنگیەكی زیاتریان بە مانگرتنەكان داوەو بەهۆی خۆپیشاندانو ڕێپێوانو نارەزایی دەربرین بەردەوام گیانی داگیركەران لە لەرزە بووە. هەندێ جار پڕۆتەستۆكردنی سیاسەتی تورك دەرحەق بە زیندانەكانیان گەیشتۆتە ئەو ڕادەیەی تێكۆشەرانی وەك لەیلا زاناو رەحمە شاهێن لە بەردەمی زیندانی دیار بەكر ئاگر بەردەنە گیانی خۆیانو هەوڵی خۆسووتاندن بدەن.

بەرخودان ژیانە...دروشمی سەرەكی زیندانەو بەبەرخۆدان هەمیشە گیانی خەباتو كوردایەتی لەجۆشو پەرەسەندن دایەو درشمەكەش مانایەكی دی بەژیانو خەبات بەخشیوەو لەسەر زەمینەی واقیعیش بە شێوەیەكی پراكتیكی تراژیدیایانە جێبەجێ كراوە. ئەو قەڵایە گەورەیەی ئەشكەنجەو قەلاچۆكردن لە ٤٠ قاوشی گەورە پێك هاتووەو جاری وا هەبووە ٤٠٠٠ چوارهەزار كوردی تیال ئاخنراوە. كەم نیشتمان پەروەرو دیموكراسی خوازو تێكۆشەری كورد هەیە ئەگەر بۆ یەك شەویش بووبێ ڕێی تێ نەكەوتبێ...بەلام لەگەڵ ئەوەشدا هەمیشە قەلای بەرخۆدانو خوێندنگەی شۆڕشگێری بەنیشانەیەكی خۆڕاگریو تێكۆشانی كوردان ماوەتەوەو دەمێنێتەوە...





بەم شێوەیە شەوی یەكەمی زیندانی دیار بەكرمان رۆژ كردەوە...
بەیانی یەكەم ڕۆژی زیندانی سیاسی دیار بەكر لەدەنگە دەنگی حەنەفی بەئاگا هاتینەوە:
- رابن...رابن...سایم...سایم...هژمار، هژمار، واتە هەستن ژماردنە.. چونكە هەموو بەیانیان زیندانەوانو كارمەندانی زیندانی سەرژمێری تەواوی زیندانەكانیان دەكردەوە. دوای ئەوەی هەستاینەوە. لەبەر دەرگای قاوشەكە بەریز وەستاینو زیندانەوانو كارمەندان هاتن..بیر..ئیكێ..ئوچ..دۆرت..بێش..ئونبیر..هادەی...گێچ میش ئولسن..قاردیانەكان (زیندانەوان) زۆر بەسەر سوڕماوی سەیری ئێمەیان دەكردو دیاربوو ئەوانەی كاریشیان نەبوو هەر تەنیا بۆ بینینی ئێمە هاتبوون..قاردیانێك ڕووی لە حەنەفی كردو گوتی:-
- ئەوانە ئەو تیرۆریستانەن كە لە T.V پیشان دران؟
- نەخێر ئەوانە پێشمەرگەنو تەلەفزیۆن درۆی كرد.
دوای ئەوە قاردیانەكان چوونە دەرەوەو دەرگا داخرایەوە..بەدرەدین لەبەر خۆی دەستی بەجوێن دان كردو ناموسی هەموو توركەكانی هێنایە سەردەستو دیاربوو بەو جوێنانە كوڵی دڵی خۆی لەبەرامبەر ستەمی توركەكانو ناهەمواری باری ژیان دەردەبڕی...
بیرم لە شوێنی خۆم لەسەر نەخشەی جوگرافیاو پێوەرەكانی ژیان دەكردەوەو هەركە بینایی چاوەكانم لە تێرامانددا چەقیە سەر چەقی زیندانی دیار بەكر یەكسەر ئەمجارەش (ئاگاداربە بەدەردی برادەرەكەت نەچن). بەرەو زێتێو بەرەو هەكاریو بەرەو هەولێرو شەمزینانی بردمەوەو ئەم ناوانە بەخێرایی بوونە سەر دێرو مانشێتی چیرۆكێكی پڕ لە ڕووداوو كارەساتی ڕاستەقینەی دوو پاڵەوانی هاوچارەنووسی داستانێك..

ڕۆژێكی هێمن بوو..هەر ئەو ڕۆژە تێگەیشتین ماوەیەكی باش لەو شوێنە دەمێنینەوەو مانەوەش بۆئێمە خراپ نەبوو، لەلایەك لە مەترسی تەسلیم كردنەوە دوور دەكەوتینەوەو لەلایەكی دیكەش لانی كەم پشویەكمان دەداو قەرەبووی ئەو هەموو ئەرك‌و ماندوێتی‌و برسێتییەی ئەو سێ حەفتەیەی ئەم زیندان‌و ئەو زیندانمان دەكرەوە..

بۆئەوەی نهێنییەكەمان ئاشكرا نەبێ بەرنامەی ئەوەمان دانا چۆن ڕووبەڕووی ئەو هەموو زیندانیانەی ئەوێ ببینەوە..بۆ ئەو مەبەستەش داوامان لە ئەبو مەحمود كرد چەندی دەتوانێ بە كوردی قسان بكات. چونكە هەر چەندە ئەبومەحمود لەساڵی (١٩٧٩)ەوە لە كوردستان پێشمەرگە بوو، كەچی هێشتا خۆی فێری كوردی نەكردبوو.. زووتر وەكو خۆی دەیگوت: هەرگیز لەو بڕوایە نەبوو هێندە پێویستی بەو زمانە دەبێ!.. لای خۆی بەكوردی قسەی دەكرد بەڵام، هەر جارێك كە پێویستی بە ووشەی (نا) دەبوو دەیگوت: (لا) ئێمەش پێمان دەگوت:

- بۆچی نا بەكارناهێنی..؟

لەوەڵامدا دەیگوت:

- یاخویە نا نا كوللیش قریبە من لا..بەعدێن ما ادری لیش های الناو السخیفە ماتجی علی لسانی...!.

هەرچی ئەبو نادیە بوو كەمێك كوردی دەزانی‌و هەوڵیشی دەدا باشتر فێربێ، بەڵام هێور تا ئەو كات لەماوەی ئەو سێ حەفتەیەی گیرانمان كەمترین قسەی دەكردو زۆربەی كاتی خۆی بە خەو بەسەر دەبردو ئەگەر وەڵامی پرسیارێكی دابایەوە دەنا زمانی نەدەچووە گۆ، لەبەر ئەوەی بادینی نەدەزانی لە كرمانجیش نەدەگەیشت، ئەو گەورەترین كێشەی جگەرەبوو...لەبێ جگەرەیی حاڵی پەرێشان بوو.. هێور لە مردن نەدەترسا، بەڵام دەستی بۆ جگەرەیەك درێژ دەكرد!.. لەو ڕۆژە بەدواوە ئەویش دەمی كرایەوەو بەشێوازە توندەكانی





خۆی زۆر بەگەرمی دەچووە ناو بازنەی گفتوگۆ فكری‌و سیاسییەكان..بەڵام حەمید سەرو گوێلاكی بادینی دەشكاندو ئەوەش یارمەتی دەدا كەمێكیش لەكرمانجی سەرە دەری دەربكاو زوو زوو دەیگوت:

- دەبێ ئێمە قسەكەری ڕەسمیمان هەبێ‌و یەك كەس دەمڕاستی هەموومان بێ.

بەڵام هەموو جارێ هەر من هەڵدەبژێردرامەوەو ئەویش لە جێگەی خۆی پەست دەبوو..هەڤاڵ حەمید كوشتەی لێپرسراویەتی‌و پلەیەكی حزبی یان عەسكەری بوو.. لەبەرئەوەی ماوەیەكی زۆر پێشمەرگەیەكی دڵسۆز بوو..خۆی بە مەغدور دەزانی كە هیچ مەسئولیەتێكی نییە..ئەو مەسەلەیە لەوێش گرێ كوێرەیەكی دەروونی حەمید بوو.. لەناو زیندانا بەو هەل‌و مەرجە نالەبارەش هێشتا هەر نەیدەكردەوەو پێی دەناڵاند..كرمانجی بۆ منیش ئاسان نەبوو، بەڵام بەهۆی بادینی زانین‌و خوێندنەوە تاڕادەیەك شارەزای زاراوەكە بووم..

ئەو ڕۆژە لەگەڵ برادەرانی خانەخۆی یەكتریمان پرسیار باران كرد.. بەدرەدین ئاڵتون پیاوێكی لەسەر خۆو گفتار شیرین بوو.. ئازارو نەهامەتی‌و ناخۆشییەكانی زیندان لەنێو چاوانیدا زەق زەق دیار بوون‌و دەبریسكانەوەو زوو زووش ئاخی هەڵدەكێشان‌و هەموو جارێكیش دەیگوت:

- ڕۆژی ئێمەش دێتەوە...

پرسیارێكم لێی كرد:

- كاك بەدرەدین تۆ چەندە گیراوی؟

ورد ورد لەچاوەكانم ڕاماو سەری خۆی هێناو بردو زۆر لەسەرخۆ هاتە وەڵام‌و گوتی:

- ئەز؟

- ئەرێ تە.

- كە كۆ ئەز ژ تە ڕا بێژم.. ئەز زێدەى پێنج سەد سالانە ل زيندانيدا ژيان دەرباز دكەم!.

- هەرچەند بيرم كردەوە وەلأمەكەى ئەقلى نەدەبڕيمو هێندەش بەجوانىو جددى قسەى بۆدەكردم گومانى لا دروست كردم.

- باشە چۆن ٥٠٠ ساڵ؟

- ئەز چ ژتە رابێژم.. لۆێ ڕۆژێ كو سولتان سەليمى ئێكێ كوردستانا مەداگير كريە ئەم زيندانين.. كەكۆ تەمێزەكە نها ئەز ل جەم تەمەو ٣٨ سالا حوكم كريمەو بابێ ميژى نها ل زيندانا ئەدەنايەو ٢٠ سالا حوكم كريەو محەمەدى لاوكى ميژى لڤێ زيندانێ چاڤەڕێ حوكمێ دكاتو كالەكێ ميژى لگەل شێخ سعيدێ پيران لڤێ ديار بەكرێ هاتيە عيدام كرنێ...

بەسۆرانى بڵێم باپيرى لەدياربەكر لەسێدارە درابوو، خۆى حوكمو باوكى حوكم كرابوونو كوڕەكەشى چاوەڕوانى حوكم بوونى دەكرد... بۆيە دەيگوت ٥٠٠ ساڵ زياترە لەزيندانين...

- باشە تاكەى ئەو زيندانە درێژە دەكێشێ؟

- تاكو...

كاتى نيوەڕۆ هات دەرگاوانێك لە كولأنگى قاوشەكەوە هاوارى كرد:

- يرمى بێش قەرەوانە، قەرەوانە... واتە قاوشى ژمارەبيستو پێنج كاتى خواردن هێنانە... حەنەفى دەستى دايە دوو پەقرەجو چوو، دواى نيو سەعاتێك گەڕايەوە، هەندێ برنجو شلەو نانى هێنابوو..ئيدى لێرە بەدواوە ئێمەش لەسەر ئەوە راهاتين كە هەموو ڕۆژێ سێ جا دەبوو يەكێكمان بچين خواردن لە چێشتخانەى زيندان وەربگرين.. خواردنيش بە زۆرى نيوەڕۆيان ساوارو شلەو جار جارەش برنجو ئێوارانيش مەعكەڕۆنىو بەيانيانيش زەيتون بوو.. سەرەتا من نەمدەتوانى زەيتون بخۆم، بەلأم دوايى لەبەر





نەبوونى هيچ شتێكىتر لەگەڵى راهاتمو لە هەڤالأنى تر باشتر نانو زەيتونو چام دەخوارد..رۆژێك هەڤاڵ نيزام مازى داغى پێى گوتم:

- تۆ چۆن حەز لە زەيتون ناكەى؟.. زۆربەى هەرە زۆرى خەڵكى كوردستانى باكور خواردنى سەرەكيان هەر زەيتونە. چونكە لێرە هەم بەرهەمى زەيتونمان زۆرەو هەم خواردنێكى چاكەو هەميش لەهەموو شتێكى دى هەرزانترە..

هەواڵى چوونى ئێمە لەناو قاوشەكاندا بلأوبووەوە.. نوێنەرانى p.k.kو پێشەنگو كاوەو كوكو كوكسىو سۆسياليستو كۆمەنيستو رزگارىو ئالارزگارىو تيكۆ،... ئەوانى تريش بەخێرهاتنيان كردينو زۆربەيان گفتى هاوكاريان پێداين..

شەوى دووەم هەموومان دانيشتبووينو من لەگەڵ حەنەفى بەتايبەت گفتوگۆم دەكردو ئەو باسى ئەوەى بۆ دەكردم كە ئەوەى هاتووتە ئەو زيندانە هەر لە ١٢ى ئەيلول ١٩٨٠وە تاكو ئێستا مەگەر بۆ زيندانێكى تر گوازرابێتەوە دەنا كەس ئازاد نەكراوە.. لەو كاتەدا ناوێك وەك بروسكە بەمێشكمدا هاتوو لەسەرى زمانم بەدەرى داو گوتم:

- باشە كاك حەنەفى مەحمود شاهێن لێرە ماوە؟..

ئەويش سەرەتا بێ بيركردنەوە يەكسەر گوتى:

- بەڵێ لێرە لەقاوشى (١١)يە.

پاشان حەنەفى هەڵوەستەيەكى كردو زۆر بەسەرسامييەوە پرسى:

- باشە تۆ مەحمود شاهێن چۆن دەناسى؟..

ئەو هێشتا پرسيارەكەى تەواونەكردبوو، من بە ناخى بيرەوەرييەكانمدا ڕۆچووومو ئەو ساتەم هاتەوە ياد كە بۆ يەكەم جار بەو ناوەيان ئاشنا كردم..ئەو شوێنەم هاتەوە بير كەلەوێ ئەو ناوەم لێى زانى..ئەو كەسەم هاتەوە ياد كە ئەو ناوەى پێ ئاشنا كردبووم.. ئەو ساتو ئەم ساتە مەوداى

زەمەنێکی چەند ساڵە بوو، بەلاّم جەمسەری هەردوو ساتی یەکەم جاری ئاشنابوونم بەناوی م. شاهێنو یەکەم جاری ناو هێنانی دژ بەیەك لەچەقی رستەی ئاگاداربە، بەدەردی برادەرەکەت چوون.. لێکیانداو چاوەکانم رەشکەو پێشکەیان دەکردو هزرم پەرشو بلاّو کۆدەبووەوە.. رامابووم بەلاّم چ رامانێك..! هەندێ جار بە ئاراستەیەکی راستدا دەچوومو هەندێ جاریش گێژو بەم لاو ئەولادا دەکەوتمو سەرەنگرۆ دەبووم.. بەقسەیەکی دی حەنەفی هاتمەوە هۆش خۆمو گوتم:

- هەڤاڵ ئەوە داستانێکی درێژەو لەکاتێکی گونجاودا بۆتی دەگێڕمەوە...
- زۆر باشە ئەگەر بتەوێ دەتوانیت بەیانی هەڤاڵێ مەحمود شاهێن بانگی ئەم قاوشە بکەینو...
- با بۆ کاتێکی دی بێ...

رۆژی دواتر رۆژی چاوپێکەوتنی زیندانیان بوو..میوانی زۆرمان هاتن لەپارتی پێشەنگ محەمەد جەبرانو ئەحمەدقایماغ لە کوکسی سەربەست (جەلال) ئەرکی گرتنی پارێزەریان گرتە ئەستۆی خۆیانو (هەر بۆ رۆژی دواتر پارێزەر حوسێن تایفون هاتو وەکالەت نامەمان پڕکردەوەو هەندێ قسەی دڵخۆشکەری بۆمان کرد..لەراستیدا پارێزەرەکەش بەپارە نەگیرابوو، بەڵکو وەکو ئەرکێکی نیشتمانیو مرۆڤایەتی ئەو کارەی گرتە ئەستۆی خۆی)...

لەناو میوانەکاندا حەسەنو زێدان دوو پێشمەرگەی خەڵکی زاخۆ بوونو ماوەیەکی زۆربوو لەوێ دیل بوون هەروەها لاوێکی بالاّبەرزو رەقەڵەی دەمو دان گەورەو هەمیشە ڕووبە زەردەخەنە زۆر بەگەرمی ماچی کردینو یەکە یەکەمانی لەباوەش دەگرت.. لەو کاتەدا حەنەفی دەستێکی لەپشتی منداو گوتی:

- هەڤاڵێ ئاراس ئەڤە هەڤالێ مەحمود شاهێنە...
- من سەیرێکم کردو ئەویش حەپەساو گوتی:





- مەسەلە چییە هەڤاڵێ حەنەفی؟
- هیچ هەر شتێکی نێوان خۆمان بوو...
- نەخێر بەکوردستان دەبێ بۆم باس بکەی...
- هیچ نییە، هەر هەڤاڵێ ئاراس پرسیاری تۆی کرد..
- باشە ئەو لەکوێ من دەناسێ؟
- نازانم لەخۆی بپرسە...
- باشە دوایی لێی دەپرسم..

لەگەڵ میوانەکان نانی نیوەڕۆمان خوارد.. مەحمود شاهێن بە بینینی ئێمە خۆشحاڵ بوو، هەر پرسیاری دەکردو تەواو نەدەبوو.. یەخەی گرتمو گوتی:

- دەبێ پێم بڵێی ناوی منت چۆن زانیوەو چۆن من دەناسی؟

هەرچەند هەوڵمدا کەڵکی نەبوو.. گفتم پێیدا لەسەردانی داهاتوودا بۆی باس بکەم. ئەو وای بۆچووبوو کە منیش سەر بەرێکخراوی کاوە بم، چونکە ئەو رێکخراوە خۆی بە کوردستانیی گەورە دەزانیو مەحمود شاهێنیش نزیکەی ١٠ ساڵ لە زیندان بوو، بۆیە پێی وابوو ئەو ماوەیە رێکخراوەکەیان پەلو پۆی هاویشتووەو وەکو ناوەکەی لەهەموو کوردستاندا بلاّوبۆتەوە...

ئێوارە میوانەکان لەگەڵ تەوقەو خواحافیزیدا دەیانگوت:

- دەرباز بووی بن، یان بەتورکی دەیانگوت:
- گێچ میش ئولسن...

هەموویان گەڕانەوە ژوورەکانیانو ئێمەش هەر ١١ هەڤاڵ لە ماڵی خۆمان ماینەوە. ئەو رۆژە بۆم دەرکەوت مەحمود شاهێن لە ساڵی (١٩٧٩) گیراوە..یەکێك بوو لەو کەسانەی لەناو زیندان بە قارەمان سەیر دەکرا..بەهیچ شێوەیەك ملی بۆ دوژمنان نەدابوو، لە مانگرتنەکانی ساڵانی ( ٨٢-٨٣)دا، نزیکەی چل رۆژ دەمی لە خواردن نەدابوو.. لەئاکامدا نیمچە ئیفلیج ببوو..زۆر بەتوندی بە سەرەتاکانی مارکسیزمەوە گوتبووی، لەهەمان

كاتدا نەتەوە پەروەرێكى كەم وێنەو، تەمبور ژەنێكى بەتواناو گەورەش بوو. دەم نا دەم دەستى دەدايە تەمبورەكەىو سرودى نيشتمانى دەچڕين. يەكێكى ترلە ميوانەكان ڕەجەبى ناوبوو.. كاك رەجەب سەربە رزگارىو قارەمانێكى ترى زيندان بوو، ئەويش يەكێك بوو لەونەى تا بەتەواوى ئيفليج نەببوو دەستى لەمانگرتن هەڵنەگرتبوو..

ڕۆژى سەردانى دووەم هات.. هەر زوو مەحمود شاهێن هاتەوە لامانو دياربوو زۆر تامەزرۆو بەتاسەى ئەوەوە بوو بزانێ من چۆنم ناسيوەو ناوى چۆن دەزانم!.. لەبەرئەوەى گفتم پێىدابوو ئەمجارە نهێنييەكەى بۆ ئاشكرابكەم...ناچار بووم گفتەكەم بەجێ بگەيەنمو چيرۆكەكەى بۆ بگێڕمەوە..منو ئەوو سلێمان ئەردەمو بەدرەدينو..دانيشتينو پێش ئەوەى بچينە ناو باسەكەوە هزرو خەياڵم فڕينو..

لەگەڵ تەقەو دەنگى دەرگا وەكو جاران راچڵەكينەوە، لەدڵى خۆماندا دەمانگوت:

- ئاخۆ ئەمجارە نۆرەى كێ بێ؟...

دەرگا كرايەوە پياوێك كە گەنجێكى لەسەر پشت هەلگرتبوو هاتە ژوورەوە گەنجەكەى داناو دەرگا داخرايەوە، پياوەكە دەستى بە پاڕانەوەو دوعاى ناوەخت كرد.. گەنجەكەش هەر لەم لاو ئەو لاى خۆى دەڕوانى... بەخێرهاتنمان كردنو گوتيان:

- ئێوە كوردن؟.

- بەڵێ، ئێمەش كوردينو گيراوين.

- ب خودێ مە چ نەكريەو ئەم ناحەق هاتينە گرتنێ...!

- ئەم قسانە پياوەكە دەيكردنو وەكو ئەوەى ئێمە لە گيرانو ئازاد بوونى ئەوان بەر پرسياربين...!.

- ئێرە كوێيە؟..





- ئێرە كۆنە يانەو بارى هەولێرە؟

- ئەدى ئێستا؟

- ئێستا زيندانى ئازارو ئەشكەنجەو لێكۆڵينەوەو..ئەمنى هەولێرە...

ئەو دوو كەسە يەكيان كازمو ئەوى دى شەريفى ناوبوو.. هەردووكيان خاڵو خوارزا بوونو خەڵكى گوندى زێتێى كۆنە هەوارى خۆمان بوون.. كازم لە ترسان قسەى دەبزڕكاندنو خۆى لەبەر چاوى ئێمە هێندە ناشيرين كردبوو بەڵام، شەريف لاوێكى ١٧ ساڵەى خوێندەوارى رێكو پێكو خوێن شيرين بوو.. شەريف هەردوو قاچەكانى بڕابوونەوەو هێشتا برينيان سارێژ نەبوو بوون. چەندين مانگ بوو لەگەڵ تەقەى دەرگاو زڕەى زنجيرو قامچىو كێبلو كارەباى جەستەو جوێنو سووكايەتييەكانى ئەمنە فاشستەكان راهاتبووينو بۆخۆشمان ئەو كاتانەى ئازارى برينو نەخۆشى دەرفەتيان دەداين هەميشە لاپەڕەكانى رابردوومان هەڵدەدايەوەو جارێكو دوو جارو سێ جاريش دەمانخوێندەوە، تا كار گەيشتبووە ئەو رادەيەى بە تەواوى شارەزاى كەلەبەرەكانى ژيانى يەكترى ببين.. منو تۆفيق نيعمە مەهدى عارەبو سەباح مەحمودى كەركوكى سەرمان بەيەكەوە نابو، بەڵام كە كازمو شەريف هاتن زەخيرەو شەو چەرمەيەكى زۆرى قسەو باسمان بۆ پەيدا بوو.. لەوێ لە ژوورێكى بچووكو تەنگو تارى لەگەڵ شەريف بەدامە يان، گێڕانەوەى بەسەرهاتەكانى يان بەو شەترەنجەى لەهەويرى ناوكى سەمونمان دروست كردبوو شەوو رۆژمان دەقەتاندن...

***

ساڵ ناوەڕاستى هەشتاكان بوو.. لەزيندانى ئەمنى هەولێر بووم، دواى ماوەيەكى زۆر لەژوورى ئينفيرادى بردميانە ئەو ژوورەى سەباحو تۆفيقى لێ بوون، دواى ئەوەش شەريفو خاڵى هاتنو دواتريش دلێرى مەلا شينەو شيرزاد سەرسپىو هيواى مەلا شينەو حەسەن مامەو نەوزاد بێستانەيىو

یاسین‌و.. کە زۆربەی ئەوانەو چەندی تر هەر زوو بەرەو رووی سێدارەی مەرگ کرانەوەو گیانیان بەخشییە کوردستان...

- دەی، شەریف ئەوە چەند رۆژە لێرەی نەمان زانی ئەو قاچانەت بۆچی بڕوانەتەوە؟...

- راستی، بەری سالەك زێدەتر ئەزو خالی خۆ ل دەڤەرا گەردیا کەتینە د ناڤـ بۆسەکا عەسکەرێن ترکان‌و ئەم هاتین گرتنێ...

- باشە بۆچی چوبوونە ئەوێ...؟

- مالی ئێمە لە ئۆردوگای هەریر بوو.. دوای ئەوەی حکومەت بارزانییەکانی قوشتەپەو هەریری برد، ئێمە نەکەوتینە دەستی حکومەت‌و رامان کردو گەڕاینەوە ناوچەکەی خۆمان.. لەوێش خەریکی کەسابەت بووین‌و شەوێك لەگەڵ کاروانێك لەنێوانی کەتینەو زێتێ کەوتینە ناو بۆسەی تورکان‌و دوای شەڕێکی کەم خایەن ئێمە دابڕاین‌و بەدیل گیراین.. بردیانین بۆ قەرەقولی رووبارۆك‌و لەوێش بۆ شەمزینان، ئینجا بۆ هەکاری...و... لەهەکاری لەژێر ئازارو ئەشکەنجەدا هەردوو پێیەکانم رزین‌و لەسەرماش تووشی گانگرین بوون... تا دوا جار لە خەستەخانەی دیاربەکریان بڕینەوەو وەهایان لێکردن کە دەبینن...

ئەو بەسەرهاتەی خۆی هێندە بەوردی بۆ دەگێڕامەوەو منیش هێند تامەزرۆو بێ دەنگ گوێم لێی دەگرت یەکە یەکەی وشەکانی لە مێشکمدا چاپ دەبوون‌و بەدەم گێڕانەوەی بەسەرهاتەکەشی ناوە ناوە پرسیارم لێی دەکرد..

لە زیندانێکی لەو جۆرە چی لەوە خۆشتر هەیە کەسێك بە چیرۆکێکی راستەقینە کەخۆی پاڵەوانەکەی بووبێ ئەگەر بۆ ماوەیەکی کەمیش بێ لەکابووسی زیندان دوورت خاتەوەو ئەگەر بە ئەندێشەش بێ بتباتەوە دەرەوەی چوار دیواری بێ تروسکایی خۆرو بێ ڕووناکی رۆژ؟.

شەریف درێژەی بەقسەکانی دەداو دەیگوت:





- بەڵێ، لەخەستەخانەی دیاربەکر تێکۆشەرێکی زیندانی ئەو شارەیان لەتەنیشت من خەواندبوو.. هەرکەزانی من خەڵکی کوردستانی باشورم زۆر خووی خۆی دایە من‌و زۆر بەکەڵکم هات..ئەو وەزعی باش بوو، بەڵام تەنیا بۆئەوەی هاوکاریم بکات خۆی لە خەستەخانە هێشتەوە. ئەو تێکۆشەرە زۆر بەمنەوە ماندوو بوو، نەیدەهێشت هەست بکەم کە من کەسێکی بێ کەس‌و دووره وڵاتم.. من باری تەندروستیم زۆر خراپ‌و باری دەروونیشم خراپتر بوو.. ئەو برادەرە زۆر هەوڵی دەدا فێری زمانی کوردی پەتی ببێ‌و هەردەم وشەی جۆراو جۆری لەمن دەپرسین‌و بەردەوامیش دەینووسینەوە، بەتایبەت وشە سیاسی‌و ئابوورییەکان...

هەروەها پێدا دەهات‌و دەیگوت:

پیاوی وەها ئازاو بە ورەو کورد پەروەر زۆر دەگمەنن.. ئەوەندەی مام بەهۆی ئەوەوە بوو، دەنا...

- کاك شەریف ناوی چی بوو؟

- مەحمود شاهێن...خەڵکی شاری دیاربەکرو سەر بە رێکخراوی کاوەبوو...

دوای نزیکەی ساڵ‌و نیوێك زیندان‌و دوای ئەوەی بەو دەردە بردراین‌و تورکەکان کوڵی دڵی خۆیان پێداڕشتین، ئینجا لە دادگا ئازاد کراین... بەڵام چ جۆرە ئازاد کردنێك یەکسەر پۆلیس کەلەبچەی کردەوە دەستەکانمان‌و بەرەو ئیبراهیم خەلیلیان راپێچ کردین‌و تەسلیمی (مخابرات)ی ئێراقیان کردینەوەو لەوێش جارێکی تر ئازارو ئەشکەنجەیان دەست پێکردەوە. ئەوە دوومانگیشە لەم زیندان بۆ ئەو زیندانمان دەبەن‌و سەرئەنجامیش لای ئێوە سەنگراینەوە...

***

ئاگاداربە، بەدەردی برادەرەكەت نەچن.. دانیشتبووین‌و هەموویان سەیری دەمی منیان دەكرد.. دیاربوو هەڤالآنی دیش حەزیان دەكرد بزانن من چۆن مەحمود شاهێن دەناسم...

كاتێك مەسەلەكانم بۆ هەڤالآن گێڕایەوە، یەكسەر مەحمود شاهێن هەڵی دایەو گوتی:

- ها.. شەریف عیسا.. كا بێژە نها ئەو ل كو دەرە؟

- سەبرا تە هەبە ئەزێ ژ تەڕا بێژم...

هەرچەند دەكرا وەلآمی ئەم پرسیارە بەیەك رستەبێ، بەلآم ورووژاندنی بیرەوەرییەكان‌و رێكەوتە سەیرو سەمەرەكانی ژیان‌و خەبات ئەوەیان دەخواست كە بەو شێوە وەلآم بدەمەوە كە لەمێشكمدا گێنگلیان دەداو لەناخەوە دەیان جوولآندم.. كاتێك مرۆ سەیری تاقە وێنەیەكی یادگاری سەردەمێكی تایبەت‌و رابردوو دەكات چێژێك وەردەگرێ‌و، كاریگەرییەكانی دەخاتە سەر.. ئەدی ئەگەر لەو هەلومەرجەدا پێویستی ئەوە بخوازێ دەیان وێنەی بیرەوەری رۆژە هەرە تاڵ‌و سەختەكانی ژیان لە ئەلبومی ژیانێكی پڕ لە چەرمەسەری بێنمە دەرو لەگەڵ كۆمەڵێك لەهەڤالآنی هاودەرد سەیریان بكەینەوەو كاتێكی ناهەمواری ناو چوار دیواری زیندانی پێ ببەینە سەر، دەبێ چ چێژێكی لێ وەربگیرێ‌و چ جۆرە كاریگەرییەكی هەبێ...؟..

- بەڵێ، هەڤاڵ مەحمود من یەكەم جار ناوی تۆم لەو (برادەر)ەم بیست‌و لەو زیندان بەناوی تۆ ئاشنا بووم‌و قەدەریش وای هانی دوای چوار ساڵ لەهەمان ئەو شوێنە یەكتری بناسین كە ئێوە یەكتریتان لێی ناسیووە...!

پێش ئەوەی ئێمە بگیرێین لە گوندەكەی ئەوان بووین، لەگەڵ هەڤالێكم بەناوی بەهمەن بەتایبەت بۆ سۆراغی ئەو چووینە ماڵی خزمێكی‌و پرسیارمان كرد...خزمەكەی گوتی:





- دوای چوار ساڵ زیندانی توركیاو ئێڕاق ئازاد كراو ماوەی رابردوو هاتەوە ئێرەو لێرەش ڕەوانی لای خێ.انەكەی كرایەوە لە ئۆردوگای زێوەو ئێستا لەوێ دەژی...

- كەواتە ماوە...؟.

ئەو رۆژەی كەزانیم مەحمود شاهێن لە زیندان ماوەو بەچاوی خۆم بینیم سەرم لەو رێكەوتە سوڕما.. ئەو برادەرانەی كە گوێشیان لەو گفتوگۆیەی ئێمە گرتبوو ئەبڵەق سەیری یەكتریان دەكردو واقیان وڕمابوو.. (لەكاتێكدا هێشتا نەمن‌و نەكەسێكی تر نەمان دەزانی جارێكی تریش‌و بەشێوەیەكی دی‌و دوای زەمەنێكی ترو.. لێك دابڕانێكی درێژتر رێكەوت سەرەداوی ژیانمان دەگەیەنێتەوە یەكتری‌و ئەڵقەیەكی تری فیلمێكی واقیعی دەهۆنێتەوە!..)

ورە وردە لەگەڵ كەش‌و ژینگەی ناو زیندانی سیاسی دیاربەكر رادەهاتین.. هەڤالآن‌و هاوڕێیانی زیندانیش لەهەموو حزب‌و رێكخراوەكان سەرەڕای جیاوازی بیروباوەڕ حەزیان دەكرد چاویان پێمان بكەوێ‌و هەوڵیان دەدا زوو زوو بێنە لامان. ئەو كات زیاتر لە ٥٠٠ زیندانی لێ بوو..زۆربەی سەربە (p.k.k)ە بوون.. فاروق ئاڵتون، مستەفا، نایف ئورەك، ساكینە، حەمە سەعید، چەندی تر لە كادیرە دیارەكانیان بوون، بەلآم نایف‌و مستەفا لە (p.k.k) دوور كەوتبوونەوە، چونكە رەخنەیان لەشێوازە توندەكانی حیزبەكەیان دەگرت‌و هەرلەبەر ئەوەش بوو لەلایەن كادیرو ئەندامانی تری حیزبەكە وەك خائین سەیر دەكران. لەكاتێكدا ئەوان لەلایەن دەوڵەتی توركەوە حوكمی لە سێدارەدان درابوون، لەلایەن p.k.kیشەوە حوكمێكی لەو جۆرەیان بۆ نووسرابووەوەو ئەوانە هەردووكیان لای من گلەییان لە بەختی خۆیان دەكردو دەیانگوت:

- ئێمە تەنیا داوای دیموكراسییەت لەناو حیزبەكەمان دەكەین، كەچی حیزب بە خائینمان دادەنێ ئەوە لەكاتێكدا خەباتی ئێمە لەپێناوی دیموكراسییەو

هەموو ئەو دەردەسەرییەی کورد دەیچێژێ‌و رووبەرووی ئێمەش بۆتەوە لەئاکامی نەبوونی دیموکراسییە!.

هەروەها لەپارتی پێشەنگی کرێکارانی کوردستان محەمەد جەبران، ئەحمەد قایماغ، خەتاب‌و لەسەربەخۆکان مەهدی زاناو لە (کاوە) مەحمود شاهێن، ئەحمەد وانی، سزایی، شەفیق، لەرزگاری رەجەب‌و لە تیکۆ (رێکخراوێکی مارکسی-لینینی- ماوی تورکی بوو) جەعفەرو لە سۆسیالیست ویدات‌و لە کوك بەدرەدین ئالتون، حەنەفی، نیزام، سلیمان، دیاربوون‌و ئەمانەو دەیانی تر کەناویان ناهێتەوە یادم، هەندێکیان سەر بەرێکخراوەکانی وەك ئالای رزگاری‌و کۆمەنیست‌و کرێکارانی تورکیا بوون....

لەهەفتەیەکدا زیندانیان بۆیان هەبوو دوو رۆژ لە چوار چێوەی زینداندا سەردانی یەکتری بکەین. ئەو سەردانانەش بەشێك بوو لەو دەسکەوتانەی بەخەباتی خوێناوی‌و بەرخۆدانی زیندانیان وەدەست هاتبوو. زیندانیان هەم دەهاتنە لامان‌و هەم بانگیان دەکردین‌و بەزۆریش بەدوای چەند پرسیارێکدا دەگەڕان:

پرسیارێك سەبارەت بە چۆنیەتی کیمیابارانکردنی کوردستان بە گشتی‌و هەڵەبجە بەتایبەت‌و چۆنیەتی خۆڕاگرتنی گەلی کوردستان‌و پێشمەرگە بوو لەبەرامبەر ئەو چەکە قڕکەرەدا. بێگومان ئەو کات لە میدیای جیهاندا زۆر بەگەرمی باسی بەکارهێنانی گازی کیمیایی لە لایەن رژێمی سەدام دژی کورد بەگشتی، هەڵەبجە بەتایەبتی دەکرا، پرسیارێکی تر سەبارەت بەئایدیۆلۆژیاو بیروباوەڕو هێزو توانای حزب‌و رێکخراوەکانی کوردستان بوو.

پرسیارێکی تریش سەبارەت بە چۆنیەتی تێگەیشتنی ئێمەو حزب‌و رێکخراوەکانی کوردستانی ئێراق بوو لە پروسترۆیکاو گلاسنۆستی گورباچۆف... بێگومان هەویری ئەم پرسیارە لەهەموو پرسیارەکانی تر ئاوی زیاترو گفتوگۆی زیاتری دەویست‌و ئەو کاتیش هەلومەرجی ناوخۆی





سۆڤییەت‌و ولاتە سۆسیالیستەکان لە گۆڕانی خێراو بەردەوامدا بوو.. لەلایەك نیشانەکانی هەڵدەشاندنەوەو رووخان تا دەهات زەقتر دەبوونەوەو لەلایەکی دیکەشەوە تێڕامان لەو پرۆسیسە لەدەست دەرچووەو بڕوابوونی بەدوا رۆژی سۆسیالیستی باوو سیستەمەکە لەقترو گوماناوی تر دەبوو.

حزب‌و رێکخراوە تێکۆشەرەکانی ئەوێ هەموویان خۆیان بە حزبی مارکسی-لینینی (عەیار ٢٤) دادەناو دەزانی!. تەنیا لەهەندێ خاڵی لاوەکییەوە نەبێ بەگشتی بەبیرو بۆچوون زۆر بەیەکتری دەچوون‌و لەیەکترییەوە نزیك بوون، کەچی لەمەیدانی کاردا نەك هەر ناکۆك بوون بگرە زۆر دژی یەکتریش بوون.. سەنگەرو بۆچوونەکانیان رەنگدانەوەی ململانێ لەسەر کێشە لاوەکییەکان بوو، وەنەبێ تەبایی‌و هاوهەڵوێستیان رەنگدانەوەی پێویستی یەکگرتن‌و یەکبوون بێ لەسەر خاڵە سەرەکییە هاوبەش‌و هاو چارەنووسەکان!.. بەڵام لەناو زیندان تەنیا لەبەرامبەر دوژمندا یەك دەنگ بوون.

سەبارەت بەم بارودۆخە ئەمن زۆر جار بەهەندێ لە هەڤاڵانم دەگوت:

- ئێوە وەك وشەی کوردی (ئێوە)ن کە بە (ئێوە، ئەنگۆ، هەنگ، هوینگ، هەوە، هوین، وە، هینگ) بەکاردێ‌و هەموویشی یەك مانا دەبەخشێ. ئەوانیش هەموویان لەپێناوی رزگاری کوردستان‌و ئازادی کوردو دامەزراندنی سۆسیالیستی خەباتیان دەکردو یەك مانایان دەبەخشی، کەچی لەسەر هەندێ مەسەلەی تاکتیکی‌و ستراتیژی خەیاڵی جیاوازییان بەڕادەی دوژمنایەتی هەبوو!..

رۆژانە رووبەرووی پرسیارێکی نەویستراو دەبووینەوە ئەویش ئەوەبوو:

- باشە ئەگەر ئێوە مارکسین چۆن پارتین، یان ئەگەر پارتین چۆن مارکسین؟.

هەرچەندە لەو سەردەمە پارتیش بەپێی بەرنامە داڕێژراوەکەی سەرکاغەز لەبەر رۆشنایی مارکسیزم- لینینزم خەباتی دەکرد، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا

پرسيارەكە ناخۆش بوو. چونكە نەدەكرا نهێنييەكەی خۆمان بۆ هەموو كەسێك ئاشكرا بكەين‌و بەناچاری وەڵامان دەدايەوەو دەمانگوت:

- راستە ئێمە ماركسين‌و لەگەڵ پارتيدا پێشمەرگەين، بەڵام لە رووی رێكخستنەوە هيچ پەيوەنديەكمان بەپارتييەوە نييەو سەنگەری پارتيمان تەنيا بۆ دژايەتی كردنی رژێمی بەغدا هەڵبژاردووەو هيچی تر. (هەندێ لەو هەڤاڵانەی‌جێگەی بڕوای ئێمە بوون نهێنييەكەيان دەزانی‌و مەسەلەكەمان بۆ روون كردبوونەوە).

سێ زيندانی نوێنەرايەتی هەموو زيندانەكانيان دەكرد.. ئەو نوێنەرانە بەتوركی پێيان دەگوترا (تەمسيلچی). تەمسيلچيەكان بۆيان هەبوو هەم لەگەڵ بەرێوەبەرايەتی زيندان بەناوی زيندانيان بئاخون‌و هەم لەناو قاوشەكاندا ئازادانە بێن‌و بچن. لەو نوێنەرانە ئەحمەد وانی‌و حەمە سەعيد دەمێك بوو ئەوكارەيان رادەپەڕاند. بەردەوام هەواڵ‌و دەنگ‌و باسيان لەو قاوش بۆ ئەو قاوش دەگوێزايەوە.. ئەو نوێنەرايەتييەش ديسان هەر دەسكەوتێكی تری بەری خەباتی ناو زيندان بوو. دوای ئەوەی نوێنەرەكان لەگەڵ لێپرسراوەكانی (p.k.k)ی قسەيان كرد لەلايەن (p.k.k)يەوە بڕێك پارە بۆ خەرجی ئێمە تەرخان كرا.. ئەو بڕە پارەيە بەشی كڕينی هەموو پێداويستييەكانی خۆمانی دەكرد.. لەناو زيندانيش سيستەمێك پەيڕەو دەكرا زۆر لەو سۆسياليستييە دەچوو كە خەومان پێوە دەبينی‌و لەپێناويدا خەباتمان بۆی دەكرد.. هەر هەڤاڵەو بەپێی توانای خۆی پارەی لەماڵەوە بۆ دەهات‌و ئەوەی نەيبا كەس داوای لێ نەدەكرد، پارەكە هەمووی كۆ دەكرايەوەو كارگێڕی هەر قاوشێك بەشێوەيەكی يەكسانی پێداويستييەكانی هەمووانی پێ دابين دەكرد. بەم شێوەيە هەر وەكو چۆن سەرەڕای جياوازی بيروبۆچوون هەموو زيندانيان لەسەر رێگای بەگژدا چوونەوەی ستەمی دەسەڵاتی تورك كەوتبوونە ئەو زيندانە.. هەروەك چۆن بەرامبەر دەسەڵات يەك دەنگ‌و





چەند رەنگ بوون‌و لەناو خۆشياندا هاوبەشی خۆشی‌و ناخۆشی يەكتری بوون، بەڵام هەندێك لە رێكخراوەكان پەيوەندی باشيان لەنێواندا نەبوو، دژی يەكتری بوون‌و ئەندامەكانيان بە دەگمەن هاتووچۆی يەكتريان دەكرد. بە زۆريش زيندانييانی حزبێك لە قاوشێكدا بوون، ياخود هی ئەو حزبانەی لەيەكترييەوە نزيك بوون.. ئەگەر بەو شێوەيەش نەبووايە بێگومان بەردەوام بوونی خەبات‌و هەڵكردن لەگەڵ ئەو هەموو زەمەنە دوورو درێژەی زيندان كارێكی ئاسان‌و ئاسايی نەبوو.. بەڵێ بەم شێوەيە هەر قاوشێك نيمچە كۆمۆنێك بوو.. هەرلەبەر ئەوەش دەيان كەس لەوانەی تەنيا بە گومان دەگيران‌و لەهيچ رێكخراوێكدا ئەندام نەبوون، بەڵام بەتێكۆشەری ئازاد دەبوون. ئەو گيانە شۆرشگێرييەو مرۆڤايەتييەی ناو زيندان كاری خۆی دەكردو زۆر بە باشی خەڵكەكەی دەگۆڕی‌و كاريگەری زۆری لەگۆڕان‌و گۆڕانكاريدا هەبوو..

لە قوتابخانەی زيندان هەموومان لەسەر گفتوگۆ، دانوستان بەردەوام بووين‌و بەبێ ئەوەی كەس بۆ كەس دانەنوێنێ!.. هەموو لايەكمان دەتگوت سوێندمان بۆ يەكتری خواردووە كە بۆيەكتری نەسەلمێنن‌و لەخاڵە جەوهەرييەكاندا هەميشە دەگەيشتينەوە يەكتری، بەڵام لەدووڕيانی لاوەكيەكاندا هەركەسەو بەرەو ناو چوار چێوەی بەرنامەی لەقالب دراوی حزبەكەی دەگەڕايەوەو دەبووە ئەشقيای هەردوو كێوان... كوردايەتی ئەو هەموو خەڵكەی هێنابووە زيندان.. كوردايەتی ئەو هەموو لاوانەی بردبوونە شاخ.. كوردايەتی ئەو هەموو خەڵكەی دەربەدەر كردبوو.. هەموومان‌و هەموويان بە حەماسەتی خەباتی نەتەوەيی‌و نيشتمانی هاتبوون‌و هاتبووينە مەيدانی خەبات.. بەڵام هەموو لايەك بە دروشمەكانی سۆسياليزم، ئەنتەر ناسيوناليزم‌و.. خۆی هەڵدەدايەوەو خۆی دەناساندو بانگەشەی بۆ دوارۆژ دەكرد.. هەموو لايەك

لەناخەوە شانازیمان بەخەباتی رزگاریخوازی نەتەوەیی‌و نیشتمانی دەکردو بەدروشمی حیاوازیش روکەش خۆمان دەنواند!..

لەگەرمەی ئەو هەلومەرجە کەف‌و کولَ ئامێزەو ئەو کولأنە فیکرییانەی ئەوێ رۆژێ‌و بۆکات بەسەر بردن‌و بەدواداچوون‌و شۆڕبوونەوە بەناخی خۆم‌و ناخی هەڤالأنی زیندان رۆژێك لە دانیشتنێکدا لەهەڤالێکم پرسی:

- تۆ سەر بە چ رێکخراوێکی؟
- کاوە.
- کەی‌و چۆن چوویتە رێزی کاوە؟
- ساڵی ١٩٨٠ برادەرێکم داوای لێ کردم‌و قبووڵم کرد.
- بۆچی تەنیا کاوە؟
- چونکە رێکخراوێکی شۆڕشگێڕی کوردستانی گەورەیە.
- چۆن دەزانی؟
- چونکە لەناویدام.
- پێش ئەوە کەسی تر داوای لێ کردبوویت بچیتە ریزی حزبەکەیەوە؟..
- نەخێر.
- بەرنامەی حزبەکانی ترت خوێندۆتەوە؟
- ئێستا بەلێ.
- ئەوکات؟
- نەخێر.
- ئەی چۆن کاوەت هەڵبژارد؟
- چونکە رێکخراوێکی شۆڕشگێڕەو یەکەم جاریش لەو رێکخراوە داوام لێکرا پەیوەندی بەریزەکانییەوە بکەم.
- زۆر سوپاس.





لێرەدا هەڵوەستەیەکم کردو بیرم لەرابردووی خۆم دەکردەوە.. یەکەم جار لەیەکێتی داوایان لێ کردم بچمە ناو ریزەکانی‌و منیش یەکسەر بێ دوو دڵی چوومە ناو ریزەکانی.. چووم، چونکە هەستم بە ئەرکی سەرشانم بەرامبەر بە گەل‌و نیشتمانەکەم دەکردو ستەمی داگیرکەرانیشم هەموو دەدم دەدی.. کەدەمدی، یەکێتی وەك هێزێکی تازەو شۆڕشگێڕ بەگژ ئەو سیاسەتە ڕەگەزپەرستانەیەی دەسەلأتی بەغدادا دەچێتەوەو لە پێنوای ئازادی گەلی کوردستان‌و رزگاری خاکی کوردستان تێدەکۆشێ بێ ئەوەی مەسەلەی ئایدیۆلۆژیا بەهەند هەڵبگرم سەرەتای خەباتم لە ریزەکانی رێکخستنی نهێنی ئەو رێکخراوەدا دەست پێ کردو تەنیا بەمەبەستی بەشداریکردن لەخەباتی رزگاریخوازی گەلەکەم ئەو رێگایەم هەڵبژارد. ئەو هەڤاڵەشم بەهەمان شێ‌وەو بۆ هەمان مەبەست چووبووە ناو ریزەکانی کاوە.. بەلأم دواتر لەهەواری بەرزە فڕی ئەندێشەو خەیاڵ‌و واتەکانی ناو کتێبان‌و بڕ بیانوی ئەم لاو ئەولاو، کەم‌و کورییەکانی ناو بزوتنەوەیەکی ژینگە ناهەموارو رێگا دژوار، دوور لە زەمینەی راستەقینە خۆی‌و واقیعینین لەگەڵ تەوژمێك دەچووم دەچووین، یاخود لە (سەرەوە)را بەجۆرێك ناچار دەکراین کە لەسەرەتادا ئەوە مەبەست‌و ئاراستەی‌خوازراوی من‌و ئێمە نەبوو.. ئێمە لەپێناوی رزگاری‌و ئازادی نیشتمان‌و گەل لە مەیدان بووین‌و بەژیان‌و بەگیان بەگژ داگیرکەراندا دەچووینەوەو لەهەمان کاتیشدا لەناوەڕاستی رێگادا هاوڕێیانی سەرەتا لە یەکتری هاوێر دەبووین‌و ئەمبەرو ئەوبەر سەنگەرمان لە یەکتری دەگرت‌و بەئاگرو ناوو ناتۆرە لەدژی یەکتریش دەجەنگاین‌و بەم شێوەیە زاراوەی براکوژیمان دەخستە ناو فەرهەنگی زمان‌و مێژووی نەتەوە.. بۆ درێژەدانیش بەو رێڕەوە دەیان بیانوی بەجێ‌و بێ جێش دەهۆندرایەوەو هەڵدەبەسترا!...

هەر حزبەو تەنیا خۆی دەیویستو بەس.. هەرکەسەو تەنیا حزبەکەی خۆی دەویستو بەس.. هەر حزبە تەنیا بەرنامەکەی خۆی بەڕاست دەزانیو بەس.. هەر حزبەو تەنیا مێژووی خۆی دەنووسیەوەو بەس... تاوای لێهات کە حزب لەمەیدانی خەباتو گیانبازیدا لە (پێناوی گەل)دا ئەرکێکی تریشی کەوتە ئەستۆ، ئەویش ئەرکی قەڵاچۆکردنی حزبەکانی ترو بە عەشیرەت کردنی حزبو بە بنەماڵەکردنی حزبو لێکترازاندنی ریزەکانی گەل!....ئاکام، لەرێگای خەبات سەرەڕای قوربانی کەم وێنەو درێژخایەن لە کاروانی سەرکەوتنیش بەجێ ماینو ماڵ وێرانتریش بووین!...

لەقاوشەکان کەس بۆ کەسی نەدەسەلماندو لەوێش خەباتکردن بە بیرو هۆشی بەستەڵەکیو چوار چێوەی لەقاڵبدراو هەرهێندەی لێ دەهاتەوە بەرو پێش... یەك رێگا...یەك دوژمن...یەك گەل..یەك نیشتمان..یەك رابردوو...یەك چارەنووس..یەك.. یەك..هەموو شتێکمان یەكو خۆشمان دوو دەو دەیان بووین!..

مەحمود شاهێن لەقاوشی ژمارە یازدەوە بەردەوام دەهاتە لامان، هەوڵی دەدا فێری کوردی پەتی ببێو هەمووجار بەمنی دەگوت:

- تۆ من فێری سۆرانی بکەو لەبەرامبەردا منیش تۆ فێری تورکیو کرمانجیو تەمبور لێدان دەکەم، واتە یەك بەسێ!.

م. شاهێن لەوساتەی لەخەو هەڵدەستا هەتا دەنووستەوە نەزمانی دەچووە کالانێو نەدەستی دەوەستان. بۆ پارێزگاری کردن لە خۆی پارێزنامەیەکی درێژو چڕی نووسیبوو، کە لەراستیدا پارێزنامە نەبوو بەڵکو خۆتووش کردن نامە بوو!.. بەهەردووکمان پارێزنامەکەیمان کردبووە کوردییەکی پەتیو سەرەتاکەی بەم شێوەیەی خوارەوە دەستی پێ دەکرد:

بەڕێز سەرۆکی دادگای D.G.M (دادگای ئاسایشی دەوڵەت) دەمەوێت پێتان رابگەیەنم کە ئێوەی تاوانبار هیچ مافێکی یاساییو مرۆڤایەتیو کۆمەڵایەتی





رێگەتان نادات لەسەر کورسی دەسەڵات دابنیشنو بەناوی دادگا ئێوەی بێ گوناهو خاوەن ماف تاوانبار بکەنو سزا بدەن!...

بەڕێزان ئێرە شاری دیاربەکرەو پایتەختی کوردستانە. ئێوەش نەخەڵکی ئەم شارەو نەخەڵکی ئەم وڵاتەن، بەڵکو ئێوە خەڵکی وڵاتێکی ترو داگیرکەری وڵاتی ئێوەن.. ئەگەرچی، ئێستا دەسەڵاتی ئەوەتان هەیە بەیاسا قەرەقۆشیەکانتانو بە پێی ئارەزووو بەرژەوەندییە تایبەتییەکانتان زوڵمو ستەممان لێ بکەن، بەڵام راستییەك هەیە دەبێ بیزانن کە ئێوە تاوانبارنو ئەگەر ئەمڕۆش نەبێ سبەی هەر دەبێ لە ناو ئەم قەفەزەدا بەند بکرێنو ئێمەش لەسەر ئەو کورسیانەی ژێرتان دادەنیشینو بەشێوەیەکی یاساییو دادوەری سزای ئەو هەموو تاوانەتان دەدین کەبە درێژایی مێژوو ئێوەو باووباپیرانتان دەرحەقی گەلی کوردستانتان ئەنجام داوەو ئەیدەن..

بێگومان، دەستەی دادگا گوێی لەوتارێکی بەم زمانە (بڤەیە)و بەو ناوەڕۆکە راستە نەدەگرت، بەڵام بۆ ئەوەی تێبگەنو پارێزنامەکە بخوێننەوە مەحمود دەقی نووسراوەکەشی بەزمانی تورکی دەدایە دەستی سەرۆکی دادگا.

ئەو شێوازە خەباتو بەگژدا چوونەوەیەش دابێکی ناو زیندانی سیاسی دیاربەکر بوو. لەئەرشیفی دادگاشدا هەموو قسەو گوتارو چۆنیەتی بەرگری لەخۆکردن دەنووسرایەوەو هەرکەسێك لەو رێگایەی لادابایە لەلایەن تێکۆشەرانی زیندان بەچاوی سووك سەیر دەکرا. هەڤاڵانی زیندان کێ بەرکێی خەباتو بەرخۆدانیان بوو، هەرکەسەو دەیویست شانازیەکی تر بۆ خۆی زیاد بکاتو هەوڵی دەدا کێرفی ورەو حەماسەتی خۆی بەرزتر نیشان بداو لەپێناوی (بەقارەمان بوونی) مەیدانی خەباتو بەرخۆدانی زیندان دەیان کەس گیانیان بەخشیبوو، دەبەخشی...

سەعات ٨ی بەیانی رۆژێك ئەفسەرێكو هێزێکی گەورەی سەربازیی ئێمەیان لەئیدارەی زیندان وەرگرتەوە، بە ئۆتۆمبێلێکی داخراو بەرەو دادگایان بردین،

دوو زرێپۆش پڕ لە سەرباز تا بەردەمی دادگا یەك لە پێشمانو یەك لە دواوە دەڕۆیشتن. چونكە لەوێ دەسەلأت، دەسەلأتی سەربازیی بوو، كوردستان باری نائاسایىو سەربازیی تیادا پەیڕەو دەكرا. زیندانە سیاسییەكانیش هەمیشە بەهێزی سەربازی لەشارێك بۆ شارێكو لەزیندانێك بۆ زیندانێكی دیو دادگاش دەگوازرانەوە. دادگای ئاسایشی دەوڵەتیش گەرچی لەبەر لامەو لومەی دنیا بەنیمچە مەدەنی خۆی نیشان دەداو تەنیا یەك كەس لەدەستەی دادگا بەجلی سەربازی دادەنیشت، بەلأم سەرۆكی دادگاو داواكاری گشتیو ئەندامانی دەستەكە هەموویان بەجلی مەدەنیو بەناوەڕۆكی سەربازی كاری دادگا عەسكەرییەكەیان ئەنجام دەداو، هەموو بڕیارو ئەحكامەكانی دادگاش سەربازی بێ چەندو چوون بوون.

كە گەیشتینە هۆڵی داگا پارێزەرەكەشمان (حسین تایفون) ئامادە بوو. دوای وەرگرتنی ناونیشان سەرۆكی دادگا گوتی:

- پێویستە داوای ناسنامەتان لە حكومەتی عێراق بكەین.

پارێزەرەكەمان هەڵی دایەو گوتی:

- ئەوانە پێشمەرگەنو سەر بەئۆپۆزیسیۆنی ئێراقین، ئەگەر حكومەتی ئێراق ئاگادار بكرێتەوە كە ئەو پێشمەرگانە لێرە زیندانین ئەوا داوایان دەكاتەوەو لەوێش بێ قەیدو شەرت لەسێدارە دەدرێنو، ئەو كاتیش ئۆباڵی مردنی ئەوانە دەكەوێتە ئەستۆی دەوڵەتی توركیا..

سەرۆكی دادگا گوتی:

- دوای ئەوەی ئێمە ئیجرائاتی خۆمان وەردەگرین لەچارەنووسی ئەوانە بەرپرسیارنین.

سەرۆك رووی لەئێمە كردو گوتی:

- ئێوە خەڵكی كوێن؟.

- ئێراق.





- كارتان چییە؟

- پێشمەرگەین.

- بۆچی هاتنە ناو خاكی دەوڵەتی توركیا؟

- ئێمە نەهاتووین، بەڵكو لەناو خاكی خۆماندا گیراین..

- بەڵگەتان چییە؟

- لەو شوێنەی ئێمەی لێ گیراین هیچ جۆرە نیشانەیەكی دەوڵەتی توریكای لێ نەبوو. بۆراستی مەسەلەكەش دەتوانن كۆمیتەیەك رەوانی شوێنەكە بكەنو ئەوكات ئێوەش دەزانن كە ئێمە نەهاتووینەتە ناو خاكی ئێوە، بەڵكو عەسكەرەكانی ئێوە هاتوونەتە ناو خاكی ئێمە.

- دیارە ئێوە گوێ بەسنوورو منور نادەن، بەلأم سوپای دەوڵەت شارەزاییەو ناتوانێ سنووری دەوڵەتێكی تر ببەزێنێ!.

- بەڵێ دەتوانێ.

- یاسای دەوڵەت رێگای پێ نادا.

- بەلأم بەپێی رێكەوتنێكی نێوان هەردوو دەوڵەتی ئێراقو توركیا سوپای هەردوو ولأت بۆیان هەیە پازدە كیلۆ مەتر بچنە ناو قوولأیی خاكی یەكترییەوە.

- ئەدی بۆچی تەقەتان لەلەشكری توركیا كرد؟.

- ئەوان تەقەیان لەئێمە كردو ئێمە هەر وەلأمیشمان نەدانەوە.

- لەپشكنینی چەكەكانتان دەركەوتووە تەقەتان كردووە.

- بەڵێ دەردەكەوێ، چونكە پێش گیرانمان لەهەمان شوێن لەگەڵ سوپای ئێراق تووشی شەڕبووینو هێشتا چەكەكانمان خاوێن نەكردبووەوە كەتووشی ئەم دەردەسەرییەش هاتینەوە.

- ئەدی بۆچی ماوەی سێ سەعات خۆتان بەدەستەوە نەدا؟.

- تا دڵنیا بووین كە لەشكری توركیایە.

لە دادگای D.G.M دا وشەی كورد لەهێرۆێنو T.N.T قاچاغ تر بووا. بەڵام وشەی پێشمەرگە ئازادبوو. كاری ئەو داگیركەرانە سەیرە لە ئێراق وشەی كورد ئازادەو ناوی پێشمەرگە بڤەیەو خنكاندنی لەسەرە، كەچی لەتوركیا بەپێچەوانەوەیە ناوی كورد قاچاغەو ناوهێنانی وشەی پێشمەرگەش ئازادا.

لەراستیشدا كە ئێمە لەناو خاكی خۆمان (كوردستان) گیرابووین، ئەگەر بڕوایان بكردایە سوێندی شەرەفیشمان دەخوارد كە نەچووینەتە ناو وڵاتی توركان. دادگایی كردنەكەمان بۆ ٢٨ رۆژی تر دواخرایەوەو دواخستنی كاتی بڕیاری دادگاو دووبارە بوونەوەش رێسایەكە دادگاكانی توركیا لەسەری دەڕۆیشتن. دادگا بەبیانوی بەدواداچوونو لێكۆڵینەوە كوڵی دڵی خۆی لەگیراوان دەڕشتو جاری واش هەبوو كە كەسێك حوكم دەدرا دەمێك بوو ئەوكەسە سزاكەی خۆی تەواو كردبووا.

لەقاوشی ئێمە بوایە یان لە یەكێك لەقاوشەكانی تر بەردەوام مێزگردمان دەگێڕاو لەسەر یەك مێز هەموو جۆرە بیرو بۆچوونێك كۆدەبووینەوە. هەر مەسەلەیەكی سیاسی یان فكریش كە دەوروژێنرا مشتو مڕو بۆچوونی جیاوازی لەسەر دروست دەبوو. هەرچەندە نەدەگەیشتینە یەك ئاكام،بەڵام كەشی زیندانیش لەشەڕە قسە بەو لاوە بوارێكی تری تیا نەبوو، تا بە جۆرێكی تر لەبەرامبەر یەكتری هەڵشاخێین. كوردستانی ئێراق داگیركراوە یان..!.. یەكێك بوو لەو مەسەلانەی مشتو مڕی زۆری هەڵدەگرت.

- بەڵێ داگیركراوە.

- نەخێر لكێنراوە.

- لینین دەڵێ: هەر پێوەلكانێك پاش ماوەیەكی دوورودرێژ دەبێتە داگیركراو.

كوردستانی ئێراق گەرچی بەپێی بەرژەوەندییەكانی ئیمپریالیزم لەداڕشتنەوەی نەخشەی نوێی دوای جەنگی جیهانی یەكەم بە ئێراقەوە





لكێنراوەو دەوری عارەب لەم بڕیارە چارەنووس سازەی كورددا كاریگەر نەبووە، بەڵام دوای سەربەخۆ بوونی دەوڵەتی ئێراقو درێژەپێدانی سیاسەتی داگیركاری‌لەلایەن نەتەوەی سەردەستی عارەبەوە هیچ گومانی ئەوەی تێ نەهێشتووە كە نەتەوەی كورد ژێر دەستەیەو عارەبیش باڵادەست...

دەوڵەتی ئێراق نەك داگیركەرە بەڵكو داگیركەرێكی كۆلۆنیالیزمی ئیستیتانی دواكەوتووشە.. ئەوانەو دەیان نموونەو باسی تر.. كە ئەو راستیانە باس دەكران هەردوو هاوڕێ عارەبەكە مووی سەریان راست دەبووەنەوە، رەش هەڵدەگەڕان ئەوان دەیان گوت:

- كوردستان داگیر كراونییە. لەسایەی حكومەتی بەغدا كوردو عارەب وەكو یەك دەچەوسێنرێنەوە، عارەب بەئارەزووی خۆی كوردی ژێر دەستە نەكردووە، كاتێك كوردستان بەشێك بوو لەئێراق، ئێراق دەوڵەت نەبووە.

ئەو بیانووانەیان دەهێنایەوە، چونكە لەبەرنامەی حزبی شیوعیدا كوردستان داگیر كراونەبوو، شیوعییەكانیش بەو بۆچوونە پەروەردە كرابوون. بۆیەنەدەكرا لەچوار چێوەی بەرنەمەكەیان بەدەر راستیەكیش بسەلمێنن!.

مەسەلەیەكی تر كە زۆر باسی لێدەكرا مەسەلەی سۆڤییەت بوو.. ئایا سیستەمەكەی سۆسیالیستە، یا بۆرژوازییە، یا ریفیژنیستە، یان ئیمپریالیستە؟. هەر كەسێك بەپێی بۆچوونو رێبازی حزب یا رێكخراوەكەی خۆی وەڵامی دەدایەوە. هەردوو هاوڕێ شیوعییەكە ئامادەیی ئەوەیان هەبوو لەسەر ئەم مەسەلەیە شەڕە چەقۆش بكەن!. هێوریش كە لەناو ئاڵای شۆڕش سەر بە بەو باڵەبوو كە بە (ئیمپریالیستەكان) ناسرابوو، پێوەری ئەویش بەپێچەوانەی هەردوو هاوڕێ شیوعییەكە رادەی بڕوابوون بوو بە ئیمپریالیەتی سۆڤییەتو دژایەتی كردنیو ئەو كەسانەی بە سۆڤییەتیان دەگوت ئیمپریالیزم لای هێور شۆڕشگێڕترو خۆشەویستتر بوون لەو كەسانەی كە دەیانگوت:

سیستەمی ئابووری سۆڤییەت سەرمایەداری دەوڵەتییە.

هەڵوێستیهێورو هەردوو (هاوڕێیەکە) رێك پێچەوانەی یەکتری بوو، لەسەر ئەو بنچینەیەش (شەیتان) لای هەردووکیان خۆشەویستر بوو لەلایەکەی بەرامبەری. توندڕەویو سەرەڕۆیی هێور گەیشتبووە ئەو رادەیەی جیاوازی لەنێوان پۆلیسێکی شۆڤینیستو تێکۆشەرێکی کۆمۆنیستو دیموکرات خوازێکی تورکو رزگاری خوازێکی کورد نەدەکرد..!

لەو سەرو بەندەشدا یارییەکانی ئۆلۆمپیاتی جیهانی ئەنجام دەدران. ئێمەش لەناو خۆماندا بەپێی بیرو بۆچوونەکانمان هاندەرو لایەنگری تیمەکانی وڵاتان بووین. ئێمە بەبردنەوەی وڵاتە سۆسیالیستەکان زۆر خۆشحاڵو بەدۆڕاندنیشیان نارەحەت دەبووین!. ئەوانەی دژی سۆڤییەتیش بوون دەبوونە لایەنگرو هاندەری ئەمریکا نەك سۆڤییەت!. هێور یەکێك بوو لەو کەسانەی کەپێی وابوو لینینیش هەر هەتا ساڵی ١٩١٠ شۆڕشگێڕ بووەو لەوە بەولاوە بەرەو لادان چووە. هێور بڕوای نەك تەنیا بەخەباتی کرێکاران هەبوو، بەڵکو باسی لەشۆڕشی شۆڕشگێڕانەی کۆمۆنیستە شۆڕشگێڕەکان دەکرد، بۆیە کە تیمێکی ئەمریکی لەیاری بالەدا لەتیمێکی سۆڤییەتی بردەوە لەخۆشیان بە شاگەشکەییەوە هاواری کردو چەپڵەی لێدا!. ئەوانەی تریش ئەگەر بەو رادەیەش توند نەبوون، بەڵام هەرلەو روانگەیەوە سەیری یارییەکانیان دەکرد!... هێور دەیگوت:

- ئیمپریالیزمی سۆڤییەت لەئەمریکا خەتەرترە چونکە ئەمریکا دیارو ئاشکرایە، بەڵام سۆڤییەت لەژێر بەرگی سۆسیالیزمدا کاری خۆی دەکات.

توندڕەویو سەرەڕۆیی چەپ لەناو بزوتنەوەی رزگاریخوازیی نیشتمانیو نەتەوییدا لەبرەو سەندندا بوو. ئێمەی ئەندامو پێشمەرگەو کادیرەکانی شۆڕش هێند بەرەو خوردکردنەوەی سەرەتا مارکسییەکان دەچووینو هێندە توند خۆمان بەگۆتەو مقولە فەلسەفیو شۆڕشگێڕییەکانی مارکسیزم-





لینینزم دەبەستایەوە کێشە سەرەکییە -کەمان بایەخی ئەوتۆی لامان نەمابوو، بگرە بەرەو فەرامۆش کردنیش دەچوو. لەوکاتەداو هەر بەو بۆنەیەوە سەرەڕۆییو شێوەی بیرکردنەوەی هەڤاڵێکی ترم هاتەوە یادو ئەویش بەهۆی هێور هاتەوە ناو بازنەی یادەوەریو باسکردن...

بەهار بوو، لەبەری گارێ بووین.. لەگەرمەی یارییەکانی تۆپی پێی نێوان سوریاو ئێراقدا یەکێك لەهەڤاڵە توندڕەوەکان لایەنگری تیمی تۆپی پێی ئێراق بوو. ئێمەش بەپێچەوانەوە حەزمان دەکرد حکومەتی ئێراق لەهەموو شتێکدا بدۆڕێنێو ژێرکەوێ. چونکە حکومەتی ئێراق هەموو مەسەلەیەکی دەخستە خزمەتی دەسەڵاتی خۆیو لەسەر بچووکترین دەرفەتیش بازی نەدەداو فەلسەفەیەکی نوێی داهێنابوو پێی دەگوت گیانی سەرکەوتن (روح النصر) روحەکە دەبوو بەهەموو شێوەیەك هەوڵی پاراستنی بدرێو (هەموو شتێکی لەپێناو)دا بکرێ جا ئەو شتە بچووك بێ یان گەورە، دەبوو لەپێناوی سەرکەوتندا بێ، قڕکردنی گەلێکی وەك کورد بێ یان، بە قسەی موئەید بەدری ناو هێنانی یاری زانێکی تۆپی پێ بێ بە (مقاتل شجاع) ئێمە ناحەق نەبووین کە حەز بکەین تیمی ئێراقی بدۆڕێ، کەچی دلێر دەیگوت:

- ئێراق بەهەموو جۆرێکەوە هەر نیشتمانەو ناکرێ لەگەڵ وڵاتێکی دی بەراورد بکەین!..

زۆرم لەگەڵیدا هەوڵدا نەیسەلماند، بۆیە ویستم حەقیقەتی دەروونی دلێر ئاشکرا بکەمو بۆ هەڤاڵانی تری بە دەرخەم کە تا چ رادەیەك بڕوای بەنیشتمانی ئێراق هەیەو تا چ رادەیەکیش گەلی ئێراق بەگەلی خۆی دەزانێ؟ لێی دوورکەوتمەوەو لەگەڵ هەڤاڵ زرار رێککەوتین دوای پێنج دەقیقە هەڤاڵ زرار بەشێوەی مژدە بە دلێر بڵێ ئێران شەش موشەکی زەمین بەزەمینیلەبەغدا داوەو هەزار کەسی کوشتووەو (شارع رشید)ی وێران کردووە.

- کاتێ هەڤاڵ زرار بەدلێری گوت:
- هەڤاڵ دلێر مژدەیەکم هەیە، بەڵام مژدانەم دەوێ.
- بڵێ بەسەرچاو.
- ئاخر مژدەکە زۆر گەورەیە.

دلێر لەخۆشی مژدەیەکی چاوەڕوان نەکراو دەمی لێك دەکردەوەو، بەتامەزرۆی چاوەڕوانی ئەو هەواڵە خۆشەی دەکرد هەڤاڵ زرار پێی گوت:
- شەش موشەکی زەمین بەزەمین بەر (شارع الرشید) کەوتوون....

دلێر هاواری کردو گوتی:
- دەستیان خۆش، خۆش حاڵ بووم.

راستی بیرو دەروونی دلێر ئەوەبوو، بۆیە نەیتوانی بیشارێتەوەو، لێرەدا ئێمە لێمان لەهەڵاداو دلێر تێکەوت.. هێوریش گەنجێکی تێکۆشەرو پێشمەرگەیەکی ئازا بوو، لەپێناوی گەلەکەیدا چەکی پێشمەرگایەتی کردبووە شان، بەڵام دروشمی تری بەرزکردبوونەوەو بە هەوایەکی خەیاڵیی درێژەی بەو خەباتە سەختو دژوارە دەدا. لە بنچینەدا لەدژی ستەمی داگیرکەرانو لەپێناوی کێشە سەرەکییەکەی گەلەکەی دابوویە ئەو شاخانە، بەڵام ئەویش بەکەفو کولی هەندێ دروشمی هاوردەی سەردەمو خەیاڵیی دنە دنەی خەباتی خۆی دەدا...

شێوازی ژیانمان لەناو زیندان بارێکی رۆتینی رەخساند. بەیانیان زوو سایم (ژماردن)و تێشت خواردن (وەك کرمانجی دەڵێن)و دابەزین بۆ ناو ئەو حەوشە بچووکەی تەنیا لەڕووی ئاسمان کراوە بوو، تێکەڵ بوون لەگەڵ زیندانیانی قاوشی ژمارە ٢٧، فراوین خواردنو دووبارە دابەزینەوە ناو حەوشەکە تاکو سەعات ٦ی ئێوارە.. بەم شێوەیە زۆربەی سەعاتەکانی رۆژمان لەناو حەوشەکەدا بەسەر دەبردو، جگەلەوەی لە حەوشەکەدا پیاسەمان دەکرد وەك برادەران دەیانگوت: (ڤۆڵتمان داویشتن) تۆڕێکی بالەشی لێ بوو،





ئێواران بالەممان دەکرد. بەڵام بەشەو بەدیار تەلەفزیۆنەوە دادەنیشتین، یاخود دوو دووو سێ سێ بەیەکەوە باسمان لەرابردووو داهاتوو دەکردەوە. رۆژانی سەردانی ناو زیندان میوانمان دەهاتن، یان ئێمە دەچووینە میوانداریو هەموو لایەکیش لەمیوانەکان یا خانەخوێکان رێزی زۆریان دەگرتین...

لەزیندانەکەدا چەندین کەس هەبوون وەك حاجی زەکی، حاجی مەلیح، مەحمود، خاڵ عومەر، ئەنوەر...بەتۆمەتی بازرگانی تلیاك گیرابوون. ئەوانە هەم دەوڵەمەندو هەم نیشتمان پەروەر بوونو سەرەڕای پیشەکەیان پەیوەندیان لەگەڵ تێکۆشەرانی ناو زیندان زۆر خۆش بوو. ئەوانە لەقاوشێکی تایبەتو ژیانێکی خۆشتریان بەسەر دەبرد. کاك مەحمود هەرچەندە حوکمی بەسەردا درابوو، بەڵام ئومێدی هەبوو ئازاد بکرێ..ئەو دەیگوت:
- لەتورکیا هەموو شتێك بەپارە دەکرێو منیش پارەم ناردۆتە ئەنقەرە بڕیارەکە بگۆڕێ!.

لەقاوشی ژێرەوەی قاوشەکەی ئێمە چەند کەسێك هەبوون.. ئەوانە هەرگیز تێکەڵی ئێمە نەدەکرانو نەدەهاتنە ناو حەشەکەش. ئەوانە لە ناو زیندانییە تێکۆشەرەکان بەفاشیستەکان ناسرابوون.. ئەوانە لە تورکە توندڕەوەکان بوونو لەسەر تاوانی گەورە گیرابوون. بەدرەدین ئاڵتون ناوە ناوە دەیکردە رەپە رەپو بەهەردو قاچەکانیسەربانی ئەوانی دەکوتا، هەر بۆ ئەوەی وەڕسیان بکات. ئیدارەی زیندان لەترسی هەڕەشەو دەست وەشاندنی نێکۆشەران ئەو فاشیستانەیان جیا کردبوونەوە!.

وا رێك دەکەوت چەند جارێك لەسەر یەکتری ئەبو نادیە کە لە تەوالیتو دەستشۆر دەهاتە دەرەوە بەدرەدین چاوەڕێی چوونە ژووری دەکردو هەموو جارێکیش ئەبو نادیە دەرکەی دەکردەوەو دەیگوت:
- کەرەمکە سەیدا بەدرەدین!.

ئەو (کەرەمکە)یە نەجارێكو نە دوان..ڕۆژێك بەدرەدین تووڕەبوو دەرکەی کردەوەو گوتی:

- دە تۆش فەرموو (کەرەمکە) بەشی باوکیشت فەرموو سەیدا محەمەد تاهیر!..

لەو ڕۆژەوە ئەبو نادیە ئەو پێشوازیە گەرمەی بەدرەدینی دووبارە نەکردەوە..

ئەوکات ئەحمەد قایماغمان لابوو بەو هەڵوێستە زۆر پێکەنیو دەیگوت:

- ئەگەر ئێوە وابکەن من هەموو ڕۆژێك دیمەوە میوانداریتان.

ئەحمەد قایماغ گەنجێکی ڕووناکبیرو تێکۆشەرو هێمنو خەڵکی شاری دیار بەکر بوو. چەند جارێك هاتە لامانو برادەرایەتیمان زۆر گەرمو توندو تۆڵ بوو.. هەرچەند هەریەکەمان لەقاوشێکی جیا بووین، بەڵام حەفتەی دووجار یەکتریمان هەردەدیو بەهۆی ئەویشەوە توانیم پەیوەندی بە کەسو کارەکانمەوە بکەم.

ڕۆژی جەژن هات..جەژنانیش ڕۆژی دیداری زیندانیانو کەسو کاریان بوو..بەیانی ڕۆژی جەژن هەڤاڵان زۆر دڵخۆش بوون.. دڵخۆش بوون بەوەی دەیانتوانی لەنزیکەوە لەگەڵ خۆشەویستانیان دابنیشنو دوای چەندین ساڵ زیندانیو دوورکەوتنەوە لەسەر یەك سفرە نانێکی نیوەڕۆ بخۆنو تەوقە لەگەڵ یەکتری بکەنو یەکتری ماچ بکەن.. دیداری لەم جۆرەش تەنیا لەجەژنە ئایینیو نیشتمانییەکانەوە دەرەخسێندرا.. هەرکە دەمو چاوی هەڤاڵانم دەدی زەردەخەنەیان لێ دەباری بیرم لە جەژنانی سەردەمی منداڵی خۆم دەکردەوە..بە ڕاستی تامی ئەو جەژنە بۆ هەڤاڵان لەتامی جەژنی سەردەمی منداڵی خۆشترو ماناکەشی گەورەتربوو.. ئەوە جەژنی قوربانە..ئەدی گەلۆ جەژنی ڕەمەزانی ڕابردوو لەکوێ بووم..؟..

لەگەڵ دەستەیەکی پێشمەرگەو هەڤاڵ زراری هاوڕێم لەناوچەی بارزان بووینو پێمان وابوو ئەو ڕۆژە جەژنەو لەگوندی شرێ چووینە ماڵێك زۆر





بەگرانی خواردنی نیوەڕۆیان بۆ هێناین.. لەبەر ئەوەی خواردنەکە زۆر خراپ بوو، هەڤاڵ زرار گوتی:

- ئێوە بەم جەژنەش هەر ئەو خواردنە دەخۆن؟

خاوەن ماڵ وەڵامی دایەوەو گوتی:

- نەخێر، بەڵام ئێمەی بەرۆژوو ناتوانین خواردنی چاك بۆ ئێوەی بێ ڕۆژوو ئامادە بکەینو گوناحیشە..

- کەواتە ببوورن بڕواتان هەبێ وامان زانیوە ئەمڕۆ جەژنە..

بەهەرحاڵ، جەژن نەبوو..بەیانی چووینە گوندی ئالکانو لەوێش بۆ نیوەڕۆ خواردنێکی خراپیان هێناو ئێمەش بەزیادمان کرد..بووبە باسی جەژنو ڕۆژی جەژن خاوەن ماڵەکە گوتی:

-ۆزگە دوێنێ دەهاتن، چونکە جەژن بوو، خواردنی باشمان هەبوو..

-دوێنێ ئێمە لەشرێ بووینو ئەوان بەرۆژوو بوون.

-بەڵێ ڕاستە، ئێمە ڕۆژێك پێش ئەوان ڕەمەزانمان دەست پێ کرد!..

بەم شێوەیە بیرم لەجەژنی لەدەست چووی ڕابردوو دەکردەوە.. لەگەڵ ئەوەشدا جیاوازی نێوان ئەم جەژنو ئەو جەژن ماوە نێوان زیندانو ئازاد بوو.. کەسو کاری زیندانیان هاتن..هەڤاڵان بۆ دڵنەوایی ئێمە ئاگاداریان کردنەوە کە بێنە لامانو یەکتری بناسینو خولقو خووی خۆان بدەنێ.. کەسیان درێغیان نەکردو زۆر بە میهرەبانی لەگەڵماندا دەجووڵانەوەو ئەو میهرەبانیو سۆزەی ئەوان هێندەی تر کانیسۆزو غوربەتی منیان تەقاندەوەو نەم توانی لە شوێنێکی لابەلا بۆ ڕابردوو نەگریمو کوڵی دڵم نەرێژم.. کەسو کارەکان هەموو جۆرە خواردنێکیان هێنابوو.. لەقاوشەکانی تریش خواردنی جۆراوجۆریان بۆ ئێمە دەناردو بۆنو بەرامەی خواردنەکان ناو زیندانیان پڕکردبوو.. نیوەڕۆ لەگەڵ هەندێ لەمیوانەکان لەسەر خواردن بووین، قاچی

قەلێك سەرنجە ڕووبەڕووەكانی ئاوەژوو كردمەوەو بەرەو بیرەوەرییەكی پەلكێش كردمەوە...

- ئەبو عەبباس..گۆشتەكەی ئێمە كوا؟

- گۆشتی چی؟

- گۆشتی ئەو ئێسكە قەلانە؟

- نازانم..

- ئەدی تۆ ئەو خواردنەت بۆ من لەكەس‌و كارەكەم وەرنەگرت؟

- بەڵێ..

- ئەدی چۆن هەر ئێسك ماوە؟

- ئا دەزانم بۆ.. تۆ لەسەر سیاسەت گیراوی‌و ویستووتە دژی حكومەتی شۆڕش‌و حزب كاری خراپ بكەیت‌و لەئاكامدا گیرای.. بزانە ماڵەوەشتان بەو گیرانەت نیگەران نین وەك سەگ تەنیا ئێسكیان بەشایانی تۆ زانیوەو ئەوان بۆ ئەوە وایان كردووە تا تێبگەیت كە لای ئەوانیش ریسوا كراوی!...

- من هیچم نەكردووە تا لەسەری بگیرێم‌و باشیش دەزانم ئێوە گۆشتەكەاتن خواردووە...

- دە تۆش ئێسك بخۆ؟..

بەم شێوەیە بیرم لەو جەژنە دەكردەوە كە لەگەڵ ئەو برادەری بە دەردی ئەو چووبووم لە یزندان بەیەكەوە بووین‌و (دائیرەی ئەمنی هەولێر) بڕیاری دابوو بەبۆنەی جەژن خواردنی كەس‌و كاری گیراوان وەربگرێ‌و بۆزیندانیان بێنێتە ژوورەوە..

میوانەكان پرسیاری ئەندێشەو ڕووچوونەكانی منیان كردو منیش راستی مەسەلەكەم بۆ گێڕانەوەو ئەوانیش گوتیان:

- كەواتە دوژمنانی كورد لەهەموو جێگەیەك هەروەكو یەكن.





بەدرەدین كوڕێكی بچووكی هاتبووە لا ئازادی ناو بوو، بەلاّم بە نووسین ئەرزنجان بوو، چونكە لەتوركیا هەموو جۆرە ناوێكی كوردی یاساغ (قەدەغە) بوو..ئازاد زۆر هەوڵیدا شەوێك لای باوكی بمێنێتەوە، بەلاّم زیندانەوەنەكان رێگەیان نەداو لە ماڵئاواییدا باوكی پێی گوت:

- كوڕم ئازاد غەمت نەبێت ئەگەر من زوو نەگەڕێمەوە لای تۆ ئەوا بێگومان تۆش دێیتە لای باوكی خۆت..." ڕۆژی گیرانی تۆش دێت".

بەم شێوەیە ڕۆژی جەژنمان بەهەموو خۆشی‌و ناخۆشییەكانیەوە بەڕێ كرد....

مەسەلەی راوەستانی شەڕی ئێراق — ئێران هاتە ئارا، تێكۆشەرانی زیندان زۆر پرسیاری ئەوەیان دەكرد ئاخۆ ئەگەر شەڕەكە بوەستێ بزوتنەوەی رزگاریخوازی كوردستانی باشوورو گەلی كوردستانیش چیان بەسەردێ؟...

ئەو كات دروشمی زۆربەی حزب‌و رێكخراوە كوردستانی‌و ئێراقییەكان راوەستانی دەست بەجێی شەڕەكە بوو..ئێمەش لەو روانگەیەوە وەلاّممان دەدانەوە..هەندێ لەهەڤالاّن بەو وەلاّمە پەست دەبوون‌و دەیانگوت:

- ئەگەر شەڕ راوەستێ رژێمی ئێراق خراپ بەسەر كورد دێنێ..

ئەو هەڤالاّنە راستیان دەكرد، بەلاّم خۆ نەهەڵگیرسانی شەڕەكەو نە درێژە پێدانی‌و نەڕاوەستانی بەدەست‌و ویستی گەلی كوردستان‌و حزب‌و رێكخراوەكانیشی نەبوو.. هەردوو هاوڕێ عارەبەكە لەناخەوە حەزیان بەوەستانی شەڕەكە دەكردو هەموو جارێ دەیانگوت:

- ئاشی ئەو شەڕە بەخوێن‌و گۆشتی گەلی ئێراق دەگەڕێ..چەندی زوو بوەستێ خوێنی كەمتر دەرژێ...

هەندێ لەتێكۆشەرانی سەر بە رزگاری، كاوە، كوك‌و پێشەنگ ئەوەیان نەدەشاردەوە كە ئاشەكە بەهەر چییەك بگەڕێ بۆ گەلی كوردستان باشترە نەوەستێ...

ئەبو مەحمودو ئەبو نادیە بەو بۆچوونە تووڕە دەبوونو دەیانگوت:
- ئێوە وردە بورژوازی بەر چاوتەنگی نەتەوە پەرستن..لەو بەینەدا منیش دەچوومە ناو باسەکەو بەهەردوو هاوڕێکەم دەگوت:
- هاوڕێیان ئێوە بەو بۆچوونە پەست مەبن، چونکە خۆتان دەزانن گەلی کوردستان مەترسی فڕکردنی لەسەرەو هەرکاتێ حکومەتی بەغدا دەستی بەتاڵ بێ ئەوا بێگومان درێغی ناکاتو رەنگە بۆشی بچێتە سەر..ئێوە بەچاوی خۆتان کیمیا بارانکردنو ئەنفالتان دیووە..
- نا ئێوە وردە بۆرژوازینو هەر بەلای نەتەوەدا دەشکێنەوە، هاوڕێ شەڕ لە بەرژەوەندی کەس نییەو حەق نییە ئێوە بەو شێوە تەنیا بیر لە کورد دەکەنەوەو بیر لە گەلی ئێراق بەتێکڕایی ناکەنەوە....
- دەباشە ئێمە واین، ئێوە تەنیا بیر لەعارەب مەکەنەوەو ئەو مەترسیانەش لەبەر چاو بگرن کەدوای وەستانی شەڕ روو بەڕووی کورد دەبێتەوە؟...
- دوای راوەستانی شەڕ رژێمی ئێراق ڕووبەڕووی زۆر تەنگژە دەبێتەوەو ئەوکات گەلی ئێراقیش بۆ رووخاندنی ئەو رژێمە دەستی بەتاڵ دەبێو...
وەکو گوتم نەوەستانو نە نەوەستانی شەڕەکە بەدەستو ویستی ئێمە نەبوو، بەڵام حەزکردن لەو مەسەلەیە لەروانگەی جیاوازەوە بوو..بۆ ئێمەش تەنیا دەردە دڵ بوو، دەنا ماوەی هەشت ساڵی شەڕەکە لە ماڵ وێرانی زیاتر بۆ ئێمەش هیچ سوودێکی تری لێ نەهاتە بەر...
حزبی شیوعی هەرچەندە داوای دەست بەجێ راگرتنی شەڕی نێوان هەردوو وڵاتی دەکرد، بەڵام بەو دروشمەو داوایە نەیتوانی کۆمەڵانی خەڵکی ئێراق بجووڵێنیو وایان لێ بکات لانی کەم چیتر نەبنە ئاوی ئاشو مەنگەنەی شەڕەکەو لەدژی جەنگ رایان پەڕێنێ.





هاوڕێیانیش بەدڵێش بووبێ لەگەڵ بەرژەوەندی گەلی عارەب بوون، بەڵام بۆ ئێمەیان بەتۆمەتو تاوان دەزانی کەپێشتر بیر لەنەتەوەو وڵاتی خۆمان بکەینەوە!..
هەواڵی راوەستانی شەڕ ڕاگەیەنرا..ئێمە لەناوەوە هەستمان بەو مەترسیانەی ڕووبەڕووی هێزی پێشمەرگەو گەلی کوردستان دەبوونەوە لەبەرچاوبوو..هەندێ لە توندڕەوەکانی (p.k.k) بەوەستانی شەڕەکە دڵخۆش بوون..دڵخۆش بوون نەك لەبەرئەوەی ئەو شەڕە ماڵوێرانکەرە دەوەستێو ئەو دیاردە ترسناکە کۆتایی دێ، بەڵکو بۆ ئەوەی حزبو رێکراوەکانی کوردستانی باشوور ڕووبەڕووی شکست ببنەوە، چونکە ئەوان لەلایەك خۆیان بەحزبی پلە یەكو تاقە رزگارکەری کوردستان دەزانیو لەلایەکی دی هەم هیچ بایەخو گرنگیان بۆ هەموو حزبەکانی کوردستانی باشوور دانەدەناو لەگەڵ پارتیو شیوعیش لەشەڕدا بوونو ئەوان پێیان وابوو گرەوی هەموو حزبەکانی کوردستانی باشوور لەسەر شەڕەکەیە، کە لەبنچینەدا ئەوە نەبوو، ئەگەر دوای ئەوە شکستەکەش بوو بێگومان بەهۆی ئەو چەكو تەکنیکە بوو کەرژێمی ئێراق لەدژی هێزی پێشمەرگەو گەلی کوردستانی بەکاردەهێنا...
ئەنفالی بادینان دەستی پێکرد..دەزگاکانی راگەیاندنی تورك زۆر بایەخیان بەو هەڵمەتە ئەنفالەی بادینان دەدا چونکە: لەلایەك ناوچەکە نزیکی تورکیا بوو، لەلایەکی دیکەشەوە دوای راوەستانی شەڕەکە هێرشو پەلامەکانی رژێمی ئێراق بۆ سەر ناوچە ڕزگارکراوەکانی بادینان ماناو گرنگێکی تری هەبوو.. دوژمن لەوێش گازی کیمیاوی بەکارهێنایەوەو بەپێی نەخشەیەکی سەربازی زۆر گەورەو تۆڕ ئاسا ناوچەکەی گەمارۆداو لەئاسمانیش بەگازی خەردەلو سیانیدو هەموو جۆرە بۆمبایەك ئامادەبوو.. تەلەفزیۆنی تورك رۆژانە وێنەی کارەساتو هەواڵەکانی ئەنفالیبڵاودەکردەوە..لێشاوی پەنابەران گەیشتە سنوورەکانی تورکیاو چاوی کامیراکان نزیکتر بوونەوە..لەوێ لەژووری

زيندان بەچاوى خۆمان ئەو كارەساتە گەورەيەمان دەدى كە ئەگەر بەهۆى گيران نەبووايە دەبوو ئێمەش لەناوى بين...بەڵام ئازارو خۆخواردنەوەى ئێمە لە سەيركردنى ئەو فيلمە تراژيدياية زۆر گەورەترو كاريگەرتر بوو لەوەى خۆمان لەناو ئازارو مەينەتييەكانى باين، بەراستى بۆ ئێمەى زيندانى كارەساتەكە زۆر گەورەتر بوو..شەوو رۆژ بيرمان دەكردەوەو بەديار رێپۆرتاژە تەلەفزيۆنييەكانى تورك هەر ئاخمان هەڵدەكێشاو فرمێسكمان دەڕشتن... مەسەلەى بەكارهێنانى گازى كيمياوى لەلايەن رژێمى بەغدا باسو خواسى كەناڵەكانى ڕاگەياندن بوو.. ئەو شەوەى ڕاديۆى موسكۆ رايگەياند كە دكتۆرەكانى سۆڤييەت دەڵێن:

- بەڵگەى بەكارهێنانى گازى كيمياوى لەبەر دەست دانييەو نەسەلمێنراوە كە ئەو گازە دژى پەنابەرە كوردەكان بەكار هاتبێ!.

زۆر نيگەران بووين، چونكە دڵنيابووين موسكۆ بۆ بەرژەوەندى تايبەتى خۆى درۆ دەكاتو ئەو مۆسكۆيەى كەدەبوو پشتيوانى گەلى كوردستانو بزوتنەوە رزگاريخوازەكەى بێ..بەڵام بەپێچەوانەوە دژى گەلەكەو پشتيوانى دەسەڵاتە داگيركەرە ديكتاتۆرەكەى بەغدا هەڵوێستى نواندو لەوێش هەردوو هاوڕێ شيوعييەكەو شيوعييەكانى توركياش بيانويان بۆ موسكۆ دەهۆندەوەو دەيانگوت:

- موسكۆ هەڵە ناكاتو ئەوان باشتر راستييەكە دەزانن، بەڵام لە دژى هەڵوێستى رۆژئاوا وا دەكات، دەنا خۆ ناكرێ سۆڤييەت دژى حيزبى شيوعى عێراقو گەلى كوردستان بێو ئەم هەڵوێستەش بێ حيكمەت نييەو ئەو باشتر دەزانێ...؟

بەهەرحاڵ ئەو بيانوانەو دەيانى تريان دەهۆندەوەو ئەو تێكۆشەرانەى دژى سۆڤێتيش بوون داشيان سوارو ئەسپيان تاو دراو بوو.. دەچوونە سەر سەرو گوێلاكى كۆمۆنيستو سۆڤييەت چييەكانو دەيانگوت:





- سەيركەن هەڵوێستى نادروستو بەرژەوەند پەرستى سۆڤێت چۆنە...؟

نە بەشيعر، نەبە پەخشان، نەبە چيرۆك، نە بەگريانو نە بەفرمێسك باراندن نەمدەتوانى هەستى وروژاوى خۆم دەرببڕمو هەميشە بەديار تەلەفزيۆنەوە هەواڵ بەهەواڵ، وێنە بە وێنە، هەڵوێست بە هەڵوێست، باس بەباسى ڕووداوەكانى دوا ئەنفالم لە تابلۆيەكى رەشى چێڕنيكا ئاساى كوردستانم دەهاتە بيرو بەرچاو..چ سەردەمێك بوو..؟ لەدووتوێى رۆژژمێرە رۆژە سەختەكانى زيندانى زەمەنى ئەنفالدا نووسيوومە:

لەگەرمە گەرمەى ئەنفالو قڕانكردنى گەلى كوردستان هەردوو نەيارە زەبەلاحى سۆڤييەتو ئەمريكا بۆ دەربازكردنى دوو نەهەنگى گيرخواردوو لەدەرياى بەستەڵەكى باكووردا رێك دەكەونو هاوكارى دەكەن!.. بەڵام، لەبەرامبەر قڕكردنى مليۆنان مرۆڤو خاپووركردنى وڵاتێكى هەزاران ساڵ ئاوەدان نوقەيان لەخۆيان بڕيوەو بەدرۆ نەبێ بە دەنگ ناهێن.. ئەوەيە سەردەمى بەرژەوەندييەكان ئەى ويژدانى سڕبووى مرۆڤايەتى، ئەرێ ئێمە هاوار بۆ كێو بۆ كوێ بەرين؟...

دەڵێن: دواى ئاشبەتاڵى ١٩٧٥ سۆڤييەتييەكان دەيانگوت:

- كورد پشتى بە ئيمپرياليزم بەست، بۆيە ئاش بەتاڵى پێ كرا.. ئيمپرياليزم هەميشە دژى گەلانى ژێردەستەو بزوتنەوەى رزگارى خوازەيى نيشتمانييەو سەركردايەتى كورد هەڵەى كردو باجى هەڵەكانيشى گەلى كوردستان داى...ئەم قسانەو زۆرى تر...

بۆيە لە سەرهەڵدانەوەى بزوتنەوەى رزگاريخوازى گەلى كوردستان ئەمجارە زۆربەى حزبو رێكخراوەكانى سۆڤييەتيان كردە قيبلەنماو بە پشتيوانى خۆيان دايە قەلەمو لەگەڵ حزبى شيوعيش كەوتنە سازش هەرنا بۆ ئەوەى لاى سۆڤييەت شەفاعەتيان بۆ بكاتو..ئەدى چۆن خۆ جارێكى تر كورد هەڵەناكاتو هەردەبێ لەجوگەى بزوتنەوەى رزگاريخوازى نيشتمانييەوە

بەتیۆرێکی شۆڕشگێڕانە لەڕووباری شۆڕشی جیهان بکاتەوە.. ئەو شۆڕشەی لەکامپی سۆسیالیستیو بزوتنەوەی کرێکارانی جیهانی سەرمایەداریو بزوتنەوەی رزگاریخوازی گەلانی ژێردەستە پێك هاتبوو...!. کەچی ئەمجارە سۆڤییەت راشکاوانە نەکهەردژی بزوتنەوەی رزگاریخوازی نەتەوەیەكو بزوتنەوەی پێشکەوتوخوازی دیموکراسی ولاتێك بوو، بەڵکو لەبەرامبەر قڕانکردنی حزبی شیوعیش بەگازی کیمیاوی هەڵوێستی نا جوامێرانەی نواند!..ئەو هەڵوێستەی سۆڤییەت دڵی ئێمەو هەزاران کوردو تێکۆشەرانی شکاندو هەزاران لاوی تێکۆشەری هەناسە سارد کردەوە...

لەگەرمەی ئەو هەل‌ومەرجەو ئەو باسە گەرمانەی ناو زیندان رۆژێك لەتەلەفزیۆن ئارامی برا بچووکی خۆم لەئۆردیگای پەنا بەرانی گەڤەڕ بەرچاو کەوت!.. بەلامەوە سەیربوو.. هەندێ جار بەراستم دەزانیو هەندێ جاریش لێم دەبووە گومانو دەمگوت:

- باشە بەو برایەم بۆچی کەوتۆتە ئێرە.. تۆبڵێی خەڵکی کوردستان چییان بەسەر هاتبێ..دەمزانی دوو برای بچووکترم لە زیندانەکانی بەعسنو ئەو برایەشم لەپشتی چاوی سیخوڕەکانی بەغدا لەهەولێر خوێندکارێکی قۆناغی ئامادەییەو.. ئەدی ئەو بۆ گەیشتۆتە گەڤەڕ..؟ بەم شێوەیە لەخۆم دەپرسییەوەو کەسێکی تریش نەبوو وەڵامم بداتەوە...

لەوان رۆژان بەیانییەك بەرەو دادگایان بردینەوە.. لە ژووری چاوەڕوانی زیندان بووین (تاکو زرێپۆشو ئۆتۆمبێل ئامادە دەکرێن)، بۆئەوەی لەزیندانەوە بمانگەیەننە دادگا.. یوسف ناوێکی سەر بە (p.k.k)یو خەڵکی گوندی (گرێ سیرا)ش لەژوورەکە بوو..جارێ هەر زوو گوتی:

- ها..هەڤاڵ ئاراس ئەمجارەش ئاشبەتاڵ...!.

- نەخێر، رەنگە ئەوە شکست بێ بەلام ئاشبەتاڵ نییە...





- نا.. ئاشبەتاڵەو ئێوەی بەکرێگیراوی ئەم ولات ئەو ولاتیش هەر بۆ ئەو چارەنووسە باشن.!..

- ئاخر ئێمە بەکرێگیراونینو حەڤیش نییە بەشکستی گەلەکەت کەیفت خۆش بێ..

- گەلەکەم، ئێمە رزگاری دەکەینو خەمی گەلتان نەبێ!...

- راست دەکەی بۆیە ١٨ کەست هێناوەتە زیندانو ئیعترافت لە سەریان کردەوە...

یوسف بەو وەڵامە ئاوێکی ساردی پیاکراو زۆر نیگەران بوو، چونکە لەو بڕوایە نەبوو ئێمە زانیومانە ئەو لەکاتی لێکۆڵینەوەدا زۆر ترسنۆك بووەو نەك هەر هەڤاڵەکانی خۆی راپێچی زیندان کردووە، بگرە تۆمەتی بەهەندێ خەڵکی بێ خەبەریش کردووە...یوسف وازی لەم باسە هێناو ئەمجارەش گوتی:

- ئێوە رۆژنامەی جەمهوریەتی ئەمڕۆتان خوێندۆتەوە؟

- نەخێر..

- جەمهوریەت نووسیویەتی تورکیاو ئێراق چەند پێشمەرگەیەك بەچەند سەد بەرمیل نەوتێك دەگۆڕنەوە!.

سەرەتا ئێمە وامان زانی هەر لەجاڕسی وا دەکاتو دەیەوێ ئێمە وەڕس بکات، بەلام لەدواییدا بۆمان دەرکەوت نووسینەکە راستە..جگە لەوەش هەمان رۆژ هەلیکۆپتەرێکی ئێراقی هاتبووە دیاربەکرو هەواڵی وا هەبوو وەفدێکی (مخابرات)ی ئێراقی تیادایە.. بەهەرحاڵ راستی ئەو هەواڵەو جێبەجێ بوونیشی مەسەلەیکی چاوەڕوانکراو هەمیشە لەپێش چاو بوو...

سواری ئۆتۆمبێلێکی داخراویان کردینو وەکو جاران زرێپۆشێك کەوتە پێشمانو یەکێکیش کەوتە دوامانەوەو.. باژۆ بەرەو D.G.M.

ئەو رۆژە جگە لەئێمە چەندین كەسی تریش نۆرەی ئامادەبوونیان بوو لەبەردەم دادگا..یەكێك لەوانە مەحمود شاهێن بوو، ئێمەیان زووتر بردە بەردەم دادگاو سەرۆكی دادگا دیسان هەندێ پرسیاری ڕۆتینی كردەوەو گوتی:

- لەبەرئەوەی ئەو زانیارییانەی ئێمە لەئێراقمان خواستووە هێشتا بەدەستمان نەگەیشتووە، بۆیە رۆژی دادگایی كردنەكەتان بۆ ماوەیەكی تر دوا دەخەین...

ئەوەی پێویست بوو بیلێین ئاووقات (پارێزەر)ەكەمان حوسێن تایفون پێی راگەیاندن.. ئێمەیان بردەوە ڤاتی یەكەمی باڵەخانەی دادگاو ئەو جارە نۆرەی مەحمود شاهێن هات، مەحمود شاهێن گوتی:

- وەمێزەكەن ئەزێ ئیرۆ شەرەكێ ب فاشستان ڕاچێكەم..مەحمود شاهێن پارێز (خۆتوش كردن) نامە كوردییەكەی بەدەستەوە بوو، دەیگوت:

لەسەریشم بدەن ئەمرۆ بەتوركی وەڵامیان نادەمەوە. چووە بەردەم دادگاو جارێ هەر زوو داوای وەرگێڕێكی (مترجم) كردو سەرۆكی دادگا پێی گوت:

- تۆ خەڵكی توركیای وەرگێرت ناوێ.

- بەڵێ، دەمەوێ چونكە من تورك نیم.

- تۆ توركی باش دەزانیو ئەوەش بزانە لەمن توركتری!.

- نەخێر، تورك نیمو وەرگێرم دەوێ.

- تۆ وەرگێڕی زمانی خۆت بۆچییە؟

- زمانی من نییەو منیش پێویستیم بەو وەرگێڕە هەیە كە لەپێش مندا بۆ ئەو پێنج كەسەتان هێنابوو.

- بەڵام ئەوانە ئێراقین.

- راستە، بەڵام بەعارەبی قسەیان نەدەكرد..

- بەڵێ، ئەوانە پشمەرگە بوونو بەزمانی پێشمەرگان قسەیان دەكرد!.

- زمانی پێشمەرگان زمانی كوردیەو وەرگێڕەكەشتان پێشمەرگە نا، بەڵكو خەڵكی دیار بەكربوو.. توركی بۆ كوردیو كوردی بۆ توركی وەردەگێڕا؟...





گفتوۆی نێوان مەحمود شاهێنو سەرۆكی دادگاو داواكاری گشتی بەم شێوەیە درێژەی كێشا، كاتێك سەرۆكی دادگا گەیشتە ئێسكانیو هاواری جاندەرمەكانی كرد:

- لێی دەن لەو سەگە دواكەوتووە بدەنو بیبەنەوە زیندان..

بژی كورد.. بژی كوردستان.. بمری زۆرداری.. لەناو هاتو هاوارێكی زۆر ئەو وشانەمان هاتنە بەر گوێو كاتێكم زانی مەحمود شاهێن لەژێر رەحمەتی پۆستاڵی جاندەرمەو لولە ژێسێكانیان دێتەوە ژووری چاوەڕوانیو خوێنیش لەچەندین شوێنی جەستەی فیچقەی دەهاتو گوتمان:

- دەرباز بوویی بی هەڤاڵێ مەحمود...

- سوپاس...

ئەوەندەی گوتو، دەستی كردەوە جوێن دانو سلۆغان هاوێشتن (دروشم دان)... تۆزێك دڵنەوایییمان دایەوە، بەڵام ئەو ورەی بەرزبوو.. دەیگوت:

- ئەو فاشستانە لاڵ دەبن ئەگەر وشەی كوردیان بێتە سەرزمان... بەكوردی دەڵێن زمانی پێشمەرگە!.. ئەو دەبەنگانە نازانن پێشمەرگە پارێزەری زمانی كوردییەو...

كە گەڕاینەوە زیندان ئێمەش دڵنیابووینەوە ئەمجارەش تەسلیم ناكرێینەوە، چونكە زانیمان هێشتا زانیاری تەواومان لەسەر نەهاتووە.. پێم وابێ لەبەرئەوەش بوو تەسلیم نەكراینەوە دەنا هەلیكۆپتەرەكە هەر بۆ ئەو مەبەستە هاتبووە دیار بەكر.. دیارە بۆ حكومەتی ئێراقیش ئاسان نەبوو زانیاری تەواوو وێنەی ئێمە بداتە دەوڵەتی تورك، چونكە ئێمە هەموومان ناونیشانی خۆمانمان بەهەڵە تۆمار كردبوو..

شەوێك باش ڤاردیانێك (بەرپرسێكی زیندانەوان) هاتەلامانو گوتی:

- ئێستا شەش میوانی تری پێشمەرگەتان بۆ دێنن..

میوانەکان هاتن، کەسەیرمان کرد ئەو شەش پێشمەرگەیەی یەکێتی بوون کە لە شاری جۆڵەمێرگ بۆ وێنە گرتنیان بردینە لای یەکتری.. لەگەڵ لائق، فاتیح، مزەفەر، خولە، ئیبراهیم، مەجید، دەنگو باسمان گۆڕینەوە.. ئیدی لەو ڕۆژەوە شێوازی ژیانمان گۆڕاو هەمیشە سەد خۆزگەمان دەخواست ئەوانیان نەهێنابایە لای ئێمە، چونکە خۆبەخۆیان هێند ناتەباو ناکۆك بوون هەلومەرجی ناو قاوشەکەیان ناخۆش کرد.. ئەو شەش پێشمەرگەیە هەرچەندە کوڕی باشو دڵسۆز بوون، بەڵام لەبێ ئەزموونیو باری نالەباری ناو زیندان تووشی کێشەو ناخۆشی دەبوونو لەگەڵ یەکتریان هەڵنەدەکردو زوو زوو شەڕیان دەکرد!.. ئێمەش بەو جۆرە هەڵسو کەوتە زۆر نیگەران دەبووین، چونکە خەڵکەکەی ئەوێ بەچاوێکی جیاواز سەیری پێشمەرگەیان دەکردو پێشمەرگە لای ئەوان فریشتەیەکی سەر زەمین بوو، ئێمەش لەوێ ئەو قودسیەتەمان پاراستبوو..بەڵام بۆ وەزعی ئەوان وەڵامێکی پێویستمان پێ نەبوو..ئەوان هەر لەسەرەتای گیرانیانەوە لەسەر شێوەی ئیفادەدان تووشی گێچەڵ ببوونو نەیانتوانیبوو وەکو یەك وەڵام بدەنەوەو ئیفادەکانیان یەکبخەن. هەرچەندە خۆیان بە پارتی دابووە قەلەم، بەڵام لای تورکەکان ئاشکرابوو بوونو لەبەر ئەوە هەریەکەو ئۆباڵی ئەو بێ سەروبەرییەی دەخستە ئەستۆی ئەوەی تر...!. لەهەمووی سەیرتر چەند جارێك لەیەکتریان دەداو هەموو جارێکیش هەڕەشەی ئەوەیان لە یەکتری دەکرد کە دەچنە ئیدارەو هەموو شتێك ئاشکرا دەکەن هەر تەنیا بۆ ئەوەی تەسلیمی ئێڕاقیان بکەنەوە...!... ئەو هەڵوێستەیان لەدژی یەکتری دەنواندو لەڕکان وەك دەڵێن: مەرگی خۆیانو زیانی خاوەنیان قبووڵ بوو...!.

زۆرمان لەگەڵیان هەوڵدەدا، دەبوو شەوو ڕۆژ چاوێکمان لێیان بێ، بۆئەوەی ناخۆشییەکە گەورەتر نەکەن.. دەڵێن: مەیمون لەخۆی نبوو خوریکەشی گرتبوو.. ئێمەش لەو هەلومەرجە دژوارەو ناخۆشەدا بووینو ڕووبەڕووی ئەو





دەردەسەرییەی ئەوانیش بووینەوە..نیوەی ئەوانە وڕ ڕێكو پێكو بێ کێشەو گیروگرفت بوون، بەڵام بەهۆی کێشەی نیوەکەی دی تووش دەبوون.. بەم شێوەیە خۆشی بێو ناخۆشی دەبوو لە گەڵیاندا هەڵبکەینو هەوڵی چاککردنی دۆخەکەش بدەین..

لەو سەروبەندەدا ئۆردیگایەکی پەنابەران لە دیاربەکر کرایەوەو دوای ماوەیەك توانیمان پەیوەندی بەهەندێ لە برادەرانمانەوە بکەینو بەهۆی ئەوانەوە هەندێ هەواڵی تازەمان زانین...

ئەو هەواڵە تازانە چاك یان خراپ ڕاڕایی دڵیان ڕەواندینەوەو لە هەلومەرجی کوردستانی باشوور ئاگادار بووینەوە..

خاتوون (دانیال میتەران) هاتە ئۆردیگای پەنابەرانی دیار بەکرو لەوێ بەهۆی کچە پێشمەرگەیەکی شیوعی مەسەلەی ئێمەی خرایە پێش چاوو ئەویش گفتی دابوو لەگەڵ تورکەکان هەوڵ بدات لانی کەم تەسلیمان نەکەنەوە..

دابڕانو زیندان ڕۆژ لەدوای ڕۆژ ناخیان زیاتر دەخواردینەوە.. هەر چەندە بەهۆی تێکەڵ بوون لەگەڵ ئەو هەموو خەڵکە تێکۆشەرەو پێکەوەبوونمان بەشێکی مەینەتییەکانمان لەیادچوو بووەوە، بەڵام دیسان سێبەری قورسی زیندانو ناهەمواریەکانی کاریگەری زۆری دەخستە سەر دڵو دەروون، بەتایبەت بۆ ئێمەی پێشمەرگەو گەڕۆك مەسەلەیەکی زەحمەت تر بوو...

زیندانییە تێکۆشەرەکانی هەندێ لە زیندانییەکانی تورکیا مانیان لە خواردن گرتو بەوە قایل نەبوون جارێکی دی جلی تایبەتی زیندان بکەنەوە بەر خۆیان. دوای گفتوگۆی نێوان تاقمو ڕێکخراوەکان ئێمەش بەتێکڕایی بڕیارماندا هاو هەڵوێستی خۆمان لەگەڵ مانگرتووەکانی تر نیشان بدەین..ئیدارەی زیندان ئامۆژگاری ئێمەی پێشمەرگەی کرد کە ئێمە مان نەگرین، بەڵام گوێمان پێ نەداو وەکو هەڤاڵانو هاوڕێیان مەرجی خۆمان

گەياندە سەر. ئەوەو لەلايەكی ديكەش هامشۆی ئێمەو تێكۆشەرانی ئەویٚو مەسەلەی هەوڵدانی هەندیٚ لە تێكۆشەران بۆئەوەی خۆيان فێری زمانی كوردی پەتی بكەن گەيشتەوە ئيدارەی زيندانو داواكاری گشتیو (ئەمنيەت).. هەڤالاٚنی قاوشی خۆشمان گوتيان:

- تورك ئەوە قبوڵ ناكەن..

- ڕاستيان دەكرد، لەناوەڕاستی مانگی تشرينی يەكەمدا ئێوارەيەك ئاگادار كراينەوە:

- پێشمەرگەكان خۆتان ئامادە بكەن!.

- بۆ كویٚ؟

- نازانين..

ئەو هەواڵە كتوپڕە بەقەد ئەو ساتە ناخۆش  بوو كە بۆيەكەم جارگیراين.. ئێمە هەم لەگەڵ كەشی زيندانو هەم لەگەڵ هەڤالاٚنی قاوشی (يرمی بێش) ڕاهانبووينو گونجابووين.. نەشمان دەزانی بەرەو كوێمان دەبەن..؟

هەڤالاٚنی خانەخویٚ لەئێمە زياتر نيگەران بوونو چاويان پڕ بوون لە فرمێسك.. بەراستی ناخۆش بوو..ئەو ماوەيە ژيانێكی خۆشمان بەيەكەوە بەسەر دەبرد!.. كەچی لەپڕ بەبڕيارێك لەيەكتريان دابڕين.. باش ڤاردیانێك هاتو گوتی:

- فەرموون پێشمان بكەون..

لەگەڵ برادەران يەكتريمان ماچ كردو باوەشمان بەيەكتريدا كرد.. لە دوا نيگای سەرنجدا هەر شەش هەڤاڵەكەم ديتن دەستيان لە كەلەكەيان نابوو، بەچاوی پڕ لە فرمێسكيش لەهەنگاوەكانی ماڵ ئاوايی ئێمەيان دەڕوانی..

ئێستا ملی ڕێگەيەكيان پیٚ گرتووين نە دەزانين چەند قۆناغەو نە دەزانين كەیو لەكویٚ كۆتايی دیٚ!..ژيانو جەستەمان لەدەستی ستەمكاران تەنيا كالاٚيەكی سەودايەو هيچی تر.. بەلاٚم، باوەڕمان لە دەست خۆمانەو تروسكايی





ئومێديشی لیٚ نەبڕاوە.. ئاه!.. خۆمن تەنيا تاكی  كۆمەڵێكی دەيان مليۆنیو تەنيا سەربازێكی سوپايەكی گەورەو تەنيا جولەی  چركەيەكی مێژوويی دەيانو بگرە سەدان ساڵەی جولانەوەی گەلێبكم.. گەر منی تاقە پێشمەرگە ئەوە ئەرك، ئەوە ئازار، ئەوە رابردوو، ئەو ژيانم بیٚ، ئەدی گەلۆ تۆ بڵێی ئازارو ئەركو مەينەتی گەلێكی دەيان ساڵە ستەم لەسەرو گەلێكی خاوەن خەباتێكی دەيان ساڵەی خوێناوی بەچەند مەزەندە دەكریٚ؟.

ئێمەی كورد هەر لە سەرەتاوە وەهامان هێناوەو هەموو جاریٚ بە جۆگەيەكی خوێنو ئێسكو پروسكی خۆمان بناغەمان داناوەو ئاكام هەموو ئەرك، ئازار، قوربانی، برسێتی، ماندوێی، تينوێتی، ماڵوێرانی، خوێن ڕژان، ئەتك، شكان، شكست، سەركەوتن، هەستانەوە.. هەموو ئەوانە سەودای پێكەنينێكی دوای ئيمزای ڕێكخستنەوەی بەرژەوەندييەكانی ئەم وڵاتو ئەو وڵات بوونو هيچی تر!.. بەم شێوەيە مێژووی ئێمەو خواستی ئێمە تەنيا بۆ شانازیو مێژووی خۆمان نەبیٚ توڕ دراوەو پشتگویٚ خراوە!...

ئەمجارەش ئاكام شكستەو ئێمەش بەرەو هەركویٚ دەبەن با بمانبەن.،.

دەسا كوردينە با لە نۆژەن هەستينەوەو لەسەرتاوە دەست پێبكەينەوە..

بەم شێوەيە باری ژيانی خۆم لە ناو ناهەمواری باری ژيانی گەلەكەمدا دەدیو بيرم لێی دەكردەوەو لەدوا جاردا گوتمان:

- ب خاتریٚ هەوە...

- سەرچاڤا...خێرو سەلامەت...دەرباز بوويی بن (هەر ئازاد بن)..

ئاگاداربە، بەدەردی برادەرەكەت نەچن.

# بەشی دووەم





- ٢ -

**ديلـــی** شەڕنين، بەلاّم كوردين بۆيە هێندە ئەمسەر و ئەوسەرمان پێ دەكەن. گەلۆ، توخوا بەزاندنی چەند مەترێكی سنوور لەناچاری بێ يان، نەشارەزايی ئەو هەموو دەردو ئازاردانەی دەوێ؟. دياريش نييە داخوا ئێمە سنووره دەستكردەكەی ئەوانمان بەزاندوە يان، نا !. كەچی ئەو دەردەمان پێ دەكەن؟ ئەدی دەبێ ئێمە چی بەوان بڵێين كە دەيان و بگرە سەدان ساڵە خاكمان پێشێل دەكەن، خێروبێرەكەی دەخۆن و مەينەتی و زووخاويش دەرخواردی ئێمە دەدەن.. لەسەر خاكی خۆمان دەمانكوژن، دەمانگرن، دەمان چەوسێننەوە؟. ئەرێ لەڕاستيدا كێ مافی گرتن و دادگايی كردنی كێ ی هەيە؟.

بێگومان ئێمە لەسەر حەقين، بەلاّم ئەوان هێزدارن و تا هێزی شەڕيش دەسەلاّتدار بێت هەردەبێ ماف بناڵێنێ.. بەلاّم ماف ژەنگی هێزی شەڕەو ئەمڕۆ بێ يان، سبەی هەر دەيرزێنێ. چەند پێشمەرگەيەكی ولاّتی پێشمەرگانين و باهەر بمان بەن و بمان هێنن گرنگ ئەوەيە پێشمەرگەين، بێ خواستی خۆمان دەمان بەن‌و لەدەستيان دێ بمان كوژن، تەسليممان بكەنەوە. لێشيان دەوەشێتەوە تاهەتايە لەزيندانمان بهێڵنەوە؟ چيدەكەن با بيكەن ... بەرەو زيندانێكی تر هەنگاومان نان و هێشتاش هەروا بەدەردی برادەرەكەم دەچين...

★★★★★★★

ديسان ئاخنراينەوە ئۆتۆمبێلە داخراوەكە.. ئۆتۆمبێل كەوتە ڕێ و منيش لە كونە بچوكەكەی سەرەوەڕا دوا سەرنجی زيندانەكەمدا و بە نيگا ماڵ ئاواييم لێ كردو بە ڕۆيشتن و هزريش بۆ هەوارێكی نوێ دەچووم.. خودايە ئەم جارە

بەرەو کوێ..؟ ئەم جارە دەبینە میوانی کام زیندانی تورکان؟.. تۆ بڵێی ئەو تورکانە کەی دڵیان لە زیندانی کردنی ئێمە ئاو دەخواتەوە؟.. ڕەنگە هێشتا لەگەڵ فاشستەکانی بەغدا سەودانامەی گۆڕینەوەی ئێمەیان مۆر نەکردبێ؟.. بەم جۆرە مێشکی خۆم لەگەڵ ئەو پرسیارانەو دەیان پرسیاری وروژاوی تر خەریك کردبوو. جار جارەش دەمگوت:خۆ مەسەلەکە لە دەستی خۆماندا نییەو هەرچی دەبێ با ببێ و بەرەو هەر کوێمان دەبن با بمان بەن..گرنگ ئەوەیە ئێمە خۆڕاگر بین و رایەڵی ئومێدیش نەپچڕێ.

بەناو ژاوە ژاوی بازاڕدا دەرۆیشتین ، نازانم چەندی خایاند، بەڵام دڵنیام تا گەیشتینە بەردەم دەرگای زیندانێکی ترو هەوارێکی تر زۆری نەبرد..کە دابەزین سەیرمان کرد دەیان ژاندەرمە بە شێوەیەکی تەریبی ئەم بەرو ئەو بەری ڕێگاکەیان تا ناو زیندانەکە تەنیووەو، هەمووشیان ژێسێ بەدەست و لە حاڵەتی ئامادە باشیدان. بەرپرسەکە پێشکەوت و ئێمەش یەك لە دوای یەك تا ژووری بەڕێوەبەر بە دوایداچووین و لەوێ بە بەڕێوەبەرایەتیەکی نوێ سپاردراینەوە....

******

دوای وەڵامی پرسیارە ڕوتینیەکانی بەڕێوەبەر چەند قاردیانێك تاحەوشەی ناو زیندانەکە کەوتنە پێشمانو لەوێ ڕیزیان کردین و جارێکی تریان ژماردینەوە یەك...دوو... هەشت ... یازدە...

- تەواون !.

دیاربوو، زووتر جێگەیان بۆ دابین نەکردبوین ، بۆ ئەو مەبەستە واتا تەرخان کردنی جێگە قاردیانەکان بەناو زینداندا گەڕان و ئینجا بە شێوەیەکی کاتی بەسەر قاوشەکانیاندا دابەش کردین، من و هەڤاڵێك بەر قاوشی (تایبەت ) کەوتین و هەر پێمان وە زوڕێنا دەرگایان لەسەر داخستینەوە و ئێمەش بە نەشارەزایی و غەریبی بۆ ئەوەی لە ڕەوشی ژوورەکە تێبگەین لەپشتی





دەرگاکە ڕەق ڕاوەستاین. ژورەکەش پڕ پڕ لە خەڵك بوو،لەو ساتانەشداشەرم و نەشارەزایی بە تەواوی باڵیان بەسەرماندا کێشابوو. بە چاوان بەدوای جێگەیەکی خاڵیدا گەڕاین بۆ ئەوەی پشوویەکی تیا بدەین، دیتمان گیراوەکانی تر هەر کەسەو لەسەر جێگەکەی خۆی دانیشتووەو دەنگە دەنگیشیان هێندە زۆرو کاریگەر بوو هەر دەتگوت دەربڕینی ناڕەزایی خەڵکە لە دژی چوونی ئێمە بۆ لایان و پێم وابوو ئەگەر لەبەر دیوارە زەبەلاحەکانی زیندان نەبوایە دەنگە دەنگەکە تا ئەو پەڕی شار بڕی بکردایە.

ئای .... ! زیندانی سیاسی لە کوێ و ئێرە لە کوێ؟..

پیاوێکی تێك سمڕاوی پۆشتەو پەرداخ بەرەو لامان هات و بە کوردی گوتی:

_دەرباز بویی بن.

_ساغ بی، سوپاس.

_هەوە کرمانجن؟

_بەڵێ، ئەم کرمانجین.

_بەخێر هاتن سەر چاڤا، کەرەمکەن ئەم جێیی وە نیشا وە دەین.

_پڕ سوپاس.

پیاوەکە ئێمەی بەرەو ئەو سەری قاوشەکە برد و دوو قەریوڵەی خاڵی بۆ دۆزینەوە، ئینجا داوای کرد ماوەیەك لە لای خۆی پشوو بدەین. کابرا پیاوێکی زۆر چاك و ڕووخۆش و بەزارو تەکلیف بوو، دوای ئەوەی بە گەرمی بە خێری هێناین ونان و پەنیرێکی نایابی خستینە بەردەم و داوای لێبوردنیشی دەکرد بەوەی گوایە لەوە زیاتر ناتوانێ خزمەتی میوانەکانی بکات ودەیگوت:

ئەم چ بکەین دناڤا زیندانێدا هەر ئەڤ قاس ژ دەستێمە تێ..

بەڕاستی میوانداریەکی کوردانەو مەردانەی کردین و پەنیرەکەشی هێندە خۆش بوو زڕ نەوسی کردین.. بۆ دڕدان بە پەردەی شەرم و ڕایەڵە کردنی پەیوەندی و گفتوگۆ لێم پرسی:

ئەم پەنیرە خۆشە لە کوێ دروست کراوە؟.

ئەمە هی خۆمانە، منیش زۆر حەزی لێ دەکەم و لە ماڵەوە بە تایبەت دروستی دەکەن.

کابرا درێژەی بە قسەکانی داو گوتی:

_ئێمە (بیسمیل )ین لای خۆمان زۆر جۆر پەنیری باش دروست دەکرێ، بەڵام من ئەمەیانم پێ لە هەمووان خۆشترە.

_بەڕاستی خۆشەو دەستتان خۆش و زۆریش سوپاس.

_چشنابێ لۆ، عافێت بێ ژ وەڕا و حەیا هەوەژی ل ڤربن ئەمێ پشکا وەژی بدەین.

زۆر زۆر سوپاس.

ڕووی خۆش و ڕێزی ئەو پیاوە زۆر شتی لە بیر بردینەوەو هەر زوو ئارامی‌یەك هاتەوە دڵ و دەروون. پیاوەکە ناوە ناوە بە خێر هێنانەوەی دووپات دەکردەوەو دەیگوت:

مێهڤان لێ جەم مە کوردا پڕ عەزیزن.. هەوە فەدی نەکەن ، وە ل جەم برایێ خونە.

هەرکەسێکیش بەوێدا ڕەت دەبوو بە خانەخوێکەمانی دەگوت:

_مەرحەبا ژ مێهڤانێن تە ڕا، دەربازبوویی بن.

_مەرحەبا ژ تەڕا، سوپاس.

تا ئەو کاتە ئەو جۆرە بە خێرهێنانەم گوێ لێ نەبوبوو، خەڵکەکە لە جیاتی ئەوەی بە ئێمە بڵێن بە خێربێن بە خانە خوێکەمانیان دەگوت مێوانەکانتان بە خێر بێن و ئومێدی ئازاد بونیان بۆ دەخواستین !. گرنگترین و نوێ ترین





هەواڵی ئەو شەوەی ناو زیندان ئێمە بووین. چوونی پۆلێك پێشمەرگە بۆ ئەو زیندانە هەواڵێك بوو لەم دەم بۆ ئەم گوێ و لەو دەم بۆ ئەو گوێ دەهات و دەچوو.. ئەو پێشمەرگانە کێن؟.. بۆ چی گیراون؟... لە کوێ گیراون؟.. چییان لێ ئەکەن؟.. ئەوە هەمووی پرسیاری خۆ بە خۆیی گیراوان بوو لە ئێمەش بترازێ کەسی تر نەیدەتوانی وەلامی ڕاستیان بداتەوە.

شەو ڕاشکا، دونیا بەرەوئامێزی کپی و بێ دەنگی دەچوو ،بەڵام تا ئەو کات ناوی ئەو خانەخوێیە بەرێزەمان هەر نەدەزانی.. ئەو چەند جارێك پرسیاری ئەوەی کرد ئاخۆ خەومان دێ یان نا، بەڵام من خەوم نەدەهات و هەر خووشم وا بوو کاتێ جێ گۆرکێم دەکرد واتە پاش ئەوەی ماوەیەك لە جێگایەکدا دەمامەوەو دواتر دەچوومە جێگایەکی دی شەوی یەکەم خەوم لێ نەدەکەوت. بۆیە دانیشتین و گەرممان کردو درێژەمان بە قسەوباس داو خۆشی پێناساندم و گوتی:

من ناوم (وەهبی)یەو خەڵکی گوندی (ئۆفێ)ی سەر بە قەزای بیسمیلم. لە ئەنجامی ناکۆکیەکی عەشائیری بە داخەوە زەلامێکمان کوشت و من و برازایەکم (سزایی) کە ئێستا لە ژوری تەنیشتمانەوەیە گیراین و حوکم دراین ... بەڵام هەر چەندە کە دەڵێم لە سەر مرۆڤ کوشتن گیراوم ئارەقەی شین و مۆری شەرمەزاری دەکەم ...ئەگەر چی ئەو قەتڵەی ئێمەو دەیان و سەدان قەتلی تریش ئۆباڵەکەیان بە ئەستۆی ئێمە نییە، بەڵکو هەمووی لە ئەستۆی تورکانە !. لێرەدا من قسەکانیم پێ بڕین و گوتم:

_باشە تۆ مرۆڤێکی خەلکی گوندەکەی خۆت کوشتووە، تورك چی بکات؟..

ئا، ڕاست دەکەی ئەو کاتەی من ئەو کەسەم کوشت تورك لەوێ نەبوون، بەڵام لە بیرت نەچێ ئەوان لەبنچینەدا سەرچاوەی هەموو ناخۆشی و نەهامەتی و کێشەکانی ئەم وڵاتەن.. ئەوان هۆکاری دواکەوتن و نەخوێندەواری و هەژاری کوردانن. دەوڵەتی ئەوان لە کوردستاندا لە ستەم زیاتر هیچ شتێك بۆ ئێمە

ناكات و دواكەوتوويى‌و هەژاريى و نەبوونى دەسەلاَتێكى باشيش ئەو جۆرە كێشانەى لىَ دەكەونەوە ... وايە يان، نا؟
لەو قسانەيدا بۆم دەركەوت كە وەهبى سەرەڕاى ئەوەى بە تاوانى كوشتنى مرۆڤێك گيراوە، بەلاَم پياوێكى نيشتمان پەروەرو هوشياريشە. منيش خۆم و هەڤاڵە نوستوەكەم پىَ ناساندو قەوانى بەسەرهاتەكەى خۆشمان بە كورتى بۆ لێدايەوە. كاك وەهبى پرسيارى هەمە لايەنەو وردى دەكردن وپرسيارێكى ئەوەبوو كە ئايا ئێمە سەر بە چ پارتێكين. منيش پێم گووت:
ئەم قەدەپەين (پارتى ).
وەهبى هەندێك لە دەم و چاوم ڕاماو بە جۆرێكى دوو دڵى گووتى:
دەكرىَ لەم ساتەدا قسەيەكى دڵى خۆمت بۆ دەربڕم؟.
بەلىَ، بەلىَ تۆ سەربەرستى و فەرموو.
هەڤاڵىَ ئاراس !.. ئەز دبێژم حەيف ژبۆى خورتێن مينا هەوە كو دەناڤا قەدەپىَ دەخەبتن و ژيان دەرباز دكەن !.
منيش وەلاَمى پێويستم دايەوەو پێشم گوت كە پارتى هێندە خراپ نىيە تا ئەو حەيف بۆ ئەو لاوانە بخوازىَ كە لەناويدا خەبات دەكەن و قوربانى دەدەن، ئەمە لە لايەك لەلايەكى ديكەشەوە تێم گەياند كەمن لەناو پارتى پێشمەرگەم، بەلاَم ئەندامى ڕێكخستنى نيم. ئەوەش بۆ گونجاندنى ڕاستى مەسەلەكەو وەلاَمى پرسيارەكەى ئەو بوو. وەهبى لە درێژەى قسەكانيدا بۆى رون كردەمەوە كە ئەويش لايەنگرێكى پارتى پێشەنگەو دەمێكيشە لە خەبات دايە.
هەر لە وەهبى‌يەوە زانيم كە ئەوىَ زيندانى ناوەندى دياربەكرە. ئەو زيندانە وەك كاك وەهبى دەيگوت: زيندانى هەرە كۆنى شارەكەيە ، مێوانداريشى لە سەدان شۆڕشگێڕى كورد كردوەو هەر لەوىَ شێخ سەعيدى پيران و هاوڕێكانى لە سێدارە دراون. زيندانەكە لە چەندين قاوشى گەورە گەورە پێك هاتبوو،





بەلاَم دواى ئەوەى زيندانى سياسى دروست كرابوو ئەم زيندانە بۆ گوناهباران و گومان لێكراوانى تاوانە ئاساييەكان تەرخان كرابوو ....
ئەو شەوە لەگەڵ كاك وەهبى تا بەرەبەيان درێژەمان بە قساندا و لە دەرگاى زۆر بابەتمان داو لە پەنجەرەى هەندێكيشيان چوينە ژورىَ ... بەرەبەيان (خاترىَ خۆەم )لە وەهبى خواست و چوومە سەر تەختەكەم و ڕاكشام. دەشمزانى خەوم لىَ ناكەوێت ،چونكە ئەو شەوە قاوش گۆركىَ و زيندان گۆركىَ كرابووم.
لە يەكەم نيوە شەوى هەوارێكى نوىَ و چاوەڕوانيەكى ناديار جارێكى تر فيلمى بەسەرهاتەكەم سات بە سات و پىَ بە پىَ لێدايەوە.. ئەو شەوە خەمێكى تريش هاتبووە سەر خەرمانەى خەمەكانى تر..خەمى دوركەوتنەوە لەو هەڤاڵە نوێيانەى لە قاوشى ژمارە (٢٥)مان ناسين و ماوەيەك بەيەكەوە هەڤالانە ژياين و بىَ خواستى خۆشمان لە يەكتريان دابڕين و دووريان كردينەوە.. بيرم لەوان دەكردەوەو بۆيان نيگەران بووم، لە هەمان كاتدا دڵنيا بووم ئەوانيش بەهەمان شێوە بير لە ئێمە دەكەنەوەو بۆشمان نيگەرانن ... ئاى... ئەدى هەڤاڵ مەحمود شاهێن ئەگەر بەيانى بزانىَ كە ئێمە لەوىَ نەماوين چى دەكات و چى دەڵىَ؟.. بەم شێوەيە پرسيارم لە خۆم دەكردو... لەوىَ لە زيندانى سياسى، برايەتى و هەڤاڵێتييەكى بە هێزو پڕ لە خۆشەويستيمان دروست كردبوو.. لەگەڵ ئەو هەڤالاَنە وەها ڕاهاتبوين و وەها كاتمان بەسەر دەبرد زۆر ئاگامان لە سێبەرى قورس و چوار ديوارە تەنگە بەرەكەى زيندان نەمابوو..هێشتا بينايى چاوانم خەويان ڕاو دەنا و كەبيريشم لەوهەمووزيندانانەى توركان دەكردەوە تێگەيشتم كە:
زيندان تەنيا چڕ كردنەوەى ستەم و دوژمنايەتى كردنى ئازادىيە ... توركەكانيش هەميشە بۆمانەوەى دەسەلاَتيان و دابين كردنى مەرامەكانيان بە كوشتن و گرتنى كورد خۆيان‌و بەرژەوەنديەكانيان پاراستوە و چەنديش

ترس لەسەريان زێتر بوبێ ئەوانيش هێندەی تر زيندانيان لە كوردستان دروست كردوون، بەلآم ئەگەر چی زيندانەكان لەسەرێك گوشارێكی زياترو گەورەتربوون لە سەرەكەی ديشيان واتە لە ژێرەوە كاردانەوەيەكی زياترو گەورەتريان دروست دەكرد. بۆيە ئەگەر زيندانەكان لەسەرێك جێگای ئازاردان و دابڕينی دەنگی ئازاديخوازان بێ،ئەوا لە هەمان كاتدا لەسەرەكەی دی نيشانەی بەردەوامی خەبات و قوربانی دان وبەلگەی هەبوونی زۆرداری و كاردانەوەشيەتی ... هەروەها دەمگوت:

ئەگەر بێت و رۆژەك لە رۆژان ئازاد بكرێم و لێم بپرسن: بارودۆخی كوردستانی توركيا چۆنە؟ ... لە وەلآمدا ژمارەی زيندانەكانيان پێدەلێم!

*******

فيڕ فيڕەی ڤارديانەكان وەخەبەريان هێناين و وەهبی هەر زوو ڤاتە خاكيەكەی كردەوە بەرو يەك پێ لە پێش قەريۆلەكەی لە چاوەڕوانی (سايم) دا وەستا. ئێمەش وەك جاری جاران لەگەڵ زيندانيەكانی تر ريز بوينەوەو دوای ژماردنەوە ڤارديانەكان چونەدەرەوە و دەرگايان لەسەر داخستينەوە.

وەهبی جل و بەرگێكی هێندە جوانو باشی لەبەر كردبوو هەر دەتگوت بۆ شايی، يان بۆ ئازاد بوون خۆی سازداوە. منيش هەر بۆ خۆشی لێم پرسی:

باشە كاك وەهبی ئەگەر تۆ لە ناو زيندان هێندە بايەخ بە خۆت بدەيت ئەدی لە دەرەوە چی دەكەيت؟.

_من لێرەش دەژيم بۆيە حەز دەكەم ژيانێكی ئاسايی ببەمە سەر.

سەرنجمدا لە شتێكدا وەهبی لەگەڵ زۆربەی زيندانيەكانی تر جياوازە ئەويش لەسەر نەنانی شەپقە بوو. دووسێ جار دەمويست لێی بپرسم ئاخۆ بۆچی ئەويش شەپقەی لەسەر نىيە، بەلآم هەر زوو پەشيمان دەبومەوە و لە دواييشدا هەر كە بيرم لە وەلامە سەرنج راكێشەكانی كردەوە بڕيارمدا ئەو پرسيارەشی لێ بكەم و ئەويش گوتی:





- چونكە هی توركانە !.

_بەلآم كاك وەهبی شتە تەنيا هی توركان نىيە، بەڵكو جۆرە كلآوێكی ئەوروپیيە؟.

- بەڵێ راستە، بەلآم ئايا تۆ ئەزانی كاتی خۆی ئەتاتورك بە زۆری زۆرداران لەسەر نانی ئەو كلآوەو شتی تريشی بەسەر ميللەت دا سەپاند، بۆيە منيش ناينێمە سەرم و رقيشم لێيەتی !.

هەر بەو بۆنەيەوە بەدرەدين ئالتونيش زۆر دژی شەپقە بوو هەمو جارێ دەيگوت:

- سەيركەن ئەتاتورك شەپقەشی كردبوە نيشانەيەكی پێشكەوتن و بەرەو رۆژئاوايی چوون !.

منيش بە بەدرەدينم دەگوت:

- باشە هەڤاڵێ بەدرەدين ئايا ئەتاتورك نەيدەزانی ئەگەر شەپقەش بسەپێنێتە سەر و ديمەنی سەريش بگۆڕێ، بەلآم ئەو شەپقەيە ژێرەوەی خۆی پێ ناگۆڕێ؟.

- نەيدەزانی، يان دەيويست ئەو رەفتارەشی وەكو هەموو رەفتارەكانی تر بۆ چاو بەستەكی و چەواشەكاری ئەنجام بدا.

ئەتاتورك لە هەڕەتی دەسەلآتی و لەسەر دەمی شۆڕشی فەرهەنگی تورك دا دەرهەق بەزۆر مەسەلەی تايبەتی و گشتی و تاكە كەسی و كۆمەل بڕيارو فەرمانی دەركردبوون يەكێك لە فەرمانەكانی بريتی بوو لە سەپاندنی لەسەرنانی شەپقەو پۆشينی جل و بەرگی ئەوروپی.. ئەگەر ئەتاتورك بەو بڕيارە دەيويست تورك وەكو ئەوروپايی نيشان بدا، ئەوا بۆ كوردان مانايەكی تری هەبوو، بۆيە هەر لەو سەردەمەوە كورد دژی ئەو بڕيارەشی وەستابونەوە، بەلآم بۆ سەپاندنی بڕيارەكە دەسەلات هەندێ رێ و شوێنی ياسايی سەيرو سەمەرەشی گرتبوە بەر وەكو: ئەو كەسەی بە جل و بەرگی

كوردی لە شارەكان ببیندرێ بگیرێ و بە سزادانی برێك پارە ئازاد بكرێ، هەركەسێك بە جل و بەرگی نەتەوەیی كوردی بچێتە شوێنە رەسمیەكان ئیش و كارەكانی بۆ رانەپەڕێندرێ...! هەروەها، ئەتاتورك بڕیاری دابوو زمانی توركی لە وشەو پیتی زمانانی بێگانە پاكسازی بكا بۆ نمونە پیتی (ق) لە توركیدا نەهێڵدرێ ، چونكە لە بنەڕەتدا (ق) لە زمانی توركیدا نییە ، بۆیە لە جیاتی هەموو (ق) یێك ( ك) یێكیان نووسی، بەڵام لە ئاكامدا زۆربەی (ك)ەكانیش بوون بە (ق) چونكە (ق) لە گۆكردندا لەناو زمانەكەیان جێگەی خۆی گرتبوو، بۆیە لە كاتی خوێندنەوەدا (ك) و (ق) لە یەكتری جیا نەدەكرانەوەو پێویستی زمان وایدەخواست (ق) هەبێ بۆیە لە نوسیندا شێوەی (ك)ی وەرگرت!.. نمونە:كۆمێسێر بۆتە قۆمێسێر، كۆمیتان — قۆمیتان، دیاربەكر — دیاربەقر ، بانكەنۆت — بانقەنۆت، كاراتێ — قاراتە...

بەڵێ، هەرچەندە شەپقە نرایە سەرو بۆینباخ بەستراو چاكەت و پانتۆل لەبەر كران ، بەڵام نە بە لەسەر نانی شەپقە ژێرەوەی شەپقە گۆڕاو، نەبە لەبەر كردنی چاكەت و پانتۆل و بەستنی بۆینباخ تورك بونە ئەوروپیو، نەكوردیش بە فڕێدانی جامانەو جل و بەرگی خۆی بوونە تورك و نە (ق)یش لەناو زمانەكەیان شاربەدەركرا..!

پاش تێشت خواردن لەگەڵ وەهبی بەیەكەوە دابەزینە حەوشەكە، لەوێ خەڵكێكی زۆر لە دەورمان كۆبونەوەو پرسیاری جۆراوجۆریان ڕووبەڕوو كردینەوە. ئەو بەیانیە نهێنییەك لە زیندان هەبوو زۆربەی گیراوان عەودالی ئاشكرا كردنی بوون و ئێمەش لەناو ئەو هەموو زیندانیانەدا لەم سەر بۆ ئەوسەری حەوشەكە دەهاتین و دەچوین. هەر ئەو بەیانیە وەهبی، سزایی برازای پێناساندم و لەسەرەتای یەكەم گفتوگۆماندا بۆم دەركەوت سزاییش هەرچەندە لەسەر مرۆڤ كوشتن گیراوە، بەڵام كەسێكی نیشتمان پەروەرو هۆشیارە، بۆیە دڵم بەناسینی خۆش بوو.





فراوینیشمان خوارد، بەڵام خواردنەكە لە خراپی وناخۆشی بە خواردنی زیندانی سیاسی بەراورد نەئەكرا، لەوەهبیم پرسی: بۆچی خواردنی زیندانی سیاسی هێندە لەم خواردنەباشترە؟..

جاران هەموو شتێكی ئەوێ لە هی ئێرە خراپتر بوو، بەڵام زیندانیە ئازاو تێكۆشەرەكانی ئەوێ بەزەبری خەبات و خوێنی خۆیان هێندێ شتیان بەسەر داگیر كەراندا سەپاندوە ، لەبەر ئەوە هەلومەرجی ژیانیان باشتر كراوە.. خواردن لەوێ باشتر كراو دیدارییان لەگەڵ كەس و كارەكانیان رێگە پێدراو جلی زیندانیان فڕێدا... شۆڕشگێڕەكانی ئەوێ لەو پێناوەدا قوربانی زۆریانداوە. بەڵام لێرە كێ بیكاوچۆن دەكرێ و بۆچی..؟

*******

درێژایی ئەو رۆژەمان لەگەڵ وەهبی و سزایی بردە سەر، ئێوارەش ئیدارە ئێمەی كردینەوە دووبەش و بەسەر دوو قاوشانیان دابەش كردین. ئێمە هەر پێنج هاوڕێكە بەرقاوشی ژمارە (٦)كەوتین. هەركە لە قاوشەكە چووینە ژورێ قەرەباڵغی و دەنگە دەنگێكی ئەوتۆ بوو سەگ خاوەنەكەی خۆی نەئەناسیەوە ... بۆنی دەیان خواردنی جۆراو جۆرو دوكەڵ كونە لوتی دەبرژاندنەوە. لەبەر چڕە دوكەڵ قاوشەكە نیمچە تاریك بوو. لەوێ كەس نەبوو چاوساغمان بێ ناچار بە خۆمان بەدوای دۆزینەوەی جێگەدا گەڕاین ولە قاتی یەكەم و دووەمی قەریۆلەكان جێگە نەمابوو ناچار هەر پێنچمان بە تەنیشت یەكتریەوە بەرەو قاتی سێیەم هەڵكشاین. كە چوینە سەر جێگەكەمان و سەیری ژورەكەمان كرد هەر دەتگوت لەسەر لوتكە چیایەكی بە تەم و مژ داپۆشراوین دوكەڵی جگەرەو چێشت گەرم كردنەوە هێندە زۆر و چڕ بوو بینایی چاوان ئەم سەرو ئەو سەری قاوشەكەی بڕ نەدەكرد.

تەنیا چەند كەسێك بەخێرهاتنیان كردین. تا دەهات هەلومەرجەكەمان خراپتر دەبوو.. تەنانەت خۆزگەم بە قاوشی شەوی رابردوش دەخواست ،

چونکە تایبەت بوو بە هێندێ سزادراوی خوا پێداوو ناسراو !. بەسەربردنی تەنیا ئەو شەوەم لەلا زۆر قورس بوو ، نەخاسمە ماوەیەکی زۆریش لەوێ بمێنینەوە؟.

بۆ سەر ئاو دەچووم لە ڕێگا لاوێکی بالاّ بەرزی سمێل ڕەش پێشی پێگرتم و داوای کرد میوانی بم منیش قایل بووم و لای دانیشتم ، دوای بەخێرهێنان خۆی پێناساندم و گوتی:

- من ناوم عادلەو خەلکی (ساسۆن)م.. بە گومانی مرۆڤ کوشتن گیراوم...

هەروەها منیش خۆم پێناساندو ئیتر کەوتینە ناو قسەو باسان، کە یەکێکیش بە لاماندا ڕەت دەبوودەیگوت:

مەرحەبا ژ مێهڤانێ تە ڕا عادل.

عادل بە دەم دیشلەمە خواردنەوەوە باسی ناو زیندان وقاوشی ژمارە (٦)ی بۆ دەکردم ودەیگوت:

ئەم قاوشە ئێستا سەدو چل و شەش کەسی تێدایە. هەموو ئەوانە بە تۆمەتی کوشتن، دزی، قاچاخچیەتی... گیراوان و ئێرە هەموو جۆرە کەسێکی لێیە و دەبێ ئێوەش وریای خۆتان بن.

لە عادلم پرسی:

ئەو ژوورە بۆچی هێندە ناهەموارەو حکومەت هەلومەرجێکی باشتر بۆ ئەو زیندانیانە ناڕەخسێنێ؟.

عادل بە زەردە خەنەیەکەوە وەلاّمی دامەوەو گوتی:

- چونکە کوردین و حکومەتیش هەلومەرجی باشی بۆ ئێمە ناوێ و بە هەموو شێوەیەکیش دەمانچەوسێنێتەوە.

عادلیش نیشتمان پەروەرێکی دلسۆز بوو، دوای دانیشتنێکی زۆرو گفتوگۆیەکی درێژ روخسەتم خواست و بەسێ شاقاو چوومەوە سەر تەختە سێقاتیەکەم.





ڕاکشابووم و نازانم تەونی بیر کردنەوەم لە چ روداوێکەوە ئالاّ بوو لە پڕ هاوارێك ڕایچلەکاندم، کەسەیری خوارەوەم کرد کوڕە لاوێکم دیت خۆی رووت کردۆتەوەو بە تیغی ریش تاشین کەوتۆتە وێزەی گیانی خۆی و خوێن لە هەموو لایەکی جەستەیدا دادەچۆڕێ. چەند کەسێك پەلاماریان داو گرتیان و تەسلیمی زیندانەوانەکانیان کرد. دیمەنی ئەو روداوە زۆر ناشیرین و وەڕەز کەر بوو.

ئایی.... زیندانی سیاسی لە کوێ و ئێرە لە کوێ !؟ لەوێ لەگەڵ کێ هاوڕێ بوین و لێرە لەگەڵ کێ دەژین؟!. بەم شێوەیە بەراوردی نێوان هەردوو زیندان و نێوان هەڤالاّنی ئەوێ و هاوژورانی ئێرەم دەکرد ...

بۆچی ئێمەیان گواستەوە ئێرە، تۆ بلێی بە هۆی ئەوە بێت کە حەفتەی پێشووتر ئێمەش لەگەڵ تێکۆشەرانی ئەوێ لە پێناوی چاککردنی باری ژیانی زیندانیان مانمان لە خواردن گرتوو لەگەڵ ئەوان هاودەنگ بووین، یاخود بۆ ئەوەیە لێرەوە بە بێ دەنگی و دوور لە چاوی تێکۆشەرانی زیندانی سیاسی تەسلیمی ئێراقمان بکەنەوە، یا، لەبەر ئەوە بوو زیاد لە پێویست لەگەڵ تێکۆشەرانی ئەوێ تێکەڵ بووین و هێندێکیش لەوانەی وەکو مەحمود شاهێن هەولیان دەدا لە ئێمەوە خۆیان بە باشی فێری کوردی پەتی بکەن؟.

ئەو شەوە بە وروژانی ئەو پرسیارانە مێشکم جەنجاڵ بوو. نیوە شەو رابرد، هێشتا دەنگە دەنگی گیراوان گوێی کاس دەکردن.. تاقە رێگا بۆ خۆ دەرباز کردن لەو هەلومەرجە نالەبارەدا بیر کردنەوە بوو، بەلاّم بیر لە چی بکەمەوە؟ جار جارە بیرم بۆ لای بەدرەدین و مەحمود و حەنەفی و برادەرانی تری قاوشی ژمارە (٢٥)دەفڕی و جار جارەش بۆ جێ ی دورترو کاتێکی بەسەرچوو...

لەشیرین خەودا بووم، لە پڕ هاوارێك بە ئاگای هێنامەوە کە هەستامەوە سەرەتا وام زانی هاواری شێتێکە، بەلاّم کە ورد بوومەوە دیتم یەکێك قسە

لەگەڵ هاوارکەرەکە دەکات و بە دیتن و بیستن بۆم دەرکەوت کە بە هۆی کاریگەری زیندان ئەو گیراوە لەخەو بینیندا ڕاپەڕیوە!. ئایا دەزانن چۆن شەوێك موتەلیب  لەخەو ڕاپەڕی و محەمەدی دایە بەر کۆڵە مست؟.. ئەو ڕوداوەش چیرۆکێکەو ڕەنگە گێڕانەوەی کارێکی خراپ نەبێ: ئەو کاتەی لە کۆنە باڕی هەولێر (بەڕێوەبەریەتی ئەمن )لەگەڵ کۆمەڵە شۆڕشگێڕێکی تر لەناویشیاندا برادەرەکەم  زیندانی بوین، نیوە شەوێك لە ڕمبەیەك و هاوارێك هوشیار بومەوە، هەرکە چاوم هەڵێنان دیتم مام مەلا سەید دەستی موتەلیبی گرتووەو پێ ی دەڵێ: بیسم الله، بیسم الله موتەلیب ئەوە چیتە؟

محەمەدیش لە خوارەوە دەستی  لەسەر سنگی داناوەو بە پەشۆکاوی و حەپساوی دانیشتووە.

چی بوو ...! چی ڕویدا؟.. کەوتە سەر زمانان و دوای تێپەڕ بوونی چەند خولەکێکی کات ژورەکە هێور بووەوە ،موتەلیبیش بە بێ دەنگی بەرەو لای محەمەد چوو، دەستی خستە ملی و ماچی کردو داوای لێبوردنی لێکرد. لەگەڵ داوای لێبوردن موتەلیب ڕوداوەکەی بەم شێوەیە بۆ محەمەد و ئێمەش گێڕایەوە:

لە خەوما لە چیای سەربەن ڕاوم دەکرد لەناو تەڕاش و دەوەنان دەگەڕام و دەسوڕام لەپڕ بەسەر کەروێشکێکدا کەوتم منیش بۆ ئەوەی لەدەستم دەرنەچێ و بیگرم یەکسەر خۆم هاوێشتە سەری و بە هەردوو دەستەکانم کێشام بەسەریا.. بەڵام بە داخەوە لەگەڵ هاواری کاك محەمەد بە ئاگا هاتمەوەو زانیم لە جیاتی کەروێشك لەوم داوەو ئەوم گرتووە !. جا براینە ئێوە بیر بکەنەوە من لەسەربەن بەو خۆشی و ئازادیە ڕاوم دەکردو کە بە ئاگاش هاتمەوە دەبینم خۆم ئەسیرم و ئەم برادەرەشم بە زەبری لێدان لە خەو ڕاست کردۆتەوەو ئەو جا دەتوو وەرە لەشەرمان و لە تاوی ئەو ئازادیەی لە خەودا لە دەستم چوو کو نەمرم؟.





محەمەدیش لەگەڵ بەدرەدین دوو فەرمانبەری بانکی ئاراسی هەولێر بوون و لەسەرمەسەلەیەکی دارایی گیرابوون. محەمەد پیاوێکی سورو سپی و قەڵەو بوو، دەیگوت:

ڕاستە من قەڵەوو خرپنم بەڵام قەت نەچومەتە ناو چیاو شاخانیش تا ئێستا ببم بەکەروێشك و موتەلیبیش ڕاوم بکات !.

شایانی باسە موتەلیب بە هۆی ڕوادوێکی سەیرو سەمەرەوە گیرابوو. ڕۆژێکیان لە سەربەن دەچێتە مزگەوتی مەلا سەیدو لەگەڵ کۆمەڵێك خەڵکی تر دەوری مەلا سەید دەدەن و دەمێك باسی دونیاو دەمێکیش باسی قیامەت دەکەن، لە گەرمەی قسەو باسەکانیاندا مەلا سەید خەونێکی شەوی پێشوتری  بۆ میوانەکانی دەگێڕێتەوەو دەڵێ:

براینە شەوی ڕابردوو لە خەوما لە بەغدایێ  کودێتایەك لە دژی سەدام حوسێن بەرپاکرابوو !.

هێشتا مەلا خەونەکەی تەواو ناکا موتەلیب بە خۆشحاڵیەوە یەکسەر دەڵێ:

خێر انشاالله، خوایە بە خێری بگێڕی.

میوانێکی تر بە دوای هەواڵەکەدا دەچێ و پرسیار لە مام سەید دەکات ئاخۆ کودێتایەکە سەرکەوتو بوو یان، نا..!

ئەویش وەڵامی دەداتەوەو دەڵێ: لە خەودا سەرکەوتوو نەبوو.

سیخوڕێکی ڕژێمیش لەناو میوانەکان دەبێ و ئەیکاتە نامەردی و دەچێ هەواڵی کودێتاکە دەگەیەنێتە بەعسیەکان و ئەوانیش دەچن مام مەلا سەیدی تەمەن (٧٠)ساڵەی ئیمامی مزگەوت و موتەلیب دەگرن و هێنایانە زیندانی ئەمنی هەولێر، لەوێش لە ڕادە بەدەر ئازاریان دان. هەرچەندە مەلا سەید لە ئیفادەکەی دەیگوت:

ڕوداوەکە تەنیا خەونەو شوکور بۆ خوا کودێتاکە لە خەونیش سەرکەوتوو نەبوو !... بەڵام فاشستەکان پێیان دەگوت:

ژيان هيچی تری تيا نەمابوو تەنيا كودێتا دژی (سيد الرئيس) نەبێ؟...
هەروەها پێيان دەگوت:
خەون ڕەنگدانەوەی ڕوداوەكان و خواستەكانی مرۆڤە ، ديارە تۆ بيرت لێ كردۆتەوە بۆيە ئەو خەونەت بينيووە !.
هەرچی موتەليبە بەوە تاونبار كرابوو كە بە بيستنی خەونەكە خۆشحاڵ بووە و گوايە گوتويەتی ڕاست دەبێ انشاالله.(خێر دەبێ انشاالله) يان لێ كردبوو بە راست دەبێ انشاالله !. هەرچەندە موتەليبيش دەيگوت:
بە ئاكامە سەرنەكەوتوەكەی خەونەكەی مام سەيدم گوتوە خێر.
بەڵام نەقسەكانی مەلا سەيدو نەهی موتەليب نەيان دەخواردو دوای ئازارو ئەشكەنجەيەكی زۆرو ساڵێك لێكۆلينەوە لەگەڵياندا رەوانەی دادگای (الثورە) كران !.
ئەو شەوە لەگەڵ هاواری گيراوەكەی قاوشی ژمارە (٦) بەم شێوەيە جارێكی تر حكايەتە سەيروسەمەرەو كۆميديە تراژيديەكەی مام مەلا سەيد وموتەليب و محەمەدم هاتەوە يادو لەوێدا بيرم لە نەگبەتی و چارەڕەشی خۆمان و ستەمە لە رادە بەردەرەكەی داگير كەران دەكردەوە كە تەنانەت لەسەر خەون بينينيش دەمانگرن ، ئازارمان دەدەن، لە سێدارەمان دەدەن ......!.

*******

هزر هەميشە لە زيندانێكەوە دەيبردمەوە زيندانێكی ترو پێشبينی ژيانێكی لە زيندان چاكتريشم نەدەكرد. هەندێ جاريش كە بێ تاقەت دەبووم دەمويست بەراوردێك لە نێوان ژيانی ناو زيندان و مردن بكەم ، بەڵام جياوازيەكە لە هەلوێست بەولاوە شتێكی تر نەبوو. هەلوێستی شۆڕشگێڕانەی خۆبەخت كردن و خۆڕاگری لە پێناوی ئازادی و سەربەرزی.. ئەو كاتەش كە مرۆڤی شۆڕشگێر لە زيندان بە هۆی ئازارو ئەشكەنجە، ياخود سێدارەوە ڕووبەڕوی مەرگێكی مسۆگەر دەبێتەوە ئالەو كاتەشدا ئومێد بە جۆرێكی تر





چەكەرە دەكاتەوەو ئەو كەسە كە دەگاتە ترۆپكی هەوڵ و تەقەلا ئەو خۆشی دەبێتە هاندەرو ڕێ خۆشكەری گۆڕينی هەلومەرجی ناهەموار. بۆيە هەڵوێستی شۆڕشگێڕان هەميشە ئومێد و ئومێد بەخشينەو لەو كات و شوێنەی گيانيش لە پێناوی مەسەلەيەكی پيرۆز دەبەخشێ هەر لەوێ و لەهەمان كاتيشدا ژيانێكی گەورەترو پيرۆزتر دەست پێدەكات و خەباتيش زياتر پەرە دەگرێ و كورديش دەڵێ دنيا بەئومێد خوراوە.

********

خەوم زڕا بوو.. بۆن و دوكەڵی جگەرەو چێشتە جۆراوجۆرەكان هێشتا كاريان دەكردە سەر چاوو قورگ و دڵ و دەرون. ئەو شەوەش تا بەرەبەيان چاوم نەچونەوە خەوو بەيانيش وەكو هەموو بەيانيەكانی تر سايم كراينەوە و زۆری نەبرد لە ئيدارە ناويان خوێندينەوە. خۆمان ئامادە كردو چوين سەيرمان كرد ژاندەرمە وەك جاری جاران بەڕيز وەستاون وچاوەڕوانی ئێمە و چەند كەسێكی تر دەكەن. ئەم جارەش بە ئوتومبێلە داخراوە نەفرەتيەكە بەرەو بەردەم دادوەری دادگای مەدەنی پەلكێش كراينەوە. لەوێش دادوەرەكە چەند پرسيارێكی ئاراستە كردين و ئێمەش وەڵامی پێويستمان دايەوە. بەرەبەری نيوەڕۆ گەڕاينەوە زيندانەكە، كە گەيشتينە بەردەم دەرگای زيندانی ناوەندی لەسەر سەری دەرگاكە تابلۆيەكی هەڵواسراومان بەرچاوكەوت تيايدا نوسرابوو( ئەم سەرايە لە ساڵی (١٨٩٠دروست كراوە). ئەو سەرايە كاتی خۆی سوڵتانەكانی عوسمانی بۆ تەوێلەی ئەسپەكانی (بابی عالی)يان دروست كردبوو، بەڵام هەر لەپێش جەنگی جيهانی يەكەمەوە كرابوو بە زيندان، ئيدی لەو رۆژەوە ئەو كۆنە تەوێلە زەبەلاحە لەلايەك بۆتە ڕەمزی زەبرو زەنگ و دەسەلاتی داگير كەران و لەلايەكی ديكەشەوە رەمزی بەرخۆدان و قوربانی دانی كوردان. ئەو زيندانە ئێستگەيەكە سەدان و بگرە هەزاران تێكۆشەری تيادا رەت بووە و دارو بەردەكانيشی گەواهی

دڕندەیی و زەبرو زەنگ و ستەمی داگیر کەران و ، ئازایەتی و خۆڕاگری و چاونەترسی کوردان دەدەن. ئەو ڕۆژەی کە عوسمانیە داگیر کەرەکان بڕیاریان دابوو تەویلەیەکی گەورە بۆ ئەسپەکانیان لە دیاربەکر دروست بکەن هەر بەمەبەستی مانەوەی دەسەڵاتیان و برەو دان و پەرەدان بووە بە ستەمەکانیان لە کوردستان. ئەو تەوێلەیەی ئەو ڕۆژە بۆ داگیرکەران وەکو فرۆکەخانە و بنکەی تانکەکانی ئەمڕۆ وا بووە.

ئەو ڕۆژە هەر کە لە دادگا گەڕاینەوە مەسەلەی بردنی ئێمە بۆ دادگای مەدەنی دیاربەکر بە دوو شێوە لێك درایەوە:

بۆ تەسلیم کردنەوە بە ئێڕاق، یان حوکم کردن.

دیارە (D.G.M) کێشەی ئێمەی بە کێشەیەکی مەدەنی نەك سیاسی لە قەڵەم دابوو، بۆیە ئێمە دراینەوە ئەو دادگا مەدەنیە.بەهەر حاڵ ئاکامی هەردوو لێکدانەوەی سەرەوە بە یەکەم و دووهەمیشەوە یەك لەوەی دی خراپتر بوون، چونکە: ئەگەر بۆ تەسلیم کردنەوە با ئەوا بە دەردی برادەرەکەم دەچووین.. ئەگەریش دووهەم با و بە قاچاغچی تاك نوسرابایین ئەوا نزیکەی چوار ساڵ و ئەگەریش بە قاچاغچی بەکۆمەڵ لەقەڵەم درابایین ئەوا زیاتر لە دوازدە ساڵ حوکم دەبووین . ئێمەش پێنج کەس بەیەکەوە و بە چەکی زیادیشەوە گیرابووین، بۆیە ئەگەری ئەوە زیاتر بوو کە بە قاچاغچی بە کۆمەل گوناهبار بکرێین.؟

کاتێك لەگەڵ ئەزموون دیدەکانی ناو زیندان و دادگا قسەمان لەوبارەیەوە کرد ئەوان گوتیان:

کاری ئێوە لە دادگا نەماوە ، چونکە دادگای (D.G.M) حوکمی بەسەردا نەسەپاندون و وا پێدەچێ ئەم دادگایەش بەهەمان شێوەبێ، بۆیە ڕەنگە ئازادتان بکەن یان، ڕەوانەی ئێڕاقتان بکەنەوە.

هەرچەندە بیریشمان دەکردەوە تەسلیم کردنەوە زیاتر لە گوین بوو.





هەر چۆنێ بوو ئەو ڕۆژەشمان گەیاندە ئێوارەو دوای ئەوەی چوینەوە ژورێ، وەك باڵندەکان لە قاتی سێهەمی قەریۆلەکە چوینەوە سەر هێلآنەکانمان ،بەلآم ئەو ئێوارەیە لە ڕۆژی رابردوو شارەزاترو چاو کراوەتر بووین، وردتر سەیری هەڵسوکەوتی زیندانیەکانمان دەکردو دیتمان یەکێك مریشك سوردەکاتەوەو، یەکێك دۆڵمە گەرم دەکاتەوەو، ئەوی دی گۆشتی برژاو دەخواو، یەکێکی تر نان و زەیتون و...... واتە هەر کەسێ بۆ خۆی دەژیاو تەنیا بیری لە خۆی دەکردەوە. بە پێچەوانەی زیندانی (E.TiPi) کە بۆ خۆی نیمچە کۆمۆنێکی سۆسیالیستی بوو. لەوێ لە زیندانی (E.TiPi) هەڤاڵانی هەر قاوشێك هاوبەشی هەموو خواردن و خواردنەوەو خۆشی و ناخۆشیەکی یەکتری بوون. لەوێ هەموو هەڤاڵ و هاوڕێ و هاوسفرە بوون... بەلآم لە زیندانی ناوەندی مەسەلەکە بە جۆرێکی تر بوو، دیارە ئێمە نە هیچ پارەمان هەبوو، نە هیچ کەسێکیش لە دەرەوە شتێکی بۆ دەهێنایین، بۆیە دەبوو لەناو بۆن و بەرامەی ئەو هەموو خواردنە جۆراو جۆرانە تەنیا بە خواردنی ئیدارە هەڵبکەین، واتا بە شێوەیەکی سادە جیاوازی چینایەتی باش دەبینرا و هەستی پێدەکرا، چونکە ئێمەش چەپ بوین و بە دیتنی ئەم جیاوازیە چینایەتیەش لەسەر بیروباوەرەکانمان سوورتر دەبوین و، بەڵگەی ڕاستی بیرو باوەڕیشمان لەپێش چاوان زەق و سەلمێنراو بوو!؟ ...

*******

ڕۆژ دوای ڕۆژ خەڵکە سادەکەمان باشتر دەناسی و زیاتر تێکەڵیان دەبوین. سەبارەت بە کوردستانی باشوور و هێزی پێشمەرگەو ڕژێمی سەدام هەندێ جار ڕووبەڕوی پرسیاری سەیرو سەمەرە دەبوینەوە. بۆ نمونە یەکێك دەیگوت:

ئێوە فرۆکەتان هەیە؟

ئێوە تانکتان هەیە؟

ئێوە چەکی کیمیاویتان هەیە؟

- . . . . . . . . . . .؟

- . . . . . . . . . . .؟

- كە وەڵاميشمان دەدانەوە دەيانگوت:

- باشە بۆ نايانكڕن؟

- هەتا جارێك هەر بۆ گاڵتە بە يەكێكيانم گوت:

- ئێمە فڕۆكەخانەمان نىيە ، بۆيە فڕۆكە ناكڕين و بێ فرۆكەش كيميايى بە كار نايەت .

ئەگەر زوتر باسيان بكردايە هەرگيز بڕوام نەدەكرد كە هێشتا لە كوردستان كەسانى وەها سادەو بێ ئاگاو دابڕاو هەبن. هەرچەندە ئەو كاتەى لە زيندانى (E.TiPi) بوين زۆر جار بەدرەدين باسى نەخوێندەوارى و هەژارى زۆربەى خەڵكى ئەوێى بۆ دەكردم و دەشيگوت:

بەڵام سەرەڕاى ئەوەش خەڵكەكە وڵاتى خۆيان خۆش دەوێ و هەميشەش دژى داگير كەرانن.

ڕۆژێك بەدرەدين باسى شۆڕشى ئاراراتى بۆ دەكردم و هەر بۆ خۆشى بەم شێوەيە باسى پێشمەرگەكانى ئەو كاتى دەكردو دەيگوت:

لە شۆڕشى ئاگرى داغدا پێشمەرگەكان شارەزاى فڕۆكە نەبوون و سەريان لەوە دەرنەدەچوو كە ئەو تەيرەنئەبابيلانە چۆن دەتوانن ئەو هەموو بۆمبايانە هەڵگرن و بەسەر سەرى ئەوانيدا ببارێنن بە شەو لە كوێ دەخەون و، چى دەخۆن ؟!. ڕۆژێك فڕۆكەيەك بە ئاسمانى سەريانەوە دەسوڕێتەوە و پێشمەرگەيەكى سادەش زۆر توڕە دەبێ و دەچێتە بەردەمى فەرماندەكەى و پێى دەڵێ: گەورەم ئەگەر ڕێگەم بدەى هەر لە ئێستاوە تاقيبى ئەو فڕۆكەيە دەكەم بۆ ئەوەى بزانم شەو لە سەر چ دارێك دەنيشێتەوە تا بچمە سەرى؟

ديارە فەرماندەكە هوشيارتر دەبێ، بەڵام پێى دەڵێ باشە !.





- هەر دواى ئەو باشەيە پێشمەرگەكە دەچێتە سەر لوتكەيەكى زۆر بەرزو لەبەرامبەر فڕۆكەكە جگەرەيەك دادەگيرسێنێ و لەبەر خۆيەوە دەڵێ:

هێى هێ تەيرەلئەبابيلێ.. بێبەخت ، خودێ ئەزێ ئيرۆ جێى تە خوياكەم و شەڤێ تە ژ سەر سەرێ دارا هينمە خارێ ....!

بەدرەدين درێژەى بە قسەكانى خۆى دەداو دەيگوت:

- ئەو كاتەش ئێمەى كورد بەو ساكارى و بێ ئاگايى يەشمان هەر پارێزگاريمان لە خاك و نەتەوەى خۆمان كردووە. ئێستاش گەرچى گەلێ مە لە سايەى داگير كەراندا پاشدامايە، لێ ديسا ژى گەلێ مە ئاخا خۆە و ناموسا خۆەو حەڤێن خۆە ديناسى و دزانيتن و ژ بۆى وانژى دەخەبتى و بەرخوە ددا....

********

كات زۆر لەسەر خۆ دەڕۆيشت و ئێمەش چارەنوسى خۆمان بەستبووەوە بەو ناديارى يەى كەهەميشە لەخەون دەچوو. نێوانى ئەو شەش هەڤاڵەى تريش هێندەى ترى خراپ بوو ، ڕۆژ نەبوو هەڕەشەى ئەوە لە يەكترى نەكەن كە بچنە ئيدارەو هەموو ڕاستيەكان ئاشكرا و داواى تەسليم كردنەوەى خۆيان بە حكومەتى ئێراق بكەن . هەلومەرجى نالەبار بە تەواوى كارى خراپى كردبووە سەريان. چەند جارێك لە نێوان خۆيان بەشەڕ هاتن. ئەو شەڕەى ئەوان ئێمەشيان هێندەى تر نيگەران كردبوو، چونكە تا ئەو كات لەبەر چاوى خەڵكەكە پێشمەرگە وەكو فريشتەو مرۆڤى بێ كەم و كوڕى ناسرابوون، بەڵام ئەو هەڵسوكەوتەى ئەوان پێشمەرگەشيان لەبەر چاوى خەڵكەكە سووك دەكرد. ئێمەش بۆ خۆمان و پاراستنى ناو بانگى پێشمەرگەش بەپەرۆش و زۆر نارەحەت بوين. تەنيا بە ڕۆژيش يەكتريمان دەدى و هەموو ڕۆژێك من وحەميد دەكەوتينە نێوانيان و لە يەكتريمان نزيك دەكردنەوە، بەڵام شەوان تێكيان دەدايەوە!.. تا دواجار ئەوانيش بوون بە سێ گروپ . سەير لەوە بو تا ئەو كاتەش ئەوان نەياندەزانى ئێمە چين و كێين!..

★★★★★★★★

پايز بوو، لەگەڵ يەكەم رشێنە باران دنيا ساردى كرد و ئێمەش جل و بەرگى زستانەمان نەبوو، بە رۆژيش هەر لە دەرەوە بوين، بۆيە سەرما تينى بۆ هێنابوين، بە تايبەت  هەر لەو ساتەى دەرگا دەكرايەو تا ئەو كاتانەى پێوە دەدرايەوە من  هەر لە دەرەوە بووم و نەمدەتوانى بچمەوە ژورێ.

شتێكم دۆزييبوەوە ئێواران خۆم پێوە خەريك دەكرد. لە دەورو بەرى زيندانەكەمان دار يۆكاليپتۆز و سنەوبەرو كاژى بەرز بەرز هەبوون، هەموو ئێواران لە هەر چوار لاى دياربەكرەوە ريشۆلەو چۆلەكە پۆل پۆل بۆ سەر لك و پۆپى ئەو دارانە دەگەڕانەوە... منيش بەرامبەريان ڕادەمام و لە جولەو نيشتنەوەو هەستانەوەى ئەو باڵندانە جوانى سروشت و نرخى ئازاديم دەدى ... ريشۆلەكان هێندە زۆر بوون جارى وا هەبوو ئاسۆى ئاسمانى شينيان ڕەش دەكرد و بە جۆرێكيش هەڵبەزو دابەزيان دەكرد هەر دەتگوت پەلە هەورن و لەبەرز بونەوەو نزم بونەوەى بەخێرايى پاڵە پەستۆى هەوا يارى دەكەن.. يارى ئێوارانى ئەو باڵندانە لە تاقى ئاسمانەوە منى بە تەواوى لە ئەندێشەى قوڵدا غەڕق دەكرد. لەديمەنەكەدا دووسێ باڵندە لەلايەك لە پڕ بەرز دەبوونەوەو دەبون بەدەيان و بەسەدان و...پۆل پۆل بە دوايان‌دا دەچوون و لەو ئاسمانە بەرزو بەرينەدا كە وەك يەك پارچە هەورى ڕەش دەهاتنە بەرچاو بەهەمان شێوەش بەگوڕ دا دەبەزينەوە.. بەم جۆرە تا  تاريك دادەهات دەچون و دەهاتن، ئەوجا بە خشكەيى لەسەر چڵە پۆپى دارەكان دەنيشتنەوەو تا بەيانى پشويان دەداو بێ دەنگ دەبوون ...... ئەو ديمەنە جوانانە ئێواران بيرەوەرى كاريگەريان دەهێنامەوە يادو كاتێك لە هەولێر بووم هەموو ئێواران بەبەردەمى نەخۆشخانەى كۆماريى  هەولێر دەگەڕامەوە ماڵەوە.. هەمان ئەو ديمەنانەم لەسەر دار سنەوبەرو يۆكاليپتۆزە گەورەكانى ناو نەخۆشخانەكە دەدى.. ئێواران دەيان پۆلە كێشكەو ريشۆلە دوايى





تەڕاتێنى و هەڵبەزو دابەز لەسەر لك و پۆپى ئەو پيرە دارانە دەنيشتنەوە.. چەندين جار لە ڕێگەى گەرانەوەمدا بەر  ڕەحمەتى جيقنەكانيان دەكەوتمو ئەو كات نەفرەتم لێيان دەكرد.. بەلاَم ئەم جارە لێرە نەك نەفرەتم لێيان نەئەكرد.. بەڵكو خۆزگەم دەخواست كە جارێكى تريش بەر جيقنەى ئەو باڵندانە بكەومەوەو ئينجا خۆشم هەراسان نەدەكرد..

بەڵێ.. ئەو هەموو پۆلە باڵندانەى دياربەكر هەموو ئێواران دەيانفڕاندم و دەيانبردمەوە هەولێر...ئێواران  لەگەڵ ئازاديى فڕين فڕينى ئەوان منيش لەو ديوو ئەو خەونانەى كەبەردەوام حەزيان لێ ناكەيت ودواييان نايەت، ئەوخەونانەى پڕاوپڕن لەگەمەى مناڵى واتا لەو گەمانەى گەورەبوونيان بۆ نىيە، بۆيە منيش بەحەزێكى شێتانە وردە وردە دەفڕيم..  كاتێكم دەزانى لەناو بازاڕ، ياخود لەزانكۆ بەرەو ماڵ دەگەڕێمەوەو لەبەردەم نەخۆشخانە پۆلە باڵندەكانى ئاسمان سەرنجم ڕادەكێشن‌و هەركە دەگەيشتمە سەرشەقامى شەستى ئاوڕێكى لاى چەپم دەدايەوە بۆ ئەوەى بزانم ئۆتۆمبيل هەن يان، نا، يەكسەرچاوو  لوتم لە ديوارى زيندان هەڵدەنگوت و  بە ئاخێكەوە خۆم لە حەوشەى  زيندانى ناوەندى ديار بەكر بە ديلى دەدۆزيەوەو ئا لەو كاتانەشدا فيڕ فيڕەى قارديان ئاگاداريان دەكردينەوە كە دەبێ دەست بەردارى ئەوەندە ئازاديەى ناو حەوشەكەش ببين و ماڵ ئاوايى لە هەواى ساردو درەختە بالاَبەرزەكان و باڵندە جوانەكان بكەم و دەگەڕامەوە ژورە  پڕ لەژاوەژاو و دوكەلاَويەكە.

★★★★★★★★

لەوێ جگە لە ئێمە گروپێكى ترى پێشمەرگەى  لێ بوو كە نزيكەى بيست كەسێك  دەبوون. ئەوانيش پيشمەرگەى پارتى بوون و لەكاتى ئەنفالەكان لەسەر سنور گيرابوون. ئەو كاتەى ئەوان گيران هێشتا ئێمە لە زيندانى ( E.TiPi) بووين، شەوێك هەواڵيان هێنا كە بيست پێشمەرگەى تريان

هێناوەتە قاوشێكی تایبەتی تەنیشتمان ،هەر چەندە لە سەرێك ئەو هەواڵە خۆش نەبوو ، بەڵام لە سەرەكەی دی هەواڵی تازەو ئاگادار بونەوە لە هەلومەرجی پێشمەرگەو كوردستانی باشوور خراپ نەبوو ، چونكە هەمیشە تامەزرۆی هەواڵی تازەو سۆراغی دەرەوە بوین و لەگەڵ قاردیانەكان هەوڵماندا هەر چۆنێك بوو هەلێكیان بۆ ڕەخساندین و لەگەڵ حەنەفی چووینە سەردانیان.. ئێمە بە گەرمی لێیان چووینە پێش، بەڵام ئەوان بە ساردی وەڵامیان داینەوە !.. هەرچی لێمان دەپرسین، ئەوان وەڵامێكی شایانی باسیان نەدداینەوە !. من خۆم پێیان ناساند، بەڵام ئەوان بایەخیان بە قسەكانم نەدا و لەسەر هەڵوێستی خۆیان هەرسوور بوون !.. چەندی كردم و كۆشام ئەوان هەر دەیانگوت:

- ئێمە دەچووینەوە لای كەس و كارەكانمان و لە سەر سنور گیراین و هیچ گوناهمان نی‌یە !..

- وەكو ئەوەی ئێمە لە هێشتنەوەو ئازاد كردنی ئەوان بەر پرسیار بین!.

سەردانەكەمان هیچ سودێكی نەبوو ، بۆیە لەچوونمان تەنانەت پەشیمانیش بوینەوە. لە ڕێگەی گەڕانەوەماندا حەنەفی گوتی:

- برام ئەوانە پارتی بەڕاستین ، نەك ئێوە.

حەنەفی راستی دەكرد، هەر ئەوان پارتی بەڕاستی بوون. بەڵام ئێمە بۆ پاراستنی گیانمان، خۆمان بە پارتی ناساندبوو. بەهەر حاڵ گەڕاینەوەو هەلوێستی ئەوانمان بۆ هەڤاڵان گێڕایەوە.. ئەوان شەوو ڕۆژێك لەوێ مانەوەو بردیانن.. كە ئێمە چوینە زیندانی ناوەندی سەیرمان كرد ئەوانیش لەوێن، هەرچەندە لەوێش لە قسەكردن خۆیان هەر دەپاراست ، بەڵام چاویان كرابووەو هەندێك شارەزا ببون و ئەمجارە بڕوایان كرد كە ئێمەش پێشمەرگەین. لەناو ئەوان نەوزاد ناوێكی خەڵكی ئامێدی هەبوو، ئەو هۆی قسە نەكردنەكەی بەم شێوەیە بۆ رون كردمەوەو گوتی:





-ئەو كاتەی ئێوە هاتنە سەردانمان بڕوامان بە ئێوە نەكردو وامان زانی ئێوە پیاوی دەوڵەتن و هەر بۆ وەرگرتنی زانیاری هاتونەتە لامان و خۆتان گۆڕیوە چونكە ئێمە زوتر لە نێوان خۆمان ڕێك كەوتبوین كە كەمترین قسە بكەین و چەندی دەتوانین وەڵامی كەس نەدینەوە. دیارە ئێمە لەروانگەی شارەزایمان لە زیندانەكانی ئێڕاق ئەو هەڵوێستەمان وەرگرتبوو، بۆیە دەبێ لێمان ببورن..

كاتێك لە زیندانی (ئەمن)ی هەولێر بووین شەوێكیان پیاوێكی ڕەشتاڵەی كەڵەگەتیان هێنایە ژوورەكەی تەنیشتمان، سەرەتا وامانزانی پیاوی حكومەتەو بەمەبەست نادراوەتە ناومان، بەڵام كە دواتر دلێری مەلا شینەو شێرزاد سەرسپی چاویان پێكەوت ناسیانو زۆر پێكەنینو گوتیان: وەڵا بابە پیاوی حكومەتمان دیتەوە!

-ئەدی ئەوە كێیە؟

-ئەوە مامۆستا حوسینی كادیرەو پیاوێكی تا بڵێی تێكۆشەرو دڵسۆزە...

ئەئەوها گومانی زیندانەكانی بەعسیان كاری خۆی دەكرد، بۆیە كاریگەرییەكەی گەیشتبووە ناو زیندانی توركانیش!

********

لەو سەرو بەندەدا ئێوارەیەك لە ئیدارەی زیندان ناویان خوێندینەوە، كە چوین زانیمان نامەیەك و پێنج ساقۆی جوان و گەرممان لە لایەن هەڤاڵانی قاوشی ژمارە (٢٥)ی زیندانی(E.TiPi) بە دیاری بۆ هاتوون. دیارە ئەوان وەزعی ئێمەیان باش دەزانی و لە خەمیشمان بوون ، بۆیە دوای ڕۆیشتنیشمان بەو دیاریە جوان و بەنرخانە بەسەریان كردینەوە. دڵمان بەو ساقۆیانە زۆر خۆش بوو، خۆش بوو نەك تەنیا لەبەر ئەوەی زۆر پێویست بوون و لە سەرمایان دەپاراستین، بەڵكو ئەوەی زیاتر دڵخۆشی دەكردین دڵسۆزی و بە

پەرۆشی و بەسەر کردنەوەی ئەو هەڤاڵانە بوو کە ماوەیەک بەیەکەوە (هاورێ)یانە ژیاین وهەرلەیادیشیاندا بووین..

ئێمەش بە نامەیەك سوپاس وپێزانینی خۆمان بۆ هەڤاڵان (حەنەفی، بەدرەدین، ئەحمەد، زەینی، درِی، نیزام، سلێمان).. ناردو بۆمان نوسیبون:

ئێوە لە سەرمای زستان رزگارتان کردین، خودا ڕزگارتان بکات.

لەبەرئەوەی هێور خۆی بە کۆمۆنیستێکی عەیار (٢٤) و ماتریالیست دادەنا رەخنەی لە رستەی خودا رزگارتان بکات هەبوو. پێ ی وابوو نابێ ئەم جۆرە ووشانە بەکار بێنین چونکە ئێمە شۆڕشگێڕین و بەکارهێنانی ئەو وشانەو پارانەوەش لە خودا کارێکی پێویست نییە ، بەڵکو تەنیا خەڵکی پاشکەوتوو، کۆنەپەرست پەنا بۆ ئەو جۆرە خورافاتانە دەبەن !.

********

بۆ ئەوەی هەندێ لە حالی خۆمان حاڵی ببین ئاگاداری پارێزەرەکەمان (حوسێن تایفون) کردووە کە سەردانێکمان بکاتو ئەو هاتوو هەروەها دواتر پارێزەر فەتحی گوموشیش هات و گوتیان:

کێشەکەتان دراوەتەوە دادگای باڵا لە ئەنقەرە و لەوێ بڕیارێك لە چارەنوستان دەدرێ و تا ئەو کات دەبێ پشوتان درێژبێ و چاوەڕوان بن.

ئیدی لە وەرزی چاوەڕوانی بڕیاری دادگای باڵای تورکدا دەژیانو، لەو وەرزی چاوەڕوانیەدا بە ڕێکەوت ڕۆژێك ئاوازێکی بە سۆزی پیاوێك سەرنجی بەرەو لای خۆی راکێشام و کە باش هەستم ڕاگرت گوێم لێ بوو پیاوەکە بۆ دەربڕینی هەست و سۆز و غوربەتی زیندان لاوکێك دەچڕێ.. لەو لاوکەدا ئەوەم بە بیر داهات کە لەناو زیندان هەوڵبدەم هەندێك لەو کەسانە بدۆزمەوە کە گۆرانی و شیعرو بابەتی تری فۆلکلۆری دەزانن بۆ ئەوەی بیاننوسمەوەو بەو کارەشم هەم خۆم خەریك دەکەم و هەم چێژێك وەردەگرم و هەم رەنگە بابەتی باش و بە سودیش کۆبکەمەوەو بەڵکو لە دوا





ڕۆژیشدا کەڵکیان لێ وەربگیرێ.. بیری پرۆژەکەم لای چەند کەسێك وروژاندو ئیدی چەند لاوك بێژو داوەتگێڕێکیان پێ ناساندم و لەوێ بەدواوە ڕۆژانە گوێم بۆ لاوك و داستانەکانی دڵداری و قارەمانیەتی و بابەتی ترهەڵدەخستن و ئەوەی پەسندیشم بکردبان دەمنوسینەوە. ئەو پرۆژەیە زۆر دڵخۆش و خەریکی کردم. کات گەیشتە ناوەڕاستی کانونی یەکەم و ئێمەش هێشتا لە چاوەڕوانی فەرمانێکی دادگای باڵادا شەو دەخەینە سەر رۆژ و رۆژ دەخەینە سەر شەو.. ئێوارەیەك نامەیەکی دورو درێژم ( لە مەحمود شاهێن)ەوە بۆ هات لە نامەکەیدا چەندین زاراوەی ئابوری و سیاسی نوسیبون و داوای لێ کردبووم ماناکەیان بە کوردی بۆ بنوسمەوە، بەڵام لەبەر ئیدارە ئەو نەینوسیبوو بە کوردی بەڵکو نوسیبوی بە ئینگلیزیەکەی خۆتان. منیش تێدەگەیشتم کە ئەگەر باسی کوردو کوردی لە هەر نامەیەکدا هاتبایە ئەوا بێگومان ئەگەر خاوەنەکەشی تووشی سزا نەبوایە نامەکە هەر لە ناو دەچوو.

مەحمود شاهێن لەسەر بەرنامەکەی خۆی بەردەوام بوو، بۆیە بەنامەش هەوڵی بۆ فێربوونی کوردی پەتی هەر دەدا. کاتێ نامەکەم بۆ ئەبو مەحمود خوێندەوە پێی دڵخۆش نەبوو، چونکە ئەو پێی وابوو تازە زمانی کوردی بۆ ئەوان هێندە پێویست نییە! بۆیە گوتی:

- مەحمود واز لە بەزمەکەی خۆی هەر ناهێنێ !.

هەرچەندە بەهۆی کوردیی نەزانینەوە خۆشی تووشی دەردی خۆی بووبوو، کە گیراوەکان قسەیان لەگەڵ دەکرد، زۆر بە دەگمەن تێدەگەیشت، بەڵام بۆ هەموو باسێك و هەموو کەسێك هەر سەری دەلەقاندو هەموو جارێك گیراوەکان دەیانگوت:

ئەرێ ئەو هاوڕێ ڕەشەی ئێوە لالە یان ، هەر زمان نازانێ؟..

ئێمەش وەڵامیان دەدانەوەو دیسان دەمانگوت:

نەخێر لاڵ نىيە، بەڵام كوردى بەغدايە و كورديش نازانێ !. هەرلەبەر ئەوەش بوو ئەبو مەحمود حەزى دەكرد هەميشە لە نزيكى منەوە بێ.

ئەو ئێوارەيەى نامەى مەحمود شاهێنم بە دەست گەيشت دامنا بەيانيەكەى وەڵامى بدەمەوە، بەڵام لە كازێوەى بەياندا بە دەنگى بەرزو درەنگە درەنگە لە خەويان قيت كردينەوەو بە ناچارى هەر پێنج هاوڕێ بە پەلە پەل شتومەكەكانمان كۆكردەوەو تا بلێى ى يەك و دوو بۆ جێبەجێ كردنى فەرمانى قارديانەكان ئامادەبووين. لە دوا ئاوڕدانەوەم بۆ سەر جێگەكەم نامەكەى (مەحمود شاهين)م بەرچاو كەوت و بە هۆيەوە تەزويەك بە دڵمدا هات و لام حەيف بوو نەمتوانى وەڵامى بۆ بنێرمەوەو نەشمدەزانى بەرەو كوێمان دەبەن..

- بە داخەوە نەمتوانى وەڵامت بدەمەوەو وا دووريش دەكەومەوەو ڕەنگە هەر قەتيش نەتوانم ئەو وەڵامەت بۆ رەوان بكەمەوە..

********

لەسەرێك تا دەهات لە مەحمود شاهێن دوورتر دەكەوتينەوەو ماوەى لە يەكتر دابرانمان زۆرتر دەبوو.. لەسەرێكى ديش ماوەى گەيشتنەوە يەكترى و، ڕێگاكەش بەرەو كەمبونەوە و كورتبوونەوە دەچوون.. ئەمەش مەتەڵێكەو هەڵهێنانى بەدواداچوون و پشوو درێژى دەوێ..كێ دەزانێ لەم سەفەرە تراژيديەى ئێمەدا رووداوو ڕێكەوتەكان چۆن خۆيان دووبارە دەكەنەوە؟

ئەمـجارە بـــــەرەو كــوێ..؟ بە كام ئاڕاستەدا دەڕۆين و لە چ هەوارێك هەڵدەدەينەوە؟.

هەر يەكەولەلاى خۆى بە جۆرێك بيرى دەكردەوە بە زۆريش بير لەوە دەكرايەوە كە رەنگ بێ ئەمجارە .......... تەواوبێ. ئەوە نىيە بەو بەيانىيە زووە بێ ئەوەى پێشوەخت ئاگادارمان بكەنەوە و هەواڵى بڕيارى دادگاى باڵا بزانين دەمانبەن؟لە ئەنجامى سوورتە سوورتى نێوان خۆشمان





دەركەوت هەموومان ئەگەرى تەسليم كردنەوە بە نزيك دەزانين. ئاگادار بە، بەدەردى برادەرەكەت نەچن .

برادەركەم دەيگوت:

دواى ئەوەى ماوەيەك لە زيندانەكانى دياربەكر ماينەوە ، ئينجا بێ خواست و ويستى خۆمان بەرەو خاپوريان ڕاپێچكردين و هەر چەندە هاوارمانكردو پاڕاينەوە.. هاوار و پاڕانەوە دادى نەداين ، چونكە توركەكان بڕيارى خۆيان دابوو، بڕيارێك كە پاشگەز بونەوەى بۆ نەبێ، بۆيە لاى ئەوان جێبەجێكردنى بڕيارەكە گرينگ بوو نەك چارەنوسى ئێمە...... لەسەر رووبارى خاپورو لە دەروازەى ئيبراهيم خەليل ئێمەيان بە ئێراق بەخشيەوەو .........

شەريف چى بۆ گێڕابوومەوە ئێمەش تا ئێرە هەمان ڕۆڵمان ديبوو. دواى نزيكەى نيو ساڵ زيندانى و چەندين زيندان و چەندين دادگا و بەو بەرەبەيانيە زووەو گوازتنەوەى ئێمە ئەگەرى تەواو كردن و دوبارە بونەوەى روداوەكانى چيرۆكەكەمان بوو..؟.

بەرەو دەرەوە هەنگاومان دەنان ، بەڵام چ جۆرە هەنگاوێك ؟.. بە ئەندێشە لە جێگايەكى ترو بەرەو لايەكى دوور لە هەنگاوەكانمان دەچووين.. لە بەرێوەبەرايەتيدا سەرۆك زيندانەوانێك تەئكيدى لە ناسنامەكانمان كردەوەو بە توركى گوتى:

-گێچ ميش ئولسن..

ئينجا بە كوردى دواو گوتى:

- ئەمڕۆ ئازاد دەكرێن و دەگەڕێنەوە وڵاتى خۆتان.. !

ئايا زيندانەوان ئەم قسانەى لە نەشارەزايى دەكردن ، يان هەر بۆ دڵدانەوەى ئێمە بوو؟.. مەبەستى هەر لايەكيان بوبێ نيازى خراپ نەبوو. بەڵام ئەويش نەيدەزانى ئازاد بوون و گەڕانەوەمان بۆ وڵاتى خۆمان چى دەگەيەنێ..! ئەو بە سادەيى ئەو قسانەى كردن ، بەڵام بۆ ئێمە دەرزى ئاژنو

كاریگەر    بوون. چونكە لە كاتی ناخۆشی و باری نائاساییدا مرۆڤ زیاتر بڕوا بە هەواڵ و ئەگەرە ناهەموارو ناخۆشەكان دەكات، بۆیە ئەگەر بڕواشمان بە قسە باش و ناخۆشەكانی ئەو كردبێ ناحەق نەبووین ...؟

********

تەسلیم بە ئەفسەرێكیان كردین و بەرەو ناو ئوتۆمبێلكی داخراو هەنگاومان نا.. ئەمجارەش ماڵئاوییمان لە زیندانی ناوەندی كرد و بەو بەیانیە زووە لە تاریكایی شەوو زیندانەوە بۆ ناو تاریكایی ئوتۆمبێلە داخراوەكە جوڵاین و سەنگراینەوە.. هەركە بەسەرئوتومبێلەكە كەوتین یەكسەر دەرگایان لەسەر داخستینەوەو ئوتۆمبێلەكە كەوتەڕێ و ئێمەش لە ناویدا كەوتینە ڕێ. سەیری بنەبانی سالۆنی ئوتۆمبێلەكەم كرد لەوێ دووكەسم وەك تارمایی بەدی كردن لەسەرمان خۆیان گرمۆلە كردبوو ، لە ناكاوێك گوێم لە دەنگێكی بیستراوو ناسراوو بوو..

-ئۆی حاجی بەنگین ئەوە تۆی..؟.. چۆنی..؟. تەندروستیت؟. ئەوە لە كوێ بووی حاجی؟. بە ڕاستی بیرمان دەكردی و خۆشحاڵ بووین بەو ڕێكەوتە خۆشە.. ئای حاجی خۆ لە شەمزینانیشەوە هەربە یەكەوە هاتین؟. ئەوە چەند مانگێكیشە لە تۆ دور كەوتوینەتەوەو ئێمە لەزیندانی مەركەزی بوین وا ڕێكەوت ئەمجارەشی گەیاندینەوە یەكتری!...

حاجیش بەم ڕێكەوتە زۆر خۆشحاڵ بوو ... هەر زوو دەستی پێكردەوەو گوتی:

-من دایكا توركان ...... وان چ ژ سەر مە تەسبیت نەكرو ئەوێ جارە كا دی مە ببەنەڤە شەمزینا..

دیتنەوەی مام بەنگین لە دوو سەرەوە خۆشحاڵی كردین:

یەكەم _ بەیەكتری شادبونەوە و دووەمیش بەدیاركەوتنی ئەو جێگایەی كە بۆی دەچین.



لەودیو دەرگا داخراوەكانەوە

ڕێكەوت ئەم جارەش ڕۆڵی خۆی بینی.... ڕێكەوت ....!. ڕێكەوت!. لەم گەشتە دور و درێژەمان گرێكانی چیرۆكەكەمان هەمیشە بە ڕێكەوت دەهۆنرێنەوەو ڕێكەوت و ژیانیش لەیەكتری جیا نین و تەواوكەری یەكتریشن. مام بەنگین تەواوی هەواڵەكانی زیندانی (E.TiPi)ی پێڕاگەیاندین و یەك لە دوای یەك مام بەنگینمان پرسیار باران دەكردو ئەویش بە حەوسەلەو پشوی درێژی لەسەر خۆ وەڵامی یەكە یەكەمانی دەدایەوە.. لە شار چوبوینە دەرێ، بەڵام لە بەر قسان زۆر ئاگامان لە باری نالەباری ناو ئوتۆمبێلەكەو خۆمان نەمابوو. تا زیاتر دەڕۆیشتین هیلاكتر دەبوین و تێشووی قسەو هەواڵەكانیشمان بەرەو كەم بونەوە دەچوو. دەرەوە بەفرو باران و ناوەوەی ئوتۆمبێلەكەش گەلەك سارد بوو بۆیە كاتی نیوەڕۆ چەقە چەقی ددانمان دەهات و سەرما وەك تیغ بەناو جەستەمان تاسەر هێسكانی دەبڕی و لە خۆڕاگرتنیش بەو لاوە هیچ ڕێگەیەكی ترمان لەبەردەمدا نەبوو ... برسێتیش هێرشی خۆی دەست پێكرد ، ئەوجا وەرە خۆت ڕاگرەو سەبر بگرە.. سەرماو ماندوێتی و برسێتی سێ دوژمنی هار بوون و بە یەكەوە پەلاماریان دەداین وئێمەش نە هیچ پەنایەك و نەهیچ كەسێكیشمان هەبوو هاواری بۆ بەرین.. جار جارە جوڵەمان بە دەست وقاچەكانمان دەكرد، بەڵام لەو جێگا بەرتەنگە بەشی گەرم بونەوەو خاوبونەوەی دەمارەكانی نەدەكرد ... هەرچەندە مام بەنگین بەهۆی پیریەوە شپرزە بوو ، بەڵام سەرەڕای ئەوەش ئەو هانی دەداین دەیگوت:

-بۆ ئەوەی نەمرین و بە كوێرایی چاوی دوژمنان هەر بژین پێویستە بەرگە بگرین.

لەبەر ئەوەی ڕێگەكە دوورو، ئوتۆمبێلەكە خراپ و، بەفرو بارانیش بوو ئەو ڕۆژە تا ئێوارە هەر بە ڕێگەوە بووین. تاریكی شەو لە ڕۆژهەڵاتەوە روناكی

رۆژی بەرەو رۆژ ئاوا ڕاو دەناو تا بە تەواوی ئاوای کرد و ئەو کات ئێمەش گەیشتینە شاری وان.

********

کاتێ لە رێگادا رێبواران شەویان بەسەردا دێ ئەگەر بگەنە شارێك ئەوا بە پێی باری دارایی خۆیان روو لە ئوتێلێك دەکەن، یان دەچنە ماڵی کەس و کارێکیان، ئەگەریش بگەنە گوندێك ئەوا هەم مزگەوت ماڵی خۆیانەو هەم گوندییەکانیش بە دڵە فراوانەکەیانەوە هەمیشە لە پێشوازی میوانان دان ...
ئەدی گەلۆ ئەگەر ئێمەی پێشمەرگە و دیلی دەستی دەولەتێکی بێگانە لە نێوان ئەم زیندان و ئەو زیندانیش شەومان بەسەردابێ، تۆ بڵێی بارگە لە کوێ هەڵدەدەین یاخود، ڕاستترە بڵێم بارگەمان پێ لە کوێ هەڵدەدەن و، تا لە ماندوێتی ئەو ڕۆژە پڕ لە مشەقەتیە وەسێینەوەو پشوویەك بدەین روو لە چ لایەك دەکەین؟..
بێگومان نە دەمانبەنە هیچ ئوتێلێك و نەهیچ ماڵێك، نەدەشکرێ شەو لەناو ئوتۆمبێلەکە بەسەر بەرین، چونکە هەوا هێندە سارد بوو، بەرگەمان نەدەگرت و ڕەنگ بوو تا بەیانیش لەناویدا ڕەقببینەوە.. پەیدا کردنی جێگای حەوانەوەی ئەو شەوە خەمی ئێمە نەبوو ، بەڵکو خەمی ئێمە تەنیا بۆ ژورێکی گەرم بوو ....

********

ساڵانە لەسەرتاسەری تورکیا سەدان کەس بۆ خۆشی گەشت و گوزار دەچنە وان و لەناو سروشتە جوانەکەی کاتێکی کەم یا زۆر بەسەر دەبەن. تورکەکان هێندە بەو شارە جوانە سەرسامن پەندێکیان لەسەری هەیە و دەڵێن (لە دنیادا وان و لە قیامەتیشدا ئیمان) بەڵام وان بۆ ئێمە جیاوازی لەگەڵ هیچ شوێنێکی تردا نەبوو ... با وان بەهەشت و با هەر جوانیش بێ، با دەریاچەکەی هەر دڵڕفێن و خەم ڕەوێن بێ، با چیا بەرزەکانی هەمیشە بە





تارای زیوین داپۆشرابن، با پێ دەشتەکانی هەمیشە مێرگ و گوڵستان بن...!.. بە ئێمە چی؟. ئەوە وان وئەوەش میوانەکانی... تورکە داگیر کەرەکان بۆ سەیران و خۆشی دێنە وان و لێی دەمێننەوە ئێمەش بە دیلی و دەستی کەلەپچە کراوەوە..

********

ئەفسەری بەرپرس لە زۆر دەرگایداو لە زۆر شوێن لە چاوەڕوانیدا هێشتینەوە تا دواجار لەگەڵ ئیدارەی زیندانی ناوەندی وان رێککەوت کە ئەو شەوە جێگەمان بکەنەوەو تا بەیانی لەوێ بمێنینەوە. کە دەرگای ئوتۆمبێلەکەیان کردەوە هەرچەند دەمانکردو خۆمان دەبردو دەهێنا قاچەکانمان بە دوادا نەدەهاتن و بە هۆی سەرماو بەرتەنگی جێگاو هەڵبەزو دابەزی ناو ئوتۆمبێلەکە هەموو دەمارەکانمان رەق ببونەوە.
ژورێکیان بۆ تەرخانکردین کە تەنیا چەند شرە پەتوویەکی تێدابوو، بەڵام لەناو ئوتۆمبێلەکە هەر باشتر بوو. چەند گیراوێکی تر لەناو زیندانەکە دەهاتن و دەچوون هاتنە لامان و کە زانیشیان پێشمەرگەین زوو نان و چایەکی سەر پێیان بۆ هێناین وئەو گیراوە کوردە نەناسیاوانە بە کردەوە دڵسۆزیی و بە پەرۆشی خۆیان بۆ ئێمەی (پێشمەرگە)سەلماند... دوای نان خواردن ڕاکشاین ، بەڵام ئایا لەسەرمان خەومان لێکەوت یان، نا؟.
بەیانی زووش هەستاینەوەو بەرەو جۆلەمێرگ کەوتینەوە ڕێ. ئەمجارەش تا بەردەم دەرگای زیندانی ناوەندی جۆلەمێرگ نەوەستاین و کەچوین هەوارێکی تازە لە چاوەڕوانی ئێمەدا میوانەکانی تری دەتلاندنەوە.

********

زیندانی ناوەندی جۆلەمێرگیش لە چاو ژمارەی دانیشتوانی شارەکە زۆر گەورە بوو. لە دوو قات و چەندین قاوش و هەر قاوشەشی لە چەندین ژور پێك هاتبوو.لەبەر ئەوەیش کە زیندانەکە تازە بوو هەم پاك و خاوێن هەم

كەشێكی هێمنی هەبوو. قاتی خوارەوەی چێشتخانەیەكی گەورەو گەرماوێكی بچوكی تیا بوو.

چووینە ژورێك تەنیا سێ پێشمەرگەی حزبی دیموكراتی كوردستانی ئێرانی لێ بوون، مام ئەبوبەكر میهری كە تێكۆشەرێكی دێرین و پیاوێكی بە ئەزمون و راستگۆو هێمن و لەسەر خۆ بوو، هەرچەندە تەمەنی لە (٦٠)ساڵ تێپەریبوو، بەلاَم ورەی بەرزو بیروباوەری بە تینی وزەی بەردەوامبونی خەباتیان پێ دەبەخشی. عەلی عەلیزادە و مەحكومیش كە دوولاوی دڵسۆزو رێكو پێك بوون هەرسێكیان خەڵكی ناوچەی شكاك بوون و كاتێك بۆ كارێكی تایبەت ئاودیوی كوردستانی توركیا بوو بوون لەناو گوندێكی سەر سنور بەیەكەوە دەستگیر كرابوون.

سۆزی پێشمەرگایەتی زوو بۆ یەكتری راكێشاین وبە ماوەیەكی كورت پەیوەندیەكی توندو تۆڵمان لە نێواندا دروست بوو. ئێمە پێشمەرگەی كوردستانی ئێراق و ئەوانیش پێشمەرگەی كوردستانی ئێران و هەردوولاشمان لە زیندانێكی كوردستانی توركیا یەكتریمان گرتبووەوە، كە بێگومان دابەشكردنی كوردستان هۆكاری سەدان و بگرە هەزاران یەكگرتنەوەی لەو جۆرە و جیاوازتر ولە هەمان كاتیشدا لە یەكتری كردن و لە یەكتری دابڕاندنو دوور كردنەوەو ئەو دیو كردنی ملیۆنانی تریشە.

ئەوان شارەزای وردو درشتی ناو زیندانەكە بوون. هەر زوو هەندێ زانیاری پێویستیان بۆ باسكردین و پیاو خراپ و پیاو چاكەكانیان بۆ دەست نیشان كردین وتەئكیدیان لەسەر دووسێ كەس ئەكردەوە كە لەوانە ئاگاداری خۆمان بین چونكە سیخوڕی دەوڵەت بوون.

********

تا لەوێ بووین گیانێكم لە مام ئەبوبەكر بوو، رۆژانە بەیەكەوە دادەنیشتین و باسی زۆر شتمان بۆ یەكتری دەكردو لەسەر زۆر مەسەلەش دەدواین. هەر





چەندە مام ئەبوبەكر دیموكراتێكی توند بوو، بەلاَم ئەو توندی و وابەستەییەی بە حزب نە بوو بووە مایەی نیگەرانی و دڕدۆنگی لەگەڵ ئێمەی (پارتی !) دژو دوژمنی دێرین و سەرسەختی ئەوان. مام ئەبوبەكر لە تەمەنی لاوێتیدا خۆی گوتەنی كچێكی رەواندبوو (هەڵگرتبوو). سەبارەت بە ژن هەڵگرتنەكەی دەیگوت:

ئەگەر وام نەكردبا نەمدەتوانی بە ئاسانی ژن بهێنم و لای خۆشمان ژن هەڵگرتن دابێكی كۆنە.

هەر سەبارەت بە ژن رەواندن ڕای وابوو كە كارێكی باشە ، چونكە كوڕێك و كچێك بە دڵخواستی خۆیان بڕیار لە چارەنوسی هاوبەشی خۆیان دەدەن و بە هۆی خۆشەویستی نەك سەپاندن دەبنە هاوسەری یەكتری. ئەو بۆچوونەی مام ئەبوبەكرم زۆر بە ڕاست دەزانی و ئەگەرچی لە ڕووی كۆمەڵایەتی ناووناوبانگ زڕانێكی بە دواوەیە، بەلاَم دەتوانم بڵێم هاوسەرینییەكی ئازادانە و سروشتییە، هەڵگرتن و راكردنیش هەڵگەڕانەوەیە لە هەندێ رێسای كۆنینەی كۆنەپەرستانەی داسەپاوی نەخوازراوو دەربرینێكی زۆر جوان و ڕەسەنایەتیەكی بنچینەیی مرۆڤی كوردە.

مام ئەبوبەكر، هەروەها باسی جۆرە هەڵگرتنێكی تری كۆمەڵێكی ناوچەكانی خۆیانی دەكرد كە لەوێ لەو كاتەی كچێك دەچێتە سەركانی، یان سەركارێك، یاخود بە پێچەوانەوە لە كاتی گەڕانەوەیدا ئەگەر هاتوو لاوێك توانی سەرپۆشەكەی سەری بڕفێنێ و دەرباز ببێ ئەوا كچەكە بێ سێ و دوو بۆ خۆی دەبێ. دیارە ئەو لاوەی ئەو كارە دەكات دەبێت زووتر بەینێكی لەگەڵ كچەكە هەبێ دەنا خۆ پاراستن یان، بەدەستەوە نەدانی سەر پۆشەكە دەبێتە مایەی سەر تیاچوونی كوڕەكە. كاتێك كە كچەكە سەرپۆشەكەی دەڕفێنرێ ڕوو بەڕوی هیچ جۆرە سزایەك نابێتەوە ، چونكە گوایە بێدەستی خۆی و

بەزۆريەو نەريتەكەشيان بێ دەنگيی و ڕەزامەندی بەسەر باوكی كچەكەدا دەسەپێنێ.

مام ئەبوبەكر، زۆر حەزی لە پەنير دەكرد. هەموو ژەمێك مەگەر نەبوايە دەنا هەر دەبوو بۆ تاميش بێ تۆزێك پەنير بخوات. لە دوای هەموو جۆرە ژەمێك ئەگەر ژەمەكە برنج و شلە بوايە يان، گۆشتی برژاو ياخود، سەروپێش بوايە ئەو كوشكەك پەنيری خۆی هەردەخوارد.

حەميد لە قاتی يەكەمی تەختەكە بوو، مام ئەبوبەكريش پەنيرەكەی خۆی لە ژێرتەختەكە دانابوو، دوای هەر ژەمێك مام ئەبوبەكر داوای لە حەميد دەكردو دەيگوت:

- حەميد بابۆ كوشكەكە پەنيری بۆ من بينە.

حەميديش هەموو جارێ بە پێكەنينەوە داواكەی جێبەجێ دەكرد. مام ئەبوبەكر دەيگوت:

- كاتی خۆی ئێمە ئاژەڵدار بووين و هەر لە منداڵيەوە راهاتووم كە لەگەڵ پەنيرو بە هۆی پەنيرەوە بژيم.

مام ئەبوبەكر تام و ڕەنگی هەموو جۆرە پەنيرەكانی لە يەكتری جيا دەكردنەوە كاريشی بەوە باش بوو هەندێك لە خزم و دۆستە ئاژەڵدارەكانی خەڵكی ديوی كوردستانی توركيا بوون و زوو زوو دەهاتنە سەردانی و پەنيريان بۆ دەهێنا.

ئەو سێ پێشمەرگەيەش زۆر لەوە دەترسان تەسليم بە ئێرانيان بكەنەوە. بەو پێ يەش ئەوان ئێرانی و ئێمە ئێراقی بووين، بەلآم ئێمە نەمان دەويست تەسليمی ئێراق وئەوانيش نەيان دەويست تەسليمی ئێران بكرێنەوە. بێگومان لە زيندانەكانی سوريا و ئێران و ئێراقيش لە هەمان كاتدا كەسانی وا هەبوونە كە نەيان ويستووە تەسليمی توركيايان بكەنەوە !. ئێمە هەمووومان كوردو كوردستانی بووين و لە وڵاتی خۆمان ديلی دەوڵەتێكی





داگير كەر بووين و نەشمان دەويست تەسليمی دەوڵەتێكی داگير كەری تر بكرێينەوە... لە دونيادا رەنگە گرتنی چەند هاووڵاتيەكی وڵاتێك بە دەستی سوپای وڵاتێكی تر كێشەو شەڕی گەورەشی لێ بكەوێتەوە ، بەلآم لە نێوان ئەو وڵاتانەی كوردستانيان بەسەردا دابەش كراوە گيرانی هاووڵاتيانی كوردستان هاوپەيمانيی و سوپاسنامە و ڕێكەوتنی پڕ بايەخی بە دواوەيە!.

********

هەمووی چەند ڕۆژێك بوو لەوێ بووين، باش قارديانێك داوای لێمان كرد بچين خەلوزی (بەردين) بكێشين. خەلوز كێشانەوەش بريتی بوو لەوەی لە دەرەوەی زيندان خەلوز بە عارەبانە بگوێزينەوە ناوەوە.چەند جارێك بێ دەنگ ئەركەكەی خۆمان جێبەجێ كرد، بەلآم كە پرسيارمان كرد بۆچی ئەو كارە بە كەسی تر ناكەن !.. كەرەمی باش قارديان گوتی:

چونكە ئەوانەی تر لە جياتی كار كردن پارە دەدەن و ئەگەر ئێوەش پارە بدەن ئەو كارە ناكەن.

بەلآم ئێمە هيچ پارەمان نەبوو، بۆيە نەمان دەتوانی خۆمان لەو ئەركە رزگار بكەين. كە دەچووينە سەر كار كەرەم وەك سەركار لەسەر سەرمان دەوەستاو بە لوتێكی بەرزو فيشالەوە فەرمانی دەدان و چاودێری دەكردين. رۆژێك بە كەرەممان گوت:

ئێمە پێشمەرگەين و سياسين بۆيە هەق نىيە كارمان پێ بكەن؟.

ئەو زۆر بە ڕەقی وەلآمی دايەوەو ڕاستەوخۆ گوتی:

لای ئێمە جياوازی نێوان سياسی و ناسياسی نىيە ، زيندانيان هەموويان وەك يەكن.

ڕاستە هەموومان زيندانين، بەلآم چۆن جياوازی لە نێوان پياو كوژێك و پێشمەرگەيەك نىيە؟..

چۆن جياوازی لە نێوان ئێمە و تلياكچی و قاچاغچيياندا نىيە؟!..

كەرەم  زۆر گوێی بەو قسانە نەداو تەنیا ئەوەندەی گوت كە لە دەرەوە رەنگە جیاوازی هەبێ، بەڵام لە زینداندا ئەو جیاوازییە نابێ هەبێ !.

باش قاردیانێكی دیكەش ناوی كەرەم بوو، بەڵام ئەو تابلێی پیاوێكی چاك و بە ڕێزو نیشتمان پەرەوەر بوو، رێك پێچەوانەی ئەو كەرەمە بوو كە كاری بە ئێمە دەكردو بەرپرسی هەندێ كاروباری ئیدارەبوو. هەموو جار بە كەرەمی چاكمان دەگوت:

- حەیف ئەو كەرەمە خراپە ناوی تۆی  خەسار كردووە.

كەرەمی پیاو چاكیش دەیگوت:

- گوێی مەدەنێ چەم بێ چەقەڵ نابێ  و ئەو پیاوەش ناكەس  بەچەو پیاوی دەوڵەتە، بۆیە هەر هێندەی لێ دەوەشێتەوە ...

لە كاتی خەلوز كێشان جگە لە ماندوبون لە چلورەی گوێ سواندەی زیندانەكەش زۆر دەترساین، چونكە.. زستانی ئەو ساڵە زۆر ساردو سەخت بوو، شەوان چۆڕاوگەی  ئاوی سەربانەكان دەیبەست و دەبووە چلورەی ئەستورو درێژ..  بانەكەش  زۆر بەرز و چلورەكانیش گەورە بوون دەترساین لە كاتی كاركردندا دانەیەكمان بەسەردا بەربێتەوەو بمان كوژێ.چلورەی قەبەو درێژ، سەرتیژ وەك خەنجەر و تا كارەكەشمان تەواو دەبوو  لە ژێریان دەهاتین و دەچووین، بەڵام لە دواییدا بە پەلارو گاشە بەرد چلورە گەورەكانمان دەخستن ئینجا دەستمان بە كاركردن  دەكرد.

پێمان گەیشتەوە  هەندێ لە زیندانیە بە هەڵوێستەكان لە ناو خۆیاندا باسی ئەوەیان كردووە كە لە جیاتی ئێمە پارەكە بدەن و چیتر رێگە نەدەن كارمان پێ بكەن.  بەڵام خۆمان ڕۆژێك بڕیارماندا كە چیتر فەرمانی كەرەم جێبەجێ و بە زۆریش بێ ئەو بێگارە نەكەین. چیمان بڕیار دابوو ئەوەمان جێبەجێ كرد و هەر چەندە كەرەم هاتووچوو سوودی نەبوو.. تا دوا جار بەوە هەڕەشەی لێ كردین گوایە خاڵی خراپ دەخاتە سەر دۆسیەكەمان و





لەگەڵ داواكاری گشتی هەوڵدەدات لە دادگا   بە جێبەجێ نەكردنی فەرمانەكانی دەوڵەتمان بداتە قەلەم..

زۆر كەسیش هەبوون دەیانگوت:

- ئەو كارە بكەن بۆ خۆتان باشترە دەنا ئەگەر ئیدارەی زیندان  و دادگا رەئیان لەسەرتان بگۆڕێ بە خراپ بەسەرتاندا دەشكێتەوە.

بەڵام  گوێمان هەر پێ نەدا و بە خەبات خۆمان لەو كارو ئەركە قوڕسە ڕزگار كرد، بە تایبەتی جگە لە ماندووبون هەموو جارێكیش جلەكانمان لە تەنی و تەپ و تۆز ڕەش هەڵدەگەڕان و  دوای تەواو كردنی كارەكە دەبوو هەموو جارێ هەم خۆمان و هەم جلەكانمان بشوشتبایە، تەنیا یەك دەستە جلیشمان هەبوو، بۆیە خۆ گۆڕین و شوشتنیش كارێكی ئاسان نەبوو.

********

ناو زیندان پێكهاتەیەكی كۆمەڵایەتی هەمەڕەنگ بوو.. خەڵكەكە لەسەر مەسەلەی جۆراو جۆر گیرابوون.. هەبوو  لەسەر مەسەلەی كوشتن، هەبوو لەسەر تلیاك،  هەبوو لەسەر قاچاغ ، هەشبوو لەسەر غەسب و........

لەبەر ئەوەی زۆربەی هەرە زۆری زیندانیان خەڵكی ناوچەی هەكاری بوون و ناوچەی هەكاریش لە زۆربەی ناوچەكانی تری توركیا لە هەموو  رووەكانی ئابوری، سیاسی ، فەرهەنگی دواكەوتوتربوو، بۆیە زیندانیەكانیش زادەی ئەو هەلومەرجە بوون. بەڵام ڕێزو شەرم و جۆری پەیوەندیەكانیان رەنگ دانەوەی داب و نەریتی رەسەنی كوردەواری بوون.

خالۆ عومەر بەر پرسی گەرماوەكە بوو، عەبدولرەحمانی براشی یارمەتی دەدا. ئەو دوو برایە زیاترلە دە ساڵ بوو گیرابوون، ئەوانیش لەسەر كاری سیاسی نەگیرابوون،  بەڵام دوو كەسی تابڵێی باش و دڵسۆزو كورد پەرەوەر و خەڵكی ناوچەی ئۆلودەرە بوون. خالۆ عومەر جەلالیەكی زۆر تۆخ بوو.. بەردەوام لەگەڵ لایەنگرانی پارتی قڕەی بوو. ئەو هەموو جار دەیگوت:

- جیاوازی نێوان یەکێتیی و پارتی  جیاوازی نێوان شارو گوندە. زۆر جاری تریش دەیگووت:

- هەرگیز بڕواناکەم ئێوە پارتی بن، بەڵکو ئێوە شیوعین،  یان یەکێتین!.

کاتەکانی چوونە گەرماو دیاریکراو بوون و دەبوو زیندانیان لە کاتی خۆیان و بە نۆرە بچن، بەڵام ئەو بۆ ئێمە کات و نۆرەی  نەهێشتبوو.. هەر کاتێك حەزمان بکردایە دەچوین. دڵسۆزی خاڵۆ عومەر لە رادەبەردەر بوو، ئەو لە خزمەت کردنی پێشمەرگە، هەرگیز وەرس و ماندوو نەدەبوو، ئەگەر رۆژێك هەواڵێکی چالاکی پێشمەرگەکانی (PKK) هەبوایە ئەوا ئەو رۆژە جەژنی خاڵۆ عومەر بوو، بە هەموو قاوشەکاندا دەگەڕاو بە شێوەی جۆراو جۆر هەواڵەکەی بە دۆست و دوژمن دەگەیاند.. دەیگوت:

- پێویستە هەموو زیندانیان هەواڵی چالاکی پێشمەرگە بزانن  بۆ ئەوەی دڵسۆزان خۆشحاڵ بن و بێبەخت و ئەسپیونچیەکانیش(جاسوسەکان) بتەقن.

ئیبراهیم ئۆزدەمیریش  دەیگوت:

- ئەو نازناوەی من هی ئۆزدەمیر پاشایەو بۆ  ئێمە  بەجێماوە.

ئیبراهیم   شانازی بەو نازناوەوە  دەکرد، بەڵام کە لە دواییدا من باسی ئۆزدەمیر پاشام  بۆ کردو پێم گوت: ئەویش لە داگیر کەرێك زیاتر نەبووە. ئەو  پەشیمانی خۆی نیشانداو هەندێ جوێنیشی  ڕەوانەی گۆڕەکەی ئۆزدەمیر پاشا کردن. ئیبراهیم خووی وابوو لە چ مەجلیسێك بوایە دەبووە بەشێکی ئەو مەجلیسە !.. هەندێ جار لە دژی هەڵوێستی نیشتمان پەروەران هاوکاری ئیدارەی دەکردو دواتر هەر خۆی پەشیمان دەبووەو ئەگەر پێویستی بکردایە  لە پێناوی ئەوانەی دوێنێ دژیان بوو ئەمرۆ خۆی بۆ بە کوشت دەدان !. هەر کەسێك باش ئیبراهیمی بناسیبایە دەیتوانی بە  ئارەزوی خۆی هەڵی سوڕێنێ و بە دڵخواستی خۆی بە کاری بێنێ، بە کورتی پیاوێکی ڕاڕاو ناسەقامگیر بوو.. هەر ئێمەی دەدی هێندە کوردانەو مەردانە دەدوا دەتگوت





لە وەتی ئەو پیاوە هەیە هەر لە مەیدانی خەباتەو هەرکە چاویشی بە بەرپرسە تورکەکان دەکەوتەوە وەك تورکێك دەدواو خۆی لەبیردەچووەوە... سەیریش لەوە بوو هەموو جارێ بە ڕاستی دەگۆڕاو وەنەبێ هەر بۆ مەرامێکی تایبەتی ماستاوو مەرایی بکات.. بەڵام ئەو هەمیشە بە کاریگەری بەرامبەرەکەی دەگۆڕاو دەجولایەوە..

لە تەنیشتیشمانەوە شەفیق  گوور ناوێك هەبوو، کوڕێکی گەنج بوو، بەڵام هێندە ئیش کەرو مرۆڤ دۆست بوو لە باشیان وەسفی تەواوی ناکرێ. رۆژێ سەد جار خۆی بە قوربانی ئێمەی پێشمەرگە دەکرد..  پاك و بێگەرد بوو، ئەگەر رێگەمان  بدابایە نەیدەهێشت جل  و بەرگی  خۆشمان بشۆین، بەڵکو دەیویست ئەو هەموو کارێکمان بۆبکات. ئەو پێشمەرگەی لە خۆ خۆشتر دەویست و ئەو کاتە دڵخۆش دەبوو کە ئێمە کارێکمان پێ بکردایە.. شەفیق زۆر دژی داگیرکەران بوو. هەموو رۆژێ چەندین جار جوێن بارانی دەکردن و لە دەرەوەش بە بێ ئەوەی پەیوەندی بە هیچ ڕێکخراوێکی سیاسیەوە هەبوبێ هەمیشەهەڵوێستی شۆڕشگێرانەی هەبووە.

عومەر ئایدن پیاوێکی کەمێك قسە زان بوو، لەبەر ئەوەی پیاوی تورکان بوو، ژورێکی تایبەتی هەبوو، هەر لەبەر ئەوەش بوو  زۆربەی هەرە زۆری خەڵکەکە دژی بوون و بە چاوی سووك سەیریان  دەکرد. ئەو خۆشی دەیزانی، بەڵام لەبەرئەوەی وەك کاردانەوەیەك لە دژی (PKK) ئەو هەڵوێستەی وەرگرتبوو زۆر گوێی لێ نەبوو. وەکو باسیان دەکرد عومەر  لە حەپس دەبێ ئەو کاتەی (PKK) دەچنە سەر ماڵی و قەتل و عامی خێزانەکەی دەکەن و یازدە کەسیان دەکوژن، ئیدی لەوە بە دواوە عومەر هەر چەندە هیچی لە دەست نەدەهات، بەڵام  بە زمان لەناو زیندان ببووە  پیاوی تورك و دوژمنی کورد. بۆ پاکانە یان بە ڕاستی بوو هەموو جار  بە ئێمەی دەگوت:

- من دژی كوردو پێشمەرگە نیم ،چونكە خۆشم كوردم،  بەلاّم دوژمنی پەكەكەم، حەقە ئەو خەڵكە پەكەكەو كورد لە یەكتر جیا بكاتەوە.

قەرەوانچی.. واتە ئەو كەسەی لە چێشتخانە خواردنی دەهێناو بەسەر قاوشەكانیشدا دابەشی دەكرد.. پیاوێكی ڕەقەڵەی گورج و گۆل و كەم دوبوو. لە بەرامبەر كەمێك پارەدا سێ ژەمە خواردنی دابەش دەكرد. چیرۆكی قەرەوانچیش ئەوە دەهێنێ وەك نمونەیەكی ناوازەو خراپی كۆمەڵ باسبكرێ.. قەرەوانچی لە تەمەنی لاوێتیدا ژنەكەی نامێنێ و بەهۆی خراپی باری دارایی ناتوانێ ژن بهێنێتەوە. تاقە كوڕێكی دەبێ، دوای ئەوەی ژن دەهێنێ(واتا كوڕەكەی) دەبێ بە سەرباز و پاش ماوەیەك باوكەكە بەخۆشی بێ یان ناخۆشی دەست لەگەڵ بووكەكەی تێكەڵ دەكات و پێش ئەوەی ماوەی سەربازی كوڕەكە تەواو بێ جارێك بە وچان دەگەڕێتەوە ماڵەوەو باوكەكەی لەترسی لە دەست چوونی بوكەكەی  یاخود، لە ئەنجامی ناكۆكیەكی تر كوڕەكەی دەكوژێ و ئیدی كوڕە بزر دەبێ، بەلاّم وەك دەڵێن تاوان هەرچۆنێك بكرێ بەشی ئاشكرا بوونی پاشماوەكانی لێ بە جێ دەمێنێ و ئەویش چونكە بە تاقی تەنیا بووە هەر لەپشتی ماڵەكەی چاڵێك هەڵدەكەنێ و لەوێ دەیشارێتەوە. هەواڵەكەش وا بلاّو دەكاتەوە كە كوڕەكەی گەڕاوەتەوەسەربازی.. بەلاّم زۆر نابات تەرمەكەی دەدۆزرێتەوەو دوای لێكۆڵینەوە تاوانبارو بوكەكەی دەگیرێن و دان بە هەموو ڕاستیەكاندا دەنێن و لە ئاكامدا حوكم دەبن. لەوێش كابرا بووبوو بە قەرەوانچی و بوكەكەشی لەلایەكی تایبەتی زیندانەكە بوو!.

سالح خەڵكی باشقەلاو لەسەر قاچاغچێتی گیرابوو، دەیویست ببێ بە ڕیشسپی زیندانیان زۆر حەزی لە گەورەیی بوو.. هەوڵی دەدا بەسەردان و قسەی خۆش سەرنجی خەڵكەكە بۆ خۆی ڕابكێشێ، بەلاّم لەبەرئەوەی  زۆر بەپەلەبوو، تواناشی لەو ئاستەدا نەبوو بۆیە سەرەڕای حەزو هەوڵەكانی زۆریش توشی





گیرو گرفت دەبوەوە، ئەگەر نەیتوانیبا بەخۆشیش قەناعەتی كەسێك بێنێ ئەوا بەگژیدا دەچوو، گێچەڵی پێ دەفرۆشت، بۆیە زۆربەی زیندانیان لێی تێگەیشتبوون و خۆیان لێی دەپاراست، بەلاّم ئەو لە هەوڵدان هەر نەدەكەوت.

فەرهادو حەمە سالح دووكوڕی دڵسۆزو ڕێك و پێك بوون،و، حەمەساڵح فێری زمانی توركی دەكردم، ڕۆژێكیان كتێبێكی كەمالیستێكی توركی بۆ دەخوێندمەوە كەلەسەر كوردی نوسیبوو، بەم شێوەیە هۆكارو چۆنیەتی سەرهەڵدانی ووشەی (كورد)ی باس كردبوو، نوسیبووی:

توركە چیایی یەكان ئەو كەسانەن كەلەناوچە شاخاوییە سەختەكانی باشورو باشوری ڕۆژهەلاّتی ئەنادۆڵ دەژین. لەو ناوچە شاخاوییانەدا زستانان بەفرێكی زۆر دەبارێ و خەڵكەكەش كەلەسەر بەفر دەڕۆن و بەفر دەشكێنن دەنگێك لەژێر پێیان دەردەچێ (واتە لەگەڵ شكاندن و بەسەر بەفردا ڕۆیشتن) دەڵێ كرت..كرت..كوررت...كورت .....ئیدی. لەگەڵ تێپەڕینی زەمانە ئەودەنگە وەكو ناو بەسەر ئەوانەدا سەپا  واتا (كورد) مانای ئەوكەسانە دەگەیەنێ كەلەسەر بەفر دەڕۆن و كرتە كورت دەكەن، وە نەبێ ناوی نەتەوە  یان گەلێك بێ..!

هەرچی عەلی ئیحسان بوو پیاوێكی كەڵەگەت و ڕووخۆش بوو، زۆر حەزی لەدانیشتنی دووقۆڵی دەكرد ئەو كەسی نەكوشتبوو، بەلاّم بەو تۆمەتە گیرابوو، كێشەكەی چیرۆكێكی درێژ بوو، دامو دەزگاكانی دەوڵەت بە بارە بارِ تۆمەتیان بۆ دروست كردبوو، ئەویش زۆر شانازی بەناوەكەی خۆیەوە دەكردو دەیگوت:

من بەناوی ئیحسان پاشا كراومەتەوە.

خەڵكی لای وان بوو، لەوناوەش عەلی ئیحسان، محەمەد ئیحسان، ئیحسان نوری، ئیحسان.. ناو زۆر بوون و هەمووشیان بەناوی ئیحسان پاشاوە ناونرابوون.

كازم چەليك و عومەر دەمیر دوو پیاوی دونیادیتەو دەنگ خۆش و ستران بێژو بەیت بێژبوون لە زاری ئەو دووانە چەندین بەیت و گۆرانی فۆلكلۆریم تۆمار كردن ئەوانەو زۆر خەڵكی باش و خراپی تر.. بەڵام ئەوەی جێگەی لە بیر نەچونەوەیە چاكەو پیاوەتی زۆربەی قاردیانەكانە.. رۆژێكیان بە قاردیانێكم گوت:

- تۆ لە زیادی برادەرم دەچی..

هەر ئەوەندە بەس بوو بۆ ئەوەی باپیرئەرتونج ببێ بە برادەرێكی نزیك و سوودمەند. هەروەها عیسای شرناخ و سەلاحەدین هەمیشە بە دەنگمانەوە دەهاتن، هەرچی مەلا عوبێدە كاتی خۆی لە فەقێیەتی خوێندبووی بەو هۆیەوە زۆر ناوچەی كوردستان گەڕابوو، بۆیە كەمێك سەری لە سۆرانی دەردەچوو ، دەشی زانی پیتە عەرەبیەكان بخوێنێتەوە و كەسی تریش لە زیندان نەبوو عەرەبی بزانێ یاخود پیتە عەرەبیەكان بناسێ بۆیە، ئیدارە ئەویان لەسەر نامەكانی ئێمە كردبوو بە سانسۆرێست. بەڵام ئەو هەموو نامەكانی ئیمزا دەكردن و بە ئیدارەی ڕادەگەیاند كە(عەرەبین و هیچیان تێدانیە!). چونكە ئەگەر ئیدارە بیزانیایە نامەكان كوردین ناوەرۆكەكەیان هەر چیەك بوایە نەیاندەهێشت بگەنە دەستمان، یاخود لەلای ئێمەوە دەربچن. ! خۆشی لەوەدابوو مەلا عوبێدێش نەیدەتوانی هەموو ناوەرۆكی نامەكان بخوێنێتەوە، بەڵام لەلایەك شەرمی بە خۆی بوو بڵێ نایزانم و لەلایەكی دیكەشەوە لەبەر خاتری ئێمە ئەو كارەی دەكردو دەشی زانی چۆن مامەلە لەگەڵ ئیدارەدا بكات !. مەلا عوبێد دیوانێكی مەلای جەزیری بۆ هێنام. هەرچەندە بەرگ و ناوی ئامادەكارەكەی بەسەرەوە نەمابوو،بەڵام پێشەكیە دورودرێژە عەرەبی یەكەی مابوو. سەرەتا كە خوێندمەوە پێكەنینم بەو شێوە ئەفسانەییەی ئەو نوسینە هات و پێم وا بوو دوور لە هەڵسەنگاندنی بابەتیانەو لۆجیك نوسەر ئەو پێشەكیە شرۆڤییەی بۆ





نوسیەوە. بەڵام كە دواتر شیعرەكانم بەوردی خوێندنەوە، مەسەلەكە بە جۆرێكی تر بوو. بۆنمونە نوسەر لە زاری پیرەژنێكی سەردەمی مەلای جەزیریدا نوسیبوی گوایە ڕۆژێكیان پیرەژن هەویری پێیەو دەچێ لە تەندور بیكا بە نان، بەڵام لە ڕێگەدا دەبینێ مەلا پاڵی بە كێلێكەوە داوەو لە حاڵەتێكی سۆفیانەی گەرم و گوڕدا شیعر دەهۆنێتەوە ئیدی بە هۆی هەڵقرچانی دڵ ودەرون مەلا هەموو گیانی دەبێتە یەك پارچە ئاگرو كێلەكە سووردەكاتەوە پیرەژنیش لە جیاتی ئەوەی بچێتە سەر تەندور دەچێ نانەكانی بە كێلی پشتی مەلا دەبرژێنێ !. حیكایەتە ئەفسوناویەكە بەم شێوەیە بوو، كەچی دوای ئەوەی گەورەیی و دانایی و شاعیریی و حاڵەتی عیرفانی مەلام لە شیعرەكانیدا بۆ دەركەوت و ئەو هەموو عیشق و سوتانەی (مەلا)م زانی حكایەتەكەم بەلاوە كەم بوو نەك زۆر!. هەرئەوكاتیش زانیم ئەگەر نالی مامۆستاو شۆڕەسوارێكی هەرە گەورەی شیعری كلاسیكی سۆران بێ، ئەوا مەلای جەزیریش شۆڕە سوارێكی تری هەرە گەورەی شیعری كلاسیكی بۆتانە. ئەم شیعرە ناسكەی خوارەوەی مەلام زوو لە دیوانەكەی مەلا عوبێد دەرهێناو لەبەرم كرد..

دلبەرێ ئیرۆ سەحەر
ئاڤێتە جەرگێ من دوودۆخ
یەك ل سینا یەك ل دلدا
لەو ژ من تێن ئاخ و ئۆخ
ئاخ وئۆخێن من ژ دل تێن
لێ ژ بەر تیرا قزل تێن
یان ژ كۆڤانێن دە كول تێن
ژێ دزێت هەر خون و زۆخ

خون ژ دل جۆ جۆ رەوان تێ
وەك عەقیق و ئەرغەوان تێ
لێ ژ دەست سەلوا جوان تێ
ئەو شەپالا شەنگ و شۆخ
ئەو شەپالا شۆخ و شەنگە
کافرا ڕۆم و فەڕەنگا
دامە بەر جۆتەك خەدەنگا
زالمێ کوشتم ب دۆخ
زالمێ کوشتم شەپالێ
نازکێ قەنجێ دەلالێ

مەلای دوازدە عیلمی هەست ناسك و دڵ و دەروون پڕ لەسۆزو ئەڤین کاتێك لەبەرەبەیانێکدا کە ڕەنگە لەڕێگەی چوونی، یان گەڕانەوەی بووبێ لەنوێژی سبەینان بەر ڕەحمەتی دوو تیری سەلما یان، سەلوای خۆشەویستی دەکەوێ و تیرێکیان دەندەرانی سینگی دەسمێ و ئەوی دیان لە دلێدا جێگیر دەبێ و هەناسەی سوار دەبێ بۆیە هەر ئاخ و ئۆخی کردووە: ئاخی سینەو واتە ڕووی دەرەوەو ئۆخی دڵ واتە ڕووی ناوەوە. ئەو بەیانییە مەلا دڵی عاشقانەی بریندواربووە، بۆیە هەستی شاعیرانەی جولاوەوەو توانیویەتی ئێش و ئازارەکانی دەستی سەلوا بەناسکترین ووشەو جوانترین ڕستە دەربڕێ و وەکو خۆشی گوتویەتی: ئاخ و ئۆخەکانی دەربڕینی ڕاستی هەستی دڵ و دەروون بووە، چونکە تیرە بەخوێن سوور بووەکەی دەستی سەلوا ئارمانجی خۆی باش پێکاوەو برینە کولاوەکەی خوێن و کێمی لێ چۆڕاوەتەوە، جا چۆن ئاخ و ئۆخ نەکاو نەناڵێنێ؟! لەگەڵ ئەوەشدا لەسەلوا نیگەران نەبووەو پێی وابووە ئەو بریندارکردن و کوشتنە شایانی دەستی سەلوایەو ئەوکارە تەنیا لەو وەشاوەتەوەو جوانی لێ هاتووە!.. با هەر ئازار بچێژێ و دڵ و سینەی





بریندواربن و خوێن و کێمیشیان لێ بچۆڕێتەوە مادام بەدەستی سەلوای شۆخ و شەنگە ئەوە خەڵاتەو خەڵاتەکەش ئاشکرا کردنی هەست و سۆزو ئەو دەربڕینە جوانەبووە کەلەشێوەی ئەم هۆنراوە ناسکەیدا ئێمەش دەیبینین و هەستی پێ دەکەین....
مەلا عوبێد دیوانەکەی زۆرخۆشدەویست و زوو زوو دەیگوت:
ئاگادار بە نەیفەوتێنی و ئیدارەش نەزانێ لاتە دەنا دەیباو لە دەستمان دەچێ.
جگە لە قورئان تاقە کتێب و سەرچاوەی فەرهەنگیی مەلا عوبێد تەنیا ئەو دیوانە بوو ، بۆیە هێندەی لە غەمدابوو.

********

ئەو ڕۆژەی بانگ کراینە بەردەم دادوەر بە هۆی دیار نەبوونی ناسنامەی ئێمەو بۆ ئامادەبونی ئەو فەرماندەیەش کە بەرپرسی دەستگیر کردنمان بوو دەستەی دادوەری بڕیاریدا دادگایکردنەکەمان بۆ ماوەی بیست و هەشت ڕۆژ دوا بخرێتەوە.
دادوەر گوتی:
- دەبێ لە ڕێگەی دەزگا تایبەتیەکانمانەوە زانیاری تەواو و ناسنامەتان لە دەوڵەتی ئێراق وەربگرین و داواش لە فەرماندەی هێزەکانی ناوچەی شەمزینان بکەین بۆ دانیشتنی داهاتوو لەبەردەم دادگا ئامادەبێ.
لەباسی داواکردنی ناسنامەو زانیاری تەواو لە دەوڵەتی ئێراق ئێمە قەڵس بووین و من بەناوی هەڤاڵانەوە هەڵمدایێ و پارێزەریش (حەمید گەیلانی) تەواوی کردو گوتی:
ڕاستە موەکیلەکانم ئێراقین ، بەڵام ئەمانە پێشمەرگەن و لە بەرەی ئۆپۆزسیۆنی حکومەتن ، بۆیە داواکردنی زانیاری لە حکومەتی ئێراق کارێکی

ئاسان نیەو ڕەنگە ئەو کارە گران لەسەر دەوڵەتی تورکیاش بکەوێ، پێم باشە باشتر ئەم مەسەلەیە هەلسەنگێندرێ وئەو داوایە نەکرێ.

سەرۆکی دەستەی دادوەری وەڵامی دایەوەو گوتی:

بەڵام، دەبێ ئەو داواکاریە یاسایی‌یە هەربکەین.

گەڕاینەوە و لە ڕێگە هەر بیرمان لە ئیفادە و ئاکامی داواکردنی ناسنامە و زانیاری لەسەر خۆمان دەکردەوە ......... بۆ کات بەسەربردن بە سەردان چومە لای خالۆ عومەر و دوای ئەوەی وردەکاریەکانی ناو دادگام بۆ گێڕایەوە خالۆ عومەر برۆکانی تێك نان و گرژبوو، ئاوڕەحمانی براشی دەستی بە جوین دان کردو ناموسی داگیرکەرانی هێنایە سەر دەستان. خالۆ عومەر نیگەرانیەکەی پێ نەشاردرایەوەو کاتێ لێم پرسی:

بۆچی نیگەران بویت؟

دوای بۆڵە بۆڵێك گوتی:

چونکە دەیانەوێ بە دەردی (سلێمان) و هاورێکانیتیان بەرن.

باشە خالۆ عومەر ئەو دەردە چی یە؟

ماوەیەك لەمەوبەر سلێمان و چەند پێشمەرگەیەکی تر لە سەر سنور دەستگیر کران و هێنایانە ئێرەو پاش ماوەیەك دەوڵەتی تورك داوای زانیاری لەسەر ناسنامە و کاری ئەوان لە دەوڵەتی عەڕەبان کردو ئەوانیش بەدوای هەواڵەکەدا هاتن و وێنەو زانیاری زۆریان لەسەر سلێمان هێناو دوای تەئکید کردن ئێراق داوای کردنەوەو ئەوانیش تەسلیمیان کردنەوەو دواتر هەواڵمان بۆ هات کە لەسێدارە دران، ئومێد دەکەم چارەنوسی ئێوە وەها نەبێ، بەڵام ئەو دوڵەتانە بۆ کورد هەر ئەوەیان لێ ئەوەشێتەوە.

منیش بۆ دڵنەوایی کردنی پێکەنیم و گوتم:





- گوێ مەدێ خالۆ عومەر ئێمە پێشمەرگەین و شۆڕشگێڕین، ئەگەر تەسلیمیشمان نەکەنەوە هەر شەهید دەبین و ڕەنگە شەهید بوونیشمان بەو شێوەیە خێری زیاتری پێوە بێ.

ڕۆژی سەردان، زیندانیان هەموان کەس و کاریان هاتن ئێمە نەبێ. بەڵام هەندێك لەوانەی لە دەرەوە دەهاتن حەزیان دەکرد ئێمەش ببینن، بە تایبەت خەلکی ناو شاری جۆلەمێرگ بەو هۆیەوە پەیوەندیمان لەگەڵ چەند کەسێك پەیدا کردو ئەو ڕۆژەش هێندە میوەو خواردنمان بۆ خڕبوەوە لەبەشی هەموو گروپەکانی تر زیاتر بێ.

کاك حەمید گەیلانی پارێزەر لە جیاتی ئەوەی پارەمان لێ وەربگرێ ڕۆژێك بڕێکی باشیش پارەی بۆ هێناین و هەروەها لە چەند کەسێکی تری نیشتمان پەروەر لە دەرەوە پارەمان بۆ هات و لەناوەوەش هەندێك لە زیندانیەکان بەردەوام بەشی ئێمەیان لەو خواردنانە دەدا کە بۆیان دەهات بە تایبەت پەنیرو هێلکەو میوەو سەوزە. دۆستایەتیم لەگەل دوو کوری گەنج بەناوی محیەدین و حەکیم(خەلکی گوندی گارێی ناوچەی شەمزینان بوون) پەیدا کردو ئێدی باوك و کەسو کاری ئەو کوڕە جوامێرانە وەکو کوڕەکانیان سەیری ئێمەشیان دەکردو لێ نەدەگەڕان گوێزو مێوژو پەنیرمان لێ ببڕێ....

********

خواردنەکانی زیندان ئەگەر لە ناچاری نەبوایە نەدەخوران، بەڵام لە زیندانی ناوەندی دیاربەکریش باشتر بوون، بۆ ئەوانەی توانایان هەبوو دەیانتوانی لە چێشتخانە خواردن بۆخۆیان ئامادە بکەن. ئێمەش ئێواران بە خۆمان خواردنمان ئامادە دەکرد و هەر رۆژەی یەکێکمان دەچوین خواردنەکە دروست و ئامادە بکەین، لە هەموشمان زیاتر حەمید دەچوو. چونکە ئەو زۆرحەزی لە کار کردن دەکرد. بەڵام هێور خۆی لە قەرەی کارەکە نەدەدا و چەند جارێك پێمان گوت کەڵکی نەبوو،تا رۆژێك هێور گوتی:

-كاكە من دەتوانم، بەڵام نایكەم، چونكە نامەوێ خزمەتی بورژوا بكەم !.
سەرەتا وام زانی گاڵتە دەكا ، بەڵام لێشی دەوەشایەوە بەڕاستی بێ، چونكە چەپێكی لە ڕادەبەدەر توندڕەو بوو ....
-باشە ئێمە هەڤاڵی یەكترین و هەموشمان بەقەد یەكتریمان هەیەو لە زیندانینو چارەنوسمان یەكە؟.
-ئەوانە هەمووی ڕاستن ، بەڵام من مەسەلەی بیر بە هەبوون و نەبوونی پارە نابەستمەوەو دەڤەرموو ئەوانە ( دەستی بۆ پێشمەرگەكانی حزبی دیموكراتی كوردستان-ئێران) درێژ كرد نوێنەری چ چینێك و چ فكرێكن ؟.
-هاوڕێ هێور ڕاستە حزبی دیموكرات ، حزبێكی وردە بورژوایی نەتەوەییە، بەڵام ئەو جوتیارانە لە پێناوی ئازادی گەلەكەیان بونەتە پێشمەرگەی دیموكرات و قۆناغەكەی خەباتیشیان ئەوە دەخوازێ چین و توێژەكان هاوپەیمان بن.......
ئەو هەر نەیسەلماندو منیش ئەو قسانەم هەر لە بەر خاتری ئەو دەكرد دەنا بۆچونەكەی مایەی گفتوگۆ كردنیش نەبوو.
سەیر لەوە بوو هێور خواردنی ئامادەكراوی دەستی بورژواكانی دەخوارد، بەڵام سازشی بە بیر نەدەكردو نەدەبوو بورژواكان كەلك لە دەست و بازوی ئەو وەربگرن!..
لە دواییدا ئاگادارمان كردەوە كە ئەگەر بێت و ئەویش وەكو هەموان ئەركی سەر شانی خۆی جێبەجێ نەكات دەبێ لەناو ئێمەدا بچێتە دەرێ، بەو فشارە ملیدا و ئێوارەی دووەم بە ناچاری ژمارەیەك هێلكە و ڕۆن و ئاوی تەماتەی هەڵگرت و بەرەو چێشتخانەكە ملی ڕێگەی گرت و چوو خواردن بۆ بورژواكان دروست بكات. لەسەر خواردن زۆر وەسفی ئەو خواردنەمان كرد كە بەدەستی كرێكاری شۆرشگێر دروست كراوەو دوای نان خواردنیش قاپەكانمان پێ شۆردنو ئیدی لەوە بەو لاوە هیچی تر دەرفەتی خۆ دزینەوەو





كارنەكردنیمان نەداو هەر جارێكیش دەچووە چێشتخانەكە حەمید بۆ گاڵتە پێ كردن و تورە كردنی دەچوو پێ ی دەگوت:
- دەی خواردنەكە باش دروست بكە، تا دەسەڵاتت وەرنەگرتووە ولێمان هەڵنەگەڕایتەوە !.
هێور بەو قسانە زۆر قەڵس دەبوو، بەڵام هیچ چاری نەبوو ، هەر هێندە نەبێ كە دەیگوت:
- بورژوا لە هەر كوێیەك هەبێ هەر بورژوایە !.
هێور لە چەند زیندانییەك فێری هەندێ كاری دەستی بوو. چەند كەلو پەلێكی دەستی بەبەن و زەنگیانە دروست كردن و فرۆشتنی. شانازی زۆری بەو كاركردنەی خۆیەوە دەكرد و پێی وابوو هەم لەڕوی تیۆری و هەم لە مەیدانی كاركردندا بەڕاستی سەلماندویەتی كە كرێكارێكی ماركسی شۆڕشگێڕە !. بە ئیشی دەستی خۆی ڕادیۆیەكی بچوكی كڕی، ئیدی ئەو ڕادیۆیە لە ئێمە ببوە بەڵایەك كۆتایی نەبێ. هەموو بەیانیان ڕادیۆی كۆمەڵەی ئێرانی دەكردەوە ، دوای ئەوە ڕادیۆی كۆمۆنیستی ئێران بە كوردی و بە فارسی و ئێوارانیش بە هەمان شێوە گوێی دەگرتەوە واتە هەموو ڕۆژێك بە درێژایی ماوەی بەرنامەكانی كۆمەڵەو كۆمۆنیست بە هەردوو زمانی كوردی و فارسی دەكردەوەو دەنگی زۆریشی دەدایە رادیۆكە بۆئەوەی برادەرانی دیموكرات گوێیان لێ بێ.
هێور پێی وابوو لە هەموو رۆژهەڵاتی ناوەڕاست تەنیا حزبی كۆمۆنیستی ئێران ماركسی و شۆڕشگێڕە، بۆیە بە هەواداری ئەو حزبەوە سەرخۆش بوو. هەموو جار پێمان دەگوت:
- هاوڕێ هێور تۆ بۆچی هەموو ڕۆژێك بەیانیان و ئێواران گوێ لە هەمان بەرنامە دوبارەكراوەكان دەگریتەوە؟.
- چونكە تا زیاتر گوێ بگرم سودی زیاتری لێ وەردەگرم.

********

حەميد توشى نەخۆشى كۆلۆن هاتبوو ئەو نەخۆشيەو هەلومەرجى نالەبارى زيندانيش بارى دەرونيان تێكدا. ڕۆژێك لەگەڵ ئەبو مەحمود دەمەقاڵێيەكيان بوو، ئەو دەمەقاڵێيە تەشەنەى كردو هەستم كرد حەميد دەيەوێ زەبرێكى لێبوەشێنێ، بۆيە بەوردى چاودێريم دەكرد، بەلاّم برادەرانى تر پێيان وانەبوو چونكە ئەو لەسەر جێيان كەوتبوو. رۆژى واهەبوو حەميد لەبن پەتوەكەى هەرنەدەهاتە دەر، بەلاّم چەندى دەرفەتى بوايە چاوى لە ئەبو مەحمود سوردەكردنەوەو بەو چاو سوركردنەوەيەش هەڕەشەيەكى گەورەى خستبووە سەر دڵ و دەرونى ئەبو مەحمود.

ئێوارەيەك خواردنێكى خۆشمان ئامادە كرد و، هەرچەند هەوڵماندا حەميد نەيخواردو هەر گوتى زگم دێشێ. دواى نان خواردن ئەبو مەحمود چوو دەستەكانى بشوا، حەميديش بە خشكەيى بە دوايدا چوو، تا ئاگادار بوينەوە هاوارى ئەبومەحمود لە هەموو زيندان دەنگى دايەوەو تا بڵێى يەك و دوو گەيشتينە شوێنى هاوار ديتمان حەميد لە پشتەوەڕا ملى ئەبومەحمودى گرتووەو ئەويش بە هەموو شێوەيەك بەرگرى لە خۆى دەكات و زەبر دەوەشێنێ. بە زەحمەتێكى زۆر ئەبو مەحمودمان لە ژێر دەستى حەميد دەرهێنا، ئينجا ئەبو ناديە گەرم بوو، ئەو سەرەتا ناوبژيوان بوو، بەلاّم دوايى بووە لايەنگرى هاورێ شيوعيەكەى.. زۆر هەوڵماندا لەناو خۆمان و بە بێ دەنگى كێشەكە چارەسەر بكەين، بەلاّم نەئەبو مەحمود و نەحەميديش بە ئاشت بونەوە ڕازى نەبوون و ئەبو ناديەش دوودڵ بوو، لەلا يەك پێ ى ناخۆش بوو، لەلايەكى ديشكەشەوە خۆى گوتەنى نەدەكرا بەرگرى لە (هاوڕێ ) كەى نەكات و لەسەرى نەكاتەوە چونكە ئەوە هەڵوێستێكى مەبدەئى بوو، دەيگوت:





-دەبێ نەك هەر لێرە ئێمە لەسەر يەكترى بكەينەوە، بەڵكو دەبێ شيوعيەكانى هەموو دنيا لە هەڵوێستى گەورە و بچوك و لە هەلومەرجى جۆراو جۆر لەسەر يەكترى بكەينەوە ولەسەر يەكترى بە دەنگ بێين..!.

هەروەها درێژەى پێدەداو دەيگوت:

هاوڕێ ئاراس من ئەگەر لێرە لەسەرى نەكەمەوە لە دەرەوەش نايكەم، دوايى ئەدى چۆن لەسەرداواى كرێكارێكى ئەمريكاو ...... بە دەنگ دێم...؟ ( ئەى كرێكارانى دنيا يەكگرن!).

قسەكانى ئەبو ناديە زۆر نامەبدەئيانەو بێ لۆژێك بوون، بۆيە منيش لێى توڕە بووم و پێم گوت:

-ڕاست دەكەى ئەوە نيە سوڤيەت لەسەر ئێوەو گەلى كوردستان چۆن بە دەنگ دێ؟!.

=ئاخر كورد خاوەنى حزبو ڕێكخراوى بۆرژواى وەكو ئێوەيە بۆيە حاڵى باشە !.

باشە هاوڕێ ئەدى ئێوە نێو نەتەوەى و سەرتا سەرى ئێراقى نين بە عارەب و كورديشەوە، ئەدى بۆ نابنە خاوەنى و ڕزگارى ناكەن و هاوڕێكانتان بە دەنگتانەوە نايەن؟.

بەم شێوەيە ناكۆكيەكە بوو بە ململانێيەكى ئايديۆلۆژى..!. دواى ئەو حەفت و هەشتە دڵم زۆر توندو نيگەران بوو ... پێم وابوو كوفرم بەرامبەر بە سۆڤيەت كردوەو هەستم ئەكرد ئەو هەڵوێستەم سزايەكى بەدواوەيە. كە بيريشم دەكردەوە ئەوە راستى يە، راستى زۆر لەوەش زۆرتر و گەورەترم دەزانى، بەلاّم دەرم نەدەبڕى!. لە لايەك بە هۆى سۆزو ڕاهاتنى دەرونى بەرامبەربەسۆڤيەت و وەرگرتنى هەڵوێستێكى پێچەوانە نيگەران بووم و لەلايەكيش بە هۆى بيركردنەوەو بەرچاويى نيشانەو بەڵگەكان بۆچونەكانى خۆم بە راست دەزانين، بەلاّم لەگەڵ ئەوەشدا حەزم دەكرد ئەمن هەڵەبم نەك سوڤيەت، واتا نەم دەويست قيبلەى ڕزگار بوونى كرێكاران و گەلان

ڕەخنەی لەو بابەتانەی لێ بگیرێ و خەوشی لەو جۆرە خەوشانەی لێ بوەشێتەوە کەشایانی باس کردن و ئاماژە پێ کردن بن..!.

بەهەر حاڵ، ئیدارەی زیندان پێ ی زانی و هاوڕێیان داوای جیابونەوەو (ماڵ کردن ) یان کردو ئەوان هەردوکیان چونە ژورێکی ترو ئێمەش لەگەڵ پێشمەرگەکانی حزبی دیموکرات ماینەوە.

ئەو کێشەیە زۆر ناخۆش بوو، بە تایبەت خەڵکەکە بە چاوێکی فریشتەیی سەیری ئێمەیان دەکردو تا ئەوکاتیش شتی وەها روی نەدابوو. بۆ ئەوەی خەڵکەکە هەست نەکات وانەزانن کێشەکەمان گەورەیە زوو زوو دەچومە لای ئەبومەحموود و ئەبو نادیە و بەیەکەوە پیاسەمان دەکرد، بەڵام ئەبو مەحمود هەموو ڕۆژێك باسی ئەو شەڕەی هەر دووبارە دەکردەوەو نەیدەبڕیەوەو هەموو جارێکیش دەیگوت:

-کە حەمید لە پشتەوەڕا کێشای بەسەرو گوێلاکمدا وامزانی سەری زیندانەکەم بەسەردا کەوت!.

حەمیدیش داخی ئەوەی دەخوارد کە ڕێگەمان نەدابوو کوڵی دڵی خۆی لێ هەڵبڕێژێ و ئەویش دەیگوت:

-شەڕ و نیوە شەڕ هەریەکن...!.

********

هێشتا چاوەڕوانی ڕۆژی دووەم جاری چونەوە دادگامان دەکرد ڕۆژێکیان داواکاری گشتی هاتە زیندان و ماوەیەك لە ژوورەکەی ئێمە دانیشت کە دیتمان گوێمان لێ دەگرێ هەندێ سۆزمان بزواند و بێ گوناهی خۆمان پێ ڕاگەیاند کە هەستاو ڕۆیشت لە ژووری بەڕێوەبەری زیندان بانگی منی کردو هەندێ پرسیاری سەبارەت بە ئێمە کرد و دوای وەڵامدانەوە، گفتیدا هاوکاریمان بکات. لەبارەی وەزعی خۆمان پێم گووت:





تۆ لە دام و دەزگاکانی ڕاگەیاندن هەواڵی فەرمان و قەتڵ و عامی هەڵەبجەت زانیوە.. ئێمە نەك هەر لە هەڵەبجە بەڵکو لە تەواوی (وڵاتـی پێشمەرگان) ڕووبەڕووی ئەو هەڕەشەیە بوینەتەوەو ئەگەر لە سایەی هەلومەرجێکی وەها نالەباریش کەسانی وەك ئێمە ڕێگە بزر بکەن، یاخود پەنا بۆ دەوڵەتێکی دراوسێ ببەن چ زیان بەو دەوڵەتە دراوسێ یە دەگات؟..

شایانی باسە هەر لەو ڕۆژەی گیراین چ ئێمە، چ پارێزەرەکانمان لە هەموو دیدار و ئیفادە نووسین و دادگاکاندا هەڵەبجەمان وە بیر دەهێنانەوەو ئەو ئاماژەیەش کاری خۆی دەکرد.

کەحەمید گەیلانی هاتەوە سەردانمان و هەڵوێست و قسەکانی داواکاری گشتیم بۆ باس کرد زۆری پێ باش بوو ... خۆشی گوتی لەناو دەستەی دادوەریشدا (محەمەد) پیاوێکی دیموکرات و ڕووناکبیرە و هەڵوێستی بەرامبەرتان باشە ، بۆیە ئومێدی زۆرم هەیە مەسەلەکە بە قازانجتاندا ببڕێتەوە.

********

منیش هێشتا لەسەر کۆکردنەوەی بابەتە فۆلکلۆریەکان بەتایبەت گۆرانی و بەیت هەر بەردەوام بووم. ئەوێ چەند کەسێکی لێ بوون سەدان گۆرانی و بەیت و لاوکیان دەزانی و هەر ڕۆژێك لە گەڵ یەکیان خەریکی نوسین دەبووم. ڕۆژێکیان کازم گۆرانییەکی بە دەنگ بۆ دەچڕیم و گۆرانیەکە لەسەر ئاوازی شایی و بەزم بوو، بەڵام ناوەرۆکەکەی چیرۆکێکی دڵداریی تراژیدی بوو. لە گەرمەی گۆرانیەکەدا ڕمبە ڕمبێك سەرنجی بۆ لایەك ڕاکێشام و کە سەیرم کرد دوو کەس دڵ و دەروونیان گەرم بووە و لەسەر ئاوازی گۆرانیەکە هەڵدەپەڕن. لەسەرە بەیتەکان شاییکەرەکان دەیانگێڕایەوە و ئەوان بە هەڵپەڕین و کازمیش بە (گۆتن) تا دەهات گەرمتر دەبوون ... ئەو دیمەنە مەولودی هێنامەوە بەر چاو سەر چۆپی ڕەش بەڵەکێکی گەورەی گرتووە و دۆڵ و زوڕناش تا قاتی حەوتەمی ئاسمان دەنگیان دەڕوا.. !.

ئەو سەردەمەی خوێندکاری زانکۆ بووم قادسیەی سەدام لە بەرەکانی شەڕی ئێران مرۆڤی هەڵدەلوشین و لەناوەوەش لە کورەی ئاخنی بوون. ڕۆژێك بەعسیە فاشیستەکان ژمارەیەکی زۆری پاسیان لە بەر دەم دەرگای کۆلیژەکەمان ڕاگرتن و هەموو ڕێگاکانی دەرباز بوونیان لە خوێندکاران و مامۆستایان و کارمەندان گرت و بە تۆبزی هەمومانیان سوار کردین و نەشمان دەزانی بۆچی و بەرەو کوێمان دەبەن ! پاسەکان تا بەردەم پارێزگا نەوەستان و لە وێش خوێندکارە سیخوڕەکان و سیخوڕەکانی تریش بە ناوماندا بلاو ببونەوە ، بەڵام دیتمان هەموو زانکۆو تەواوی دام و دەزگا میریەکانی تریشیان بە هەمان شێوە لەوێ خڕ کردونەتەوە و لەسەر بانی پارێزگاش دەنگی سروود و دروشم بە هەمو لایەك بلاو دەبووەوە. ئێمە دەمان پرسی داخوا چی بووە.. لەو کاتەدا مەولودی ناسیاوم کە کرێکاری فەرمانگەی کشتوکاڵ بوو بەبەر چاو کەوت لێم پرسی:

مەولود ئەوە چی بووە؟

مەولودیش بەتەواوی لێم نزیك کەوتەوە سەری هێنایە بن گوێم وگوتی:

ئەو بەعسیە فاشیانە ..... ئەو دایك ...... ئەو کافرانە ... ئەو......

مەولود کوڵی دڵی خۆی هەڵڕشت، ئینجا گوتی:

هەر بۆ ئازاردان ئەو هەموو خەڵکەیان کۆکردۆتەوە و لێرە وێنەی ئەو ڕۆژی حەشرە دەگرن و لە تەلەفزیۆنیش نیشانی دەدەن و دەڵێن: ئەوە هەموو خەڵکی هەولێرە تەئیدی سەیدورەئیس و قادسیەکەی دەکەن و هیچی تر نیە ......

( مەولود ڕاستی دەکرد بە بۆنەی هەفتەی قادسیەی سەدام ئەو هەموو خەڵکەیان بە زۆر خڕ کردبووەوە) هێشتان مەولود لە قسەکانی نەببوەوە لەم لاو لەو لا دەنگی دهۆل و زوڕنا هات... دەنگەکە تا دەهات نزیکتر دەکەوتەوە و گەیشتە نزیکمان و لە چەقی بازنەی خەڵکەکە چەند بە کرێگیراوێك





دەستی یەکتریان گرت و بوو بە شایی.. تامن لەگەڵ هەڤاڵەکانم قسەمان کردو بڕیارماندا بڕۆین ئاگام لە مەولود بڕا.. ئێمە ئەوێمان بەجێ نەهێشتبوو دیتم مەولود سەرچۆپی شایەکەی گرتووە..!.

دیمەنەکەم بەلاوە سەیر بوو، تا ڕۆژێکی دی مەلودم دیتەوەو لێم پرسی:

ئەوە تۆ ئەو ڕۆژە چیت دەگوت و چیت کرد:؟!.

مەولود یەکسەر تێگەیشت و گوتی:

-ببورە، برام بە خوای نەمتوانی لەبەر دەنگی دەهۆڵ و زوڕنا خۆم رابگرم وپێچێك شایی نەکەم؟!

ئینجا گوتی:

-ئەرێ ما پێغمبەرو شەیتانیش دەتوانن لەبەر دەنگی دهۆل و زورنا خۆیان راگرن ، تائەمن بتوانم !.

لەگەڵ گوێ گرتن لە کازم و سەیر کردنی ئەو دووکەسەی هەڵدەپەڕین سەرچۆپیەکەی مەولودم لە ئەندێشەدا دەخولایەوە.. لەوێش لە زیندان کازم بە وشەی ناسك و غەمین سەربردەی کارەساتێکی خۆشەویستی کچە کوردێکی بێ مورادو چارەڕەشی بە ئاوازێکی بەزم و خۆشی دەگێڕایەوەو دووگەنجەکەش غەمی زیندان و دنیایان بە با دەداو هەڵدەپەڕین وسەربردەکەشیان دووبارە دەکردەوە.

********

ڕۆژنامەکان هەوالێ دەستگیری کردنی (٢١)پێشمەرگەیان ڕاگەیاند، بەلام پێشمەرگەکانیان نەهێنانە لامان و، دوای ماوەیەك نامەیەکم لە ئاسۆی خزم و برادەری سەردەمی منداڵیم بۆهات کە خوێندمەوە زانیم ئەویش یەکێکە لە و (٢١)پێشمەرگانە. سەر بە پارتی بوون و دوای ئەنفالەکان ماوەیەك لەناوچەی شەقلاوە خۆیان شاردبووەوە، بەلام دواتر بازنەی گەمارۆی دوژمنیان بۆ هاتبووەو یەك نەیاتوانیبوو چیتر وەمێننەوە، بۆیە بڕیاریاندا بوو لە ڕێگەی

دەشتی بەرازگر بەرەو خواكوڕك – ئێران بگەڕێنەوە، بەڵام لەلای گەلی رەش ناچار دەبن بپەڕنەوە بەری توركیا، لەوێش لە سێ كوچكەی سنوری ئێران – ئێراق– توركیا لە گوندێكی كوردستانی باكور دەستگیر دەكرێن و كاك ئاسۆ لە نامەكەیدا بە درێژی باسی بەسەرهاتەكەی خۆیانی نوسیبوو. چەند رۆژێكی دواتر (٥)پێشمەرگەی تری پارتی(بیبۆ، ئەسكەندەر، خالید، حسین، ئالكانی) كە هەمویان خەڵكی زێبارەتی بوون دوای ئەنفالەكان ویستبویان سەردانێكی ناوچەی خۆیان بكەنەوە، بەڵام لەرێگە گیرابوون و بردرابوونە دیاربەكرو لەوێشەوە هێنایاننەوە لای ئێمە و دواتریش بۆماوەی ١٢ ساڵ حوكمیان بەسەردا درا.بەم شێوەیە زیندانەكانی توركیا ببوونە كاروان سەرای پێشمەرگە سەرگەردانەكانی سەردەمی ئەنفال...

********

بە هەمان شێوەی جاران چوینەوە دادگا، ئەو زانیاریانەی دادگا خواستبوونی هیچ وەڵامێكیان نەبوو، بەڵام بین باشی (فەرماندەكە) ئامادەبوو. ئێمە و پارێزەرەكەمان لە لایەك و بین باشیش لەلایەكی دی لەبەردەم سەرۆك و ئەندامانی دەستەی دادگا وستاین، بەڵام ئەوەی تێبینیمان كرد هەرچەندە بین باشی بۆ ئیفادەدان بانگ كرابوو، كەچی لەوێ ئەو ئێمەو دادگاشی دادگایی دەكردین !. هێندە بە لووت بەرزی قسەی دەكردن و دادوەریش هێندە باش گوێی بۆ رادێرابوو، سەری بۆ دەلەقاند پیاو بە زەیی بە باری دادوەریدا دەهاتەوە.

بین باشی سەبارەت بە چۆنیەتی و شوێنی دەستگیر كردنی ئێمە قسەی كرد، بەڵام زۆری بەسەروە ناو خراپی بۆ تێگوشین، ئێمەش ویستمان وەڵامی بدەینەوە، بەڵام سەرۆك قایل نەبوو.. كەچی هەر چۆنێك بێ هەندێ قسەمان هەر كردو دوبارەگوتمانەوە:





- فەرمون بۆ دەرخستنی ڕاستیەكان كۆمیتەیەك رەوانی ئەو شوێنە بكەن تا بۆتان دەركەوێ كە ئێمە لەناو خاكی خۆماندا گیراوین و سوپای توركیاش هاتۆتە سەرمان، ئەوە یەكەم و، دووەمیش ئەو كاتەی دەستگیر كراین بڕێكی باش پارەو هەموو كەل و پەلەكانیان لێ سەندین و تكا دەكەین بۆمان لە (بین باشی) وەربگرنەوە.

بین باشی هەڵیدایەو بە توڕەییەوە گوتی:

-ئەوەی هەیانبووە لەگەڵ دۆسیەكەیان ڕەوان كراوە و دوایی (پەنجەی بۆ ئێمە درێژ كرد) ئەمانە تاوانبارن چونكە لە شەڕدا گیراون و دیلن...

دادوەریش سەیرێكی فایلەكەی بەردەمی كرد و گووتی:

-بەڵێ لە دوای گیرانتان لە پشكنیندا دەركەوتووە كە چەكەكانتان تەقەیان پێكراوە..

نەخێر ئەوەی بینباشی دەیڵێ راست نیە، چونكە یەكەم بە هەموومان جگە لە كەلوپەلەكانمان هەزار دینارمان پێبوو، بەڵام ئەو نزیكەی سێسەد دیناری ناردووە. دووەمیش ئێمە رۆژێ پێش گیرانمان لەهەمان شوێن لەگەڵ سوپای عێراق تووشی شەڕ بووین و هێشتا چەكەكانمان خاوێن نەكردبووەوە جارێكی تر رووبەڕووی سوپای ئێوەش بووینەوە و لەبەرئەوەی ئێمە هیچ كێشەمان لەگەڵ دەوڵەتی توركیادا نیە خۆمان بەدەستەوە دا، دەنا لە فەرهەنگی ئێمەی پێشمەرگەدا خۆبەدەستەوەدان و دیلبوون نییە...

كەشەكە ئاڵۆز بوو، بەڵام پارێزەرەكەمان هەندێ خاوی كردەوە و لە كەشێكی شێواودا بۆ بیست وهەشت رۆژی تر دواخراینەوە.

كە گەڕاینەوە حەمید گەیلانی دەیگوت:

لە توركیا دەسەڵات هەر دەسەڵاتی عەسكەرەو ئەوە ئێوە بوون دەنا نابێ كەس لەبەرامبەر ئەفسەرێكی وەها گەورە بەو شێوەیە بدوێ....

********

لەبەر ئەوەی بە چەکەوە گیرابوین و دادگاکەش دادگای مەدەنی بوو ئەگەری ئەوە زۆر بوو بە بیانوی قاچاغچیەتی حوکم بدرێین یاخود، هەرلەوێوە ڕەوانی ئێراقمان بکەنەوە، بۆیە داوامان لە پارێزەر کرد کە هەوڵبدات کێشەکەمان بکاتەوە بە کێشەیەکی سیاسی و بماندەنەوە بە دادگای ئاسایشی دەوڵەت .. پارێزەریش ئەوەی پێ باش بوو، لەو پێناوەشدا هەوڵی زۆریدا و لە ئاکامیشدا جارێکی تر دۆسێیەکەمان ڕەوانی دادگای باڵا لە ئەنقەرە کرایەوە. ئێمەش لەناو زیندان هەر شەوو ڕۆژە وەك یەکەکانمان دەژمارد و وەهاش ڕاهاتبووین ببووین بە بەشێك لە زیندان و کاتیش لەسەرخۆ بەسەر دەچوو! ڕۆژانەش بۆ خۆدانە بەر تیشکی خۆر بایە یان، بۆ وەرزش دەچووینە ناو حەوشە بچوکەکەی پشتەوە، لەوێش جار جارە خۆمان دەگەیاندە پەنجەرەکان کەلەبن ساپیتان بوون و خۆمان بە شیشەکانەوە دەگرت و سەیری دەرەوەمان دەکرد، لە وێڕا بەشێك لە گەڕەکێکی ئەو پەڕی شار لە قەد تەلانێکی بەرز دیار بوو، تەنانەت دڵمان بە دیتنی ئەو چەند ماڵەش خۆش دەبوو. پشتی ماڵان گردێکی خڕو بەرزو ڕوتەن بوو، هەر جوڵەیەکی پێوە بوایە بە ئاسانی دەبینرا. ڕۆژێك دیتم کوڕێك لەلای ڕۆژئاوا بۆ سەر گردەکەو کچێکی جل و بەرگ ڕەنگاوڕەنگیش لە ڕۆژهەڵاتەوە بەرەو هەمان شوێن دەچن. بەڵام کچەکە هەرچەند هەنگاوێکی بەرەو پێشەوە دەنا هێندە جارانەش ئاوڕێکی لە دواوەو ئەم لاو ئەولای خۆی دەدایەوە و لەوەو هەستم کرد کوڕو کچەکە ژوانیان هەیە و بەرەو ژوانگە دەچن. منیش بۆ بینینی کورتە فیلمێکی خۆشەویستیی جوان دیقەتمدا لە پڕێك لەسەر ترۆپکی گردەکە لە یەکتری بەدەر کەوتن و خێرا خێرا ئاوڕییان لە هەر چوار لای خۆیان دەدایەوە وکە بینیان دەرفەتەکە لەبارە باوەشیان بە یەکتریدا کردو پاش ماچ بارانێکی باش هەر یەکە و بەرەو ئەو لایەی کە لێیەوە هاتبوون گەڕانەوە و لەسەر لێوارێکی بەرز سەیرێکی لای خوارەوەیان کردەوە وئەو





جارەش بە گوڕتر بەرەو چەقی بازنەی بە یەکتر گەیشتن بۆ یەکتری چونەوە پێش، دیسان باوەشیان بە یەکتریدا کردەوەو کاسەی حەزێکی قوڵیان لەو ژوانە بەهەشتیە ترسناکەدا شکاند. ئینجا هەر یەکەیان بە ڕێگای خۆیاندا بەرەو ناوشار شۆڕبونەوەو منیش دڵنیا بووم کە ئەوکات گوتویانە ئەوجا هەرچی دەبێ با ببێ !.

ئەو فیلمە کاریگەرەم لەو هەلومەرجە نالەبارەدا بەهەردوو چاوانی خۆم دی، ئەوجا دەوەرە تۆ لە هەرەتی لاوێتی دابەو، لە زیندان بەو، بە چاوی خۆشت شانۆ گەری‌یەکی خۆشەویستی وەها کاریگەر ببینە ئینجا دەزانی مەودای نێوان ئازادی و زیندان چ مەودایەکی لەبن نەهاتی و دوورو درێژە..؟.

ئەو دەمەی کچەکەو کوڕەکە بۆ شکاندنی تاسەی حەزی ئەڤینداری لە گەڕەکێکی قەراغ شار جێژوانیان لە بەرزاییەکی زاڵ بەسەر شارەکەدا دیار کردبوو ئەوەیان سەلماند کە هەستی مرۆڤایەتی و ئازادی و خۆشەویستی لە هزرو دەرونی مرۆڤدا زاڵەو بۆیە ئەو زاڵیەی ناخیان لە زاڵی ترۆپکەکە بەسەر گەڕەکە دواکەوتوەکەدا نیشان دەداو لەو بەرزیە بە بەرزی خۆشەویستی یەکتری گەیشتن و، ئەو کاتیش من بیرم دەکردەوە: ئێستا ئەگەر چاوی ناحەز ئەو دوو دڵدارە ببینێ ئەوا بێگومان کارەساتێك ڕوودەدا و لانی کەمیش زیندانەکەی ئێمە میوانێکی تری بۆ زیاد دەبێ !

********

دوای (٩) نۆ مانگ بێ سەرو شوێنی، پەیوەندی ڕاستەو خۆمان بە هەڤاڵانمانەوە کردەوە. هەم لە ڕێگای پۆست و هەم لە ڕێگای هەندێ ناسیاوی سەر سنوور پەیوەندیەکەمان توند و تۆڵ کردوو یەکەم نامەش کەبەدەستمان گەیشت لە هەڤاڵ نەبەزەوە بوو، شایانی باسە هەڤاڵ نەبەز خەڵکی ئۆرفەی کوردستانی باکورو لەسەرەتای هەشتاکانەوە پێشمەرگەبوو، هەموو ئەوماوە

دوورودرێژەش ئاگای لەكەس و كارەكەی نەمابوو، ئێمە لەزيندان هەندێ زانياريمان لەسەريان وەرگرتوو بەنامەيەك لەبارەيانەوە ئاگەدارمان كردەوە.

لە زيندان لە هەموو شتێ زياتر پێويستمان بە پارە بوو ڕۆژێك دوو نامەو بڕێك پارەمان بە دەست گەيشت ، نامەيەك لە هەڤاڵانی ئێمەو ئەوی تريشيان لە هاوڕێيانی حزبی شيوعی هاتبوو. پارەكە هەمووی (٤٠٠)چوار سەد دينارو لەناو يەك پاكەت دا بوو، بەڵام لەنامەكەی ئێمەدا نوسرابوو دوو سەد دينارو لە هی ئەوانيش سێ سەد دينار واتە بە هەمووی دەيكردە پێنج سەد دينار، بەڵام لە دەستاو دەست كردندا سەد دينار تيا چووبوو. كەچی هاوڕێ كۆمۆنيستەكان هەر سێ سەد دينارەكەی خۆيان دەويست !.. ئەو كاتەی ئێمە لە زيندانی سياسی ديارب‌ەكر بووين لە گەڵ هەڤاڵانی قاوشەكەمان برا بەش دەژياين و لە لايەن برادەرانی (PKK) يشەوە مانگانە هەڤاڵانە هاوكاری دەكراين و جياوازيمان نەبوو، بەڵام كاتێك مەسەلەكە هاتە سەر پارەی تايبەت هاوڕێيان بەتەواوی خۆيان جيا كردەوەو هەرچەندە پێمان گوتن ئەو سەد دينارەی كە بزر بووە لە هەموو پارەكە بووە نەك تەنها لە هی ئێمە، بەڵام ئەوان نەيان سەلماندو نامەردانە بەدوو كەس سێ سەد دیناريان جيا كردەوە و سەد دیناريشيان بۆ ئێمە سێ كەس هێشتەوە !... ئەبوومەحمود دەيگوت:

ئێوە زمان دەزانن و خەڵكی باشتر دەناسن هەوڵ بدەن ئەو سەد دينارە بدۆزنەوە و بزانن لە ڕێگا كێ گێڕاويەتيەوە!.

بەڵام هاوڕێ ئێمە لە زيندانين و ناتوانين ئەو دەستە ناپاكە بدۆزينەوە؟

********

زستانو بەهاريشمان لە زيندانی ناوەندی هەكاری قەتاندن..سەرەتای حوزەيران زانيمان كە دادگای باڵای تورك كێشەكەمانی جارێكی دی داوەتەوە دادگای ئاسايشی دەوڵەت لە ديار بەكر.ئێمەش بە نامە مەحمود شاهين و هەڤالانی قاوشی ژمارە ( ٢٥ ) ی زيندانی (E.tipi) و برادەرانی ترمان لەو





بارەيەوە ئاگادار كردنەوە.. مەحمود شاهين هەر زوو وەڵامی خۆی دايەوەوخۆزگەی خواستبوو ئەو جارەش بگەڕێينەوە لای ئەوان. ئێوارەيەك ئاگادار كراينەوە كە خۆمان ئامادە بكەين وئێمەش بەو مەبەستە خواحافيزی و گەردەن ئازاييمان لەتەواوی زيندانيان كردو، بەيانيەكەشیكەڵەباب خوێندنان بەشێوە تۆقێنەرەكەی جاران لە تڕومبێلێكی داخراويان ئاخنينەوە و باژۆ بەرەو ديار بەكر.. ديسان گەڕاينەوە كۆنە وارێ، بەڵام ئەمجارەيان وا پێدەچوو بڕيارێك لە چارەنووسمان بدرێ، هەرچەندە هێشتاش ئەگەری ئەوە هەبوو (بەدەردی برادەرەكەم بچين).. ئاگاداربە، بەدەردی برادەرەكەت نەچن..! ديسان لە گوێدا زرينگايەوە.. برادەرەكەشم هێندەی ئێمە ئەمسەرو ئەو سەريان پێ كردبوو ئنجا وەك دەڵێن: خاپور خۆت بگرەو هاتم..!. كە گەيشتينەوە جێ لەبەردەم دەرگای زيندانی ناوەندی دابەزێندراينەوە.. كارگێڕانی زيندان هەر زوو ئێمەيان ناسيەوە و هەموويان دەيانگوت:

- دەربازبوويی‌بن.. بە خێر بێنەوە..!.

بەم جۆرە لەبەرەبەيانێكی ساردی پايز ڕۆيشتين و لە ئێوارەيەكی گەرمی كۆتايی بەهار گەڕاينەوە. بەڵێ، بە پێچەوانەی كۆچی ڕەوەندان بە زستان چووينە زۆزان و بەهاوينيش گەڕاينەوە ئاران. ئێوارە درەنگ بوو، هەر هەندێ لە كۆنە برادەران و پێشمەرگە دەست گیرکراوەكانمان ديتن و يەكسەر فيرِ فيڕەی چوونە ژوورەوە لێ درا.. ئەو ئێوارەيە بۆ يەكەم جار دوای چەند ساڵێك لە يەكتری دابڕان لەگەڵ كاك ئاسۆ يەكتريمان ديتەوە.. دەڵێن: چيا بەچيا ناكەوێ، بەڵام چاو بە چاو دەكەوێتەوە.. لەگەل ديتنی ئاسۆ دەيان يادگاری خۆش لە پێش چاوانم سەرە تاتكێيان دەكردو دەبووژانەوە.. ئەو ئێوارەيە گفتوگۆو باسەكانيان بۆ ڕۆژی دواتر پێ دواخستين. شەوی يەكەم

هەرچی ناسیارو کۆنە برادەری ناو قاوشەکەمان هەبوون  هاتنە لامان و بە گەرمی بەخێرهاتنەوەیان کردین.

********

ڕۆژی دواتریش سەرەتا یەکە یەکەی ئەو پێشمەرگانەی پارتیان پێناساندین و ئینجا ئاسۆ بۆی گێڕامەوەو گوتی:

ئێمە لە نزیکی گوندی کەلەکینی خەیلانەتی لە هەل و مەرجێکی زۆر نالەبارو ناخۆش دابووین لەو کاتەدا دایکم هاتە سەردانمو منیش پرسیاری تۆم لێ کردو ئەویش گوتی:

ئارێز لەسەر سنوری تورکیا گیراوەو بردوویانەتە دیار بەکر و ئێستاش کەس نازانێ چی بەسەر هاتووە.

هەروەها ئاسۆ دەیگوت:

ئەو کاتە هەم زۆر نیگەران بووم وهەم سەریشم لەو خەبەرە سوڕماو دەمگوت: ئەو چۆن گەیشتە ئەوێو چۆن گیرا !.. هەروەها دەیگووت:

هەر کە لە نزیکی شەمزینان ئێمەش گیراین یەکسەر ئەو هەواڵەم هاتەوە یادو پێش گیرانیشمان کە گەیشتینە سنوری تورکیاش دەمگوت ئێمەش بە دەردی ئەو نەچین؟.

هەواڵی نوێ.. ڕووداوی نوێ.. دیتنو دیتنەوەی‌چاوەڕوان نەکراو.. ڕێکەوتەکان لە سەر بردەی بەسەرهاتەکە نووسینەوەی داستانێکی ڕاستەقینەیان سەپاندو هێشتاش کاروانەکەمان لە بەندەنی پڕ لە کەندو کۆسپ دایەو چەندین هەواری تریش لە پێشن کە دەبوو بێ خواستی خۆمان بارگەیان لێ هەڵدەینەوە و ڕابردووش بە ڕایەڵەی بیرەوەری و دەرس و پەند بۆ داهاتو هەڵۆێژنینەوە..

ئێرە.. زیندانی ناوەندی دیار بەکرە. پێش دوو وەرز لە چوار وەرزەکانی ساڵ لێرەبووین و لێرەش زانیمان ئەم کۆنە تەویلەیەی سوڵتانە عوسمانیەکان





سەدان تێکۆشەری بەرەو کاروانی نەمری بەڕێ کردوەو ئێستاش سەدان کوردی گرفتاری داڵدە داوە !. ئەو سەدان کەسەش هەر یەکەو بە تۆمەتی گوناهێك گیراوە، بەڵام لە بنچینەدا دەوڵەتی تورکان لە گوناهی هەرچی میوانی ئەو زیندانە هەیە گوناهبارترە.. ستەمی داگیر کاری کە خۆی لە چەوساندنەوەی نەتەوەیی.. بێکاری، نەخوێندەواری.. بوونی یاسای قەرەقۆشی دەبینێتەوە  سەرچاوەی ئەو هەلومەرجە بوو کە دەوڵەت بۆخەڵکە بێ وەیی وزەحمەتکێشەکەی دروست کردبو، ئەوانیش  لەو ژینگەو هەلومەرجە نالەبارەدا بێگومان تووشی هەڵەو گوناه و تاوانیش دەبن؟.

********

کە دەرفەت ڕەخسا ئاسۆ بەسەر هاتەکەیانی بە درێژی بۆ گێڕامەوە ، بەڵام کاتێك لەگەڵ وەستا یونسی بەر پرسی هێزەکەیان دانیشتم ئەو بەم شێوەیە قسەی کرد:

-لە دەشتی هەریر بووم، بڕیارمدا بەرەو ئێران بگەڕێمەوە، هەندێ زانیاریم لە بارەی ڕێگا کۆ کردەوەو بۆم دەرکەوت جگە لە ڕێگای دەشتی بەراز گر لە هیچ ڕێگایەکی تر دەرناچم.. لە بێخمە پەڕیمەوە هاتمە سەر سنور و لە بێ نان وبێ ئاوی و هەروەها لەبەر هێزی زۆری حکومەتی ئێڕاقیش لە ناوچەکە ناچار بووم بپەڕمەوە بەری تورکیا..!.

بەم شێوەیە درێژەی بە قسەکانیدا و لە هەمووشی هەر ڕاناوی کەسی یەکەمی بەکار دەهێناو  لە (من )و( م) زیاترم نەبیست، بۆیە یەکەمجار کەوتمە گومانو لە دڵی خۆمدا گوتم: تۆ بڵێی وەستا یونسیش بە تاقی تەنیا هاتبێ و گیرابێ..؟ بەڵام کە لێم پرسی:

باشە کاك وەستا یونس تۆ بەتەنیا بوویت؟

- نەخێر ئێمە هەموومان بەیەکەوە بووین،  لۆ وەدەرێی؟

- ئاخر تۆ هەر دەڵێی من وام کردوو وام بەسەر هات و هاتمو چووم!.

وەستا يونس پێكەنى و گوتى:

- برا ئێمەى پارتى ئەوهاين، كاتێك سەرۆك دەڵێ من واتە هەموو پارتىو، كاتێكيش من دەڵێم من واتە هەموو هێزەكە..ديسان پێكەنى و دووبارەى كردەوە..

لاى ئێمە كەسى يەكەم لەهەر هێزێك يان، دەزگايەك دەكاتە هەمووى.....

وەستا يونس لە ناو پارتى خۆى بەچەپ دەزانىو پێكەنينەكەشى گاڵتە كردن بوو بەو دابە، بەلاّم دەيگوت:

پياو ئەگەر بچێتە شارى كوێران پێويستە چاوى خۆى ببەستێتەوە!

ئەو برادەرانەى پارتى كۆمەڵە كادير و پێشمەرگەيەكى دڵسۆزو ڕێك وپێك بوون و بۆ ئێمەش ئاوەدانيەكى گەورەبوون.. بە زۆرى بەيەكەوە پياسەمان دەكردو دادەنيشتين بە تايبەت من و ئاسۆ بە يادى سەردەمى منداڵى و هەرزەكارى و تەنانەت گێڕانەوەى بيرەوەريەكانيشمان كۆتاييان نەدەهات كە ئەوەش بۆ ئەوێ زەخيرەيەكى ئاسودە بەخش و بە سوود بوو.

لە وێ هەندێ لە زيندانيەكان بە (ئاسۆ) يان دەگوت حەسۆ ،چونكە لە وێ ئەو ناوە نەبوو، بۆيە پێيان وابوو ئەوە حەسۆيە و ئێمە سوكتر پێ‌ى دەڵێين ئاسۆ.. حەسۆش لە وێ واتە حەسەن ئەوان كەناوى حەسەن بچوك دەكەنەوە پێ‌ى دەڵێن حەسۆ. شايانى باسە ناوى ناسنامەى ئاسۆ، حەسەنە بۆيە ئەو سەرەتا پێ‌ى وابوو ناوەكەى زانراوە ودەيگوت:

يەكەم جار كە يەكێك پێ‌ى گوتم حەسۆ هيكێكم لە خۆم دى و گوتم قەيدى ناكە ناوەكەى زانيوم ، بەلاّم بۆچى هێندە بە سوكى بانگم دەكات!.

هەوڵماندا بۆ خەڵكەكەى ڕوون بكەينەوە كە ئاسۆ، حەسۆ نىيە، بەڵكو دوو ناوى لە يەكترى جيان و ئاسۆ ناوێكى كوردى ڕەسەن و حەسەنيش ناوێكى عەرەبى ڕەسەنە، بەلاّم لە ڕاستيشدا هەردووكيان هەر يەك بوون!.

********





هەواڵمان بۆ پارێزەران حسين تايفون و فەتحى گوموش نارد كە گەڕاوينەتەوە و كێشەكەمان دراوەتـــــــەوە (D.G.M).. هەردووكيان سەردانيان كردينەوە و ئەوانيش پێيان وابوو بارودۆخەكە بەرەو باشتر چووە. هێشتا بانگ نەكرا بووين ڕۆژێك هەر شەش هەڤاڵەكەى يەكێتى بانگ كرانەوە دادگا و بڕيارى ئازاد كردنيان درا، بڕيارى ئازاد بوونى ئەوان بۆ ئێمەش ئاماژەيەكى موژدە بەخش بوو، ئاهێكى خۆشيشى وەبەر هێناينەوە.

ئێمەش( ١٦ )ى حوزەيران چووينەوە دادگاو لە ساڵۆنى دادگاكە چاوەڕوانى نۆرەمان دەكرد لە پڕ ديتمان مەحمود شاهين لە دەستى چەند سەربازێكدايەو لە قادرمەكانى دەهێننە خوارێ.. هەر هاتە ژوورێ ئێمەى دىو يەكسەر شاگەشكە بوو، بە سۆزێكى گەرمى برايانەو (هاوڕێ) يانە باوەشمان بە يەكتريدا كردو ئەمجارەش لە هەلومەرجێكى جياوازتر لە جاران يەكتريمان ديتەوە !. ئەو لە دادگا تەواو ببوو. نۆرەى ئێمەش هات ، بۆيە دەرفەتى هيچ پرسيارو وەلاّمێكيان نەداينو ئەويان بۆ زيندان پەلكێش كردەوەو ئێمەشيان ڕاپێچى بەردەم دادوەر كردين، كە چووين حسين تايفونيش وەك جاران ئامادە بوو. بەلاّم، ئەوەى ئەو جارەى لە جارەكانى تر جيا دەكردەوە چەند كاديرێكى پارتىو شيوعى كامپى ديارەبەكر لە هۆڵى دادگا ئامادەبوون. دواى تاوتوێ كردنى كێشەكە لە لايەن دەستەى دادوەرى..سەرۆكو ئەندامانى دەستەى دادگا چوونە ژوورێكى دواوەو دواى چەند خولەكێك گەڕانەوە سەر كورسىيەكانيان. لەو كاتەدا دەنگى تەپە تەپى دڵمان دەهات، چونكە لە چاوەڕوانى بڕيارێكى يەك لاكەرەوەى چارەنوس سازدا بووين. سەرۆكى دادگا بڕيارەكەى خوێندەوە: دادگاى ئاسايشى دەوڵەت لە ديار بەكر بڕياريدا بە ئازاد كردنى ئەو گيراوانەى لە خوارەوە ناويان دێ بە مەرجى كەفيل بدەن تاكو كێشەكەيان لە دادگا كۆتايى پێ‌دێ !..

بڕیارەكە هەرچەندە بە مەرج بوو، بەڵام هەواڵ و هەنگاوێكی گرنگ و خۆش بوو. بەڵێ، ڕۆژی ( ١٦) ی حوزەیران ئەو بڕیارەمان دەرحەق درا، شایانی باسە ئێمە ڕۆژی( ١٥)ی حوزەیرانی ساڵی پێشتر گیر ا بووین، واتە دوای یەك ساڵو یەك ڕۆژی ڕەبەق.. ئەوەی جێگەی تێڕامان و سەر سوڕمانیشە ساڵێكو ساڵێكو ڕۆژێك لە ژیانی مندا ماناو تایبەتمەندیو بایەخی خۆی هەیەو ئەوەتا لە هەشتاكانیش جارێك ڕۆژی (٨)ی ئەیلول لە زیندانی ئەمنی هەولێر ئازاد كرام و ڕۆژی( ٩)ی ئەیلولی ساڵی پاشتر گیرامەوە.. !، ( ١٠ )ی تشرینی یەكەمی ساڵی ١٩٧٤ لە حاجی ئۆمەرانەوە لە گەڵ كەس و كارەكانم بە ئاوارەیی ئاودیوی كوردستانی ئێران بووین و (١١ )ی تشرینی یەكەمی ساڵی دواتر لە قەسری شیرینەوە گەڕاینەوە. !، هەروەها لەگەڵ ئارام ی برام هەردووكمان لە ڕۆژی( ١) ی ئایار لە دایك بووین !. ڕەنگە ڕووداوی تری لەم جۆرە ڕێكەوتانەم هێشتا هەبێ، بەڵام تۆمار نەكرابن.. !

ئەو ڕۆژە بەدڵێكی خۆش گەڕاینەوە زیندان و هەركە هەواڵەكەمان ڕاگەیاند لە هەموو لایەكەوە پیرۆزبایمان لێ كراو پێشمەرگەكانی تریش دڵیان زۆر خۆش بوو، چونكە ئەوە نیشانەی ئازاد بوونی ئەوانیش بوو.

********

ڕۆژی دواتریش بێ كەلەبچە و بێ عەسكەری ژێ ٣ لە دەست و بێ تووڕەیی و هات و هاوار كەلوپەلەكانمان هەڵگرت و لەگەڵ چەند قاردیانێك لە زیندان چووینە دەرێ و هەركە هەوای ئازادیمان هەڵمژی و دونیای بێ دیوارو دەرگەمان دۆزیەوە دەنگێكی خوایی هاتە گوێم و پێی گوتم:

- باش بوو، بە دەردی برادەرەكەت نەچوون !.

ئای لەو دەنگە خۆشە پڕ لە زایەڵەیە.. !. لە بنكەی پۆلیسی زیندان چاوەڕوانی فەرمانمان دەكرد، بەڵام لە پڕ زانیمان كە بە كەفیل ئازاد ناكرێین





چونكە خەڵكی توركیا نین و ناشمان بەنەوە ناو كامپی ئاوارەكان.. ئەمەش ئاستەنگێكی دژوار بوو، بەڵام، چار چیە..؟.

تا ئێوارە لەوێ ماینەوە و ئێوارەش گواستراینەوە بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی دیار بەكر لە وێش تەسلیمی بەشی ڕەگەز نامە و كاروباری بیانیانیان كردین. دوای هەندێ پرسیار و وەڵام شۆڕیان كردینەوە زیندانی ژێر زەمینی بەڕێوەبەرایەتیەكەو ئیدی لە چاوەڕوانیدا كەوتینەوە بەر ژماردنەوەی شەوو ڕۆژان.. پۆلیسێكی كوردی ناو مستەفای لێ بوو تا بڵێی لەگەڵمان باش بوو ،هەمیشە دڵی دەداینەوە و هەر ئەویش پێی ڕاگەیاندین كە كێشەكەمان بۆ وەزارەتی ناوخۆ بەرز كراوەتەوە داخوا چیمان لێ بكەن...! سەرەڕای مستەفا پۆلیسێكی تری كەتەو قەڵەوی توركیشی لێ بوو هەموو جار دەیگووت:

ئەگەر برسی بوون یاخود پێویستیتان بە هەرشتێك هەبوو پێم بڵێن تا بچم بۆتان بكڕم.

بەڵام ئەو لەبەر خاتری ئێمەی نەبوو، بەڵكو هەر چەند جارێك بۆ پێویستی‌یەكمان ڕا دەسپارد ئەو بە پارەی ئێمە شتێكیشی بۆ خۆی دەكڕی. لە وێ هەموو خواردن و خواردنەوەیەكیش هەر لە كیسەی خۆمان بوو، پۆلیسەكەش هەر چەند جارێك دەهات و دەیگوت:

- بچم لامباجینتان بۆ بكڕم؟.

ئێمەش نەمان دەزانی لامباجین چیە..ئەویش هێندە بەتام باسی دەكرد تا ڕۆژێك پارەمان دایەو پێمان گوت:

- بڕۆ بۆمان بكڕە بزانین لامباجین چی یەو چۆنە؟.

كە هاتەوە سەیرمان كرد ( لەحم بەعەجینی)ی عەرەبی‌یە.. !

هەر لە پۆلیسە كوردەكە زانیمانەوە كە لەسەر بڕیاری وەزارەت تا دادگا بڕیاری یەك لاكەرەوەی خۆی دەدات دەبێ لە یەكێك لە شارەكانی توركیا دەست بەسەر بین. ئەو شارەش سیواسە یان، قەیسەری..!

بە پۆلیسەکەمان گوت بە لکو هەولمان بۆ بدات بمانبەنە سیواس نەك قەیسەری، بەلام داوای ئێمەو هەولی مستەفاش بێ سود بوون. پێمان خۆش بوو بمانبەنە سیواس چونکە دەمانگوت: هەر نا سیواس کوردستانەو لەناو کوردانیش باشتر دەتوانین مشووری خۆمان بخۆین.

ئای زەمان.. لەسەردەمی منداڵیمدا یەکەم جار لە مامە حەمی مامی باوکم گوێم لە وشەی سیواس ببوو.. ئەو هەموو جار دەیگێڕایەوە کە ئەو کاتەی سەربازی دەوڵەتی عوسمانی دەبێ لەو شارە واتە لە سیواس لە سەربازیی ڕایکردووەو چەکێکی دەوڵەتی ڕفاندووەو بە پێ هاتۆتەوە خۆشناوەتی.. ئینجا ئەو هێندە خۆش و بەتام چالاکیەکەی خۆی وەك حیکایەت دەگێڕایەوەو باسی سیواسی دەکرد کە لە مێشکدا چاپ ببێ، بۆیە منیش هەر لە بیرم نەچۆبووەوەو ڕەنگە ئەوەش هۆیەك بێ بۆ ئەوەی پێم خۆش بووبێ ئێمەش ببەنە سیواس؟

********

ئێوارەیەکی گەرمی سەرەتایی تەموز لە زیندانە ژێر زەمینەکەی پۆلیسیان هێنایە دەرێ و دوو پۆلیسیان بەگەڵ داین وچووینە تەرمینالی شارو لە وێ تا کاتی بەڕێ کەوتنی پاسەکە دێ چاوەڕوانمان کرد. ئەمجارە بە ئازادی، بەلام لە پێش چاوی پۆلیسەکان دەچووین ودەهاتین هێندەش خۆشحاڵ بووین تەنانەت بڕوامان بە چاوو قاچەکانی خۆشمان نەدەکرد !..

دوای نزیکەی سێزدە مانگ بۆ یەکەم جار (خۆر)م لەو کاتەدا دیتەوە کە تیشکەکانی خۆی دەکێشێتەوە و شوێن بۆ سوپای تاریکی چۆڵ دەکات و ئاوا دەبێ. هەستم دەکرد لە گەڵ ئاوابوونی خۆر سەردەمێکی پڕ لە چەرمە سەری و ڕا ڕایی و بێ ئومێدیش ئاوا دەبێو سەردەمێکی تری ئومێدبەخشو بووژانەوەی ژیانیش دێتە پێش.. ئەو ئێوارەیە بە بەرچاوی خۆمانەوە خۆر ئاوا بوو..!. تا تیشکە سوورەکانیشی کێشانەوە هەر بە دیاریەوە وەستابووم..





دیمەنی ئاوا بوونی خۆر خۆی دیمەنێکی سەرنج ڕاکێش و پڕ لە سیحر و جوانی‌یە، ئەدی گەلۆ ئەگەر ئەو دیمەنە دوای ئاوابوونێکی دوورو درێژی خۆت لە خۆر بێ و بۆ جاری یەکەم بیبینیەوە تۆ بڵێی چەند جوانتر و پڕ ماناترو کاریگەرترو سیحراوی تر بێ..؟

خۆر ئاوا بوو، ئێمەش بەرەو خۆر ئاوا کەوتینە ڕێ.. بە درێژایی ئەو شەوە بەڕێوە بووین، بەلام لە نزیکی شاری خارپووت پشوویەکی کورتماندا، هەرچەندە لەبەر تاریکایی شەو خۆشیمان لە بینینی شار و گوند و دیمەنەکانی سەر ڕێگا نەدەبینی، بەلام کاتێ لە چێشتخانەکە دابەزین لە گەڵ سەر بڵند کردنو سەیری ئاسمان کردندا هاوڕێ دێرینەکانی خۆمانمان دیتنەوە و هەموویان و وەکو جاران بە تاقی ئاسمانەوە دەدرۆشانەوەو هەریەکەو بەپێی ڕەنگو توانای جیاوازی خۆی تیشکیان بۆسەر زەوی دەنارده خوارێ.. بەتامەزرۆیی سەیری ئەو دیمەنە جوانەم دە کردوو ئەوکاتیش کزە بایەکی فێنك هەموو جەستەی خاوو دەکردەوەو حەزی ناو پێخەفی دەوروژاند.. ئەو شەوە هەموو شتێك جوان و دڵڕفێن بوو.. چونکە هێشتا بە چاوو حەزو ئارەزووی ناو زیندان هەموو شتێکم بە ئازادی دەدی.. کە دوای پشوودانیش بە ڕێکەوتینەوە خەو نە دەهاتە چاوانمان و ناوە ناوەش لە گەڵ برادەران باسێکمان دەکردەوە، بەلام لە لایەك بیرمان لە زیندان و لە لایەکی دیکە لە داهاتوو دەکردەوە، چونکە نەمان دەزانی لە قەیسەری چۆن دەژین و چیمان بەسەر دێ.. !

********

بەرەبەیان لە دەشتێکی قەد پاڵی چیایەکی بەرز و سەر بە بەفر شارێك بەدەر کەوت.. هەر کە گەیشتینە دەروازەکەی تابلۆیەکمان خوێندەوە تیایدا نوسرابوو.. قەیسەری.. تا گەیشتینە تەرمینالْ و دابەزین تیشکی خۆریش بە هانامانەوە هاتوو کزە سەرمای ئەو بەرەبەیانەی چلەی هاوینی کوێستانی

قەیسەری نەهێشت. شارەکە تا بڵێی جوان و پێشکەوتوو دیار بوو ، شەقامەکانی پان و بەرین و پاك و خاوین ، ئەپارتمانەکانی بەرزو دڵڕفین، پارکەکانی سەوزو پڕ درەخت و گوڵاڵەو گوڵ بوون.. لەلای باشوریشەوە چیایەکی بەرزو سەر بە بەفر هێندەی تر دیمەنی شارەکەی جوانترو ڕازاوە تر کردبوو بە پرسیاریش زانیمان چیا بەرزەکە ناوی ئەرجیەسـە.
تاگەیشتینە بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی ڕەگەزنامەو کاروباری بیانیان شان بەشانی پۆلیسەکان ڕۆیشتن و لەوێ بەڕێوەبەرەکە کە ژنە ئەفسەرێکی باڵا بەرزو سوورو سپیو دڵڕەق بوو ، ئێمەی وەرگرتو بەپۆلیسێکی سپاردین کە بمانباتە ئوتێلێکی دیاریکراو !
زانیمانەوە ئوتێلەکەش وەکو کرێی ئوتومبیلو خواردنی ئەو چەند ڕۆژەی ڕابردوو لە کیسەی خۆمانە ، بۆیە بە ئەفسەرە دڵڕەقەکەمان گوت:
ئێمە هیچ پارەمان نیە بۆیە نەدەتوانین پارەی ئوتێل بدەین ونە خواردنمان پێ دەکڕدرێ.
بەڵام ئەو بە دڵڕەقیو بێباکانە وەڵامی دایەوەو گوتی:
ئەوە کێشەی خۆتانەو با کەس وکارەکانتان پارەتان بۆ ڕەوان بکەن!
هەرچەندە هەلومەرجەکەمان بۆ ڕوونکردەوە کەڵکی نەبوو. بە جلو بەرگی پێشمەرگایەتی خۆمانەوە لەگەڵ پۆلیسێك بەرەو ئوتێلێکی ناو جەرگەی شار چووین، لە ڕێگە پۆلیسەکە قسەی لەگەڵ لاوێك کردو ئەویش لێمان هاتە پێشوبە کوردی چاكو خۆشی لێکردین. بەو چاكو خۆشیەی کوڕەکە دڵمان زۆر خۆش بوو، گوتمان هەرنا کەسێك لێرە هەیە هەندێك بەرچاومان ڕوون بکاتەوە. هەر بەدەم ڕێگەوە زانیمان کە کوڕە لاوەکە کوردی کوردستانی ئێرانەو چاوەڕوانی ئەوە دەکات لە ڕێگەی (U.N)ەوە بچێتە ئەوروپا.
تاوێك بە بن دیوارێکی کۆندا ڕۆیشتین و کوڕە لاوەکە گوتی:





- ئەو دیوارە شورەی کۆنی شارەو کاتی خۆی گریکەکان دروستیان کردووەو ناوی شارەکەش هەر هی ئەو سەردەمە. لە پرسگەی ئوتێلە کۆنو ناڕێکەکە ناوی خۆمان نووسی، بەڵام بەڕێوەبەرەکەی پێش هەموو شتێك گوتی:
- من ڕێگە نادەم بە قەرز لێرە بخەون !.
- بە سەرچاو.....
پۆلیسەکە ئاگاداری کردینەوە کە بەیانی کاتژمێر (٩) بچینەوە بەڕێوەبەرایەتی پۆلیس بۆ هەندێ کاری پێویستو ئەو ئێمەی بە جێ هێشت. بەڵام، کوڕە لاوەکە مایەوەو زۆر پرسیاری کردو زۆریش باسی قەیسـەری بۆمان کردو لە میانی قسەکانیدا گوتی:
- ئێرە ژمارەیەکی زۆر کوردی کوردستانی ئێڕاقی لێن ، بەڵام هەموویان خۆیان بە تورکمان نووسیوە..هەر ئێستا لێرە بڕۆم هەواڵی هاتنی ئێوەیان پێ ڕادەگەیەنم.
ئەو ڕۆیشتو ئێمەش بە غەمی خۆماندا کەوتین.. خودایە لەو غوربەتە پارە بۆ ئوتێلو خواردن لە کوێ بێنین؟!. ڕاستە کەمێك پارەمان مابوو، بەڵام کێ دەزانێ چەندی تر لێرە دەمێنینەوە؟. هەرچەندە ئازادێکی دەست بەسەر بووین، بەڵام ئەو ئازادیەش بێ گرفت نەبوو. زۆر بیرمان لە حاڵی خۆمان دەکردەوە.. تا ئێوارەکەی لە پڕ برادەری کوردستانی ئێرانو کاك ( ئیحسان) کە خەڵکی هەولێرو کاك ( کەمال) کە خەڵکی خانەقین بوو بە دەرکەوتن. ئەو دوو برادەرە نوێیە هەر زوو ئامادەیی خۆیان بۆ هەموو هاوکارییەکی لە دەست هاتوو نیشانداو بە هاتنی ئەوان هەندێ غەم بەرۆکیان بەردایەنو ئەوانیش گوتیان:
ئێرە ژمارەیەکی زۆر کوردی لێیەو وا دەکەین ئەوانیش بێنە سەردانتانو یەکتری بناسنو ئێوەش لەگەڵمان وەرنە دەرەوەو سەردانمان بکەن....

وەزعی خۆمانمان بۆ باس كردنو بەسەرهاتەكەمان بۆ گێڕانەوە، ئیدی كە زانیان پێشمەرگەینو گیراوینو ئەوەندە لە زیندان بووینو هێشتاش دادگایی كردنمان بەردەوامە هێندەی تر ڕووی خۆشی خۆیان و ئامادەیی هاوكارییان دووپات كردەوە.

********

ئەو ڕۆژو شەوەمان بەسەر بردو بەیانی ڕۆژی دواتر چووینەوە لای پۆلیسو لەوێ هەندێك لێكۆڵینەوەیان لەگەڵدا كردینو دوای سەرو دوو ڕەسمیان لێكردینو گەڕاینەوە ئوتێلەكەمان. لە چوونو هاتنەوەمان خەڵكەكە هەمووی سەیریان دەكردینو هەر ئەو ڕۆژە بڕیارماندا سەرو پانتۆڵو كراسوجوتێ پێڵاو بكڕین. هەر لەگەڵ برادەرەكەشمان چووینە بازاڕی ژێر زەمینەكە كە بازارێكی گەورەی شارەكە و ڕێك لە ژێر مەیدانی سەنتەری شار بوو. دوای ئەوەی جلو بەرگەكانمان گۆڕین چاوی خەڵكەكەمان لەسەر نەما. لە بازاڕ فیەتی شتیخواردنمان كرد هیچ شتێك لە باینجان هەرزانتر نەبوو، بۆیە چەند ڕۆژێك لەسەر یەك هەر باینجانو ڕۆنونانمان خوارد.

********

ویستمان بە تەلەفۆن پەیوەندی بە هەڤاڵانمانەوە بكەین، بەڵام ئەو درەنگە بەو زووە ڕانەدەگەیشت ، بۆیە تەلەفۆنێكمان بۆ پارێزەر (فەتحی گوموش) كردو وەزعی خۆمان پێ ڕاگەیاندو ئەویش ئەدرێسەكەی وەرگرتینو گوتی:

-نیوەڕۆی ڕۆژی دووشەم لاتانم و پارەشتان بۆ دێنم.....

فەتحی وەكو گفتیدا لەكاتو ساتی خۆیدا هاتو پێمان گوت:

- چەند ڕۆژێكە لە نانو باینجان بەولاوە هیچمان نەخواردووە.

ئەویش بردینی یە چێشتخانەیەكی زۆر نایابو ئەو ژەمە هەموومان تێر تێرمان خوارد.دوای ئەوەش نیو ملیۆن لیرەی بۆ جێهێشتینو گفتی هاوكاری





تریشیدا.. دەرگایەكی خێرمان لێكرایەوەو ئەمجارە جگە لە باینجان شتی تریشمان دەكڕی و دەخوارد.

********

برادەرەكانی تریش هاتنو ئاگاداریان كردینەوە كە لای خۆیان جێگەیان بۆ دابین كردووینو نابێ چیتر لە ئوتێل بمێنینەوە..ئەوەش هەواڵێكی خۆشترو دەرگایەكی باشتر.... ئەبو مەحمودو حەمید كە تازە پێك هاتبوونەوە و برادەرایەتیەكەیان گەرم بوو لە سەنتەری شار چوونە لای چەند برادەرێكو هێور و ئەبو نادیەو منیش چووینە لای هەندێ برادەری تر( لە شەقامی ناتۆ) و بەم شێوەیە كرێی ئوتێلیشمان لە كۆڵ بووەوە. لەگەڵ كەمالو ئیحسانو عەدنانو فازیل و..... تەگبیرمان كرد كە خۆمان بگەیەنینە (U.N ) لە ئەنقەرە. هەرچەندە سەرەتا دەبوو هەموو بەیانیانو ئێواران ئیسپات وجودی خۆمان بكەینو لە دەفتەرەكەی پۆلیس ئیمزا بكەین ، بەڵام دوای چەند ڕۆژێك تەنیا بەیانیان دەچووینو ئەگەر ڕۆژێكیش نەچووباین ئەوا هیچ دەنگ نەبوو، بەڵام ڕۆژی دواتر بیانووی نەچونمان دەهۆندەوە.

بۆ مەسەلەی چوونە بارەگای (U.N ) یش برادەرە ئاوارەكان پارەی ڕێگەیان كۆكردبووەوەو بڕیارماندا منو سەلام ناوێكی ئاوارە بچین. ئێوارەیەك بەڕێ كەوتینو چووینە بارەگای (U.N) لە چانقایەی ئەنقەرە. لەوێ من چوومە ناو بارەگاكەو بەرێكەوت هیچ وەرگێڕێكی لێ نەبوو، فەرمانبەرەكە گوتی:

-چ زمانێك دەزانی...؟.

-كوردیو عەرەبیو فارسی.

كە گوتم فارسی ئەو یەكسەر بە فارسی دەستی پێكردو گوتی من فارسی دەزانمو ماوەیەكی زۆر لە باڵوێزخانەی سوید لە تاران كارم كردووە. سەرەتا دوای پەنابەریم كردو فۆرمێكم پڕ كردەوە، ئینجا باسی وەزعی خۆمانمان كردو دوای چارەیەكم لێی كرد، ئەویش گوتی:

- لەبەر ئەوەی كاری دادگاتان ماوە كارەكە ئاسان نیە، بەڵام ئەوە خۆت نووسرایت و بۆ وەزعی ئەوانەی دیش پرسیارێك دەكەمو وەڵامتان دەدەمەوە. دوای ئەوەی لەگەڵ سەلام هەندێك بەناو ئەنقەرەدا گەڕاین و سووڕاین ئەوجا بەرەوقەیسەری كەوتینەوە ڕێ.

********

لەوێش واتە لە قەیسەری ورده ورده خۆمان ڕادەهێناو ڕۆژانە بەناو شاردا پیاسەمان دەكردو ئێوارانیش لە پاركێك خڕ دەبووینەوە. ئەگەر بێكاریو دەست بەسەری نەبوایە شارەكە هێندە دلگرو جوان بوو مرۆ لێی وەڕس نەدەبوو.ئێمە لە ئەپارتمانی ئەلكەنالی شەقامی (ناتۆ) بووین. هەرچەندە شەقامەكە تا بڵێی ڕێكو فراوان و جوان بوو هەردوولاشی بە ئەپارتمانی گەورە گەورە ڕازابووەوە ، بەڵام لەبەر ناوەكەی دڵمان پێی خۆش نەبوو. ناتۆ لە ناو شارەوە هەڵدەستاو لە فرۆكەخانەیەكی سەر بە ناتۆ كۆتایی دات، بۆیە ئەو ناوەشی لێنرابوو. زۆر جار كە پێیدا دەڕۆیشتین ئەبو نادیە دەیگوت:

-هەر دەبێ ڕۆژێك لە ڕۆژان ناوەكەی بكرێتە وارسۆ !

********

بۆ ئەوەی مشوورێك لە خۆمان بخۆین ڕۆژێك لەگەڵ ئەبو مەحمود گەڕاینەوە دیاربەكرو بە برادەرانی دیمان گوت:

-ئەمرۆ برۆن ئیمزا بكەنو بڵێن ئەوانیش دێن.

لەناو ئۆتۆبۆسەكە من و ئەبو مەحموود لەتەنیشت یەكتری بووین و ژنێك و كچێكیش كەوتبوونە پێشمان، دیاربوو كورد بوون و پیاوێكیشیان لەگەڵ بوو لەقسەكردندا لەوەدەچوو مێردی ژنەكەو برای كچەكەبێ. هەریەكەم جار كە سەركەوتین ڕكاوڕك چاوەكانی كچەكەو من وەك برووسكە یەكەم سەرنج تێكهەڵەنگووتن.كچەكە سپی كەڵەیەكی باریك و ناوقەد زراووی تازە پێگەیشتووبوو. تازە سەركەوتبووین بەفێڵی سەعات ئاوڕێكی دایەوەو گوتی:





-سەعات چەندە؟

بەڵام بەچاوان سەیر و سەیر پرسیارێكی دی دەكرد! هەرچەندە من زمانی چاوم نەدەزانی، بەڵام ئاماژەكانی مووچڕكیان بەدڵدا هێنام و نەمتوانی هیچ وەڵامێكی بدەمەوە، ئەگەر وەڵامیشم دابایەوە چ كەڵكێكی هەبوو؟

ئەو كەوتبوە پێش ئەبوو مەحموود بۆیە هەربە سووكە ئاوڕێك منی دەدی و مناڵە بچووكەكەی ژنەكەشی كردبوو بەبیانوویەك كەهەم خۆی پێوە خەریك دەكردو هەم بەهۆیەوە چاوی لەلای ئێمە نەدەبڕی..

ڕێكەوتێكی خۆش و بێ ئەنجام بوو، بۆیە نەمدەویست خووڕپەیەك لەدڵمدا جێبێڵێ و بایەخم پێ نەدا ،بەڵام ئەو وەكو دڵدارێكی چەند ساڵە بەحەزو تامەزرۆیەكی هەرزەكارانە خۆی دەنواند. تاگەیشتینە ئامەد ئەو لەدەریای خەیاڵاوی عەشقدا مەلەی دەكرد و سەبری نەدەگرت، براكەشی لەوبەرمانەوە بوو هەركە گەیشتینە ناو جەرگەی شار لێم پرسی:

-بێ زەحمەت ئێرە چوار ڕیانی ناوەندی شارە؟

كەدەبوو لەوێ دابەزین، ئەو بەڕووگرژی وەڵامی دایەوەو گووتی:

-ئەزنزانم !.

لەوەوە بۆم دەركەوت كەپەست و تووڕە بووە، بەڵام بەرامبەر بەمن ناحەق بوو؟

بەم شێوەیە كچەكەمان بەهەناسە ساردی و براكەشی بەتوڕەیی جێ هێشتن و بەسەرنجێك خوا حافیزیم لەكچەكە كرد، بەڵام داخۆ لەسەر ئەو هەڵوێستەی دواتر چی پێ كرابێ؟

چووینە ناو كامپەكە.. لەوێش ئەبو عوسمانو چەند هاوڕێیەكی تر لە خۆشی ئێمە لە ژوورەكەی خۆیان ئاهەنگێكیان ساز كردو حەسەن شەریفی هونەرمەندیش بە چەند گۆرانییەكی خۆش ئاهەنگەكەی جۆشداو شەوێكی

خۆشمان لەوێ بەسەر بردو، لەگەڵ برادەرانیش وا ڕێککەوتین کە ئەوان بۆ سوریا تەرتیبی ڕێگەمان بۆ بکەن‌و خۆشمان گەڕاینەوە قەیسەری.

********

لەبەر ئەوەی هێشتا کێشەمان کۆتایی نەهاتبوو ترسێکمان هەر لە پێش بوو، بۆیە دەمانویست بە زووترین کات خۆمان دەرباز بکەین. بەڵام من هەرچەند دەمکرد و دەمهێناو دەمبرد نەمدەتوانی قەناعەت بە خۆم بکەم بچمە سووریاو لەوێش بۆ ئەوروپا بڕۆم‌و لەو بارەیەوە لە دڵەڕاوکێدا دەژیام..

هاوڕێیانی شیوعی هەواڵیان نارد کە ڕێگەیان بۆ سوریا تەرتیب کردووە، بەڵام دەبێ یەك یەکە بڕۆین.بڕیار درا یەکەم کەس ئەبو نادیە بڕوات.. ئەبو نادیە دڵی زۆر خۆش بوو، چونکە کاتی خۆی لە ئیتالیا ژیابوو و هەرلەوێش ژنی هێنابوو، سێ منداڵیشی هەبوون، بەڵام نزیکەی هەشت ساڵ بوو نەیدیبوون‌و قسەی لەگەڵدا نەکردبوون.. بۆ یەکەم جار کە تەلەفۆنی بۆ ماڵەوە کرد بەیەکەوە بووین کاتێك بە کچە بچووکەکەی گوت: من باوکتم. ئەو حاشای لێ کردو گوتی:

- ڕاست نیە، چونکە من باوکم نەماوە !

ئەبو نادیە داوای دایکی کچەکەی کرد، بەڵام دیار بوو ئەویش بڕوای نەکرد، بۆیە درەنگ هاتە سەر تەلەفۆن. ئەوان بە ئیتالی قسەیان دەکرد و من تێنەدەگەیشتم، بەڵام لە فرمێسکی چاوەکانی ئەبو نادیە خۆشەویستی خێزان‌و سۆزی غوربەت‌و دووری‌و بەیەك شادبوونەوەی دوای داپڕانێکی زۆرو بێ ئومێدیـــم دەدی‌و دەخوێندەوە. سەرەڕای ئەوەش لەبەر خەرج کردنی پارە نەدەبوو ئەبو مەحمود بزانێ‌کە ئەبو نادیە تەلەفۆنی بۆ ماڵەوە کردووە !.

********

کاتی بە ڕێکردنی ئەبو نادیە من تا تەرمیناڵ لەگەڵی چووم‌و لە ڕێگە زانیم ئەوان قایل نین هێورو حەمید بێن بۆ سوریا و چوونەکەش لە دەست ئەوان





بوو، هەرچەندە لەگەڵ ئەبو نادیە هەوڵمدا قەناعەتی بێنم ، بەڵام کەڵکی نەبوو ئەو هەر دەیگوت:

-ئێمە ناتوانین خزمەتی مناڵە وردکەی بورژوای ڕاڕا بکەین.. ئەوانە دژی ئێمەن بە تایبەتی هێورو خۆ ناشکرێ ئەوان دوژمنایەتیمان بکەن‌و ئێمەش خزمەتیان بکەین..!

کە زانیم نایسەلمێنێ منیش کوڵی دڵی خۆم لێ هەڵڕشت‌و خوا حافیزیم لێکرد..

کە گەڕامەوە لای برادەران بە تەنیا ئەو قسانەم بۆ ئەبو مەحمود گێڕایەوە، بەڵام ئەویش هەمان هەڵوێستی هەبوو،دەیگوت:

-من‌و تۆ بەیەکەوە دەڕۆین‌و وازیش لەوان بێنە.!

********

لەگەڵ حەمیدو هێور قسەم کرد کە ئەگەر بتوانین لە جیاتی سوریا بگەڕێینەوە ئێران‌و بۆئەو مەبەستەش بڕیارماندا من بچمە دیاربەکرو لەوێ مشوورێك بخۆم.

بەیەکەوە چووینە تەرمیناڵ‌و بلیتێکی پاسمان بڕی‌و تا کاتی بەڕێکەوتن چووینە ناو پارکی شار کە لە سەنتەری شارەکە بوو. دانیشتبووین و دوو پیاوی ڕێك پۆشی تورك لێمان نزیك کەوتنەوە. دوای چاك‌و چۆنی دەستمان بە قسان کردو ئێمەش پرسیمان:

-ئێوە چۆن ئێمە دەناسن؟..

-ئێمە پۆلیسین‌و چەند جارێك ئێوەمان لە دائیرە بینیوەوڕاشسپاردراوین کە چاودێریتان بکەین.

ئەوان پرسیاری جۆراو جۆریان کردن‌و سەبارەت بە هەبوون‌و نەبوونی نەتەوەی کورد لەگەڵمان کەوتنە گفتوگۆو دەیانگوت:

مادام لە مێژوودا كورد دەوڵەتی‌نەبووە كەواتە نەتەوەش نیەوتازەش نابێ داوای‌دەوڵەت بكات !.

هەروەها دەیانگوت:

-توركە چیاییەكان زمانیان جیاوازەو هەموویان لە یەكتری تێناگەن!.....

ئێمەش وەڵاممان دانەوەو پێمان گوتن:

-ئێوە مێژووی كوردتان نەخوێندۆتەوە، بۆیە نازانن كە كورد دەوڵەتی هەبووە فەرموون ئەوە دەوڵەتی میدیا كە لە پێش میلاد یەكێك بووە لە ئیمپراتۆریەتە گەورەكانی ڕۆژهەڵات.... كۆماری مهاباد ، حكومەتی كوردستان، حكومەتی بۆتان، سۆران، ئەردەڵان...... سەبارەت بە زمانیش ڕاستە چەند دیالێكتێكە بەڵام هەموو دیالێكتەكانی هەر كوردین‌و لەیەكتریش تێدەگەین. ئەو جیاوازیەی كە هەشە بە هۆی داگیر كردن‌و دابەشبوونی كوردستان دروست بووە و هەبوون‌و نەبوونی دەوڵەتیش لە مێژوودا مەرجی بوون‌و نەبوونی نەتەوەكان نیە.

هەر لەو قسانەدا بووین منداڵێكی بۆیاغچی پەیدا بوو، یەكسەر وەك خدری زیندە بەهانامانەوە هات و لەبەر ئەوەی چەندین جاری تر پێڵاوی بۆ بۆیاغ كردبووین‌و قسەمان لەگەڵدا كردبوو بووبوو بە ناسیاوو هەركە ئێمەی دەدی دەهاتە لامان‌و ئەوجارەش لەبەردەمی پۆلیسەكان بەكوردی گوتی:

- پێڵاوەكانتان بۆیاغ بكەم؟.

ئەو ئاگای لە وتووێژی ئێمە نەبوو، بەڵام لە كات‌و شوێنی خۆیدا گەیشت‌و بە پەیدا بوونی ئەو منداڵەو پرسیارە كوردی‌یەكەی زۆر گەشاینەوە

ئینجا بە توركەكانم گوت:

-ئێوە تێگەیشتن؟

بێگومان تێنەگەیشتن.

ئێوە بە توركی پرسیاری لێ بكەن‌و بزانن خەڵكی كوێیە؟





-خەڵكی كوێی؟..

-ئاگری....

-بۆچی لێرەی؟

-ئێمە لەبەر كاسبی هاتووینەتە ئێرە.

-لای خۆتان كاسبی نیە؟

-ئەگەر هەبووایە نەدەهاتینە غەریبی..!

ئەو پرسیارو وەڵامانە بە توركی بوون و منیش هەندێ پرسیارم بە كرمانجی لێكردن‌و بێ ئەوەی توركەكان تێبگەن ئەویش هەر بە كرمانجی وەڵامی دامەوە:

-دەفەرمون خۆ ئاگری بە سەدان كیلۆمەتر لە هەولێر دوورەو توركیاشە ئەدی ئەگەر ئێمە یەك نەتەوە نەبین چۆن لەیەكتری تێدەگەین‌وهەردوولاشمان شانازی بەكورد بوونی خۆمانەوە دەكەین؟

گفتوگۆكەمان درێژەی كێشاو دوا قسە یەكێك لە توركەكان گوتی:

-خۆ بە تەمای ڕاكردن نین؟

-نەخێر بۆچی ڕادەكەین !

لە دڵی خۆمدا دەمگوت:

-دەبێ چاودێریان نەكردبین‌و ئاگاداری ئەو بلیت بڕینەی من نەبووبن؟

********

بەرەو دیاربەكر ڕۆیشتم‌و لەوێ هەندێك برادەری سەر بە (پارتی پێشەنگ) م دۆزینەوەو لە بارەی دەربازبوونمانەوە قسەمان كرد، ئەوانیش ئامادەیی خۆیان نیشانداو ئینجا سەردانی حەنەفی‌و ئەحمەد قایماغی هەڤاڵانی زیندانم كرد كە ئەوانیش تازە ئازاد كرابوون و هەروەها سەردانێكی زیندانی ناوەندیشم كردو لەوێ داوای وەستا یونس‌و ئاسۆو برادەرانی ترم كردو توانیم لەودیوی شیشەو تەلبەند چاوم پێیان بكەوێ. دوای هەواڵ پرسین‌و

پرسيارو وەلام ئەوەشم پێ ڕاگەياندن كە ئێمە بە تەماين ڕابكەينو بەرەو ئێران بگەڕێينەوە. ئەوان بەو سەردانە زۆر دڵيان خۆش بوو هەر ئەوەندەشيان دەويست كە ئەگەر گەيشتينەوەجێ بچينە (م.س) ى پارتىو مەسەلەو پێداويستيەكانى ئەوانيان پێ ڕابگەيەنين.

ئەوە ژيانو دنيايە تا دوێنێ ئێمە لەوديوى شيشەو تەلبەندەكە بووينو ئەمڕۆش من ئازادمو دەچم هاوڕێكانى ئەوێم لەو ديو شيشو تەلبەندەكەوە بەسەر دەكەمەوە !

هەواڵێكم هەبوو كە زەينەبى هاوڕێى پێشمەرگايەتيشم گيراوەو لەوێيە لە ئيدارەى زيندان داواى ديداريم كردو ئەوويشيان بۆم بانگ كردە ئەوديو شيشەو تەلبەندەكەوە زەينەب هاتو هەر چاوى پێم كەوت كانىى سۆزو غوربەتى لە چاواندا تەقيەوەو گوڕ گوڕ فرمێسكى هەڵڕشتن. دواى چاكو خۆشىو ئەحواڵ پرسين ( خاترێ خۆەم ژ وێ خاست ) خوا حافيزيم كرد.

زەينەبيش كچە كوردێكى كوردستانى باكور بوو، ماوەيەكى زۆر پێشمەرگەى ( P.k.k) بوو، بەلام دواتر لەبەر هەر هۆيەك بوو خۆىو حاجى هاوڕێى ڕيزى (PKK) يان بە جێ هێشتو بوون بە ژنو مێردو هاتنە لاى ئێمە. لەبەرى گارێ ماوەيەكى باش لەيەك بارەگا بە يەكەوە بووين. بەلام، لەگەرمەى ئەنفالەكان ئەوانيش لەگەڵ سەدان پێشمەرگەوهەزاران كەسى بادينان بە ناچارى ئاوديوى توركيا بوونو لەوێش لە سەر سنوور لەلايەن (شۆڕش ) ى كۆنە هەڤاڵيانو پێشمەرگەى پارتىو سيخوڕى ميت شكايەتيان لێكرابوو، بەگرتى دابوونودرابوونە دادگاى ئاسايشى دەوڵەتو هێشتاش هيچيان لەبارەى چارەنووسى خۆيانەوە نەدەزانى.

هەركە لە زيندان هاتمە دەرەوە يەكێك لەو دوو پۆليسانەى كە ئێمەيان بردە قەيسەرى لەبەر دەرگا منى ديتو يەكسەر گوتى:

ها ئەوە چى دەكەى لێرە؟





-ئيجازەم وەرگرتووەو هاتوومەتەوە سەردانى برادەرەكانم.

خۆ ڕات نەكردووە؟

-ئەگەر ڕابكەم دێمەوە زيندان؟

لەو قسانەدا بووين ئەفسەرێك بەدەركەوت و پۆليسەكەش بە هەڵەداوان خوا حافيزى كردو گوتى:

-دەبێ لەگەڵ ئەو ئەفسەرەدا بڕۆم.

********

بۆ دانانى پلانێك چەند ڕۆژێك لەوێ مامەوەو بەتەلەفۆن هەموو وەزعەكەم بۆ هێورو حەميد ڕوونكردەوە، بەلام ديار بوو حەميد زۆر بە پەلە بوو، بۆيە هێشتا كاتى بەڕێكەوتن نەهاتبوو ئەويش هاتو دەبوو بەدواى ئەودا هێوريش بێ. ئێوارەيەك لەگەڵ حەميد چووينە ئەو چايخانەى كە زۆربەى پەناهندەكانى لێ دادەنيشتن، لەوێ كاك ئەكرەم مائى (بەرپرسى كامپى ئاوارەكان) و وسەربەست كە زوتريش چاكەى زۆريان لەگەڵدا كردبووين، مام كەماليان پێ ناساندينو گوتيان:

-ئەگەر دەتانەوێ لەگەڵ مام كەمال برۆن، چونكە هەم پياوێكى دڵسۆزەو هەم خەڵكى گەڤەڕەو شارەزاو ناسراويشە.

ئەوە ڕێكەوتێكى چاك بوو، ئەو شەوەش لەوێ ماينەوە و لەگەڵ مام كەمال لە بارى خەيام سەرى خۆمان گەرم كردو بەيانيش كاتى ڕۆيشتن هات، كەچى هێور هەر نەگەيشت بۆيە ناونيشانى تەواومان بۆ ناردو بۆمان نووسى كە ئێمە دەڕۆينو تۆش بە دواماندا وەرە. ديارە ئێمەش لە دەرچوونمان زۆر دڵنيا نەبووين بۆيە بە دوا كەوتنى هێندە نيگەران نەبووين. لە (ئامەد)ەوە بەرەو (وان ) بەڕێكەوتينو تا گەيشتينە بەتليسيش هيچ كۆسپێكمان نەهاتە پێش. لەوێ بەولاوە حەميد ترسى گيرانى ڕەويەوە و كەيفى زۆر سازا،

ڕادیۆیەکی بچووکی پێ بوو ئەنتێنەکەی هەڵکێشاو دەمێك عەرەبیو دەمێکیش فارسی دەکردەوە. هەرچەندە پێم گوت:

-وا مەکە با نەبینە جێگەی سەرنجی خەڵکەکەو ئەم ناوچەیەش چاوی دامو دەزگاکانی دەوڵەتی زۆر لەسەرە.

بەڵام، بێ سوود بوو.

گەیشتینە وانو لەناو تەرمیناڵەکە دابەزین. مام کەمال خەریکی پەیداکردنی پاس بوو بۆ گەڤەروئێمەش چووینە سەر ئاو، دیتم پۆلیسێك بە مشەوەشیدەسووڕێتەوەو دیار بوو بەدوای کەسێکدا دەگەڕێ. ویستم بەرەو( w.c ) بگەڕێمەوە، بەڵام منی بینیو یەکسەر بەرەو لام هات. هەندێك پرسیاری کردو منیش بە تورکییەکەی خۆم وەڵامم دایەوە. داوای ناسنامەی لێکردمو ناسنامەکەم نیشاندا... ناسنامەکەشم هی ئەمنیەتی قەیسەری بوو کە بەڵگەنامەی دەست بەسەری (جەبری ئیقامەتی) واتە ئیقامەی جەبری بوو. منی بەرەو بنکەی پۆلیس بردو لە ڕێگە گوتی:

-کوا برادەرەکەت؟.

لەو کاتەشدا مام کەمال هات و هەرچەندە هەوڵیدا کەڵکی نەبوو، پۆلیسەکە بە مام کەمالی گوت:

-تۆ حەقت بەسەریەوە چییەو لە کوێ دەیناسی؟

-من نایناسم، بەڵام لە دیاربەکرەوە بە ڕێکەوت بەیەکەوە هاتینو لە ڕێگە بووین بە برادەر.

پۆلیسەکە پرسی:

-تۆ چی؟

-پێشمەرگەم.

-ئەدی بۆچی لە قەیسەری دەست بەسەری؟

-داوای مافی پەنابەریمان لە (U.N) کردووەو چاوەڕەانی وەرگرتنی دەکەین!.





-تۆ دەست بەسەریو ئیقامەی جەبریت بەسەردا فەرز کراوە ، چۆن هاتوویتە ئێرە؟

-ڕاستە ئیقامەی جەبریم لەسەرە ، بەڵام بۆمان هەیە سەفەریش بکەین..

-باشە بۆچی هاتوویتە ئێرە؟

-من خزمەکانم لە ئێرانن‌و قەولە یەکێکیان بە فڕۆکە بێتە ئێرەو هەندێك پارەمان بۆ بێنێ چونکە لێمان بڕاوە !.

-باشە چۆن بەو قسانەی تۆ بڕوا بکەم؟

-ئەگەر پێت باشە بەیەکەوە دەچینە فڕۆکەخانەو ئەگەر هەر بڕواش ناکەی ئێستا لە پێش چاوی تۆ سواری فڕۆکە یان پاس دەبم و دەگەڕێمەوە قەیسەری !.

-باشە تۆ زمانی پێشمەرگان دەزانی؟

-بەڵێ، بۆچی تۆش دەیزانی؟

-ئەرێ، ئەز کرمانجم !

-دە باشە مادام کوردی تۆ خۆت وەزعی ئێمە دەزانی هەر لە هەڵبجەوە بگرە تا دەگاتە کیمیا باران کردنو دەربەدەربوونی هەزارانوخۆشت بە چاوی خۆت ئەو هەمموو خەڵکەی ئێمەت دی چۆن ئاوارەی ئێرە بوون؟.

-ئەرێ درستە.

دە کەواتە تۆش ئەوەندە چاکەیەمان لەگەڵدا بکەو لێم گەڕێ بەدوای کاری خۆمدا بچم.

-سەیرکە من دڵنیام تۆ شتێکت هەیەو بەلاش نەهاتوویتە وان.. بەڵام ڕاستم پێ بڵێ بۆچی هاتووی؟.

-ئەوە ڕاستی بوو کە باسم کرد.

ئەدی ئەگەر بتگرمو بە کەلەپچەوە ڕەوانی قەیسەریت بکەمەوە؟

- ڕەنگە كێشەم بۆ دروست بىَو تەسليم بە ئێراق بكرێمەوە و ئەو كاتيش بىَ سىَو دوو قەنارەى مەرگچێنى بەعسيەكان چاوەڕێم دەكات.

مام كەماليش هێندەى تر هەستى كوردانە و مرۆڤايەتى جووڵاندو خۆى پێناساند كە براى سەرۆكى شارەوانى گەڤەڕەو پۆليسەكەش بە تەواوى دڵى نەرم بوو،داواى لێبوردنى كردو گوتى:

- تۆ هەرچيەكت لەسەر بىَ منيش كرمانجم و برۆ برادەرەكەشت بدۆزەرەوە، بەڵام لەناو تەرميناڵ خۆتان گير مەكەن....!

زۆر سوپاسو خوا حافيز....

بە پەلە پەل لە تەرميناڵ چووينە دەرو لە قەراغ شار لاماندايە نووسينگەى كۆمپانيايەكى سەفەرو هەر لەوێوە سوارى ئۆتۆبۆسێك بووينەوەو وانى ڕەنگاوڕەنگو دەرياچە دلڕفێنەكەمان بەجێهێشتو بەرەوگەڤەر ڕۆيشتين.

********

چەند جارێكى تر بەم ڕێگايەدا هاتبووينو چووبووين ، بەڵام ئەمجارەيان جياوازى زۆرى هەبوو. ئەمجارە ئازاد بووين، بەڵام ترسى گيرانەوەمان لە پێش بوو. ئەمجارە بەرەو مەنفايەكى دى بەڵام بۆ ناو هەڤاڵان دەگەڕاينەوە. ئەو ساتانە دڵمان لە نێوان خۆشى گەڕانەوەو ترسى گيرانەوە خێراتر لێيدەدا.. مام كەمال دەيگوت:

- ئەگەر لە بازگەى سێرپيانى جۆلەمێرگ — وان — گەڤەڕ دەرباز بين ئيدى بىَ غەم دەبين، بەڵام ئەو بازگەيە زۆر توندو تيژەو دەرفەتى خۆلىَلادانيشى نيە..

ئێوارە بوو ڕۆژ بەرەو ئاوابوون دەچوو، ئێمەش بەرەو ڕۆژهەڵات دەگەڕاينەوەو لە پڕێك گەيشتينە بازگەكەو باش بوو سەربازێك هەر سەر تڕومبێلەكە كەوتو سەيرێكى ناوەوەى كردو دابەزيەوە..





ئۆخەى لێرەش دەرباز بووين، مام كەمال ئاوڕێكى دايەوەو بە زەردەخەنەيەك مژدەى دەربازبوونى پىَ ڕاگەياندين...

گەيشتينە دەروازەى گەڤەرو ديتمان چەند ئوتومبيلێك لە پێش ئێمەوە وەستاونو لەلايەن سەربازان دەپشكندرێنو ئەملاو ئەولاى جادەكەش بە سەربازو پۆليس تەنراوە !..

خێر ئينشائەڵڵا..مام كەمال بە ترسەوە ئەم ڕستەيەى دەربڕى. چونكە وەكو مام كەمال دەيگوت:

-ئەو بازگە ناوەختەو ئەو شێوە پشكنينە كارێكى ئاسايى نييە..

هەر لەوىَ پێش ئەوەى بگەينە بازگەكە مام كەمال فەرمانيدا دابەزينو بەرەو لاى خوارەوە شۆڕ بووينەوەو يەكسەر سەربازەكان ئێمەيان ديتو هاواريان كرد:

- بۆ كوىَ دەڕۆن، وەرنە ئێرە..!

كەوتينە دڵە ڕاوكىَ و تۆزێك بەرەو لاى ئەوان گەڕاينەوەو مام كەمال ڕەنگى هەڵبزڕكا و بەترسەوە، بەڵام نێرانە خۆى نيشان داو گووتى:

- دەچينەوە ماڵى خۆمان ئەفەندم !

مام كەمال قاچى بەدوادا نەدەچوون بۆيە نزيك نەدەكەوتەوەو دووراو دوور قسەى دەكرد.

- كوا ماڵتان؟

- ئەو خانووە بەرزەى ديارە ماڵى سەرۆكى شارەوانىيەو برامەو ئێمەش دەچينە ئەوىَ.

- كەواتە فەرمووون !.

ئەمجارەش لە داوێكى ترسناك دەربازبووين.. مام كەماليش ڕاستى دەكرد و چووينە ماڵى سەرۆكى شارەوانىو لەوىَ مام كەمال سەرۆكى تىَ گەياند كە ئێمە پێشمەرگەينو لە دياربەكرەوە هاتووينو دەمانەوىَ بچينەوە ئێران.

سەرۆكی شارەوانی نەجدەت بولدان بوو، لە مێژ نەبوو بە سەرۆك هەڵبژێردرابوو.. لای خەڵكەكە ڕێزێكی زۆری هەبوو.. شایانی باسە پێش نەجدەت پیاوێك بۆ ماوەی (٢٨) ساڵی ڕێك سەرۆكی شارەوانی گەڤەر بوو، هەموو جارێك هەر بە هەڵبژاردن دەرچووبووەوە، بۆیە ناوەكەشی بە ڕەئیس دەبردرا.. بەڵام ئەوجارەیان نەجدەت ئەوی بەزاندبوو. نەجدەت میوانداریەكی گەرمو گوڕی كردین و شەویش هەندێ گلەیی لە بەختی خۆیو نەزانی (P.K.K) كرد، دەیگوت:

- من بە دەنگی خەڵك بوومەتە سەرۆكی شارەوانی كەچی (P.K.K) هەڕەشەی كوشتنی بۆ ناردووم..!. هەروەها دەیگوت:

- پیاو نازانێ لەگەڵ ئەو نەزانانە چی بكاتو خۆشیان نازانن چی دەكەن..؟. من پیاوی دەوڵەت نیم، بەڵام سەر بە (P.K.K) ش نیم ئەوەش مانای ئەوە نیە من دژی ئەوانو پیاوێكیخراپ بم.؟

ئەو شەوەمان لە ماڵی كاك نەجدەت بە خۆشی بەسەر برد و بەیانیش ڕۆیشتین و چووینە ماڵی ناسیاوێك لەوێش دووبارە ئەدرێسو ڕێنماییمان بۆ هێور ناردەوەو تا ڕێگای دەربازبوونیشمان بۆ دابین كرا چەند ڕۆژێك لەو ماڵە ناسیارە ماینەوە.

********

ئێوارەیەك دوای خۆر ئاوابوون خانە خوێكەمان قەمەرەیەكی ڕینۆی ئامادە كردو بەرەو شەمزینان ناوی خوامان لێهێنا.. شۆفێرەكە دەیگوت:

ئەمڕۆ زۆر تاقیبی ڕێگام كردووە و ئێستاش چوومو گەڕامەوە هیچ شتێكی نائاساییم بەدی نەكردووەو ئومێدم هەیە بەسەلامەتی بگەینە جێ.

ئەو ڕێگەیە لە هەمووی ترسناكتر بوو ،چونكە سەر سنوور بوو، ئەگەر بگیرابایین هیچ بیانوویەكمان نەی دەخوارد..





شۆفێرەكە زۆر بە ئاگایی لێی دەخوڕیو وردە وردەش لەگەڵ فەریقی ڕێنوێنمان دەدوا. پێش ئەوەی بگەینە شەمزینانو بۆ ئەوەی بە پێ لە سەربازەگەكەی سەر ڕێگا لابدەین و لەولاتر بێینەوە سەری لە نزیك گوندی (شەپەتا) دابەزین، دەوروبەری سەربازگەكە یەك پارچە چراخان بوو. بە پێی قسەی فەریقو شۆفێرەكەش هەم مەترسی مینو هەم مەترسی مەفرەزەی گەڕۆكمان لە پێش بوو، بەڵام چاری ترمان نەبوو هەر دەبوو ئەو ڕێگەیە ببڕین. هەر لە ئوتومبیل دابەزین تا بڵێی یەك و دوو لە جادەكە دوور كەوتینەوەو لە ناو تەڕاشو دەوەناندا خۆمان ون كرد. بەرەو باكور ملی ڕێگەمان گرت و بە نەشارەزایی بەسەر شینایییەك هەڵبووینو بە دەست هەندێ گەڕاین چەند خونچە ئارویەكی جوانمان لێ كردەوە، ئەو ئاروانە بۆ شكاندنی تینوێتی ڕێگا زۆر بە سوود بوون. ترۆپكێك لە پێشمان دیار بوو ڕەبایەكی سوپای بەسەرەوە بوو، بۆیە نەماندەتوانی زۆر هەڵكشێینو دەبوو بە ناچاری لە نێوان ترۆپك و سەربازگەكەدا بە تەلانێكی ڕكدا بڕۆین. تەلانەكەش هێندە ڕك و پڕ تیژە بەرد و خڕە بەرد بوو ڕێكردن لێی زۆر سەختو دژوار بوو. ماوەیەكی باش لە تەلانەكە بە تەنیشتە پێ دەڕۆیشتینو زوو زووش دەكەوتین و چەند هەنگاوێك غلۆر دەبووینەوەو هەموو جارێك بە دەوەنێك، یان بە بەردێك خۆمان دەگرتەوە و هەڵدەستاینەوە، دەشترساین ژاندەرمە گوێی لە دەنگی كەوتنو غلۆر بوونەوەی بەردی ژێر پێمان بێ. خوێن لە ژێر پێكانماندا فیچقەی دەهات و لەبەر ڕۆیشتن و گەرماو گەرمی برینەكانیش هێشتا هەستمان بە هیچ ئازارێك نەدەكرد، بەڵام هیلاكیش بووبووین، بەتایبەت ماوەیەكی دوورو درێژ بوو نەجووڵابووینەوەوبە ڕێدا نەرۆیشتبوین، كەچی لە چاو ئەو هەموو دانیشتنو نەجووڵانەوەو ئەو ڕێگا سەختەش بەرەو ئازادی هەنگاوی باشمان دەهاویشتن. نازانم چەندمان بڕی، بەڵام كە ئاوڕم دایەوە نە ڕەبایەی ترۆپكە بەرزەكەو نە سەربازگەكەش دیار

نەمابوون.. لەو کاتەدا ڕێبەرەکەمان بەرەو دۆڵە تەنگەکەی ڕۆژهەڵات شۆڕبووەوەو ئێمەش بە دوایدا چووین کە گەیشتینە ناو دۆڵەکە ئۆخەیەکمان کردو هەناسەمان هاتەوە تایم. چەند هەنگاوێك بە دۆڵەکەدا کێل بووینەوە کتوپڕ گەیشتینە مێرگێکی سەوز جۆگەلەیەکی ئاوی بە ناودا دەڕۆیشتو دارو درەختە بەرز بەرزەکانیش لە هەر چوار لای مێرگەکە باوەشێنیان لەیەکتری دەکرد.. ئاڵەو کاتەدا مانگ لە نێوان چیاو دۆڵەکان سەری دەرهێناو ئەو ناوەی بە تیشکە زیوینەکانی ڕووناك کردەوە.. من ئەوەی هەرگیز لە بیرم ناچێتەوە ئەو دیمەنە جوانەیە. سەیر لەوە بوو هەر ئەو ساتەی گەیشتینە مێرگەکە من هەستم دەکرد جارێکی تر ئەوێم دیوەو هەرچەندیشە دەمزانی من هەرگیز جارێکی تر بەو دۆڵەدا نەڕۆیشتووم، بەڵام مێرگەکەم لە پێش چاوان غەریب نەبوو، ئەو کاتو ئێستاش بیر دەکەمەوە داخوا ئەوێ بە چ جێگایەکی دی دەچێ کەمن زووتر دیبم.. بەڵام نەگەیشتمە ئەنجام و لە هزریشمدا ئەوە جێگیر بووە کە ئەو مێرگو دۆڵەم دوو جار دیوە، بەڵام چۆن ؟!.. نازانم...!

هەتا لەوێ پشوویەکماندا ئوتومبیلەکەش گەیشتو سوار بووینەوەو بە ڕێگایەکی خۆڵدا بەرەو گوندی (مەلایا ) چووینو شەو درەنگ گەیشتینە ئەوێو یەکسەر چووینە ماڵی خزمێکی فەریق. خاوەن ماڵەکە پێشوازیەکی گەرمی لێ کردینو هەرزوو نانو چایان بۆ ئامادە کردین. خەریکی چای خواردنەوە بووین گەنجێکی بارزانی هاتە هەمان ماڵو دوای ئەوەی خۆمان پێ ناساندو پێمان گوت:

- دەگەڕێینەوە مەرگەوەڕ..

ئەو گوتی:

- ئەگەر بتانەوێ من لەگەڵتان دێم؟

- زۆر باشەو سوپاسیشت دەکەین، چونکە ئێمە هیچ شارەزای ئەو ڕێگەیە نین.

بەڵام، بۆ ئەوەی بزانن شەش سەد دینارم لێتان دەوێ !!.





لەو داوایەی بارزانی‌یەکە سەرمان سووڕما، چونکە ئێمە چاوەڕوانیەکی وەهامان لەسەرسۆڕێك نەدەکرد..!.

باسی خۆمانمان بۆی گێڕایەوە:

ئێمە پێشمەرگەینو ئەوەندەیە لە زیندانین و هەر هیچ پارەشمان پێ نیە بۆیە ناتوانین بە پارە بگەڕێینەوە.

ئەو وەڵامەکەی هەر ئەوەندە بوو کە ئەگەر لەبەر ئێمە نەبێ ناگەڕێتەوە تا کرێ بارێکی باشتر پەیدا دەکات.

فەریق گوتی:

- وازی لێ بێنن و بەیانی مشوورێکی تر دەخۆین..

********

بەیانی زوو هەستاینەوە و لەگەڵ فەریق بە پێ بەرەو سەر سنوور ڕۆیشتینو فەریق دەیگوت:

- من تا سەر سنوور دێمو لەوێش قاچاغچیەك هەر دەدۆزینەوە کە لەگەڵیدا بڕۆن.

ئێمەو سەر سنوور و چەند قاچاغچیەکی ترو بارزانی گۆرینیش سەر سنوور ...قسەمان لەگەڵیاندا کردو ئەوان گوتیان:

- ئەگەر دەتوانن بە پێی ئێمە بڕۆن وەرن ، بەڵام ئەگەر ناتوانن ئێمەش ناتوانین لەو ڕێگا دوورە بە هۆی ئێوەوە گیرۆو تووشی ماڵوێرانی ببین..

- باشە دڵنیابن وەکو ئێوە دەڕۆین.

ئەملاو ئەولای فەریقمان ماچ کردو ئەومان بەرێکردو خۆشمان لەگەڵ قاچاغچیەکان کەوتینە ڕێ. لە ڕێگە بە بارزانی‌یەکەمان گوت:

- ئەدی تۆ نەتگوت ئەگەر بگەڕێمەوە تەنیا لەبەر ئێوەیە؟.

- بڵێم چی؟..

- ئەو هەڵوێستەی تۆمان زۆر پێ ناخۆش بوو، چونکە ئەو رەوشتە لە بارزانیەکان ناوەشێتەوە !.
هیچ وەڵامێکی نەدایەوەو بۆ ئێمەش گرینگ ئەوە بوو بە سەلامەتی لە سنوورەکە دەربازبین.

★★★★★★★★

لەوێ لەسەر بەرزایەکی هەرە بەرزی ئەو بستۆکەی دوژمن ناوی ناوە سنوور کە بەرەو ڕۆژهەڵات ڕادەمای کوردستانی ئێران‌و، بەرەو ڕۆژئاوا کوردستانی باکورو، بەرەو باشوریش ڕادەمایت کوردستانی باشورت لێ دیار بوون.. هەر بەرەو خوارەوە ڕامام لە ناو ئاسۆیەکی ڕوون، بەڵام دووراو دوور چیا سەرکەشەکەی کوڕەکم بەرچاو کەوت.
ئای کوڕەك !. لەژێر سێبەری تۆدا لەدایك بووم و کە بۆ یەکەم جار چاووم بەرامبەر لوتکەکانت هەڵهێناو تەنیا تۆو ئاسمانی شینم بەرچاو کەوتن و لەسێبەری تۆدا گەورەبووم و بۆیەکەم جاریش لەسەر لوتکەکانی تۆدا گوێم لەدەنگی تەقینەوەی بۆمبی داگیر کەران بوو، لەهەمان کاتیشدا قرمەی تفەنگی پێشمەرگەم بیست و ئەو ڕۆژە زانیم ئێمە کێن و دووژمن کێ یەو هەرئەو ڕۆژەش زانیم لەوڵاتی ئێمەدا دووجۆرتەقە دەبیسترێ و دووجۆر تفەنگ دەتەقێندرێن. تفەنگێك ناوەناوەیە، بەڵام دەنگ زۆر دەداتەوە ئەمە هی خۆمان‌و ، تفەنگێکیش بەشێلکەیە، بەڵام ڕووی بڵاوە. ئەوەش هی دوژمنە. ئای کوڕەك !..ئەدی لەنێو قەدی تۆشدا نەبوو باوکم بۆ دواجاری ماڵ ئاوایی لێ کردین و بەجێ ی هێشتین؟. بەجەستەیەکی شەکەت، هۆشێکی پڕ لەبیرەوەری و هەستێکی پڕ لەسۆزی غوربەت و دووری.بیرم دەکردەوە..
ئا، لە سەردەمی منداڵی‌و هەرزەکاریم و لەگەڵ هاوڕێکانمدا بەهاران بۆ ڕێواس‌و کاردی‌و کەنگر و هەندرێشە و پایزانیش بۆ قەزوان دەچووینە ناو ڕازو ڕەوەز و لات وجەنگەڵو......سەر لوتکەو قۆپ‌و هەڵدێرەکانی ئەو چیا





بەرزو سەربەرزو پڕ لە سیحرو نهێنیە. ئێستاش کە دووراو دوور دەیبینم تەنها بیرەوەریەکان دڵو دەروون زامدار دەکەنەوەو لە داخ‌و ئەزرەتیش بەولاوە چیم لە دەست دێت؟.

★★★★★★★★

بە پێی قاچاغچیە زیتەڵەو توندو تۆڵەکان بەرەو ڕۆژهەڵات هەنگاومان دەهاویشتن‌و تا دەهاتیش دۆڵ‌ونواڵ‌و لوتکەو هەورازو نشێوی ڕێگەمان دەبڕین‌و بە جێمان دێشتن. دەڤەرەکە کوێستانێکی ساردو هاوینە هەواری بە لەوەڕو جۆگەو کانیاوی سازگارو هەوارگەی کۆچەریەکانی تەرگەوەڕو شکاك بوون. ئاوڕت لە هەر لایەك دەدایەوە زۆم‌و هەوارێکی کۆچەریان بوو، بەڵام بە هۆی کەم بوونی لەوەڕو سەرمای پایزیش ڕەوەندەکان بەرەو هەواری گەرمێن تر باریان کردبوو، هێشتاش ئاسەواری مەڕو ماڵاتیان بە شیوو تەلان‌و نزارو بەرۆژانەوە هەر مابوو.سەیری هەر لایەکت دەکردو گوێت بۆ هەر لایەکی دی ڕادێشت جۆگەو خوڕەو زەنگوڵەی ئاوی سازگارت دەدی‌و دەبیست. سەرەڕای گیاو گوڵی کوێستانی تەنیا تاقە درەختێك کە لەو بەرزایی‌و دۆڵانەدا چاوت پێی دەکەوت داری سێو بوو. ئەو کوێستانە ساردە سەدان دار سێوی خۆڕسکی بە بەری لێڕوواون‌و، کاتێ بەهۆی برسیەتی دەم ڕێگاو کاریگەری ساردی کوێستانەکە هانام بۆ دار سێوێك بردو چەند سێوێکم لێ کردنەوە لەبەر تفت‌و تاڵی بە زەحمەت دەخوران، بەڵام ڕەنگە بۆ مەڕو ماڵاتی ڕەوەندان ئالیکێکی باش بێ. نوێژان لەسەر ڕووبارێکی بەفراوی‌و لەبەر تیشکی سوورە تاو بارگەمان هەڵداو نان‌و پەنیرێکی دەستکاری شکاکانمان خوارد، بەڵام بەهۆی ماندویەتی ، هەوای بێگەرد، ئاوی سازگارو دوای چەندین کاتژمێر ڕێگا بڕین بڕی برسێتیمان نەدەشکاو هەر تێر نەدەبووین‌و قاچاغچیەکانیش لەسەر خواردن دەیانگوت:
ئێوەش باش دەڕۆن؟

بەڵێ، باشتریش دەڕۆیشتین، بەڵام بەهۆی زیندانو نەجوولانەوە ئێستا هەر هێندە بڕ دەکەین.

********

دوای فراوین خواردن بارەکانمان لێ نانەوەو درێژەمان بە ڕۆیشتندا..... هەرکە نزیکی ئاوەدانی بووینەوە ڤاچاغچیەك لە پێش کارواندا ڕۆیشت بۆ ئەوەی ئەگەر پاسدار لەسەر ڕێگا بن سازشیان لەگەڵدا بکات وبەچەند هەزار تومەنێك چاویان بنووسێنێو بارە ڤاچاغەکانیشیان بێ ترس دەرباز بکەن. تا گەیشتینە گوندی (سلێڤانە)ی تەرگەوەڕ کەس نەهاتە سەر ڕێگەمان، بەڵام لەناو گوند هەستمان کرد پاسگە ئاگاداری ڤاچاغچیەکانە هەر لەبەر ئەو هۆیەش یەکێکیان بەرەو ئەوێ چوو، ئەوانەی تر و ئێمەش یەکسەر بۆ ناو گوند ملماننا.

********

دوای چواردە کاتژمێر ڕۆیشتنی یەکبینە سنوورمان بڕیو گەیشتینە ئاواییەکانی کوردستانی ئێران. ئەو شەوە لەگەڵ ڤاچاغچیەك بووینە میوانی ماڵە بارزانییەکی پەناهەندە. بەیانیش دوای نانو چای خواردنەوە لەگەڵ ئوتومبێلێکی پارتی بەرەو گوندی ڕاژانی مەرگەوەڕ وەڕێ کەوتینو لەوێ چووینە( م.س ) پارتیو ئینجا بەرەو ئۆردوگای زێوە چووین.

********

ئە ئاوا ئاوارەیی ئێران لە زیندانو دەست بەسەری تورکیای ڕاکێشاینەوە. دەبوو ئەم جارەش لەگەڵ ژیانی ئاوارەیی، بەڵام لەناو هەزاران ئاوارەی شۆڕشگێڕو هاودەردی تر ڕابێمەوە.... مرۆڤیش لەهەر کوێیەك بێ کە بیەوێ بژێ دەبێ خۆی لەگەڵ دەوروبەرو هەلو مەرجی گۆڕاو بگۆڕێو بگونجێنێ.. نە خوازەڵا مرۆڤی شۆڕشگێڕ کە لەسەری پێویستە نەك تەنیا خۆی





بگونجێنێ، بەڵکو دەبێ هەوڵبدا هەلومەرجەکەش لەگەڵ خواستو ئامانجەکانیدا بگۆڕێ.

زێوەش هەوارێکی تری ڕێکەوتو گەیشتنەوە یەکتری سەرە داوەکانی ڕایەڵی داستانی بەردەستە.

********

لەگەڵ برادەرەکەم یاخود، باشترە بڵێم شەریف لە زیندانی ئەمنی هەولێر لە یەکتری دابڕاینو لەگەڵ بەهمەن لە زێتێ سۆراخمان کردو هەواڵیمان زانی و... لەگەڵ سوورە لەبەری گارێ لە یەکتری دابڕاینو لە زیندانی ئەمنیەتی هەکاری یەکتریمان دیتەوەو هەر لەوێش لە یەکتری دابڕاینەوە و...... لە زێتێ هەڤاڵ قادر عزیز گوتی ئاگادار بە ، بە دەردی برادەرەکەت نەچنو هەر ئەو کاتیش لە یەکتری دابڕاینو..... ناوی مەحمود شاهێنم یەکەمجار لە زیندانی ئەمنی هەولێر بیستو کەچی خۆیم لە زیندانی سیاسی دیاربەکر بینیو هەر لەوێش لە یەکتری دابڕاین و.. لە زیندانی دیاربەکر ئاسۆو برادەرەکانی دیتنەوەو هەرلەوێ لەیەکتری دابڕاینەوە، کەچی ئێوارەیەك ئەوانم لە ناوسیمی پاسگای خوار ماڵانی ئۆردوگای زێوە دیتنەوەو هەواڵم بۆ پارتی برد کە پێشمەرگەکانیان گەڕاونەتەوەو ئێستا لە پاسگای زێوە گیراون !. ئەوانەو هی ترو ئێمەو زێوەش جارێکی تر کوجا مەرحەبا؟.

********

ڕۆژ هاتو ڕۆژ چوو.. مانگ هاتو مانگ چوو.. ئێمەش لە زەمەنی ئاوارەییو بێ ئومێدی دوای ئەنفالدا.... ژیانمان دەبردە سەرو لەوێ جارێکی دی بە دیداری سوورە شاد بوومەوە و هەریەکەمان لە نووکەوە بەسەرهاتەکانمان بۆ یەکتری گێڕایەوە، بەڵام ئەوەی لە سوورەم بەدی کرد سەرەڕای ئەو هەلومەرجە نالەبارەی هاتبووە پێش ئەو لە جاران توند ڕەوتر بوو.... ناحەقیشی نەبوو چونکە ئەو ئۆباڵی ئەو هەموو کارەساتەو مەرگەساتەی

دەدايە پاڵ ئايدۆلۆژياى زاڵى سەركردايەتى بزووتنەوەى كوردايەتى.. ئەو پىَى وابوو ئەگەر بزووتنەوەكە لە دەستى ماركسيە شۆڕشگێڕەكان بوايەو بە بيرو باوەڕى ماركسى ڕێنوێنى كرابايە ئەوە نەدەفەوما.. كە فەوما....!

★★★★★★★★

ئاگاداربە، بە دەردى برادەرەكەت نەچن !.. پىَ ى نەچووين و پێشى چووين. هەرچەندە بەرێگاى سەربردەكانى برادەرەكەمدا چوين وتا دوا دوا قۆناغ وەكو خۆى مێژووى سەربردەكەيمان دووبارە كردەوە، بەلاَم لە دوا قۆناغدا بەرەو رۆژ هەلاَت نەك باشوور گەڕاينەوەو جارێكى تر لە هەوارى زێوەو لە دەربەدەرى دواى ئەنفال و سەردەمى مێژووى بىَ مێژوويى كورد هەموومان بە دەردى كورد چوين و برادەرەكەم لە كامپ ژيانى ئاوارەيى دەگوزەراندو ئێمەش بە دەردرى ئەو چووين.

★★★★★★★★

لەوىَ لەو هەلومەرجەدا حزبى زەحمەتكێشان لە بەرەى كوردستانى بە ئەندام وەرگيرا. لەناو چەپەكان مقۆ مقۆو گفتوگۆ لەسەر ئەوە دەكرا داخوا چوونى زەحمەتكێشان بۆ ناو بەرە لە بەرژەوەندى ڕەوتى چەپدايە يان، نا؟.. داخوا زەحمەتكێشان سازشى كردووە و دەبێتە پاشكۆى حزبە بورژواكان يان، نا؟.... داخوا زەحمەتكێشان هەلى چوونە ناو بەرە بىَ سازش بۆ خۆى دەقۆزێتەوە يان ، نا؟.... داخوا و داخوا؟؟..... لە گەرمەى ئەو باسانەدا شەوێك ئێمە كۆمەلێك ( هاوڕىَ ) دانيشت بووين و هەڤاڵ قادر عزيز باسى خالە باشەكانى چوونە ناو بەرەى كوردستانى دەكردو سوورەش لە دژى دەوەستا......

سوورە دەيگوت:

- حزبى شۆڕشگێڕ هەرگيز نابىَ سازش بكاتو ئەگەر كرديشى ئەوا بێگومان ڕيڤيژينيستەو....

قسەى لەو بارەو زەق ترو گەورەتريشى دەكردنو منيش بە هەلم زانى سوورە بە داوى خۆى بگرم بۆيە لێم پرسى:





- باشە هاوڕىَ سوورە تۆ پێت وايە حزبى شۆڕشگێڕ ( ماركسيست –لێنينست) هەرگيز نابىَ سازش بكات؟.

- بێگومان نابىَ.

- ئەدى ئەگەر ئەوە تاكتيك بێت لە پێناوى ستراتيژدا؟.

- هەر نابىَ.

- باشە ئەوە هەر بۆ حزبەكان وايە ، يان بۆ خەلكى شۆڕشگێڕيش.

- بۆ حزبو بۆ تاكە كەس هيچ جياوازى نىيە.

- ئەدى مادام وايە بۆچى تۆ لە زيندانى هەكارى ڕيشت هێشتەوەو ( سبحان الله) ت دەكرد؟....

هەرچەندە سوورە ڕەنگى بزركاو زمانى تەتەلەى دەكرد ، بەلاَم هێشتا دەيگوت:

- ئەوە جياوازى هەيە!.

بەم شێوەيە سوورە تێكەوتو گيرا...

سوورەى كۆمەنيستى سوور پشتى بە دەستەواژەو گوتە فەلسەفىو تيۆرە ماركسيەكان دەبەستو سەرچاوەى بيرو باوەڕو بەهرەكەشى تەنيا ڕاگەياندنى حزبى كۆمەنيستى ئێران – كۆمەلە بوو.

★★★★★★★★

- لە هەمان هەواردا ڕۆژێك هەڤاڵ بەهمەن لە ورمىَ گەڕايەوەو پێى گوتم:

- دەزانى ئەمڕۆ برادەرەكەتم دى؟

- كام برادەر؟

- ئەوەى لە زێتىَ باست كردو چووين هەوالمان پرسى !.

- چۆنت ناسى؟

- لە ڕێگەى ورمىَ بە ڕێكەوت لە ناو ئوتومبيلدا كەوتە تەنيشتم و هەركە ديتم قسەكانى تۆم هاتەوە يادو دواى قسەو باس بۆم دەركەوت خۆيەتى و قەوليشە بێتە سەردانت!.

شەريف هاتە لام، بەلاَم منى نەدى تا ڕۆژێك كتومت تێى هەلەنگوتم و چاوم پێى كەوتەوە.. ئاگاداربە بە دەردى برادەرەكەت نەچن !.... بەيەكەوە

دانیشتین‌و باسی ئەو ماوەی لێکدابڕان‌و زیندانمان کرد بە باسی (مەحمود شاهێن) یشەوە.... دیار بوو زۆر بە پەرۆشی هەواڵی مەحمود شاهێن بوو.

ئێرە زێوەیەو ئەوەش برادەرەکەمەو بەیەکەوەین‌و هەردووکیش هاودەردین......

★★★★★★★★

دوای دیتنەوەی شەریف زۆری نەخایاند ڕۆژێکی بەفرو تۆفی زستان هەڤاڵێکی ڕاگەیاندنی بەرەی کوردستانی لە ڕاژان پێی ڕاگەیاندم کە میوانێکم هاتووە، بەڵام لەبەر ئەوەی من لەوێ نەبووم ڕۆیشتبوو ناونیشانی خۆشی جێ هێڵا بوو. ناونیشانەکەشی سەرووی گوندی ڕاژان، نزیکی چاپخانەی بەرە، بارەگای ڕێکخراوی کاوە بوو، ناوی خۆشی بە گڕناس دابوو. هەرچەندە زووتر ئەو ناوەم هەر نەبیستبوو، بەڵام بۆ سۆراخ کردنی میوانەکەم چوومە ئەوێ‌و سەیرم کرد مەحمود شاهینە‌و خۆی بە گڕناس ناساندووە !.

هەرکە چاوم پێی کەوت شاگەشکە بووم‌و بڕواییم نەهات !. من لە کوێ‌و مەحمود شاهین لە کوێ ! کام کورد بە دەردی کام کوردو کێمان بە ڕێگای ئەوی تردا ناچین؟.

بە دیتنەوەی ئەویش زۆر زۆر خۆشحاڵ بووم ، چونکە هەڤاڵێتی زیندان لە هەڤاڵێتی هەر جێگایەکی دی پیرۆزترەو تایبەتمەندێتی خۆشی هەیە.. نەخوازەڵا ئەو جۆرە هەڤاڵێتیەی بەو شێوە سەیرو پڕ لە ڕێکەوتەی لەگەڵ ئەو پەیدا ببوو؟..

دوای چاك‌و چۆنی گەرم‌و گوڕو هەواڵ پرسین زانیم کە شاهین دوای یازدە ساڵ زیندانی نیمچە ئازاد کراوە ، بەڵام وەکو خۆی دەیگوت‌و هەر دەگیرایەوە بۆیە هەر زوو خۆی دەرباز کردبوو...

شاهێن لەناو قسەکانیدا زوو زوو دەیگوت:

- هێی هەڤاڵێ ئاراس منژ عاسمانا تە دخاستی‌و ل عەردا کەتی دناڤا دەستێ مندا..

تەمبوورێك بە قوژبنی ژوورە لاکێشەییەکەدا هەڵپەسێردرابوو. پرسیم لێی هی کێ یە؟ ئەو گوتی:

- من ناتوانم بەبێ تەمبوور بژیم.





ئەو وەڵامەی دایەوەو یەکسەر دەستی دایە تەمبوورەکەی‌و بە بەرخودان ژیانە ئەو ناوەی خستە جۆش.

هەر ئەو شەوە بەیەکەوە گەڕاینەوە ماڵی خۆمان لە زێوەو شەویش تا درەنگ بە تەمبوورەکەی تەپو تۆزی یازدە ساڵ زیندانی بوونی لە خۆ دادەگوتی‌و گۆرانی ژیانی بۆ دوا ڕۆژی گەلەکەی دەچڕی و ئێمەش شەوێکی ئاوارەیی ناهەموارمان بە خۆشی شاهێن‌ویادی زیندان‌و تەمبوورە دەنگ زوڵاڵەکەی بەسەر برد.

مەحمود شاهێن زۆر بە مەراقی دیتنەوەی شەریف بوو، بۆیە سوور بوو لەسەر ئەوەی کە دەبێ بیدۆزینەوەو ئەو داخوازیەی ئەویش جێ بەجێ کراو ئەوانیش لەو هەوارەدا یەکتریان دیتەوە..!.

★★★★★★★★

چووین و گەڕاینەوە و کاروانەکەش هەوار بە هەوار دەڕواو ناگەڕێتەوە. ڕاپەڕینی بەسەردا هات‌و لە سایەی ئازادیشدا جارێکی ترو لە ئێستگەیەکی تردا شارۆچکەی سۆران هەرسێکمانی گرتینەوە باوەش!. زەوی خڕە و ئێمەش لەناویدا دەسوڕێینەوە.

تێکچڕژانی ڕووداوەکان‌و دووبارە بوونەوەیان ، ڕێکەوتەکانی ژیانی چەند ڕێبوارێکی ڕێگای ڕزگاری نووسینەوەی ئەم داستانەیان سەپاند.. ڕێگاکان سەخت و هەوارەکان دۆزەخی بوون، بەڵام چی لەوە پیرۆزترە مرۆڤ لەپێناوی سەربەرزی و سەربەخۆیی بەڕێگای باو و باپیرانیدا بڕواو نەهێڵێ چرای مێژووی گەلەکەی بەپێخوستی داگیر کەران خامۆش بکرێتەوە؟..

ڕێگاکان سەخت بوون، بەڵام ئامانجەکان پیرۆز.. سەختی ژیانیش لەپێناوی پیرۆزی ئامانجەکاندا بیرەوەری وەبەر دێنێ و گێرانەوەشیان دەسەپێنێ..

ئاگادار بە، بە دەردی برادەرەکەت نەچن.! ئەرێ گەلۆ لەسایەی داگیرکەراندا ئێمەی کورد کێمان بەدەردو ڕێگای کێماندا نــــــاچـــــین؟.

## فـــــەرهەنگۆکە:

| | |
|---|---|
| قاردیان (تورکی)، گاردیان | چاودێر، زیندانەوان |
| ئەڤ ڤاس | هێندە |
| دناڤ | لەناو |
| چش نابێ | هیچ نی یە، شایەنی نییە |
| لۆ | وەك هۆ لە کاتی قسەکردندا بۆ کەسی بەرامبەر (پیاو)بەکاردێ |
| حەیا | هەتا |
| هەوە ژی | ئێوەش |
| ل ڤر | لێرە |
| پشك | بەش |
| وە | ئێوە |
| پڕ | زۆر |
| فەدی | شەرم |
| جەم | لا، کن |
| مێهڤان | میوان |
| ژ تەڕا | بۆتۆ |
| دەرباز بویی بی | ئازاد بی، دەرباز بی |
| خورت | لاو |
| مینا | وەکو |





| | |
|---|---|
| سایم ( تورکی) | ژماردن |
| تێشت | نانی بەیانی |
| خاترێ خۆە م | خواحافیزیم |
| فراوین | نانی نیوەڕۆ، نیوڕۆژ |
| D.G.M | دادگای ئاسایشی دەولەت |
| E.Tipi | شێوەی پیتیE، ناوی زیندانەکە بوو |
| خویا | دیار |
| ئیرۆ | ئەمرۆ |
| بێبەخت | بێ ویژدان، خراپ |
| مە | ئێمە |
| ئاخاخوە | خاکی خۆمان |
| گێچ میش ئۆڵسن(تورکی) | ئازاد یان دەرباز بن |
| بین باشی | سەرکردەی هەزار سەرباز( فەرماندە) |
| قەدەپە | K.D.P -پارتی دیموکراتی کوردستان |
| کوشکەك | هەندۆکەك، کەمێك |
| باش ( تورکی) | سەر، سەرۆك |
| سەربەن | پیرمام، سەلاحەدین |

## کتێبە چاپکراوەکانی نووسەر

**١-هەندێ مەسەلەی پێویست لەکاری ڕێکخراوەییدا**
**٢-ڕێگای یاخیان**
**٣- لەو دیو دەرگا داخراوەکانەوە**





## چاپکراوەکانی سەنتەری نما

١-ڕاپسکانێ لە دنیای سیاسەتو گەڕانەوەیەك بۆ دنیای شیعر
لێکۆڵینەوەی ئەدەبی.. ماجید نووری
٢-جەژنی مەرگ، شیعر ، کەژاڵ ئیبراهیم خدر
٣-گلگامێش: و : ئیدریس شێخ شەرەفی
٤- شوێنکاتی یەکەم، لەدووەمو ئێستای سەگوەڕ،
لێکۆڵینەوەی ئەدەبی، عەبدولموتەلیب عەبدوڵلا.
٥- دەرونزانی، و تار لێکۆڵینەوە شیکردنەوە
یوسف عوسمان حەمەد
٦-عەلمانییەتی ئەوانو نیگەرانی ئێمە
ئیسماعیل کوردە
٧- بیرمەندان لەهەزارەی سێیەم رادەمێنن
ڕێبین رەسوڵ ئیسماعیل
٨-عەلمانیەتو کاریگەرییەکانی
جەمال پیرە
٩- دەسەڵاتو حەقیقەت ، ئیدریس شێخ شەرەفی
١٠- لەهۆرکهایمەرەوە تا هابرماس، قوتابخانەی فرانکفۆرت
ئیسماعیل کوردە، جەمال پیرە
١١-خۆرهەڵاتو خۆرئاوا، ئاسۆ جەلال
١٢-کۆمەڵناسی / ستار باقی
١٤-هیگڵ/ ڕێبین رەسوڵ ئیسماعیل
١٥- لەودیو دەرگا داخراوەکان / ڕۆمان/ ئارێز عەبدوڵلا
١٦-پێکهاتەو راڤەی دەق/ و: مەسعود بابایی
١٧- قوڵاپی ماسی / و: دڵشاد کازم محەمەد

## پێشكەشە بە:
## تێكۆشەری زیندانەكانی تورك خاتوو:
## لەیلا زانا

لەوديو دەرگا داخراوەكانەوە

ئەم كتێبە:
لەو جێگایە دانیشتووم كە رستەی یەكەمی ئەم كتێبەی لێوە دەست پێ دەكرێ‌و لەو رووبارەش پەڕیومەتەوە كەنووسەری لەسەر دەگیرێ‌و لەو (زێوە)یەش ژیاوم كە پاشان نووسەری بۆ دەگەڕێتەوەو لەنزیكەوە ئاگاداری رووداوەكانیی بووم.
بەڵام ئەو چەندان بەسەرهات‌و داستان‌و رێكەوتانەی لەنێو ئەم كتێبەدا باس كراون هەر لەخەیاڵ دەچوون ئەگەر بەشێكم لە كەسەكان لێ نەسیباو بەسەرهاتەكەیانم لەزمانی خودی ئەوانیشەوە نەبیستبا.
ئەم كتێبە.. چەند لاپەڕیەكی ژیانی تێكۆشەرێكە كە لەرێگای كوردایەتی‌و هەر لە سەرەتای لاویدا بەكاری شۆڕشگێرانەی رێكخستنی نهێنی دەستی پێكردووەو زیندانە تاریكەكانی رژێمی بەغدای بینوەو دواتر لەپێشمەرگایەتی‌و هەر لەو رێگایەشدا گرتووخانەكانی تورك دەبینێ‌و چەندین وانەی كوردایەتی لێ فێر دەبی.
ئەم كتێبە كە ژیانی نێو زیندانەكانی توركیا دەگێڕێتەوە، ئەزمونێكە كەم كەس دیویەتی، بەڵام هەموو كەس دەتوانێ بیخوێنێتەوەو لێی وردبێتەوە.

ئەبوبەكر خۆشناو
١٩٩٩/٤/٢٤